


# ناسنامەی دزراوی نەتەوەیەك

## ئەو دیوی راستییەکانی مێژووی ماد

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی

# ناسنامەی
# دزراوی نەتەوەیەک

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Centre

چاپی یەکەم
2719 ـی کوردی - 2019 ـی زایینی
Researchcentre@rudaw.net
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان

ئـەو لێکۆڵینەوەیـە دەربـڕی لێکدانـەوە و بۆچوونـی نووسـەرە و خـۆی خاوەنداریێتـی دەکات و، ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی رووداو تەنیـا چاپیکـردووە.

ژمـارەی سـپاردنی ( 778 ) لەکتێبخانـەی گشـتی هەرێمـی کوردسـتان سـاڵی 2019 بـۆ تەرخانکـراوە

چاپخانە: رۆژهەڵات

# پێرست


پێشەکی ........ 7

تابلۆیەکی (گڵی) قوڕین ناپاکی سیاسی کردووەتە هەمیشەیی ........ 21

ئێمە کێ بووین.. ........ 23

یەکێتی گەلانی ماد ........ 39

نیشانەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە و دەوڵەتی ماد ........ 63

نە ماد ئێرانییە، نە ئێرانی مادە ........ 103

ماد وەکو هێزی دینامیکی، لەمێژووی کەوناردا ........ 119

زەردەشت ئایینی ئاسمان یان هەژموونی ئێرانی بۆ سەر ماد ........ 145

مادەکان لەنێوان بەرداشی ئاشووری تاڵانکەر و
ئێرانی شوێنبزرکەردا ........ 169

ئاشوورییەکان سروەت و سامانیان بردووە و ئێرانییەکان، هەم
سروەت و هەم ناو و نیشان ........ 179

رووخانی پاشایەتی ماد و دەستپێکردنی
ژێردەستی مێژوویی کوردان ........ 183

ماد لە ژێر هێرشی سووپایی ئیرانییەکان و ئایینی زەردەشتدا ...... 217

میترای مادەکان و زەردەشتی ئێرانییەکان ...... 225

رووبەڕووبوونەوەی سێکوچکەی مۆغ و زەردەشت و ئێرانی،
لەگەڵ ماد و میترا ...... 241

شۆڕشی مادەکان، دژی پارسە ئێرانییەکان ...... 267

ئاستیاگ بەهۆی ناپاکی ناوخۆیی و گوماتەش بەهۆی
کودەتا لەنێودەچن ...... 275

تێکۆشانی ماد، دژی ئێرانی بەردەوامدەبێت ...... 289

ئاترۆپاتێن ی ماد، یان ئازەربایجانی تورک ...... 303

کورد لە دوای شکانی ساسانییەکان و دەسەڵاتی ئیسلامی عەرەب ...... 311

ماد تا کورد، لە بەرگریدا پارس تا فارس، لە هێرشدا ...... 323

سەرچاوەکان ...... 331

# پێشەکی

خوڵگەی مێژوویی نێوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، کە لە زەردەشتی ئێرانی و کۆنفیسیۆسی چینی و بودای هیندی و فەیلەسوفە یونانییەکان و ئەشعیا و ئەرمیا، پەیامبەرە یەهودییەکان و جێگیربوونی ئاشوور، وەکو مەزنترین و بەهێزترین ئیمپراتۆری و زلهێزی جیهانی کەونار دەستپێدەکات، بۆ مادە کوردەکان دوو چارەنووسی جیاواز دەهۆنێتەوە.

گەرچی لەکۆتاییەکانی سەدەی حەوتی پێش زایین، یان بەبۆچوونی هەندێک زانا و مێژووناسی دیکە، لەچارەکی یەکەمی سەدەی شەشی پێش زایین، هەستانە سەرپێی دەوڵەتی یەکگرتوو و بەهێزی ماد، دەبێتە رۆژڤی هەواڵەکانی ئاسیای پێشەنگ، تەنیا دوای نزیک بە سەدەیەک و نیو، دوای ئەو ڕێکەوتە، لە

نووسـینەوە و یادداشـتکردنی یەکەمیـن دێڕەکانـی مێـژوو، واتـە تۆمارکردنـی ڕووداوەکانـی ژیانـی مرۆڤایەتـی وەکـو زانسـتێک، بەکۆتایـی هاتنـی سـەروەری و سـەربەخۆیی مـادەکان و سـەرکەوتن و دیارکەوتنـی پارسـە ئێرانییـەکان دەسـتپێدەکات.

سـەرکەوتنی پارسـە کۆچـەرەکان، بەسـەر پاشـایەتی مـاددا، کـە ژیانـی خۆیـان و مـەڕ و ماڵاتیـان، قـەرزداری مرۆڤدۆسـتی و میوانپـەروەری مـادەکان بـوون، لەلایـەن یونانییەکانـەوە، بەسـەرەتای نووسـینەوەی ئەلـف و بێـی مێـژووی سـەرزەمینی میدیـا و گەلانـی مـاد، هەژمـار دەکرێـت.

ئیـدی لـەوە بـەدوا، ئـەوە ئێمپراتـۆری نوێبنیاتـنراوی پـارس، لەسـەر سـینگی دەوڵـەت و خاکـی مـادە، کـە هەنـگاو دەهاوێژێتـە نـاو مێـژوو و ئەویدیکـەش مـادە خانەخۆکانـن، کـە دەبنـە کۆیلـە و دەخرێنـە سیاچاڵی ڕەش و کارەسـاتباری مێـژووەوە.

هیـرۆدۆت، کـە بەهێزتریـن سـەرچاوە و بنیاتنـەری پـرۆژەی نووسـینەوەی مێـژووی مـادە دەبێـژێ: مـن ئەرکـم ئەوەیـە، کـە ئـەوەی بیسـتوومە بـە تـەواوی بگێڕمـەوە، بـەڵام ئەرکـدار نیـم لـەوەی، بـاوەڕ بـە هەمـووی بکـەم. کەواتـە ئێمـەش نابێـت بـڕوا بەهەمـووی بکەیـن، بەڵکـو دەبـێ بـڕوا بـەوە بێنیـن، کە لۆژیـک و بەڵگەی سـەلمێنراوی

مێژوویی ڕێگامان پێدەدات، هەروەک دەبێت بڕواش بەمیتۆدی دژە مادی ئێرانییەکان بهێنین، لەوەی فێر بین هێزی مێژوو بە قازانجی نەتەوەکەمان بەکار بهێنین و نۆژەنبکەینەوە . ئەوەی نەیاران ئاوەژۆیان کردبێتەوە، بە پێنوس و دید و ئەندێشەی ناسیونالیستی کوردی، هەڵسەنگاندن و شرۆڤە و داڕشتنەوەی بۆ بکەین.

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بۆشایی و ناڕوونییێکی مەزن لەناو کۆمەڵگەی کوردی، بەرابەر بەمێژووی ماد بوونی هەیە . بەشی هەرەزۆری ئەو سەرچاوانەی باس لە مێژووی ماد دەکەن، ئەوانەی نووسەرە ئێرانییەکان، کاریان لەسەرکردووە، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری و هەژموونی گەلی سەردەست و ئیدیۆلۆژی داگیرکاری پانئێرانی نووسراونەتەوە، یان ئەوانەی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆرانی ڕۆژئاوایی بواری مێژوو و زمان و کەڤنارناسی، بە ناوی مێژووی ماد، لە چوارچێوەی مێژووی ئێرانی کەونار تۆماریان کردووە، بە ئاشکرا سۆزداری و دەمارگیری ئاریاییگەری پێوە دیارە.

لە نێوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بەرەو سەرەوە، تا دەگاتە ئەم دەمەی ئەز ئەو دێڕانە دەنووسم، ژمارەیەکی باش لە لێکۆڵینەوەی زانستی، پشتئەستور بە گشت بوارەکانی زانستی، زمانناسی و دیرۆکناسی و کەڤنارناسی و تەنانەت ناو و نیشانناسی

تـا رادەیەکـی زۆر بێڵایـەن، لـە بەرژەوەنـدی سـەڵماندنی مێــژووی مــاد بڵاوبوونەتــەوە، بــەڵام ئــەم پەرتــووک و لێکۆڵینــەوە و نووســینانە لــەو روانگــەوە، کــە بەشــی هــەرە زۆریــان لێتوێژینــەوەی زانســتی و تێــزی دکتــۆرا و ســەرچاوەی ئاکادیمیــن، زیادتــر لــە لایــەن ئاکادیمیســت و دەســتەبژێری ســەرووی کایــەی زانســت و رۆشــنبیری ســوودیان لێوەردەگیــرێ و بــۆ ئــەو توێــژە جێگــەی فــام و تێگەیشــتنن. بۆیــە بەهەمــوو مانایــەک، نووسراوێــک لەبــارەی مــاد پێویســت بــوو، تاکــو ئــەم مەســەلەیە لــە رۆشـنبیری گشـتی کۆمەڵگـە نزیـک بکاتـەوە و ئـەو دەزووە شــوومە ژەهراوییــە هەڵپســێنێ، کــە پەیکــەر و قــەوارەی مێــژووی نەتــەوەی مــاد، وەکــو نەتــەوە و شارســتانی و ســەرزەمینێک، بــە زۆرەملــێ و فریوکارییــەوە، بــە مێــژوو و رابـردووی پـڕ داگیـرکاری ئێرانـی زمانـەکان بەسـتووەتەوە.

کێشــەی هــەرە مەزنــی کــورد ئەوەیــە، کــە بەتــەواوی و لــە رێگــەی ســەرچاوەی مێژوویــی باوەڕپێکــراوەوە، ئـاگاداری رەسـەن و پێگـەی مێژوویـی خـۆی نییـە، چونکـە خوێنـدەواری کـورد نـە دەرفـەت و نـە تاقەتـی خوێندنـەوە و بەدواداچوونــی فراوانــی بــۆ ســەرچاوی جۆراجــۆری مێژوویـی هەیـە، بەتایبەتیـش کـە ئـەو سـەرچاوانە زۆربـەی هــەرەزۆری (تێــز) باســی ئاکادیمــی و زانســتی وشــک و ماندووکــەر و تاقەتپرۆکێنــن.

بـۆ ناسـینەوە و سـاخکردنەوەی مێـژووی مـادی دێریـن، دەبـێ گشـت سـەرچاوە مێژووییەکانـی کەونارناسـی، ئاسەوارناسـی و زمانناسـی، لـە بەردەنـووس و تابلێتـی قوڕیـن و کەلوپەلـە دۆزراوەکانـی نـاو گۆڕسـتان و هەڵدانـەوەی تەپۆڵکـە و شـوێنەواری کەونـاری مێژوویـی بنکـۆڵ و شـەنووکەو بکەیـن، بـە تایبەتیـش بێجگـە لەگێڕانەوەکانـی هێرۆدۆتـی باوکـی مێـژوو، دەبێـت لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی سـۆمەر و ئەکـەد و ئاشـووری و ئیلامی و بابـل و ئێرانییـەکان دەستپێبکەین و لـە پەرتووکـی پیـرۆز و ئاڤێسـتا و پەرتووکـی هـەردوو پەیامبـەری یەهـودی، ئەرمیـا و ئەشـعیا، تـا دەگەینـە مێژوونووسـە ئیسـلامییەکان و ئارياييـەکان و شـوێنەوارناس و شرۆڤەکارانـی ئاکادیمـی بـواری زمـان و مێـژوو، و...هتـد لـە سـەدەکانی نوێـتردا بـەردەوام بیـن.

کۆمەڵگـەی کـوردی بەپێـوەر لەگـەڵ ئاسـتی تێگەیشـتنی گەلانـی خـاوەن شارسـتانییەت و ژیـار، هەتـا ئێسـتاش لەبۆشـایی ناتێگەیشـتوویی مێـژووی دێرینـی خـۆی و بـێ مێژووییـدا دەژێ.

ئاڵۆزییـە تێکدەرەکـە ئەوەیـە، کـە تاکـی کـورد ناتوانـێ لەسـەر بۆتـەی مێـژوو و کولتـووری ئێرانـی و تۆرانـی و سـامی هەسـتێتە سـەر پـێ و لـە نێـو تەپوتـۆزی ئـەو فەرهەنگـە ژێردەسـتکەرانەدا، ڕێـگا و پێشـینە و هەقیقەتـی

خـۆی بدۆزێتـەوە و رێـگای لـێ ون نەبێـت.

هوشـیاری نەتەوەیـی بەپێـی ئیدۆلـۆژی و فەلسـەفەی راسـت و چـەپ، مادیگـەری و تەنانـەت ئیلاهیـش، کامـڵ نابـێ و لەگـەڵ داب و رەسـەنایەتی و ناواخنـی کولتـووری نەتەوایەتیـمان، بەتـەواوی یـەک ناگرێتـەوە و هاوهەڵوێسـت و هاوئـاواز نابێـت .

پێویسـتی هـەرە بنەڕەتـی بـۆ هوشـیاری نەتەوەیـی و سیاسـی، شـارەزایی و قاڵبوونـە لـە هوشـیاری مێژووییـدا. دەبێـت بەخوێندنـەوەی مێـژوو و دووبـارە ناسـینەوەی، رێگامـان بـۆ نـاو دڵـی مێـژوو بکەینـەوە و لەخـوارەوەی چینەکانـی بارسـتایی مێـژووی ئێرانپەرەسـتی و عەرەبپەرەسـتی و تورکدۆسـتی و کڕنۆشـە ئایینییـەکان، راسـتینەی مێـژووی خۆمـان بدۆزینـەوە و دووبـارە بنگـە و ریشـەکامنان، لەگـەڵ سـەرچاوە کەونارەکانـی رەگەزیـمان، واتـە مـادەکان گـرێ بدەینـەوە، ئەوسـا لـە سـەرهەڵدان و خەباتـی سیاسـی و رزگاریخوازیـمان، ئەنجامێکـی دڵخوازتـر دەسـتدەکەوێت.

وەیشـومەی هینـد و ئەوروپییـەکان لەهـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن، مەزنتریـن کۆچیـان بـۆ وشـکاییەکانی رۆژهەڵاتـی کـۆن دەسـتپێکردووە. رەگـەزی قەومـی ئێرانـی زمـان، لـە سـەرەتای سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن، وەکـو لافاوێکـی وێرانکـەر بـە رژدی، دزەیکردووەتـە نـاو

ژینگـە و ناوچەکانـی وڵاتـی مـاد و بەرەبـەرە شـێوازی ژیـان و فەرهەنـگ و زمانـی مـادە خۆجێیەکانیـان بـە شـێوەیەکی مەترسـیدار، دووچـاری شـێوان و لەبەریـەک هەڵتەکانـدن کردووەتــەوە و باڵانســی دانیشــتووان و ئەتنیکییــان بەقازانجـی کۆچـەرە دواکەوتـووە تـازە هاتـووەکان گۆڕیـوە و تێکـداوە.

ئێرانییـەکان مێوانێکـی نەمەکنـاس نەبـوون، ئـەوان کـە لـە دۆزەخـی بیابانگـەردی و دەوارنشـینی چۆڵەوانییـەکان، گەیشــتبوونە بەهەشــتی وڵاتــی مــاد، لــە تــاو شــار و تــەلار و گونــد و کشــتوکاڵ و زانســتی پیشەســازی مــادەکان، گڕیانگرتــووە و بیریــان لەداگیرکردنــی ئــەو ســەرزەمینە کردووەتــەوە، تــا کار گەیشــتووەتە ئــەوەی (کـورش)ی خزمەتـکاری دەربـاری ئاسـتیاگی پاشـای مـاد، گەڵەکۆمەیەکـی فـراوان، لـە سـێکوچکەیەک لـە سـەرۆک هـۆز و فەرمانـدە خۆفرۆشـەکان و مۆغـە زەردەشـتییەکانی ناوخـۆی مـاد و ئەرمەنییـەکان و هۆزەپارسـەکان، پێکبێنـێ و پاشـایەتی مـاد بڕوخێنـێ و نەتـەوەی مـاد، بکاتـە کۆیلـەی کۆچــەرە پــەزدارە ئێرانییــەکان و خــۆی لــە (ئێکباتــان) هیگمەتانـەی پایتەختـی دەوڵەتـی مـاد، لەسـەر تەختـی پاشـایی پاڵبداتـەوە و نەتـەوەی مـاد و سـەرزەمین و زمـان و مێژووەکـەی، بکاتـە نەتـەوەی ئیـران و سـەرزەمینی ئێـران و شارســتانییەت و مێــژووی ئێــران.

ئێستاشی لەگەڵدابێت گیانی ئێرانی و فارسی، گیانێکی هێرشبەر و داگیرکارە، چونکە ئەوەیان لە مێژووی داگیرکاری پاشاکان و جینۆمی باوک و باپیرە کۆچەرە داگیرکارەکانیانەوە بۆ ماوەتەوە.

گیانی تورک و عەرەبیش بەهەمان چەشن گیانێکی داگیرکاری هێرشبەری سنوورنەناسە، چونکە بەداگیرکردن و تالانکردنی سەرزەمین و شارستانییەت و زمان و سامانی، ماکی و مینۆیی گەل و نەتەوەکانی دیکە، بوونەتە دەسەڵات و گەلی سەردەست و دەوڵەت نەتەوە. ئەو خسڵەت و نەریتە وێرانکەرە، وەچە بە وەچە و قۆناخ بە قۆناخ، گواستراوەتەوە و چووەتە ناو فەرهەنگ و خوێنی ئەوانەوە و هەتا ئێستاش هەر بەکارە.

روحی کوردی هەر لەوساوە، تادەگاتە رۆژگاری ژێردەستیی ئەمڕۆ، روحێکی بەرگریکارانەیە، چونکە تا مێژوو لەیادی بێت، نیشتەجێی وڵاتی خۆی بووە و وەکو داری بەڕو بەچیا و بەڕیشەکانی خۆیەوە نووساوە. ئەم نەتەوەیە لە هەموو ژیانی خۆیدا ناچاربووە، لەبەرامبەر هێرش و تاڵانکاری و هەژموونی گەلانی دیکە، بەرگری لەخاک و زمان و فەرهەنگی خۆی بکات. چاو لە رەز و پەز و خانووچکەی خۆبوون، بەهەمان شێوە بووەتە خسڵەتێکی ژنتیکی و چووەتە ناو خوێنی کوردە و فراوانخوازی و داگیرکاری ناناسێت .

ئــەوەی بەنــاو شارســتانییەت و فەرهەنگــی دووهــەزار ســاڵەی ئێرانــی هەیــە و باســی لێوەدەکــرێ، جۆرێــک لــە نادادپــەروەری مەترســیدار و ســتەمکارییێکی مەزنی زانســتی دارشــتنەوەی مێــژووی کەونــارە . لــەو ســۆنگەوە کــە هــۆزە ئێرانییــەکان، بــە تایبەتیــش پارســەکان، هۆزگەلێکــی کۆچــەری و رەوەنــدی پەزچەرێــن بــوون، کــە بــەدوای لەوەڕگــەی مــەڕ و ماڵاتیــان، گەیشــتوونەتە وڵاتــی مــاد و بــار و بنەیــان لێدانــاوە، لــەو ســەرزەمینە بەتــەواوی بێگانــە بــوون.

پێــش ئــەوەی پارســە ئێرانییــەکان بگەنــە ئــەم ناوچەیــە، گەلانــی مــادی ســەدان و هــەزاران ســاڵ بــوو، ژیانــی کۆمەڵایەتــی و یەکجێنشــینی یــان دەســتپێکردبوو، بەدەیــان شــار و گونــد و قــەڵا و دامــودەزگای دیوانســالاری و دەوڵەتیــان پێکهێنابــوو . مــادەکان خاوەنی شارســتانییەتێکی جێکەوتــوو و فەرهەنــگ و نەریتــی رەگ داکوتــاوی خۆیــان بــوون. کۆچــەرە ئێرانییــە مــەڕدارەکان، کــە تــا ئــەو دەمــە ئازموونێکیــان لەبــارەی شــار و گوندنشــینی خۆماڵــی خۆیــان نەبــووە، دەبێــت بەتونــدی کەوتبنــە ژێــر کاریگــەری شــێوازی ژیــان و کولتــووری مــادەکان و خۆیــان لەگــەڵ دابونەریــت و شــێوازی لەبەرکردنــی جلوبــەرگ و شارســتانییەتی مــاد گونجاندبێــت، بەسیســتەمی کشــتوکاڵی و ئاژەڵــداری گونــدی و پێشەســازی پێشــکەوتووی مــادەکان،

شاگەشــکە و سەرســام بووبــن، بۆیــە تێکــەڵاوی و خــۆ نزیککردنەوەیەکــی زۆریــان لەگــەڵ دەربــار و ناوەنــدی دەســەڵاتی مــادەکان، دروســتکردووە و بــۆ قایمکردنــی ریشــە و پێگەیــان لەســەرزەمینی نــوێ، لــە رێــگای ژن و ژنخوازییــەوە، خزمایەتــی خوێنیــان پێکهێنــاوە .

رەنگــە یەکێــک لــەو هۆکارانــەی کــە کــورش دەتوانــێ، ئەوەنــدە نزیکــی دەربــاری پاشــای مــاد بێــت و شــارەزای قــوڵ لەبــارەی کێشــە و ناکۆکییەکانــی نێــوان مــادەکان پەیدا بــکا و دواتــر بەهــۆی دۆزینــەوەی ئــەو دەرز و کەلێنانــەوە، هارپاگــی ناپــاک بدۆزێتــەوە و بەهــۆی ئــەوەوە، بەشــێک لــە ئەشرافــە مــادەکان و مۆغــەکان و بەشــێک لەســوپای مــاد، بکاتــە هــاوکاری خــۆی و شــەڕێکی رەش و پیــس دژی دەوڵەتــی مــاد دەســتپێبکات و پاشــایەتی مــاد بڕوخێنــێ، هەمــان تێکــەڵاوی دروســتکردن بێــت، کــە پارســەکان ئەنجامیانــدەدا.

ئــەوەی لــە ئێــران بەنــاوی مێــژوو و شارســتانی هــەزاران ساڵە هەیــە و ناودەبــردرێ، تــا دوای رووخانی ساســانییەکان و جێگیربوونــی کولتــوور و زانســتی عەرەبــی ئیســلامی، سامانی حەلالــی مادەکانــە، کــە تالانکــراوە و حەرامخــۆری پێدەکرێــت.

ئــەو شــکاندن و پاڵپێوەنــان و گلۆرکردنــەوەی تۆپەڵــەی قــەدەری کــوردان، لەلایــەن پارســە ئێرانییەکانــەوە،

گەرچــی لەچەنــد قۆناخــدا، راوەســتانێکی کاتــی بەخــۆوە بینیبــێ و هەناسەیەکیشــی وەبەرهاتبێتــەوە، تــا ســەرەتای ســەدەی بیســتەم و ســەرهەڵدانی گەلــی بــارزان و ئاوەژۆکردنــەوەی سیاســەتی شــکان و بــێ ئیرادەکــردن، دووبــارە هەڵکشــاندنەوەی رووبــەرەو ســەرەوە، بــەردەوام لــە گلۆربوونــەوە و وردبوونــەوە و داکشــان و ســەرەولێژیدا بــووە.

بــە گوێــرەی خوێندنــەوە و لێگەڕانــی خــۆم، لــە ســەرچاوە مێژوویــی و زمانناســی و ئاسەوارناســییەکان، هەمــوو ئــەو تیــۆری و بیرگــە پــان ئێرانیســتی و ئارياییگەرانــە، رەتدەکەمــەوە و بەبۆچــوون و لێدوانــی رەگەزپەرەســتانەیان دەزانــم، کــە پارســە ئێرانییــە رەوەنــدەکان و مــادەکان بەیــەک نەتــەوە و گــەل و زمــان دەزانــن، گەرچــی ســەدان کــەس لــەو نووســەر و مێژوونووســە راســپێردراوانەش هاوهەڵوێســتیان لەســەر پێکهێنابێــت.

لەســەر بنەڕەتــی بەراوردکــردن و لەبەریەکگرتنــی رای چەندیــن زانــای بــواری مێــژووی کەونــار، کــورد نەوەکــو نەتــەوە بەشــێکە لەرەگــەز و خوێنــی ئێرانــی، نــە زمــان و فەرهەنــگ و شارستانییەکەشــی بەشــێکە لــە بازنــەی زمــان و فەرهەنــگ و شارســتانییەتی ئێرانییــەکان . ئەگــەر داگیرکاری هــۆزە پارســە ئێرانییــەکان و کورشــی هەخامەنشــی لــەو چوارچێوەیــەدا، بەخاوەنداریەتــی ئێرانــی زمانــەکان، بەســەر

زمـــان و فەرهەنــگ و شارســـتانییەتی دێرینـــی خۆمـــان بناســـێنین، ئـــەو کاتـــە لـــەڕووی مێژوویـــی و ویژدانییـــەوە، ســـتەمێکی گەورەمـــان لەمێـــژوو و ڕەســـەنی خۆمان کـــردووە.

زۆر بەداخـــەوە لـــە رابـــردوودا، بەهـــۆی نەبوونـــی ســـەرچاوەی جۆراوجـــۆر، یـــان نەشـــارەزایی لـــە زمانەکانـــی دیکـــە، تەنیـــا کەڵـــک لـــەو ســـەرچاوە مێژووییـــە بەردەســـتانە وەگیـــراوە کـــە زۆربەیـــان بەرهەمـــی هـــزر و سیاســـەتی دەوڵەتـــی ئێرانـــی بـــوون، بـــەو پێیـــە زۆر لـــە رۆشـــنبیران و نووســـەران و کەڵـــە شـــاعێرانی کـــورد، لـــە تێگەیشـــتنی راســـتییەکان، دووچـــاری ئـــەم کەموکورتییـــە مەترســـیدارە بوونەتـــەوە، کـــە مێـــژووی دەســـەڵاتی زۆر لـــە پاشـــاکانی داگیـــرکاری ئێرانییـــان، بـــە مێـــژووی خۆمـــان زانیـــوە و ســـەدان شـــیعر و داســـتان و حیماســـەیان، لەســـەر نووســـیوە و پەســـەنیانداون و مێشـــکی رۆڵەکانـــی گەلـــی کوردیـــان پـــێ پڕکـــردوون . ئـــەوە لـــە حاڵێکدایـــە کـــە بەپێـــی رۆژژمێـــری مێـــژوو، هـــەر لـــەدوای کودەتـــای کورشـــی پارســـی و دەرکەوتنـــی ئێمپراتـــۆری چەوســـێنەری پـــارس، تـــا ئـــەو ســـەردەمەی ئێمـــەی تێـــدا دەژیـــن، دەســـەڵات و دەوڵەتـــە یـــەک لـــەدوای یەکـــە ئێرانییـــەکان، هـــەر لەســـەر دابـــی دژایەتـــی پـــارس بـــۆ مـــادەکان، دەرفەتـــی ســـەرهەڵدان و پێکهاتنـــی یـــەک تاکـــە قـــەوارەی زمانـــی و نەتەوەیـــی کـــوردی ســـەربەخۆیان نـــەداوە .

لــەم روانگەیــەوە، مێژووەکەمــان وەک ڕیشــەی ئــەو دارەیــە کــە ئەگــەر نەبــێ، خــودی دارەکەشــمان نییــە و ئەگەریــش هەبــێ خوڵقێنــەری ئــەو تابلۆیەیــە، کــە هەمــوو ئــەو راســتیانە پیشــاندەدات . دەمــەوێ ئەوەتــان بەبیــر بهێنمــەوە، کــە لەمێــژووی نەتــەوەی کــورددا، کــە بەرهەمــی پێگەیشــتووی توێژینــەوەکان کــەم نیــن، کــە بەخواســتی خۆمــان خراونەتــە ژێــر پێــی و ئامانــج و ئەندێشــەی کــرچ و کاڵــی ناحــەزان و بــە نــاوی نۆبــەرە هاوردەکــراوە .

پێویســتە بــۆ لەمەوبــەدوا، رۆشــنبیر و بەفامەکانــی ئــەم گەلــە، گــەڵاو لقوپــۆی ئــەو دارە بــن، ئێســتا ترســی ئەوەمانە کــە مێوەمــان هەبــێ، لــێ ریشــەمان نەبــێ تــا پشــتی پــێ ببەســتین. بەڕوونــی، کارەســات ئەوەیــە کــە مێــوەو ریشــەمان هەیــە، بــەڵام هێنــدە گەڵامــان نییــە تا لــەم دۆخە ناهەمــوارەدا، لەبەرامبــەر لێزمــەی رووداوە کارەساتبارەکان، نەتەوەکەمــان پەنــای بــۆ بــەرن و بپارێزرێــن .

**بەدر ئیسماعیل شێرۆکی**

**هەولێر - 18/5/2019**

# تابلۆیەکی (گڵی) قوڕین
# ناپاکی سیاسی کردووەتە هەمیشەیی

ئـەو وتـارەی (ماتیـاس شـۆلتێس) لـە گۆڤـاری ئیشـپیگلی ئەڵمانـی، لـە ژێـر نـاوی (فەرمانـڕەوای درۆینـی ئاشـتی) دەنووسـێ و لەژمـارەی 28ی سـاڵی 2008 بڵاویدەکاتـەوە، بۆچوونێکـی راشـکاو و مێژووهەژێـن دەخاتـەڕوو. ئـەو لێکۆڵینڤانـە لەبـارەی (مەنشـوور) بڵاوکـراوەی جیهانـی مافی مـرۆڤ دەنووسـێت: لەرێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان لـە نیۆیـۆرک، لە نێـو (ویترینێکی) شووشـەیی، ئەو بەردەنووسـە بازنەییـە 2500 سـاڵەی، بـە پێتـی بزمـاری نـووسراوە و ناوبانگێکـی بەربـڵاوی مینـا بڵاوکـراوەی کەونـارای مافـی مـرۆڤ دەرکـردووە و رێـزی لێدەگیـرێ. ئێسـتا ئاشـکرابووە، کـە ئـەو بەردەنووسـە لەلایـەن دیکتاتۆرێـک نووسراوەتـەوە،

کـە نـاڕازی و نەیارەکانـی خـۆی ئەشـکەنجەکردووە. ماتیـاس شـولتس، پێداگـرە لەسـەر ئـەوەی، کـە رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان، لـە پرۆسـەیەک، بـە نـاوی زمـان لووسـی گـەورە، ئاخافتنـی گـەورە و درۆی بـێ مانـای گـەورە) بووەتـە قوربانیـی فریوکارییەکـی مـەزن.

هاودەنـگ لەگـەڵ ماتیـاس، (جـوزف ویسـهۆفێر)یش دەڵـێ: ئـەو بەردەنووسـە لـە (پرۆپاگەندا)یـەک بـەولا، هیچیـتر نییـە. (هانـس پتێـر شـاودیگ) هـاوڕا لەگـەڵ بۆچوونەکانـی سـەرەوە، لەبـارەی ئـەو فەرمانڕەوایـەی چاخـی دێریـن دەڵـێ: ئـەو خەڵکـی ناچاردەکـرد پێیەکانـی مـاچ بکـەن و بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ، هەمـوو ناوچەکـەی خسـتبووە نـاو بڵێسـەی شـەڕ و بەملێۆنـان مرۆڤـی خسـتبوونە بـن نیـری دیلـی و بـاج و خەراجـی قورسـەوە. هـەر هـاوڕا لەگـەڵ وتارەکانـی گۆڤـاری ئیشـپیگڵ، (کلاوس گلاس) پسـپۆری مێـژوو و هونـەر دەڵـێ "رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتـووەکان، لەبـارەی بڵاوکراوەکـەی کـورش، دووچـاری هەڵەیەکـی مـەزن بووەتـەو".

سـەرەبۆچوونی هەمـوو ئـەو بەڵگـە مێژووییانـەش، کـە دەسـەڵمێنن مـرۆڤ دۆسـتی و جوامێـری کـورش درۆ و سـاختەکاری و فێڵێکـی مێژووییـە، لـێ نەتـەوە یەکگرتـووەکان تـا ئـەم دەمـەی ئێسـتاش نایـەوێ ئـەو کڵاوە فـڕێ بـدات، کـە ئێرانییـەکان لـە سـەریان نـاوە.

# ئێمە کێ بووین..

لــە هــەزارەی ســێیەمی پێــش زایینــەوە، نــووسراوە بزمارییەکانــی ئەکــەدی نــاوی هورياييەکانیــان تۆمارکــردووە و بۆیــان بەیــادگار بەجێهێشــتووین. هــەروەک هــۆزە سامییەکان و ئەکەدییــەکان و لەدواییشــدا ئارامییــەکان، لــە مەڵبەنــدی نێــوان دووڕووبــار بڵاودەبوونــەوە، هورییەکانیش لەباکــووری ئــەم دەڤــەرە پــان و بەرینــە، بنگــەی ژیانیــان دادەنــا و جێگردەکــرد.

هــەر لەســەرەتای هــەزارەی دووەمــی پێــش زایینــەوە، دانیشــتووانی زنجیــرە چیاکانــی زاگــرۆس، کــە نــاوی خــۆی لــە هــۆزی زاگرتیــەی مادەکانــەوە وەرگرتبــوو، کەوتوونەتــە ژێــر رکێفــی هۆڤانــەی ئەکەدییــەکان و ســۆمەرییەکان و ئیلامییــەکان.

لەمێــژووی کەونــاری هــەزارەی ســێیەمی پێــش زاییــن بەرەوخــوار، هوریایــی وەکــو نــاو و پێناســەیەکی گشــتی زۆر فــراوان، بــۆ هەمــوو دانیشــتووانی باکــووری رۆژئــاوای ســەرزەوییەکانی وڵاتــی مــاد بەکاردەهــات، کــە ســێ فەرمانڕەوایــی بەهێــزی وەکــو، هاوبەنــدی (میتانــی)، حکومەتــی (ئۆرارتــۆ) و (مانایی)یەکانــی تێــدا دەناسرێنــەوە، کــە زمانــی ئاخافتنــی هاوبەشــیان هەبــووە. هــەر لــەو ســەرزەمینە و لــە جوگرافیایەکــی بەیەکــەوە لــکاوەدا، گەلــی دیکــەی مینــا (لۆلۆیی)یــەکان و (گوتی)یــەکان و (یاقوتی)یەکانیــش، وەک لــە تابلێتــە بزمارییەکانــی دێرینــتر دەردەکــەون، هەتــا ئێســتاش هــەر لەســەر خاکــی کوردســتانی ئەمــڕۆ پــەرە بــە ژیــان دەدەن.

لــە ناوەڕۆکی بەڵێننامــەی نێوان (حیتی)یــەکان و (میتانی) یــەکان، کــە لە لایــەن فەرمانــڕەوای حیتــی (شــوپیلولیوماس) و (کورتیــوازا) ی پاشــای [1]میتانــی واژۆکــراوە، نــاوی (میــترا) وەکــو چاودێــر و دادوەر بەســەر پایمانەکــەدا هاتــووە، دیارە

1 - مێژوونووســە ئاریاییــەکان ئایینــی میترایــان لەگــەڵ ئایینــە هیندییەکانــی (وارونــا و ئیندیــرا) وەکــو ئایینێکــی هینــدی ناوبــردووە، هەڵبــەت ئــەم مەســەلەیە هیــچ بەڵگەیەکــی زانســتی و مێژوویــی ســەڵمێنەری لــە پشــتەوە نییــە و تەنیــا لەژێــر کاریگــەری مێــژووی ســەرکەوتنی زەردەشــت و (کــورش)، بەســەر مــاد و میــترا، ئــەم بۆچوونــە پــەرەی پێــدراوە.

میـترا لـە رۆژگاری پێـش سـەرهەڵدانی (زەردەشـت)، هـەم ئاییـن هەمیـش یەکێـک لە پێناسـە و هـۆکاری هاوڕیشـەیی هەمـوو مـادەکان بـووە.

بـە دەسـتپێکردنی هــەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن، داگیرکەرێکـی سـتەمکار و تاڵانچـی بەهێزتـر لەناوچەکـە دەردەکەوێـت، ئـەو هێـزە داگیـرکارە نوێیـە، کـە ئێمپراتۆری (ئاشـوور)ە، بـە درێژایـی نزیـک لەچـوار سـەدە ژیـان و ئاسـایش لەوڵاتـی میدیـا، دەخاتەژێـر خراپتریـن گوشـار و بارودۆخـی دژوارەوە ، ئـەو دێڕانـەی دەمانـەوێ ئێسـتا بینووسـینەوە، چیرۆکـی سـەرکەوتنەکانی دوژمنان و دیرۆکی چارەڕەشـی و ژێردەسـتییەکانی باپیـرە گەورەکانمانـە، کـە بوونەتـە مـژاری خۆپێناسـینەوەی رەچەڵـەک و مێـژووی رابـردووی نەتەوەکەمـان، کـە بەداخـەوە یـەک دێـڕی بەپێنووسـی کـورد خـۆی نەنووسراوەتـەوە.

سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن، لـە مێـژووی رۆژهەڵاتـی کۆنـدا، بـە سـەدەی رووداو و گۆڕانـکاری مـەزن و وەرچەرخانـە قـوڵ و مێژووییـەکان هەژمـار دەکرێـت. لەکۆتاییەکانـی ئـەو سـەدەیەدا، دەوڵەتـی بـە هێـزی مـاد، لـە نێـوان بەرداشـی ناکۆکـی و تێکهەڵچوونـە ناوخۆییەکانـی گەلانـی پەرتـەوازە و پێـک ناکۆکـی مـاد، شـێوە دەگـرێ و هەمـوو هێـز و توانـای مرۆڤـی و دارایـی و سـەرزەمینی ئـەو گەلانــە، دژی ئێمپراتـۆری ئاشـووری

دوژمنـی دێرینیـان، یـەک دەخـرێ و لـە ژێـر ڕێبەرایەتـی و دەسـەڵاتی سـەرۆکێک ئاراسـتە دەکرێـت.

ئاشـوورییەکان کـە بـە مەزنتریـن ئێمپراتـۆری و زلهێـزی سـەردەمی خۆیـان، لـە سەرتاسـەری کیشـوەری ئاسـیا هەژماردەکـران، زیاتـر لـە پێنـج سـەدە بـوو گەلانـی مادیان، بـە بەردەوامـی دەچەوسـاندەوە و بـاج و خەراجـی زۆری کەمەرشـکێنیان بەسـەر دادەسـەپاندن. ئـەو هێـزە هـەر لـە زنجیـرە چیاکانـی زاگرۆسـەوە بگـرە تـا دەگاتـە سـووریا، لەوێشـەوە سـنووری دەسـەڵاتیان دەگەیشـتە بەشـێکی زۆر، لـە بیابانـە پـڕ تـۆز و لماوییەکانـی کێشـوەری ئەفریقـا و وەکـو ئەژدیهایـەک، لـە ڕۆژئـاوای سـنوورەکانی سـەرزەمینی مـاد، ئاگـر لەلوتـی دەپژا و سـێبەری شـوومی هەڕەشـەکانی بـۆ یـەک دەمیـش لەسـەر ناوچـە مادنشـینەکان لانەدەچوو.

ئێمپراتـۆری ئاشـوورییەکان بەیەکەمیـن لەشکرکێشـی و هێرشـیان بـۆ سـەر ناوچەکانـی مـادی ڕۆژئاوا، هیـز و توانای ئێمپراتـۆری خۆیـان تاقیدەکەنـەوە و لەمەحەکـدەدەن. ( ئـادەد نێـراری ) یەکـەم پاشـای ئاشـوور، یەکەمیـن سـەرکەوتنی دەرەکـی خـۆی، لـە بەرامبـەر کاشـییەکانی بابـل و پاشـای میتانـی لەدەوروبـەری کەرکـووک بەدەسـتدێنێ و بـۆ یەکەمینجاریـش، هەنـگاو دەنێتـە نـاو خاکـی میدیـا و بـەرەو مەڵبەنـدی زاگـرۆس، پێشـڕەوی دەکات. بەتێکشـکاندنی گوتییـەکان و ئۆرارتۆییـەکان،

سـەرکەوتنەکانی خـۆی کامـڵ دەکا و نەخشـەی لەپێـش دیاریکـراوی دەگەیێنێتـە سـەرئەنجامێکی دڵخـواز.

سـووپای ئاشـوور (نـاسر پالـی دووەم) بـۆ کردنـەوەی ڕێـگای هەڵکشـان بـەرەو ناوەندەکانـی دورتـری وڵاتـی مـاد لـە دەوروبـەری گۆڵـی ورمـێ، لەگـەڵ سـووپای دەسـەڵاتی خۆجێیـی (زامـوا) ی مـادی دەرگیـر دەبێـت. بـە تێشـکان و لەناوچوونـی دەسـەڵاتی پاشانشـینی زامـوا، پاشـای ئاشـوور جگـە لـەوەی گەلانـی مـادی دانیشـتووی ئـەم دەڤـەرە، ناچـار بەچوونـە ژێـر بـاری بژاردنـی باجێکـی قورسـی کەمەرشـکێن دەکات، ژمارەیـەک حکومەت و دەسـەڵاتداری خۆجێیـی لەمـادەکان، وەکـو بەشـێک لەسیسـتەمی بەڕێوەبـەری ئاشـوور لـەو ناوچەیـە دادەمەزرێنێـت.

ئیـلام وەکـو دوژمنێکـی بەهێـزی ئاشـوورییەکان، کـە دەکـرا کەمێـک پاڵەپەسـتۆی سـووپایی ئاشـوور، لەسـەر مـادەکان سـوک بکاتـەوە، لـە شـەڕەکان بەشـێوەیەکی خـراپ بـەزی بـوو و زۆر لاواز ببـوو.

(گیـک) و (ئاردیـس) پاشـاکانی (لیـدی)، ببوونـە هاوپەیمانـی ئاشـوور. پاشـای (ئۆرارتـۆ) کـە پێشـتر نەیارێکـی بەهێـز و سـوێندخواردووی ئاشـوورییەکان بـوو، هەوڵـی دۆسـتایەتی و چوونـە نـاو هاوپەیمانـی لەگـەڵ ئاشـوور دەدا.

لەهەلومەرجێکـی سـووپایی و سیاسـی وەهـادا، کـە

هاوسـەنگی هێـز بەتـەواوی لـە بەرژەوەندی ئاشـوورییەکان یـەکلا دەبوویـەوە و ئـەو ئێمپراتۆریـە، بـە ئاسـانی دەیتوانی بەسـەر (ئاهشـێر) ی مانایـی و (تیئۆشـیا) ی سـەرکردەی کیمیریـەکان سـەربکەوێت، کـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بـوو بەرەنـگاری سـووپای ئاشـوور دەبوونـەوە.

بـەڵام سـەرهەڵدان و یەکگرتنـی دەوڵەتـی مـاد ئەوەنـدە بەهێـز دیـار بـوو، کـە (ئاشـوور بانـی پـال) لـەوە تێبـگات، کـە دەبێـت ئەوجارەیـان هێرشـەکانی لەسـەر سـنووری رۆژئـاوای مـاد بوەسـتێنێ و بەتیبینـی و لەسـەرەخۆوە، لەهێـز و پلانەکانـی هووەخشـتەرە، ئـەو پاشـا مادیـە بڕوانـێ، کـە دەسـەڵاتی سـکاییەکانی لـە ئاسـیای پێشـەنگ و سـەرزەوییەکانی مـاد کۆتایـی پێهێنابـوو، کـە بـۆ مـاوەی بیسـت و هەشـت سـاڵ، بـە زۆرەملـێ دەسـەڵات و تـاج و تەختـی پاشـایەتی مادەکانیـان خسـتبووە ژێـر فەرمـان و دەسـەڵاتی خۆیـان، ئێسـتا بناخـەی بەهێزتریـن دەوڵەتـی مـادی دامەزراندبـوو.

ئـەوەی بـە روونـی لەبەڵگـە و سـەرچاوە مێژووییەکانـی ئاشـوورییەکان تۆمارکـراوە و تـا ئێسـتاش بـە پارێـزراوی ماوەتـەوە، هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی سـێزدەی پێـش زایینـەوە، مـادەکان، بـە تایبەتـی گەلانـی مـادی رۆژئـاوا، بەتـەواوی دەکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی ئاشـوورییەکان

و باجێکـی قورسـی[1] تـا رادەی تاڵانکردنیـان بەسـەردا دەسـەپێنرێ. وەک دیاریشـە ئـەو داگیرکارییـە و ژێـر دەسـتەیەی گەلانـی مـادی رۆژئـاوا، زیاتـر لـە پێنـج سـەدە و تـا سـاتەوەختی سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد درێـژەی کێشـاوە.

هووەخشـتەرە، پیاوێکـی زۆر بەهێـز بـووە، بـەر لـەوەی نـاوی پاشـا بۆخـۆی هەڵبژێـرێ و داوای تـاج و تەخـت بـکات، وەکـو فەرماندەیەکـی سـووپایی رۆڵـی بینیـوە و ئەرکـی رێکخسـتنی سـووپایەکی چەکـداری بەهێـزی گرتووەتـە ئەسـتۆ. ئـەو هـاوکات لەگـەڵ پێکەوەنانـی شـیرازەی سـووپایەکی سیسـتەماتیک، کـە تـا ئەو سـەردەمە لـە نێـو گەلانـی مـاد پێشـینەی نەبـووە، هەوڵێکـی مەزنـی بـۆ یەکخسـتنی سـەرۆک هـۆز و میرنشـین و سـەرۆکە گوندییـە مـادە پەرشـوبڵاوەکان دەسـتپێکردووە. لـەو پـرۆژە گەلسـازییەدا، لـەو شـوێنەی کـە پێویسـت بووبێـت، پەنـای

1 - لـە چاخـی (تیـگلات پلاسـەر) ی سـێیەم، هەندێـک لـە پاشانشـینە بچووکەکانـی مـاد، کـە لـە نزیـک سـنوورەکانی رۆژهەڵاتـی ئاشـوور دەژیـان، ناچـار بـە بژاردنـی باجێکـی قـورس و کەمەرشـکێن دەکـران، بـۆ نموونـە: 500 تاڵان، نزیک بە 1500 کیلۆ گرام مس.
300 تـاڵان، 9000 کیلـۆ گـرام، بـەردی لاجـەوەرد و....... زۆر شـتی تریـش. کـە لـە پەرتووکـی پاشـایەتی مـاد، (ئێقـرار عەلـی یێـف) ئامـاژەی پێکـراوە.

بـۆ بەکارهێنانـی هێزیـش لـە پێنـاوی یەکێتـی بەخشـین، بەقـەوارە و دەوڵەتـی نەتەوەیـی مـاد بـردووە. بۆیـە دەکرێ بڵێیــن ئــەوەی هووەخشــتەرە ئەنجامیــداوە، لەســەرەتادا شۆڕشــێکی ناوخۆیــی و فەرهەنگــی بــووە و هەســتێکی یەکگرتوویـی و نەتەوەیـی بـە پێـوەری ئـەو رۆژگارە، لـە نێو گەلانـی مـاد، بـە تایبـەت لـە مـادی رۆژئـاوادا بەدیهێنـاوە، کــە دواجــار لــەو یەکێتیــەدا، ســووپایەکی تۆکمــەی دروسـتکردووە و بەسـەر چەنـد یەکـەی شـەڕکەری سـوارە و پیـادە و دەسـتەی رمبـاز و تیرهاوێـژ و شمشـێر بەدەسـتدا، دابەشــیکردوون.

بەپێــی ســەرچاوە مێژوویــی و شوێنەوارناســی و گــەڕان بــەدوای نیشــانەکان و تابلێتــە قوڕینــەکان و دۆزرواوە مێژووییــەکان، لەچەشــنی بەردەنووســی جێــی ســەرنجی زانسـتی زاراوەناسـی بێـت، ئـەوە بەڕوونـی مێژووییبوونـی نەتەوەیەکــی یەکجێنشــین، لەســەرزەوییەکانی بەرزەدەشـت، زۆر فراوانـتر لەسـنوورەکانی ئێرانـی ئێسـتا، بەنـاوی مـاد دەسـەلمێنێ، کـە رابـردووی بـۆ زۆر زیاتـر لـە سـێ هــەزار سـاڵ بــەر لـە زاییــن دەگەڕێتــەوە.

لەگــەڵ کۆتاهاتنــی هــەزارەی دووەمــی پێــش زاییــن، سیسـتەمی خێلەکـی و هۆزایەتـی، بەشـێوەیەکی بەرچـاو لاوازبـووە و جێـگای خـۆی داوەتـە، ناوەندی یەکجێنشـینی گونـدی و ژیانـی نیـوە کشـتوکاڵی. رەخسـانی بارودۆخێکی

جیاوازتــری کۆمەڵایەتــی و ئابــووری، هەلومــەرج و پێویســتی پێکەوەنانــی یەکێتــی و وردە دەســەڵاتداری ناوخۆیــی لەمــادی رۆژئــاوا، بەتایبەتــی لەســەر ســنوورەکان و دراوســێییەتی میزۆپۆتامیــا ســەرهەڵدەدەن. ئــەوەش یەکەمیــن ئەزموونــی سیســتەمی پاشــایەتی مــاد (janzo)[1]، ســەرهەڵدەدات.دۆزراوەکانی کەونارناســی ســەردەمی تێکەڵبوونــی دوو قۆناخــی بەردینــی نــوێ لەگــەڵ دەرکەوتنــی قۆناخــی مــس، کــە مێژوویــان بــۆ کۆتاییەکانــی هــەزارەی پێنجەمــی پێــش زاییــن دەگەڕێتــەوە، ئــەو راســتییە دەســەڵمێنن، کــە مرۆڤــی مــاد زمــان، خاوەنــی شارســتانییەتێکی پێشــکەوتوو، بەپێــوەری ســەردەمی خــۆی بــووە و بــە تــەواوی توانــای زانســتیی کەرەستەســازی و کەڵــک وەرگرتــن، لــە ماکــی خــاوی کانزایــی و گۆڕاندنــی

1 - جانزو، لە زمانی کاشی بەمانای شا، یان پاشانشین، هاتووە.
- کۆڵینــەکان و هەڵدانــەوەی شوێنەوارناســانەی ( گــردی گیــان ) لەنزیکــی شــاری ناهاوەنــدی ئێســتای ئێــران و ( گــردی حەســار )ی دامغــان و ( ســیالکی) کاشــان و ( تەختــی جەمشــید ) لەپارێــزگای فارســی ئێــران، ئــەم پرســە پشتڕاســتدەکەنەوە، کــە ژیــان لەوڵاتــی مــادی کۆنــدا، تــا رادەیەکــی زۆر لەگەلانــی دراوســێ و دەوروبــەری خــۆی پێشــکەوتووتر بــووە.
- مــادەکان لەچاخــی بەردینــی نوێــوە، کەوتوونەتــە ناوچاخــی مــس و ئــەو کانزایەیــان بەباشــی ناســیووە و کەڵکیــان لێوەرگرتــووە.

ئـەو ماکانـە، بـۆ کەرەسـتەی پێویسـت بەژیانـی مرۆڤـی لـەلا هەبـووە.

مـادەکان کۆمەڵگەیەکـی گوندیـان پێکەوەنـاوە و پەرەیـان بەکشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری و خانووسـازی داوە. ئەگـەر بەپێـی دەرەنجامەکانـی شـەونخوونی مێژووناسـان، لەڕێـی هێنانەوەسـەریەک و ناسـینەوەی راسـتییەکانی مێـژووی گـەل و نەتەوەکانـی دانیشـتووی رۆژهەڵاتـی پێشـەنگ بێـت، ئـەوە دەبـێ شارسـتانییەتی گەلانـی خۆجێـی مـاد، پێـش شارسـتانییەتی ئیـلام و سـۆمەر بکەوێـت. شـیمانەی ئـەوەش دەکرێـت، کـە هەم بابلییـەکان و سـۆمەرییەکانیش، کەڵکیـان لـە ئەزمـوون و بەرهەمەکانـی ژیاریـی مـادەکان وەرگرتبێـت.

(یانـۆش هارماتـا)ی زماننـاس لـەو بـارەوە دەڵـێ: مـادەکان سیسـتەمێکی ئیـداری زۆر پێشـکەوتوویان هەبـووە، ئـەو سیسـتەمە بەڕێوەبەرییـە بەجۆرێـک کامـڵ بـووە، کـە هەخامەنشـییەکان بەبـێ دەسـتکاری و لـێ زیادکردنێـک، بـۆ بەڕێوەبردنـی دەسـەڵاتەکەیان، لـەڕووی کارگێڕییـەوە، کەڵکیـان لێوەرگرتـووە و بەکاریانهێنـاوە.

ئەگـەر بەهەنـگاوی خێـرا لەسـەردەمی دەوڵەتـی (گوتـی) و (لۆلۆیـی) تێپەڕیـن، کـە لەتـەک کاشـییەکان و ئیلامییـەکان، زۆربـەی سـەرزەوییەکانی میزۆپۆتامیـا،

بەسەرلەبەری کوردستانی تورکیا و، سوریای ئێستا و دهۆک و کەرکووک و سلێمانی و هەولێر، پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی ناو سنوورەکانی عێراق و، ورمێ و ئازەربایجان و لۆرستان و کرماشان و کوردستانی ناو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێرانی ئێستا، لەژێر قەلەمڕەوی ئەواندا بووە، لەگەڵ (کاشی)ە کان کە دەشتەکانی باشووری میزۆپۆتامیایان خستبووە ژێر رکێفی خۆیان، تا نێوەراستی هەزارەی دووەمی پیش زایین، هێزی باڵادەستی ناوچەکە بوون.

زۆربەی نەهامەتییەکانی گەلانی مادی رۆژئاوا، دەکەونە نێوان هەردوو سەدەی هەشت و حەوتی پێش زایین، ئەودەمەی کە سووپای مرۆڤ کوژی ئێمپراتۆری ئاشوور، بەدوای دۆزینەوەی سەرزەمین و مەڵبەندی ساماندراری نوێ، بۆ تاڵانکردن و بەکۆیلەکردنی گەلان، دێتە نێو سنوورەکانی خاکی ماد و دەست بەکۆمەڵکوژی و تاڵانکاری دەکا و سیستەمی ژێردەستکردنی درێژ ماوە دادەمەزرێنی.

لە نێوەراستی سەدەی نۆی پێش زایین، کۆمەڵێک دەسەڵاتی بچووکی خۆجێیی، وەکو یەکێتی گوندی و میرنشێن و یەکێتی هۆزەکان، لەنێو گەلە مادییەکان، زیاترینیان لە ناوچەکان و لەنێو دانیشتووانی مەڵبەندی مادی رۆژئاوا سەرهەڵدەدەن،

کـە دیارترینیـان بەشـێوەی خـوارەوەن. [1] (ئاندیـان) لەباشـووری رۆژئـاوای دەریـای قەزویـن. (زیکرتـۆ) لـە

1 - بەگوێـرەی سـەرچاوە بـە کارهاتـووەکان، لـە پەرتووکـی پاشـایەتی مـاد، ئیڤـرار عەلـی پێـف.

-لـە تێڕوانینێکـی لۆژیکـی ، نـە تیـۆری و لێتۆژینـەوەی زانسـتی و مێژوویـی بەڵگەخـواز، لـە شـوێنگۆڕکێ و بارەبـارەی کۆمەڵـە مرڤـەکان، دەتوانیـن ئـەوە بسـەلمێنین، کـە جگـە لـە پالەپەسـتۆی تواندنـەوەی زمـان و کولتـووری ئـەو گەلـە مادانـەی، بـە تایبـەت لـە مەلبەندەکانـی نێوەراسـت و رۆژئـاوای سـەرزەمینی میدیـا، واتـە لـە کۆمەڵگـەی لۆلۆییـەکان، کـە لە مێـژووی نوێـدا، لە چوارچێـوەی نەخشـەی ئیـداری دەوڵەتـی ئێـران، بـە لۆڕسـتان نـاو دەبردرێـت، تـا دەگاتـە پارێزگاکانـی کوردنشـینی کرماشـان و کوردسـتان و ئورمیـە و ئیـلام، لـە ئێـران و هەمـوو پارێـزگا کـورد نشـینەکانی باکـووری کوردسـتان، کـە دەکاتـە زۆربـەی هـەرەزۆری خاکـی میزۆپۆتامیـای تورکیـەی ئەمـڕۆ و گشـت سـەرزەویەکانی باکووری زنجیـرە چیـای حەمریـن، لـە کوردسـتانی باشـوور، بـە کەرکـوک و سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆک، لـە چوارچیـوەی دەوڵەتـی عەرەبـی عێراقـەوە، هـەر لەسـەر ئـاو خـاک و ژینگـەی رەسـەن و مێژوویـی خۆیـان مـاون.

ئـەو کوردانـەی ئێسـتا، لـە چاخـە دورەکانـدا بـە هـۆی مـەودا و ئاسـتەنگی جوگرافـی و هاتووچـۆی سـەخت و دژواری هاموشـۆ کـردن و نەبوونـی پەیوەنـدی و تێکەڵـی پێویسـت، هـەر ناوچـە و هـۆز و کۆمەڵێـک، بـە گوێـرەی نیـاز و تایبەتمەندیەکانـی دانیشـتووانی خۆجێیـی و تـا رادەیەکیـش لەژێـر بانـدۆری زمـان و فەرهەنگـی باڵادەسـت لـەو ناوچەیـە، شـێوەزار و رێزمانـی خۆیـان بەرهـەم هێنـاوە، ئـەوەش بووەتـە هـۆکاری لەیـەک جیـاواز بوونـی لـق و پـۆپ و شـێوەزارەکانی زمانیـان، لـێ لـە بنەڕەتـەوە توخمـە زمانەوانییـە کوردیـە رەسـەن و ئۆرجینالەکـە، هـەر بەهێـزی خـۆی لـە ژیانـدا مـاوە و بووەتـە پێناسـەی هاوبەشـی هەمـوو ئـەو بەشـە بـە جوگرافیـا پـەرش و بڵاوانـەی نەتـەوەی کـورد.

نێـوان دەریـای قەزویـن و گۆلـی ورمـێ، کـە دەکەوێتـە نێــوان میانــە و تەورێــزی ئێســتا. (ئۆئیشــدیش) لــە گۆشـەی باشـووری دەریاچـەی ورمـێ و نزیـک مەراغـە. (سـانگی بۆتـۆ) لـە باکـووری ڕۆژئـاوای گۆلـی ورمـێ و لە نزیـک تەورێـز و مەرەنـد و خۆی ئێسـتا. (گیلزان) بەشـی ڕۆژئـاوای گۆلـی ورمـێ. (کـی ڕۆری) لەباشـوۆری گۆلـی ورمـێ. (ئالابریـا) لـە ڕۆژهەڵاتـی کـی ڕۆری. (کاراڵا) لـە دراوسـێیەتی ئالابریـان. (زامـوا) یـان ناوچـەی زامـوای کــۆن، کــە لــە ســەردەمی خــۆی پێکهاتــەی جوگرافــی بریتیبـوو، لـە ناوچەکانـی دەوروبەری سلێمانی و بەشـی سـەرەوەی دیالـە و زابـی بچـووک. (پارسـوا) لە باشـووری گۆلـی ورمـێ و سـەروی هـەردوو ڕووبـاری دیالـە و زابـی بچـووک. لـە تەنیشـت زامـوا، وڵاتـی (مانـا) هەڵکەوتبوو، کــە زۆربــەی زۆری ناوچەکانــی ئازەربایجانــی ئێســتای ئێرانـی پێکدەهێنـا. (گێـزل بۆنـدا) هەڵکەوتـوو لەدۆلـی ڕووبـاری قـزل ئـۆزن. (مـادای) لـە باکـووری هەمەدانـی ئێســتا هەڵکەوتبــوو. (نامــرۆ) لــە باشــووری پارســوا و ناوچــەی (بێــت هامبــان) هەڵکەوتبــوو، لەباشــووری ڕۆژهەڵاتــی بێــت هامبــان، وڵاتــی (ئیلیپــی) هەبــوو، کــە دەکەوتــە ســەرووی ڕووبــاری کەرخــە و باکــووری لۆڕســتانی ئێســتا.

وەک مێــژوو نووســان، بەتایبەتــی ئاشــوورییەکان

لەگێڕانـەوەی چۆنییەتی شـەڕ و سـەرکەوتنەکانیان باسـی دەکـەن و لەزنجیـرەی لیسـتی دەسـکەوتەکانیان، لـە بەتـاراج بـردن و بـاج و خەراجـی وەرگیـراو لـە گەلانـی مـاد، تۆماریانکـردووە دەردەکەوێـت، دەبێـت گەلانـی مـادی رۆژئـاوا خاوەنـی سـامانێکی زۆر و کشـتوکاڵی پێشـکەوتوو و پێشەسـازی و کاری دەسـتی زۆر بووبـن.

هـەر هەمـوو لەشکرکێشـی و هێرشـەکانی ئاشـوور بـۆ سـەر ناوچەکانـی مادنشـین، بـە مەبەسـتی دەستکەوتی مـادی و خۆدەوڵەمەندکـردن بەهـۆی سـامانی مـادەکان، بـە زۆری لـە نیـوەی کۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن دەسـتیپێکردووە.

یەکەمیـن هێرشـی مەزنـی ئاشـوور بـۆ سـەر هـۆزە مـادەکان، لەسـاڵی 737 ، بەمەبەسـتی کردنـەوەی رێڕەوێکـی جوگرافـی بـووە ، بـۆ گەیشـتن بـە سـنوورەکانی (ئۆرارتـۆ) هەرچەنـد پێـش لەوەش ئاشـوور هـەردوو هەرێمـی بێـت هەمبـان و پارسـوای مـادی لـە سـاڵی 744ی پێـش زاییـن داگیرکردبـوو و، بـاج و خەراجێکـی قورسـی سـاڵانەی بەسـەردا سـەپاندبوون و، سـەرەبۆچوونی بـە تاڵانبردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە ئـاژەڵ، بەتایبـەت هەسـپ و کـەل و پەلـی ژیـان، بـە مەبەسـتی کەڵـک وەرگرتـن لـە زانسـت و شـارەزاییان ، ژمارەیەکـی زۆر لەپێشـەوەر و زاناکانـی مادیـان بەدیـل بـردووە و لـە

ناوچەکانیـــان دووریـــان خســـتوونەتەوە.

لــەو مێــژووە بــەدوا، بــە درێژایــی یــەک ســەدەی داهاتــوو هێرشــەکانی ئاشــوور بــۆ ســەر گەلانــی مــاد، یــەک بــەدوای یــەک بــۆ حــەوت خــول بەردەوامدەبــن.

هێرشـــی تاڵانکارانـــەی ســـاڵی 714، بـــۆ ســـەر دانیشـــتووانی ناوچەکانـــی مـــادی ڕۆژئـــاوا، زیـــان و کاولکارێەکـی بێسـنووری بـەدواوە بـووە، لـە ئەنجامـی ئـەو وێرانـکاری و توونـد و تیـژی و کوشـتارەدا، بەشـێک لـە گـەل و هـۆزە مـادەکان، بەناچـاری چوونەتـە ژێـر شـەرت و مەرجـی داسـەپاو لەلایـەن ئاشـوورییەکانەوە، بـەڵام هێرشـی دواتـری سـووپای ئاشـوور، لـە سـاڵی 713 کــە بــە هــۆی (ســارگۆن) بەڕێوەچــووە، وێرانــکاری و کوشــتاری بــە کۆمەڵــی چەندقاتــی بــەدواوە بــوو.

(تێـگلات پلاسـەر)، لـە یادداشـتەکانی دا نووسـیویەتی: ژمارەیــەک لــە گوتییەکانــی[1] دانیشــتووی (بێــت ســان

---

1 - بــە پێــی ســەرچاوە ئامــاژە پێکــراوەکان لــە پەرتووکــی میدیــا، (ئــی. م. دیاکۆنــۆف)

2Madt-mat - مـاد یـان لـە زمانـی ئەکـەدی و سـۆمەری بـە مانـای وڵات و گـەل و دانیشـتووانی ئـەو نیشـتیمانە ناویـان هاتـووە و بانـگ کـراون، کـە تێیـدا نیشـتەجێ بـوون.

-لەســەرچاوە ئاشــوورییەکان، بــاس لــە مــادە دوردەســتەکان، واتــە مــادی ڕۆژهــەڵات، مادەکانــی ســنووری ئاریبــی و مــادە بەهێــزەکان کــراوە و

گیبۆتـــی) و (بێـــت ســـانگی)مان بـــۆ ســـەرووی وڵاتـــی ســـوریا و (فنیقیـــە) گواســـتنەوە. یادداشـــتەکانی تێـــگلات پلاســـەر بەڕوونـــی باســـی مـــادەکان دەکات، لەنێـــوان ئـــەو هـــۆز و گونـــد و ناوچانـــەی کەوتوونەتەبـــەر هێرشـــی ئاشـــوورییەکان، تـــا نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی هەشـــتی پێـــش زاییـــن، جگـــە لەمـــادەکان هیـــچ گـــەل و رەگـــەزی قەومـــی دیکـــە، لـــەم ناوچەیـــە بوونیـــان نەبـــووە و ناویـــان نەهاتـــووە.

---

هەموویان بە(madai) ناو بردووە.

-وەک دیـــارە، زاراوەی مـــاد وەک هێـــز و دەســـەڵات، لـــە تۆمـــاری مێـــژووی ئاشـــوورییەکاندا، لـــە ســـەدەی نۆیەمـــی پێـــش زاییـــن راشـــکاوانەتر دەردەکەوێـــت. لـــێ لـــە ســـەرچاوە ئیلامـــی و ئەکـــەدی و بابلـــی و ســـۆمەرییەکانیش، کـــە لەچاخێکـــی نزیـــک لەیەکـــدا تۆمارکـــراون، زانیـــاری زۆر باشـــمان لەســـەر شـــێوازی پەرەســـەندنی کۆمەلایەتـــی و گەشەســـەندنی گیانـــی یەکگرتنـــی نێـــوان مـــادەکان دەســـتدەکەوێ و دەشـــێ رێـــرەوی لێکۆڵینەوەیەکـــی بەهێـــزی لەســـەر بنیاتبنێیـــن.

# یەکێتی گەلانی ماد

لـە دەوروبــەری گۆلــی ورمــێ، لەژێــر مەترســی و زەبــری هێرشــە وێرانکەرەکانــی ئاشــوور، یەکــەم هەوڵــی پێکەوەنانــی یەکێتــی گەلانــی مــاد، لەچوارچێــوەی هاوپەیمانییەکــی نزیــک لەدەوڵەتێکــی یەکگرتــوو، لەســەرەتای ســەدەی هەشــتی پێــش زاییــن دەســتپێدەکا و لەســەرەتادا، چەنــد یەکێتــی و هاوپەیمانــی پێکدەهێنرێــن، هــەر لەژێــر کاریگــەری و دڵنیایــی ئــەو یەکێتیــەدا، هۆزەکانــی مــادی رۆژئــاوا، شــێوازی ژیــان بەتــەواوی لەپــەزداری و گەرمیــان و کوێســتان کردنــەوە، بــەرەو یەکجێنشــینی و گوندنشــینی و کشــتوکاڵی و ئاژەڵــداری

گونـدی، گۆڕانــی بەســەردا هاتــووە.

سـەرجەم زانایانـی ناوناسـی و زاراوەناسـی، لەسـەر ئـەو بۆچوونـە کـۆک و تەبـان، کـە لەچاخـی سـەرهەڵدانی یەکێتـی گەلانـی مـاد، لەمـادی رۆژئـاوا، ئـەو دەڤـەرە و کۆمەڵگەکـەی تایبەتمەنـدی تـەواو نائێرانـی هەبـووە. وشـەی میدیـا خـۆی بەهیـچ جۆرێـک ئێرانـی نییـە، بەڵکـو سەداسـەد کاشـی مادییـە و تـا رادەیـەک خـۆی لـە ئیلامـی نزیکدەکاتـەوە، کەواتـە بەئێرانـی دانانـی مـاد، درۆیەکـی روتـی مێژوونووسـە ئێرانییـە ئارییاییەکانـە.

ناوچەکانـی مـاد، بـەر لەسـەرهەڵدانی یەکێتـی گەلانـی مــاد لــە رۆژئــاوا و یەکێتــی نەتــەوەی مادیــش، لــە رۆژهــەڵات پێکبهێـنرێ، لـە کۆمەڵێکـی زۆر هـۆزی مـەزن پێکدەهــات. ئـەو هۆزانـە بەدەیـان میرنشـین و یەکـەی گونــدی و ناوچەیــی و عەشــیرەتی خۆبەڕێوەبــەری جیاوازیـان پێکدەهێنـا، ئـەو میرنشـین و گونـد و ناوچـە خۆبەڕێوەبەرانـە، هەریەکـەو لەلایـەن حکومـەت و هێـز و شانشـینەکانی گەلانـی دراوسـێی دەوروبەریـان، وەکـو ئاشــوور و ئیــلام و ئەکــەد و ئۆرارتۆییــەکان، بەنــاوی جۆراوجـۆر و نەتـەوە و زمانـی جۆراوجـۆر دەناسرانـەوە و لـە مێـژووی تایبـەت بەخۆیـان تۆماردەکـران. بێگومـان تێکەڵـی و ناڕونـی و پرسـیار خستنەسـەر بەمادزانینـی، هەمــوو گەلانــی دانیشــتووی ســەرزەمینی میدیــا،

لەمێـژووی مادەکانـدا، لـە پلـەی یەکـەم لـە رۆژگاری پێش دەوڵەتـی مـاد، بـۆ نەبوونـی دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی نەتەوەیـی دەگەڕێتـەوە.

یەکـەم ئەزموونـی یەکێتـی گەلانـی مـاد، لەناوچەکانـی مـادی رۆژئـاوادا، لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نـۆی پێـش زاییـن دیـار دەکەوێـت، کـە (شەمشـی ئـادەدی پێنجـەم) باسـی شـەڕەکانی خـۆی لەگـەڵ مـادەکان و هێرشـەکانی بـۆ سـەر ناوچەکانـی مادنشـێن دەکات.

شەمشـی ئـادەد، لەگێڕانەوەکانـی خۆیـدا، باسـی رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ( هانازیـرۆکا ) پاشـای مـادی دەکات، ئیـدی لـەو تۆمـارەدا وەک پێشـان، باسـێک لەتێکهەڵچوونـی هـۆزەکان و گوندییـە مـادەکان لەئـارادا نییـە، ئـەوەش نیشـانەیەکە لـەوەی لـەو رۆژگارەدا، پێدەچێـت بەشـێکی زۆر لەمادەکانـی دانیشـتووی ئـەو ناوچەیـە، لەچوارچێـوەی میرنشـین، یـان پاشانشـینێکی مـادی یەکگرتـوودا، یەکیانگرتبێـت.*

---

* لەبـارەی نارونـی و ئاڵۆزییەکانـی مێـژووی یەکێتـی گەلانـی مـاد و ئـەو بڕگـە مێژووییـەی، کـە دەربـارەی دەسـتگیرکردنی (دیاکـۆ) ناوێـک، کـە لەمێـژووی ئاشـوورییەکاندا وەکـو سـەرکردەیەکی مانایـی ناوبـردراوە، لۆژیکیتریـن، چارەسـەر بـۆ دۆزینـەوەی سـەری کەلافـەی راسـتیەکان، کـە ئەزیـش بەتـەواوی لەگەڵـی کۆکـم دەشـێت ئەوەبێـت، کـە (فراوەرتیـش)ی کـوڕی دیاکـۆی

وەک دیــارە دەبێــت لەکۆتایــی ســەدەی هەشــتەم و دەســتپێکی ســەدەی حەوتــی پێــش زایین، هەمــوو گەلانی مــاد لەچوارچێــوەی دوو یەکێتی بەهێز یەکیــان گرتبێتەوە، کــە یەکەمیــان لــە یەککگرتنــی شــەش هــۆزی، (بوســیەکان) (پارتاکنییــەکان)، (ئەســترۆخاتیەکان)، (ئاریزانتیــەکان) (بودیــەکان) و (مۆغــەکان)، لەژێــر نــاوی یەکێتــی نەتــەوەی مــاد پێکهاتبێــت، کــە دیاکــۆ یــان (دەیــۆک)، ســەرۆکایەتیان دەکات[1]. ئــەوەی دووەم یەکێتــی گەلانــی مــادە، کــە (فراوەرتیــش) ســەرۆکایەتی دەکات، ســەرچاوە ئاشــوورییەکان ئــەوەی دووەم واتــە یەکێتــی گەلانــی مــاد

---

مانایــی، بەجۆرێــک لــە تاراوگــە و شــوێنی دەستبەســەریی باوکــی رایکردبــێ و خــۆی گەیاندبێتــەوە وڵاتــی میدیــا و یەکێتــی گەلانــی مــادی راگەیاندبــێ و دژی ئێمپراتــۆری ئاشــوور کەوتبێتــە شــەڕێکی دژوارەوە، ئــەو توانیویەتــی ناوچەیەکــی مادنشــینی زۆر، لــە ژێــر ســتەمکاری ئاشــوورییەکان رزگاربــکات، بۆیــە دوای 22 ســاڵ ســەرکردایەتی و حوکمڕانــی، لــە ســاڵی 653 ی پێــش زاییــن، لــە شــەڕێکدا لەگــەڵ ســووپای ئاشــوور کــوژراوە و هوەخشــتەرەی کــوڕی بووەتــە جێنشــینی. ئــەوە هەمــان هوەخشــتەرە پاشــای مەزنــی مــادە، کــە دواتــر دەوڵەتــی یەکگرتــوو و بەهێــزی مــاد دادەمەزرێنــێ و ئێمپراتــۆری ئاشــوورییەکان دەڕوخێنێــت.

1 - (هێرۆدۆت) مێژووی هێرۆدۆت
-هێرۆدۆت، دیاکۆ بە یەکەمین پاشای دەوڵەتی ماد دەزانێ
-بــە بــڕوای مــن، دیاکــۆ پێکهێنــەری یەکەمیــن یەکێتــی ژمارەیــەک لــە هــۆزە مادیەکانــە، نــە دەوڵەتــی مــاد.

بــە ڕێبەرایەتــی فراوەرتیــش، بەســەرەتای ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد دەزانــن.

مێژوونووســان تەنانــەت ئەوانــەی پێنوســەکەیان، بەبــێ لایەنــی و بەویژدانــەوە پێهەڵنەسوڕاوە، دان بەوەدادەنێــن کــە دیاکــۆ کــوڕی (فائــۆرات) لەنــاو گونــدی و دەوروبــەری خۆیــدا، پیاوێکــی ڕێزلێگیــرا و دادپــەروە بــووە و لــە کێشــە ناخۆیــی و ناکۆکییەکانــدا، ئــەو تەنیــا پیــاوی چارەســەر و یەکلاکردنــەوەی کێشــەکان بــووە.

لــەو ڕۆژگارەی دیاکــۆی تێــدا ژیــاوە، ســێبەری شــوومی پەرتەوازەیــی و ناکۆکــی و شــەڕی ناوخۆیــی هــۆز و گونــد و ناوچــەکان، ئاســمانی ژیانــی مــادی ڕۆژهەڵاتــی تاریــک و لێڵکردبــوو. بۆیــە هەمــوو هــۆز و گونــدە دراوســێکان، لــەدەوری یــەک کۆدەبنــەوە و دەستنیشــانکردنی مەزنێــک یــان پاشــایەکی دادگــەر، کــە هەموویــان گــوێ لەفەرمانــی بگــرن، تاکــو کۆتایــی بــە پشــێوی و ناکۆکییــەکان بهێنــی بەپێویســت دادەنێــن. دیــارە لــەو نێوەنــدەدا، تەنیــا دیاکــۆ هەڵگــری ئــەو مەرجانــە دەبــێ و دەبێتــە کاندیــدی بــێ ڕکابــەری پاشــایەتی نەتــەوەی مــاد، کــە پێشــتر ئاماژەمــان پێــدا.

بــەر لەیەکێتی نەتــەوەی مادی دیاکۆ، بەشــێک لەگوندە مــاد نشــینەکانی مــادی ڕۆژئــاوا، لــە ژێــر نــاوی پاشانشــینی (هانازیــرۆکا) یەکیانگرتبــوو و توانیانبــوو، لــەو ڕێگایــەوە

بەسەر تەنگ و چەڵەمە و ناکۆکییەکانی نێوانیاندا سەربکەون و ناوچەکانیان لە دەستدرێژی لایەنەکانی دیکە بپارێزن، ئەوەش بێگومان ئەزموونێک بووە بۆ دیاکۆ و هۆز و گوند و ناوچە هاوپەیمانەکانی دیکە، تاوەکو لەسەرەتادا بنگەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر پێکەوەگرێدانی شەش هۆز بنیاتبنێ و بڕیاربدات، کە قەڵا یان کۆشکێکی شیاوی دەسەڵاتداری بۆ بنیاتبنێن، ئەو هەر بەزوویی دەست بەبیناکردنی قەڵا و شاری (ئێکباتان) هیگمەتانە دەکا و ئەو شارە وەکو کۆشکی پاشایەتی و پایتەختی حکومەتەکەی بەکاردەهێنێت.

بەپێی یادداشتەکانی هێرۆدۆت، دیاکۆ فەرمان بەدروستکردن و بنیاتنانی کۆشکی (ئێکباتان) هیگمەتانە دەکات. بڕیاردەدات حەوت دیوار یان شورە، بەدەوری قەڵاکەدا هەڵچنرێن، کە هەر یەک لەو دیوارانە، بەبڵندی پشتی هەسپێک، لەوەی دیکەیان بەرزتر بێت و دیوارەکان، بە حەوت رەنگی جیاواز بنەخشێنرێن.

دیواری یەکەم، سپی
دووەم، رەش
سییەم، سوورێکی تۆخ
چوارەم، شین
پێنجەم، سووری کراوە

شەشەم، مسی
حەوتەم، زێڕینی درەوشاوە
سنوورەکانی سەرزەمینی ماد، یان ناوچە مادنشینەکان بە گشتی، لە رۆژگاری دیاکۆدا، لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتەوە، لەشاری (ری) ئێستا، رێگا و تاران دەستیپێدەکرد و بەرەو رۆژئاوا، تا سنوورەکانی ئاشوور، واتە کوردستانی باشووری ئێستا، درێژدەبوویەوە و لەباکووری رۆژئاواشیدا، بەشی هەرەزۆری میزۆپۆتامیا و لە باشووریشەوە، لە لۆڕستانەوە هەڵدەکشا و خۆی دەگەیاندە لێوارەکانی دەریای قەزوین، واتە مازندەرانی ئێستا، بە هەردوو ئازەربایجانی باشوور و باکووری ئێستاشیەوە*.

---

* ژمارەیەک لە زانایان، ئەو شێوە ررازاندنەوەیەی رەنگەکان، بە لاساییکردنەوەی شاری بابل، بەنیشانەی حەوت هەسارەی کۆمەڵەی خۆر دەزانن.
- بەڵام ئەز وای بۆ دەچم، کە ئەم حەوت رەنگە بەنیشانەی یەکگرتنی ئەو هۆز، یان ئەو گەلە مادانەیە، کە لەچوارچێوەی یەکێتی نەتەوەی مادی دیاکۆ، یەکیانگرتووە و هیگمەتانەش وەکو رەمز و پایتەختی یەکگرتنەکە، بەحەوت رەنگی جیاواز لەسەر شوورەکان، کە نیشانەی حەوت هێزی پارێزەری دەوڵەتن، دەورە دراوە.
- زۆربەی زۆری زانایانی بواری ئاسەوار و مێژووی دێرین هاوڕان، کە رێی تێناچێت کۆشکی هیگمەتانە، کە یەکێک لە شاکارەکانی شێوازی تەلارسازی

ئـەو سـەرزەمینە زۆر و زەوەنـدە فراوانـە، لـە ژمارەیەکی زۆر لـە مەڵبەنـد و وڵات و میرنشـین و هـۆزی سـەربەخۆ و یەکـەی گونـدی و ناوچەیـی خۆبەڕێوەبـەر، بـە ئاخافـتن و شـێوەزاری لەیـەک جیـاوازی پێکدەهـات، کـە گەلـە مادەکانـی تێـدا دەژیـان.

ئەگـەر ئێمـە بـڕوا بـە یادداشـتەکانی هێـرۆدۆت بکەیـن و وەکـو سـەرچاوەی جێـی بـڕوا وەریـان بگریـن؟ دەبێـت بیسـت و هەشـت سـاڵی نێـوان 728 تاکـو 700 ی پێـش زاییـن بـە چاخـی فەرمانڕەوایـی [1] دیاکـۆ قەبووڵبکەیـن. ئـەو رۆژگارە هـاودەم دەبێـت لەگـەڵ سـەردەمی پاشـایەتی (سـارگۆن سـەنحاریب) لـە ئاشـوور. ئـەوەش هاوکارێکـی زۆربـاش دەبێـت، تـا لەنێـوان دێڕەکانـی مێـژووی ئاشـووردا، چەنـدان ناوەنـدی بەهێزی دەسـەڵاتە خۆجێیەکانـی مـادی، لەنزیـک سـنوورەکانی نەینـەوا

---

مـادی کەونـارە، بەهـۆی کۆچـەرە ئێرانییەکانـەوە بنیاتنرابێـت، چونکـە دوای نیشتەجێبوونیشـیان ئـەو کۆچەرانـە بەدەیـان سـاڵ هـەر خەریکـی مـەڕداری کۆچـەری بـوون، تەنانـەت پـاش ئـەوەی دەسەڵاتیشـیان داگیرکـردووە، تـا ماوەیەکـی زۆر هـەر کەڵکیـان لـە وەسـتا و تەلارسـاز و هونەرمەنـدی مـاد وەرگرتـووە.

1 - بـە بـڕوای مـن دیاکـۆ پێکهێنـەری دەوڵەتـی مـاد نییـە، بەڵکـو ئـەو بنیاتنەری پرۆژەی یەکێتی گەلانی مادە.

بناسینەوە و بەدوای وارگە و شوێنپێی مێژووی کوردان، تا قەراخ رووباری (قزڵ ئۆزون)ی ئێستای تورکیا بچینە پێش.

هێرۆدۆت لەوبارەوە دەڵێت، پێش دەسەڵاتداری دیاکۆ، مادەکان لە هۆز و گوندی جیاجیا دەژیان و هەر گوند یان هۆزێک، لەژێر فەرمانی سەرۆک هۆز، یان سەرکردە و ریش سپی گوند بەڕێوە دەبردران، هەڵبەت ئەم مەسەلەیە لە دەقە ئاشووری و سۆمەری و ئەرمەنییەکانیشدا، رەنگیداوەتەوە و ئاماژەی پێدراوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسی و ناو و نیشانەناسییەکانەوە بێت، تا نێوەراستی سەدەی هەشتەمی پێش زایین، هەموو ناوچەکانی گەلانی ماد خاوەنی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و زمانی و کولتووری خۆیان بوون. هەموو زانایانی بێلایەن پشتگیری ئەو دۆزینەوانە دەکەن، کە تا ئەو بەرواره هیچ تێکەڵاویەکی رەگەزی و فەرهەنگی و زمانی، لەناوچەکانی گەلانی ماد لە ئارادانییە، بەڵکو لەسەردەمی تێگلات پلاسەر، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی پێش زایین بۆ خوارەوە، تاک و تەرا، ناوی ئێرانی لەمێژوودا دێتە بەرگوێی ئاشوورییەکان. هەڵبەت هۆکاری ئەو دەرکەوتنەش، دزەکردنی ئێرانییە کۆچەرەکان، لە رێی کۆچکردنیان

بــۆ لەوەرگەکانــی ســەرزەمینی مــاد بــووە.

لەســەردەمی مــادی کۆنــدا، [1] واتــە لــە دەســتپێکی هــازارەی دووەمــی پێــش زاییــن، مــادەکان لــە دەرەوەی ســنوورەکانی خۆیانــدا، دوو رەگــەزی دیکــەی مرۆڤیــان ناســیوە، کــە وەکــو رەوەنــد ژیانیــان بردووەتەســەر و لەنزیکــی ســنوورەکانی مــاد، بارگــە و بنــەی کۆچەریــان دانابــوو، ئەویــش رەگەزی تورانــی و ئارییەکان بوون، کە دواتــر لــە کۆتایــی ســەدەی نــۆی پێــش زاییــن، ئارییــەکان بەنــاوی ئێرانــی زمانــەکان، بــەرە بــەرە بەشــێوەی خێــڵ و

1- بڕواننە لێکۆڵینەوەکانی ف. لۆنۆرمان – و. ژ. ئۆپێر

- پێــش لەهــەزارەی دووەمــی پێــش زاییــن، مــادەکان ئایینــی تایبــەت بەخۆیــان هەبــووە. بەبــڕوای مــن مەزداپەرەســتی بــەر لەکۆتاییەکانــی ســەدەی نــۆی پێــش زایینــەوە و نزیکبوونــەوەی هــۆزە مــەڕداره هینــد و ئێرانــی زمانــەکان، بــۆ ســەر ســنوورەکانی باکــووری رۆژئــاوای مــاد، لەنــاو کۆمەڵگــەی گەلانــی مادیــەوە ناســیاو و جێــی پەســەند بووبێــت.

- لــە کەلوپەلــە دۆزراوەکانــی شــوێنەوارە دیرۆکییەکانــی لۆڕســتان، کــە مێژینەیــان بــۆ پێــش لەهاتنــی رەوەنــدە ئێرانییــەکان دەگەڕێتــەوە دیارکەوتــووە، وێنــەی مــار، کــە (توتــم)ی مــادەکان بــووە، لەســەر هەمــوو ئــەو کەرەســتە و کەلوپەلــە ئایینیانــە نەخشــێنراوە.

- موســا خۆرنــی، لــە نووســینەکانیدا، ئامــاژە بــەوە دەکات، کــە لــە دەقــە کۆنەکانــدا مــادەکان بــە مــار زادە (ویشــاپوزونگ) نــاسراون.

- ئــەز لەســەر ئــەو رایــەم کــە مــار وەکــو (توتــم)ی میترایــە مــادەکان، تــا ســەردەمی ئێســتاش لــە نــاو جیهانبینــی و بــاوەڕی ئێزدیانــی کوردســتان درێژبووەتــەوە و پێگــەی تایبــەت بەخــۆی پاراســتووە.

هـۆزی پـەزدار، دێنـە نێـو سـنوورەکانی مـادی رۆژهـەڵات و باکـووری رۆژهەڵاتـەوە.

لەسـەرەتاوە دەبـێ ئـەو راسـتیە روونبکرێتـەوە، کـە مـادەکان یـان نەتـەوەی مـاد، لـە رەگـەز و تیـرەی کۆچـەرە ئارياييـە هینـد و ئەوروپييـەکان نیـن. ئـەوان نەتەوەیەکـی مەزنـی خۆجێـی دانیشـتووی سـەرزەویەکی زۆر پـان و بەریـن و فراوانـن، کـە ئێرانـی ئەمـڕۆش بەشـێکبووە لـەو سـەرزەویانە. مـادەکان تـا پێـش دەسـتپێکردنی رەوی لافـاو ئاسـای هـۆزە کۆچەرييـە هینـد و ئەوروپييـەکان، فیدراسـیۆنێکی نەتەوەیـی فـرە ئەتنیـک و فـرە رەگـەز و فـرە زمـان و کولتـووری زۆر مـەزن بـوون، کـە (هێرارتۆیـی) و (ئیلامـی) و (کاشـی) و (لۆلۆیـی) و (گۆتـی) و....... بەشـێک لەدانیشـتووانی نـاو چوارچێـوە و قەڵەمـڕەوی مادیـان پێکدەهێنـا ، کـە ئـەو فـرە ئەتنیکیـە، جۆرێـک لـە تایبەتمەنـدی ناوچەیـی و خـۆ بەڕێوەبـەری رێژەیـی و هاوچەشـنی و نزیکـی زمـان و کولتـووری لـە نێوانیانـدا بەرهەمهێنـاوە.

ئـەوەی مێـژووی مـادی بـەوردی و بـەدەر لـە هەژموونـی و کاریگـەری گەوجاندنەکانـی مێژوونووسـە رەگەزپەرەسـتە ئێرانییـەکان و دەمارگیـری کەونارنـاس و مێژووناسـە ئارياييـە رۆژئاواییـەکان، کـە لـە ژێر سـۆزداری ئەندێشـە و ئۆتۆپيـای ئاريایـی و هینـد و ئەوروپيـدا،

مێژوویـان نووسـیوەتەوە، خوێندبێتـەوە، دەبێـت لـەوە تێبـگات، کـە پێویسـتە دوو رەگـەزی قەومـی [1]لەیـەک جیـا بکرێنـەوە، بـە تایبـەت لـە نێوەراسـتی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن بـە سـەرەوە ، کـە دەکاتـە سـەرەتای چاخـی دەرکەوتنـی هـۆزە پـەزدار و کۆچـەرە ئێرانـی زمانـەکان، بـۆ دەوروبـەری سـنوورەکانی گەلانـی مـاد، لـە ناوچـەی دەریـای کاسـپیەن ، مازندەرانـی ئێسـتا، کـە یەکێـک لەوانـە خەڵکـی خۆجێیـی واتـە مادەکانـن، کە لـە مێـژووی کۆنـدا بـە نـاسراون Amdai-madai-matai، ئـەوەی دووەم هـۆز و قەومـە کۆچـەرە ئێرانـی زمانـەکان، یـان هینـد و ئەوروپییەکانـن.

ئێقـرار عەلـی یێـف دەڵـێ: ئێمـە نموونـەی زۆرمـان بـۆ سـەلماندنی خۆجێیبوونـی گەلانـی مـاد لەبەردەسـتدایە، لەخـۆڕا نییـە کەناوەکانیـان لـە رووی ریشەناسـییەوە، لەگـەڵ زمانـە ئێرانییـەکان بـە هیـچ جۆرێـک، لـە پەیوەندیـدا نییـە.

ئیقـرار عەلـی یێـف [2] و ئـی. م. دیاکۆنـۆف [3] چ

---

1- پاشایەتی ماد، ئیقرار عەلی یێف

2- هەمان سەرچاوەی سەرەوە

3- ئی.م. دیاکۆنۆف، میدیا

لـــە بـــواری مێژووناســـی و چ لـــە بـــاری نیشانەناســـی و کەونارناسـیيەوە، پێداگـرن لەسـەر ئـاوەی، کـە مـادەکان هیـچ پەیوەندییەکـی رەگـەزی و خوێنـی نەتەوەییـان لەگـەڵ ئاریایـی و ئێرانـی زمانـەکان نییـە و ئێرانییـەکان هەرگیـز بەشـێک نەبـوون، لـە یەکێتـی گەلانـی مـادی و وەکـو قەومێکـی بێگانـە ئاماژەیـان پێـدراوە، کـە بـەدوای چەراندنـی پەزەکانیـان بـۆ نـاو سـنوورەکانی گەلانـی خۆجێـی مـاد، کۆچیانکـردووە.

ئـەوەی مێـژوو لـە بیرگـەی خـۆی تۆمـاری کردبێـت، هورياییـەکان خاوەنـی سـەرەتاییترین کۆچـی بەکۆمەڵـن، کـە لەسـەرەتای هـەزارەی سـێیەمی پێـش زایینـەوە، بـۆ پەیداکردنـی ئاقـاری گونجاوتـر بـۆ نیشـتەجێبوون، هـەر لەزنجیـرە چیاکانـی زاگرۆسـەوە، تادەگاتـە دەشـتاییە پـڕ پیتەکانـی کەنـار رووبـاری فـورات، نیشـتەجێبوون و بەرەبـەرە، لـە هەمـوو سـەرزەویەکانی میزۆپۆتامیـا، بڵاوبوونەتـەوە.

ئەگـەر لـەرووی جوگرافی و ئەتنیکـی و قەومییەوە، ئەم سـەرزەمینەش هەمـان ئـەو ناوچانـە بێـت، کـە ئێسـتاش کـوردی تێـدا نیشـتەجێیە و وڵاتـی کوردانـە، دەبێـت بـاری گومانـەکان لەسـەر ئـەو بابەتـە سـووک بکەینـەوە، کـە پەیوەنـدی خوێنـی و خزمایەتـی زمانـی و فەرهەنگـی هورياییـەکان، لەگـەڵ مـادەکان دووردەکەنـەوە و تەنیـا

بەنزیکـی جوگرافـی و ژینگەیـی دادەنێـن.

گوتیـەکان [1] کـە خاوەنـی بەشـی هـەرەزۆری میزۆپۆتامیـا بـوون، لەچارەکـی کۆتایـی سـەدەی بیسـت و دووی پێـش زاییـن، لەژێـر کاریگەری هێرشـەکانی بەردەوامـی هۆزەکانی دەوروبـەر زۆر لاواز دەبـن، بەناچـاری بـەرەو شـاخەکانی کوردسـتان و ئازەربایجانـی ئێسـتا، کـە نیشـتیمانی بەرێـی خۆیـان بـووە دەگەڕێنـەوە، بـەڵام لەگـەڵ لۆلۆییـە هاوخوێنەکانـی خۆیـان تووشـی شـەڕ و پێکدادانێکـی

1- لە سەرچاوە ئۆرارتۆییەکان.

-ئـای. م. دیاکۆنـۆف، دەڵـێ: شـوێنەواری (گـۆی تەپـە) لـە نزیکـی ورمـێ، هـی گوتیەکانـە.

- ئەومـۆرە سـتونیانەی کـە شـێوەی مرۆڤیـان لەسـەر نەخـش کـراوە و لـە شـوێنەواری گـردی گیانـی لۆرسـتان دۆزراونەوەتـەوە، مـۆری بـە هەمـان شـێوەش لـە کەرکـوک وەدەسـتکەوتوون، کـە دەقاودەقـی ئـەم وێنانـەش لـە سـنە و (تالـش) بوونیـان هەیـە.

((بروانە وێنەی( اکس – سی – ڤی ، لە کۆتایی پەرتووکەکە )).

-(ئیلۆلـۆ) و (ئیلۆمیـش) نـاوی زۆربـەی زۆری پاشـاکانی گوتـی بـووە، لـە بـاری زمانناسـیەوە ئـەوە سـەلمێنراوە، کـە گوتیـەکان و لۆلۆییـەکان، دوو گەلـی مـادی بـوون و یـەک زمانـی ئاخافتنـی هاوبەشـیان هەبـووە.

- مـن پێـم وایـە ئـەو دەلۆلـۆ چڕینـە، لـە لاوژەی دنگبێـژان، بەتایبـەت لـە نێـوان کـوردە کرمانجـی زارانـدا، هـاوار و داوای فریـاد رەسـی لـە لۆلۆییـەکان بـووە، کـە لەسـەردەمی خـۆی لـە نەبـەرد و شـەڕەکاندا هاواریـان بـۆ کـراوە، کـە تـا ئێسـتاش لـە فەرهەنـگ و ئەدەبیاتـی زارەکـی کوردیـدا، سـینگ بـە سـینگ ماوەتـەوە. وەک ئـەوەی دەڵـی : دەلۆلـۆ دەلۆلـۆ فەرمانـە فەرمانـە.

سـەخت دەبنـەوە و بەناچـاری بـەرەو قەوقازیـا دەڕۆن هەر لــەوێ نیشــتەجێدەبن و دەســەڵات، یــان شارســتانییەکی تایبــەت بەخۆیــان پێکدەهێنــن، کــە مێژووناســان بەپێــی لێکۆڵینـەوە کۆنینـە ناسـی و نیشانەناسـییەوە، تایبەتمەنـدی و توخمەکانــی کولتــووری گوتــی، لــەو دەڤــەرە بەباشــی دەناســنەوە.

گوتیــەکان بــەر لــەوەی بــەرەو میزۆپۆتامیــا کۆچبکــەن و ئــەوێ داگیربکــەن، لەهــەزارەی ســێیەمی پێــش زاییــندا، لەگـەڵ لۆلۆییـەکان و کاشـییەکان و مێهرانییـەکان، خاوەنـی هاوپەیمانــی و یەکێتییەکــی بەهێــز بــوون، کــە دواتــر دەوڵەتــی (مانــا) لەئەنجامــی ئەزموونــی ئــەو یەکێتیــە و لەسـەر میراتـی ئـەو هاوپەیمانییـە لۆلۆیـی و گوتییـە هاتـە دامەزرانــدن.

مـادەکان لـە نـاو خۆیانـدا، هاوبەندیەکـی نێـوان هـۆزی و گونــدی و ناوچەیــی بــوون، لــێ لەبــاری کارگێــڕی و بەڕێوەبەریــدا یەکەیەکــی سیاســی و فیدرالــی ســەرەتایی ئەوســابوون، کــە لەدەســتپێکدا، لەشــەش یــان هــۆز یــان گـەل پێکهاتبـوون. چـوار لـەم گـەل یـان هۆزانـە، بەتـەواوی شــێوەزار و زمــان و ڕەگــەزی هاوبەشــیان هەبــووە، بــەڵام لەلایــەن مێژوونــووس و لێکۆڵەرانــەوە، لەبــارەی دوو لــەو گەلانــەی دیکــەی نــاو بازنــەی فیدراســیۆنی گەلانــی مــاد،

گومانــی ئارياييبوونيــان لەســەرە ، [1] بۆيــە ئــەوان زۆرجــار لەلايــەن گەلانــی مــادەوە وەكــو بێگانــە ســەيردەكران. هەرچەنـد دواتـر وەكـو هاوبـەش لەچوارچێـوەی حكومەتی يەكێتـی گەلانـی مـاد قەبووڵكـراون.

لەوانەيـە سـەرچاوە زانيـاری بەخشـەكانی ئـەو دەم، كـە پارسـە ئێرانييـەكان بـوون، هێرۆدۆتـی باوكـی مێژوويیـان بەهەڵـەدا بردبێـت لـەوەی، تەنيـا شـەش گەلـی (بوسـی) و (ئەسـترۆخاتی) و (بـودی) و (پارتاكنـی) و (ئاريزانتـی) و (مـۆغ) يـان، بەپێكهێنـەری هەيكەلـی يەكێتـی نەتـەوەی مـادی دياكـۆ زانيـوە و گـەل، يـان هۆزەكانـی ديكـەی نـاو سـنووری مـادی كـۆن واتـە، (كادۆسـيەكان) (گيلـەكان)، (هيركانييـەكان)، (ماتيانييـەكان)، (ئاينيانييـەكان)، (كاردۆخيـەكان)، (كورتيـەكان)، (كۆسـيەكان)، (مـاردەكان)، (تپـۆرەكان)، (مـارەكان) و چەنـدان هـۆزی ديكـەش، كـە ئێرانـی زمـان نەبـوون، نـاو ناهێنـێ و ئاماژەيـان پێنـاكات.

لـە كۆتايـی سـەدەی نۆی پێـش زاييـن، يەكێتـی نەتەوەيی مـادەكان، بـە رادەيەكـی وا بـەرەو پێشـچووە، كـە لەچـاوی ئاشـوورييەكان وەكـو دەوڵەتێـك خـۆی نيشـانداوە، بۆيـە لە يادداشـتەكانی ئاشـووريدا، بەمـادە بەهێـزەكان ناوبـردراون.

---

1- ئۆپێر. لۆنۆرمان و هێرۆدۆت.

بۆیە لەڕووی سووپا و جوگرافیا و ئابووریشەوە، هێشتا هێزێکی سەرتاپاگیری زێدە مەزن نەبوون و، زەوی و هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نەتەوەی ماد، تەنیا ناوچەکانی هەمەدان و تەهران و قەزوین و کرماشانی ئێستا، لە نێوەراستی سەرزەوییەکانی ماد، تا رووباری ( قزڵ ئۆزن)ی [1] لەژێر دەسەڵاتدا بووە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لەناوچە و گەلانی مادی باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی مادیش، بەتەواوی لەدەرەوەی بازنەی حکومەتی یەکێتی نەتەوەی ماد مابوونەوە. بۆ نموونە لە باشووری رۆژئاوای ماد، یەکێک لە پاشانشینە بەهێزەکان بەناوی (ئیلیپی) هەبوو، کە زۆربەی ناوچەکانی کرماشان و دەورووبەری دەکەوتنە ناو دەسەڵاتی ئەو پاشایەتییە مادییە، مادەکانی سنووری رۆژئاواش، نزیک بەهەموویان بەشێوەی ساتراپی ئاشوور، رۆژگاریان دەبردە سەر و هەر لەدەرەوەی یەکێتی گەلانی ماد مابوونەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە و پشتراستکردنەوەی زانستی کەونارناسی و مێژووناسییەوە بێت، تا نێوەراستی سەدەی هەشتی پێش زایین، نە هەر مادی رۆژئاوا، بەڵکو

1 - ئێقرار عەلی یێف، پاشایەتی ماد

ناوچەکانــی رۆژهەڵاتــی مادیــش، خاوەنــی تایبەتمەنــدی و رەسـەنایەتی کولتـووری و شارسـتانییەت و زمانـی خۆیانبوون. زانایــان تــا ئــەو مێــژووەش، ئاســەواری هیــچ توخمێکــی زمانەوانــی و فەرهەنگــی و کۆمەڵایەتــی بێگانــە ناناســنەوە، کـە تێکـەڵاوی زمـان و فەرهەنـگ و ژیانـی مـادەکان بووبێت.

بەپێـیّ نووسراوەکانـی تێـگلات پلاسـەر، لـە کۆتایی سـەدەی هەشــتی پێــش زاییــن، زۆر بەکەمــی و تــاک و تــەرا نــاوە ئێرانییــەکان، لەنــاو گەلانــی مــادی رۆژهــەڵات دەردەکــەون، دیـارە لـەو سـەردەمە ژمارەیەکـی زیاتـر لـە هـۆزە کۆچـەرە ئێرانییــەکان، بــەدوای لەوەڕاندنــی پەزەکانیــان، دزەیــان کردووەتـە نـاو جوگرافیـای وڵاتـی میدیـا و تێکەڵـی ژینگـەی گەلانــی مــادی رۆژهەڵاتبــوون، بــەڵام هێشــتا ژمارەیــان بــەو رادەیــە نەبــووە، کــە کار بکاتــە ســەر زمــان و کولتــووری مــادەکان.

ئێرانییـەکان لـەو سـەردەمەدا لەبارودۆخێـکدا بـوون، کـە بــۆ خۆگونجانــدن لەگــەڵ ژینگــە و ژیانــی نــوێ، هەوڵــی ئەوەیانــداوە، فەرهەنــگ و شارســتانییەت و شــێوازی یەکجێنشــینی و ئاژەڵــداری گونــدی، تەنانــەت زمانــی کۆمەڵگــەی نوێــش لــە مــادەکان فێربــن.

نــەك هــەر ئــەوە بەڵکــو پێموایــە، ئــەو زمانــەی دواتــر لەلایــەن مێژوونووســانەوە، بەپارســی ئێرانــی نــاسراوە، تــا پێــش هێرشــی عەرەبــە موســڵمانەکان و تێکشــکاندنی

دەوڵەتـی ساسـانی ئێرانییەکان و سـەپاندنی زمانـی عەرەبی، بەسـەر گەلانـی دانیشـتووی نـاو چوارچێـوەی ئێمپراتـۆری ئێرانییـدا، نیـوەی زیاتـری زمانـی سـەرزەوییەکانی مـادی رابـردوو هـەر مـادی بـووە، چونکـە لـەو کاتـەی پارسـە ئێرانییـەکان، پاشـایەتی و سـەرزەمینی مادیـان داگیرکـرد، ژیانــی کۆمەڵایەتــی و پیشەسـازی و هونــەری کشــتوکاڵ و کەرەستەسـازی، لــە مــادەکان فێربــوون، بۆیــە ئــەو گریمانەیـە بـێ کەموکورتـی دەبێـت، ئەگـەر هەمـوو وشـە و دەسـتەواژە و نـاوی زانسـتی و هونـەری و کەلوپەلـی پیشەسـازی مـادەکان، وەک خـۆی بـۆ لای پارسـەکان و نـاو فەرهەنگــی ئاخافتنــی ئــەوان گوازرابێتــەوە.

لـە روانگەیەکـی زانسـتی و لۆژیکییـەوە بێـت، هەمـوو بوارەکانـی کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، تەلارسـازی خانووبـەرە، فەرهەنـگ، شـێوازی ئاودێـری و جۆگەڵـە هەڵبەسـتن، بـۆ ئاودێـری زەوییـەکان، چاندنـی دانەوێڵـە و بـاخ و کارگـەی شەرابسـازی و چنینـەوەی بەروبـووم، وێبۆچوونـی دەزگای بەڕێوەبـەری و کارگێـڕی، کـە هەموویـان فەرهەنگێکـی دەوڵەمەنـدی، لـە نـاو و رسـتە و دەسـتەواژە و وشـەی تایبـەت بەخـۆی هەبـووە، کـە لەژیانـی رەوەنـدی و دەشـتەکی و کوێسـتانی ئێرانییـەکان بوونیـان نەبـووە و تـا ئـەو کاتـە، ئـەو کۆچـەرە شـار نەدیتووانـە، ئـەو چەمـک و وشـانەیان نەناسـیووە، کـە هـی کۆمەڵگەیەکـی شارسـتانی

و یەکجێنشـــین و کشـــتوکاڵیبوون، ئـــەو دەوڵەمەندییـــە زمانەوانییەیـان، کـە بەبـێ ئەوانـە ژیانێکـی مرۆڤانـە کامـڵ نەدەبـوو، لـە مـادەکان وەرگرتـووە، دزیویانـە و کردوویانەتە هـی خۆیـان.

بـەو پێیـە و لـە ئەنجامـی بـە تاڵانبردنـی فەرهەنـگ و زمـان و مێـژووی مادەکان، بـە هەموو دەسـتکەوتەکانییەوە، کـە بەرهەمـی دەیـان سـەدە ئەزموونـی ژیـان و بەرگـری نەتەوەیـی سـەخت و دژواربـوون، روخسـاری ژیانـی کۆچەریانـەی ئێرانییەکانـی بـەرەو یەکجێنشـینی و سـامانداری زمانـی و فەرهەنگـی ریشـەدار، گۆڕیـوە و هـەر لـە سـەردەمی کورشـی داگیرکـەری هەخامەنشـییەکانەوە، هەتـا دەگاتـە ئەمـڕۆش، وەکـو پێناسـەی مێـژووی خۆیـان، بەکاریدەهێنـن و شـانازی پێوەدەکـەن*.

لۆلۆییـەکان بەهەمـوو لـق و پۆپیانـەوە، لەسـەدی بیسـت و دووەمـی پێـش زاییـن، ناوچەیەکـی بەربڵاویـان لەژێـر دەسـتدابووە، دوای ئـەوەی ناوچەکانـی نێـوان کرماشـان و ورمێـش لەلایـەن لۆلۆییەکانـەوە داگیردەکـرێ، سـەرچاوە ئەکەدییـەکان زۆر بەڕاشـکاوی هەمـوو ئـەم ناوچانـە بـەوڵات و وارگـەی لۆلۆیـی دەزانـن و دانپێدادەنێـن.

لەوبـارەوە ( ئانۆبـا نینـی) پاشـای لۆلۆییەکان، بەوشـێوەیە باسـی سـەرزەوییەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی دەکات : لەدەریـای خـوارەوە ( کەنـداوی فارسـی ئێسـتا ) دەریـای

سەرو ( دەریاچەی وان یان ورمێ ) لە ژێر دەسەڵاتی مندان، ( ئەوەش جوگرافیای خاکی کوردە لۆلۆییەکان بووە ).

لۆلۆییەکان [1] دامەزرێنەری شارستانییەت و فەرهەنگێکی قەومی و زمانی بەهێزبوون، کە بۆ ماوەی پازدە سەدە، وەکو دەوڵەتێکی رێکخراوی سیاسی و سیستەمێکی بەڕێوەبەری رێکوپێکیان هەبووە و تەنانەت کاریگەریی و رۆڵێکی بەرچاو و دیاریشیان، بەسەر ناوەند و جومگەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەری و کولتووری ئیمپراتۆری ئاشووریش هەبووە.

سەرچاوە ئاشوورییەکان، بەتایبەتی لە یادداشتەکانی (سارگۆنی دووەم)، ئەم پرسە بەتەواوی پشتراستدەکرێتەوە، کە لۆلۆییەکان گەلێکن لە رۆژئاوای وڵاتی ماد ژیاون. لە هەندێک سەرچاوەی دیکەشدا، شانشینی لۆلۆییان بەوڵاتی (زاموا) ناوبردووە، کە لەرۆژهەڵاتی لۆلۆدا زاموای ناوخۆیی هەبوون، دواتر شانشینی مانای تێدا دادەمەزرێ، کە مانا یان زاموای ناوخۆیی، بە بۆچوونی

---

1- هەم نارام سین ، لە سەرچاوە سەربازییەکانی ئەکەدی و هەمیش، نووسراوی لەسەر بەرد هەڵکەنراوەی ئانۆبا نی نی، پاشای لۆلۆیی لەسەرپێل زەهاو، بەڕوونی ئەو مێژووە دەسەڵمێنن. (بڕواننە وێنەی کۆتایی پەرتووکەکە).

زۆربـەی زانایانـی بـواری مێـژوو، دەوڵەت یان پاشانشـینێکی لۆلۆیـی بـووە و هـەر بەزمانـی مـادی، شـێوەزاری لۆلۆیـی قسـەیانکردووە. ئـەوە هەمـان ئـەو بەسـتێنە بـووە، کـە دواتـر دەوڵەتـی مانـای لەسـەر هەسـتاوەتە سـەرپێ. هەڵبـەت ئـەوە جێـگای گەنگەشـە و پرسـیار نییـە، کـە دواتـر لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن، دەوڵەتـی مانـا دەبێتـە بەشـێک لەدەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد.

لـە سـەردەمی شـەلمەنەسری پێنجـەم، کـە دەکاتـە نێـوان سـاڵانی 722 – 705ی پێـش زاییـن، جگـە لـە دەوڵەتـی مانـا، گرنگتریـن یەکێتیەکانـی گەلانـی مـاد بریتیبـوون لـە، (زیگرتـۆ) (ئاندیـا) (گیـزل بۆنـدا) (ئیلیپـی)، کـە لـە ناوچەکانـی نێـوان کرماشـان و هەمـەدان ، لەناو دەسـەڵاتی دیاکـۆ، هەڵکەوتبـوون، کـە لـەو رۆژگارەدا یەکێتـی ناوەندی مـادەکان بـووە.

شـەڕی پەنجـا سـاڵەی ئۆرارتـۆ و ئاشـوور، کـە دوای رووخانـی دەوڵەتـی مانـا روویـدا، ئاهێکـی وەبـەر ژیـان و ئابـووری گەلانـی مـادی هێنایـەوە، چونکـە دەرگیربوونـی ئـەو دوو دەوڵەتـە، بەشـەڕێکی مەودادرێـژی بـێ ئەمانەوە، دەرفەتـی دەسـتوەردانیان لەکاروبـاری ناوچەکانـی مادنشـین بـۆ نەماوەتـەوە. لـەو رووەوە شـەڕی ئـەوان، دەبێتـە خێـری مـادەکان.

لـەڕووی ئابوورییـەوە سـەرچاوەکانی ژیـان دەبووژێنـەوە و سـەر لەنـوێ ژێرخانـە ئابوورییـەکان نۆژەندەکرێنـەوە و لەهەلومەرجێکـی نوێـتردا، تێکـەڵاوی کۆمەڵایەتـی دروسـتدەبێتەوە و لـەڕووی سیاسـی و سـامانداریيەوە، کۆمەڵگـە بـەرەو قۆناخێکـی پێشـتر هەنـگاو دەنێـت.

دوای پەنجـا سـاڵ دووبـارە پارچـە پەرشـوبڵاوەکانی دەوڵەتـی مانـا یەکدەگرنـەوە و دەبنـەوە دەوڵەتێکـی بەهێـز لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە، بـەڵام ئەمجارەیـان لەجیاتـی دوژمنایەتـی ئۆرارتـۆ، دەبێتـە هاوپەیمانـی، کـە لـە سـەردەمی شـەڕەکانی سـارگۆندا، ئۆرارتـۆ پشـتیوانی بەهێـزی مـادەکان بـووە *.

لەسـاڵی 713 ی پێـش زاییـن، جارێکـی دیکـە سـارگۆنی دووەم، هێرشـێکی دیکـە بـۆ سـەر مـاد دەسـتپێدەکات،

---

* بەپێـی نووسراوەکانـی سـارگۆنی دووەم، دیاکـۆ دەبێـت یەکێـک لەفەرمانڕەواکانـی دەوڵەتـی مانـا بێـت، دوای ئـەوەی پاشـا ئیرانـزۆی مانایـی، لەگـەڵ ئاشـوورییەکان هاوپەیمانـی گرێـدا، لەلایـەن دیاکـۆ و ئۆرارتـۆوە، دژایەتییەکـی سـەختی بەرامبەرکـراوە.

- بەبـڕوای مـن یـان دەبێـت، دوو سـەرکردەمان بەنـاوی دیاکـۆ لەمێـژوودا هەبووبێـت، یـان نابـێ دیاکـۆ دامەزرێنـەری دەوڵەتـی بەهێـزی مـاد بووبێـت، چونکـە وەک سـەرچاوە مێژووییـەکان باسـی لێوەدەکـەن، ئـەو لـە شـەڕی مانـا و ئاشـوور، بەهـۆی سـارگۆنی دووەمـەوە، ئەسـیر دەکـرێ و لەگـەڵ بنەماڵەکـەی بـۆ سـوریا دووردەخرێتـەوە، کـە ئـەم بابەتـە بەڕوونـی لەمێـژووی ئاشـوورییەکان و یادداشـتەکانی سـارگۆنی دووەم ئامـاژەی پێـدراوە.

ئەمجارەیـان سـووپای ئاشـوور بـەرەو قوڵایـی ڕۆژهەڵاتـی مـاد، مـل پێوەدەنـێ و دەچێتـە پێـش. لـە نووسـینەوەی یادداشـتەکانی ئـەو هێرشـەدا، بـۆ یەکەمینجـار لەمێـژووی ئاشـوورییەکان، نـاوی وڵات و گەلـی ئاریبـی دیـار دەکەوێـت. ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە کـە هـۆزە کۆچـەرە ئێرانـی زمانـەکان، وردە وردە دزەیانکردووەتـە نێـو خـاک و جوگرافیـای گەلانـی مـاد.

سـارگۆنی دووەم لـەو یادداشـتانەدا، کـە بـەوردی تۆمارکـراون، لـە وڵاتـی مـاد جگـە لەچەنـد ناوەنـد و یەکێتـی یەکگرتـووی بەهێـزی مادی، باسـی لـە 45 هەرێمی بچووکـی خـاوەن سـەرۆکی گونـدی بەنـاوی ( belali ) کـردووە.

# نیشانەکانی سەرهەڵدانی
# نەتەوە و دەوڵەتی ماد

شـێوەگرتن و سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی مـاد چیـرۆک و ئەفسـانە نییـە، بـەڵام بـۆ سـەلماندن و دۆزینـەوەی مێـژووی پێکەوەنـان و دەسـەڵاتداری و شـێوازی بەڕێوەبـەری و بەردەوامـی ئـەو دەوڵەتـە، دەبێـت لـە نێـوان چیـرۆک و ئەفسـانە و تابلێتـە قوڕینـەکان و کەلوپەلـە کەونارەکانـی ژێرخـاک و بەردەنووسـەکان و مێـژووی گەلانـی دیکـە، کـە بەداخـەوە زۆرترینیـان داسـتانی سـەرکەوتنی دوژمنـان، بەسـەر مادەکانـە بەدوایـدا بگەڕێیـن و سـاخیبکەینەوە.

بەپێـی سـەرچاوە ئاشـوورییەکان، کـە تائێسـتاش بەباشـی ماونەتـەوە و ژێـر پێـی زانایانـی بـواری مێـژوو و مێژووناسـانی، لەدەسـتپێکی هـەزارەی یەکەمـی پێـش

زایین بەرەو خوارەوە، زۆر بەباشی روونـاک کردووەتـەوە، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی مـادی رۆژئـاوا، زیاتـر چینایەتـی و بەشـێوەیەک نیـوە کۆیلـەداری سـەرەتایی بـووە، بـەڵام سیسـتەمی تـەواو خێڵەکـی لەمـادی رۆژهـەڵات، تـا سێ سـەدەی دیکـە، واتـە تاسـەرەتای سـەدەی حەوتـی پێـش زاییـن، هـەر بەردەوامبـووە و خۆگۆڕین و بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵایەتـی لـەو ناوچەیـە، زۆر بەئەسـپایی و لەسـەرەخۆ بەڕێوەچـووە.

هـەر لـەو چاخـە زەمەنییـەدا، گەلانـی مـادی رۆژئـاوا گەرچـی یەکێتـی کۆمەڵایەتـی و یەکگرتنـی نەتەوەیـی بەتـەواوی پـەرەی نەسـەندبوو، بـەڵام نیشـان و ئاسـەوارەکانی سـازش لـە پێنـاو پێکهێنانـی دەوڵـەت، یـان یەکێتیەکـی سـەراپاگیر، بەئاشـکرا خـۆی نیشـاندەدا.

بـۆ دڵنیابـوون لەئەنجامـی سـەرهەڵدانی گۆڕانـکاری ئەرێنـی لەبنگـەی هـزری کۆمەڵگـەی مـاد و هاتنـە ئـارای دیـاردەی خۆناسـینەوەی نەتەوەیـی، دەتوانیـن پێکهاتنـی دەوڵەتـی مانـا و ملدانـە ژێـر فەرمانـی ئـەو دەوڵەتـە، لەلایـەن بەشـێکی زۆر لـە هـۆز و گەلانـی مـادی، وەکـو نموونـەی قۆناخـی باسـکراو قبووڵبکەیـن.

سـەرەبۆچوونی ئـەوەی یەکێتـی و هاوبەندیـە سـەرەتاییەکانی نێـوان گەلانـی مـاد، کـە لەسـەدەی نـۆ و هەشـتی پێـش زاییـن پێکهاتبـوون، نەیانتوانـی بەردەوامبن

و سەرکەوتوو نەبوون، بەناچاری چووبوونە ژێر باری هەندێک پاشەکشە و تێکشکان و ژێر دەستی قورس و دژوارەوە. ئەوان لەڕووی پێکەوەیی و کارگێڕی و سەربەخۆییدا، دووچاری راوەستانێکی مەترسیدا ببوونەوە، بەڵام هەڕەشە و چەوساندنەوەی بەردەوام، لە لایەن هێزی دەرەکی بەتایبەت ئیمپراتۆری مشەخۆر و کۆیلەداری ئاشوورەوە، رەوتی یەکگرتن و خۆناسینەوە و لێکنزیکبوونەوەی هۆز و گەل و گوندی مادەکانی نیشتەجێ، لە ناوچەکانی دەوروبەری گۆڵی ورمێی، خێراتر بەرە و پێشەوە و کامڵبوون بردووە و هەیکەل و سنوورەکانی دەوڵەتی [1]مانای مادی نەخشاندووە و جێگیر کردووە.

گەلانی ماد، پاش سەدان ساڵ شەڕ و بەرگری و ژێردەستی و تاڵانکران و بەدیلگیران، سەرئەنجام لەنێوەراستی دەیەی حەوتای سەدەی حەوتی پێش زایین، لەسەر میراتی ئەزموونی هەردوو یەکێتی نەتەوەی مادی دیاکۆ و یەکێتی گەلانی ماد ، لەئانجامی سەرهەڵدانێکی فراوانی هەموو دانیشتووان، بەتایبەتی گەلانی ماد، دژی دەزگای تاڵانچی و چەوسێنەر و

1- گ. ئا. مێلیکیشویلی

کۆیلـەداری ئێمپراتـۆری ئاشـوور، هێـدی هێـدی و لەسـەرەخۆ، قۆنـاخ بەقۆنـاخ چووەتـە پێـش و شـێوەی خـۆی دەدۆزێتـەوە. لەئەنجامـی ئـەو گەشەسـەندن و بەرەوپیشـچوونەدا، هێگمەتانـە کـە لەمێژبـوو، ببـووە ناوەنـدی جوڵانـەوەی دژە ئاشـوور و بزاڤـە سەراسـەریەکەی رێبـەری دەکـرد، دەبێتـە هۆکارێکـی کاریگـەر، کـە دەوڵەتی یەکگرتـووی مـاد رابگەیێـنرێ و بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە 128 سـاڵ [1]، فەرمانڕەوایـی مـادەکان بەسـەر بەشـی هـەرەزۆری رۆژهـەڵات دەستەبەربکا و ئێمپراتـۆری زلهێـزی ئاشـووری،

1- بەپێی لێکدانەوەی هێرۆدۆت، دەوڵەتی ماد تەنیا 128 ساڵ ژیاوە.

-بەبـڕوای ئینگلـس، لـەو رۆژگارەدا لـە سـەرزەمینی مـاد، قۆنـاoی دابەشـکاری زەوی دەسـتیپێکردبوو و شـوێنی دابەشـکارییە خێڵەکییەکانـی دەگرتـەوە، نیشـانەکانی دامـودەزگای حکومـەت بەدیاردەکەوتـن، ئـەوەش دواییـن هەنـگاوی پێکهاتنـی دەوڵـەت بـوو.

- لـە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی یەکێتـی گەلانـی مـاد، فەرمانڕەوایـی بەشـێوەی پشتاوپشـت جێگیربـووە، لـێ خـودی دەوڵـەت وەکـو فیدراسـیۆنێکی خۆبەڕێوەبـەری هـۆز و گـەل و یەکێتیـە گوندییـەکان، رەفتـاری کـردووە و مەرجیـش نەبـووە، کـە هەمـوو گەلانـی نێـو بازنـەی دەوڵـەت، سەداسـەد زمـان و رەگەزیـان مـادی بووبێـت. لەگـەڵ ئـەوەش رەگـەزی مـاد، خـاوەن دەوڵـەت و خـاک بـووە و بەتـەواوی بەسـەر کاروبـاری دەوڵەتـدا زاڵبـووە.

- لــە جیهانــی کەونــاردا، کــەم گــەل و نەتــەوە هەڵکەوتــوون، کــە گیانــی ئازادیخـوازی وەکـو مادەکانیـان تێـدا بەرجەسـتە بووبێـت، نموونـەی ئـەوەش راپەڕینــی مانابیــە مادەکانــە، دژی (ئاهشــێری) پاشــای مانــا، لــە ســەرەتای ســەدەی حەوتــی پێــش زایـیــن، کــە ســتەم و زۆرداری لــە گەلــی مانایــی ژێــر

دوژمنــی دێرینــی مــادەکان تێکبشــکێنێ و لەنێوببــات.

ئاشــوورییەکان لەنیــوەی دووەمــی ســەدەی حەوتــی پێــش زاییــن بەڕوونــی بــاس لەشانشــینی مــاد دەکــەن. هــەر لەمێــژووی لەشکرکێشــی و رووبەڕووبوونــەوەی ئاشــوور، لەگــەڵ گەلانــی مــادی بــەر لــەو چاخــەوە وا تێدەگەیــن، کــە هەمــوو دەســەڵاتە خــۆ بەڕێوەبــەرە مادییــەکان، بەســاتراپی مــادەکان ناوبــردراون و باســی وڵاتــە جۆراوجۆرەکانــی مــادی دەکرێــت، کــە هەموویــان ســاتراپی ئاشــوورییەکانن و بــەزۆری ملکــەچ بەدانــی بــاج و خەراجکــراون. کەواتــە لــەوەوە دەگەینــە ئــەو ئەنجامــە کــە لەکۆتایــی نێــوەی دووەمــی ســەدەی حەوتــی پێــش زاییــن، دەوڵەتــی مــاد دروســتبووە، گەرچــی سەراســەری جوگرافیــا و دانیشــتووانی ســەرزەمینی مادیشــی نەگرتبێتــە خــۆی.

جگــە لــە دەســتپێکردنەوەی هێرشــەکانی ئاشــوور، لــە دەوروبــەری ســاڵی 744 ی پێــش زاییــن، بۆ ســەر ناوچەکانی مــادی رۆژئــاوا، دوو هــۆکار و فاکتــەری دیکــەش بەتونــدی

---

فەرمانی دەکرد.

دەقــە مێژووییــەکان بــاس لــەوە دەکــەن، کــە خەڵکــی وڵاتــی مانــا دژی پاشــاکەیان راپەڕیــن، تەرمیــان فڕێدایــە دەرەوە و بەســەر زەویــدا، رایانکێشــا و بنەماڵەکەشــیان لــە وڵات وەدەرنــان. ئــەوە دەســەلمێنێ، کــە سیســتەمی پاشــایەتی لای مــادەکان وەکــو یۆنانییــەکان و پارســەکان، پیــرۆز و ئاســمانی نەبــووە و بەپێــی بۆچوونــی خەڵــک دەستاودەســتی پێکــراوە.

ڕۆڵیـــان لــە پەرتەوازەیـــی و لەبـــەر یەکهەڵوەشـــاندنەوەی یەکێتـــی گەلانـــی مـــاد دەبینـــی، ئەویـــش گوشـــاری هـــۆزە کۆچەرەکانـــی هینـــد و ئێرانـــی بـــوو، کـــە لـــە ڕۆژهەڵاتـــەوە وەکـــو ڕەوی کولـــە، ڕژابوونـــە نێـــو ســـنوورەکانی جوگرافیـــای مـــاد و دانیشـــتووانی خۆجێیـــی مـــادی ڕۆژهەڵاتییـــان، خســـتبووە ژێـــر گوشـــارێکی زۆرەوە.

دەوڵەتـــی مـــاد، بەســـەرۆکایەتی [1] هوەخشـــتەرە، دوای پێکەوەنانـــی سیســـتەمی دەوڵەتـــی یەکگرتـــوو، لـــە یەکەمیـــن ئەزموونـــی ســـووپایی خۆیـــدا، [2] ســـکاییەکانی کـــە بـــۆ مـــاوەی 28 ســـاڵ، بـــە هـــاوکاری ئاشـــوورییەکان دەســـتایان بەســـەر پاشـــایەتی مـــاد داگرتبـــوو، تێکدەشـــکێنی و دەســـەڵات و پاشـــایەتی بـــۆ نەتـــەوەی مـــاد دەگەڕێنێتـــەوە و ســـکاییەکان ناچـــار دەکات ببنـــە شـــەڕکەری دەوڵەتـــی مـــاد، ئـــەوەش بەیەکەمیـــن هەنـــگاوی هەژموونـــداری مـــاد، بەســـەر گەلانـــی دیکـــەدا هەژمـــار دەکرێـــت.

---

1- هەمـوو دەق و سـەرچاوە ئاشـوورییەکان، کـە ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ دەوڵەتـی مـاد بەریەککەوتنیـان بـووە، ئـەوە پشتراسـتدەکەنەوە کـە ( کەشـتەریتە ) هوەخشـتەرە، پاشـای دەوڵەتـی مـاد بووە و سـەرکردایەتی شـەڕی تێکشـکاندنی ئاشـووری کـردووە.

2- کۆمەڵــە وتــاری ئێقــرار عەلــی پێــف، ســەبارەت بەمێــژووی کۆنــی ئازەربایجـان.

سەرکەوتن بەسەر سکاییەکان، کە هاوپەیمانی هەمیشەیی و هۆکاری سەرکەوتنی سووپای ئاشوور بەسەر مادەکان بوون، وەرچەرخانێکی زۆر مەزن دەبێت، لە مێژووی ماددا، چونکە ئەو سەرکەوتنە مادەکان دەکاتە هێزێکی سەرەکی رۆژهەڵات و نێوبانگیان دەخاتە رۆژەڤی پەیوەندیە سیاسی و سووپاییەکانی ئێمپراتۆری و هێزە مەزنەکانی ئەو سەردەمە.

هوەخشتەرە، کە هێرۆدۆت، ئەو بەفراوەرتیش دەزانێ، پێش راگەیاندنی دەوڵەت، هێزێکی مەزن لەمادەکان، لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو میرنشین و هۆز و گوندە خۆبەڕێوەبەرە مادیانە، کە سەر بەئێمپراتۆری ئاشوور بوون و لە لایەن ئەو ئێمپراتۆرییەوە بەرپرسایەتی و نازناوی پاشانشێنی دەڤەرەکەیان پێبەخشرابوو و باج و خەراجێکی زۆریان بەو ئێمپراتۆریە دەدا، لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بەرەیەکی یەکگرتووی بەهێزیان لێپێکدەهێنێت.

هوەخشتەرە، بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەک، هەوڵ و کۆششێکی فراوان، بۆ خستنە سەر رێی بزوتنەوەیەکی فراوان و سەراسەری ناوچەیی و ناوخۆیی، لەهۆز و گەلانی ماد، دژی ئاشوور دەستپێدەکا و ئاگری جوڵانەوەیەک دادەگیرسێنێ. ئەو لەسەرەتادا رووی سەرکردە و ریش سپی گوندەکان، واتە یەکێتی مادە

گوندنشـینەکان، وەکـو ( مامـی تیارشـۆ ) [1] کـرد. دوای ئـەوە هاوپەیمانییەکـی موکومـی دیکـەی لەگـەڵ بەڕێوەبـەری یەکـە گوندییەکانـی (سـپارتا) پێکهێنـا، کـە ناوی (دوسـانتی) بـوو.

هوەخشـتەرە، پێـش ئـەوەی لەگـەڵ ئاشـوور، بچێتـە نێـو شـەڕی چارەنووسسـازەوەو دوای ئـەوەی جەبهـەی خـۆی بەتـەواوی پاککردووەتـەوە و هەمـوو ئـەو هـۆزە کۆچەرییانـەی، کـە مـادی نەبـوون، لەناوچەکانـی

1- مـن بـڕوام وایـە مامـی تیـار شـۆ، دەبێـت ( مامـێ تەیـار شـۆ ) بێـت. بەپێـی هەڵکەوتـەی جوگرافـی، کـە لەمێـژوودا باسـکراوە، دەبـێ مەڵبەنـدی یەکـە گوندییەکانـی مامـی تیـار شـۆ، کەوتبێتـە دەوروبـەر، یـان باکـووری رۆژهەڵاتـی گۆڵـی ورمێـی ئێسـتا و ئـەو ناوچەیـەش لەدرێـژەی مێـژوودا، واری کوردانـی کرمانجـی زمـان، ئـەو هۆزانـە بـووە، کـە ئێمـە بەهۆزەکانـی شـکاک دەیانناسـین، کەواتـە ئـەو دەرەنجامـە لەلۆژیـک زۆر نزیکـە، کـە نـاوی ئـەو سـەرکردە کاریگـەرەی یەکـە گوندییـەکان، کـە هوەخشـتەرە هاوپەیمانـی لەگـەڵ دروسـتکردووە، نـاوی (تەیـار) بـووە و بەهـۆی تەمـەن و پێگـەی، وەکـو رێزلێنـان، بەمـام تەیـار شـۆ، کـە لەکرمانجـی سـەرێدا دەبێتـە مامـێ تەیـار شـۆ، بانگکـراوە. لـەو شـوێنەی کـە مێـژوو پێمانناڵێـت جێگۆڕکێیەکـی رێشـەیی وەک ئـەو بەڵایـەی بەهـۆی هێرشـی مەغـۆل و تورکەکانـی ئاسـیای نێوەراسـتەوە، لەسـەدەی یـازدەی کۆچـی، بەسـەر ( ئاترۆپاتێـن ) مـادی بچووکـەوە هـات و دانیشـتووانی رەسـەنی کـە سەداسـەد کوردبـوون، وەدەرنـران و تورکـی تێـدا نیشـتەجێکران ، لـەو ناوچەیـە روویدابێـت. دەبێـت بێگومـان بیـن لـەوەی هێشـتا ئـەو ناوچانـە بەرەسـەنایەتی مـادی خۆیـان هـەر وڵاتـی کـوردان ماونەتـەوە و هۆزەکانـی شـکاکی تێـدا نیشـتەجێن.

رۆژهەڵاتــی مــاد، خســتە ژێــر فەرمانــی خــۆی. هــەر بــۆ ئـەم مەبەسـتە هێرشـی بردەسـەر ئـەو مەڵبەندانـەی پارسـە ئێرانییــەکان لــە ناوچەکانــی پــارس، خســتبوویانە دەســت خۆیـان، ئەوانـی ملکـەچ بەقبووڵکردنـی یاسـاکانی دەوڵەتی مـاد کـردن، چونکـە لـەو سـەردەمەدا، پارسـە ئێرانییـەکان ژمارەیـان لـەو ناوچانـە زیادیکردبـوو، بەرەبـەرە ئاڵـۆزی و پشـێویەکی لەرادەبەدەریـان لەناوچـە مادییـەکان دەنایـەوە و هــاوکاری ئاشــوورییەکانیان دژی مــادەکان دەکــرد.

پێکهێنانــی چەنــد هاوپەیمانــی لــەو گەلــە مادانــەی، ئازارێکــی زۆریــان بەدەســت ئێمپراتــۆری ئاشــوور چەشــتبوو، پێگــەی هوەخشــتەرەی بەهێزتــر دەکــرد و کەشـێکی ئاسایشـی دڵنیاکـەرەوەی بـۆ پشـت هێڵەکانـی شـەڕی دژی ئاشـوور بەدیدەهێنـا. لـە هەلومەرجێکـدا کـە هێرشـەکانی هـۆزە جەنگاوەرەکانـی (کیمیـری) بـۆ سـەر سـنوورەکانی ئاشـوور و شـەڕکانی ئـەو ئێمپراتۆریـە دژی میـسر و بابـل، سـەنحاریبی لەخۆبایـی ئاشـووری، ئەوەنـدە بەخـۆوە سـەرقاڵکردبوو، کـە بەهیـچ شـێوەیەک نەپرژێتـە سـەر لەژێـر چاوگرتنـی پەرەسـەندنە خێراکانـی نێـو سـنووری مـاد، لـە دراوسـێیەتی سـنووری رۆژهەڵاتـی خۆیدا و لـەو مەڵبەنـدەی، کە ئاشـوورییەکان هەمیشـە بەسـاتراپی خۆیانیــان دەزانــی و وەکــو خەزێنــەی دەســکەوتەکانی ئێمپراتــۆری حیســابیان لەســەر دەکــردن، بــێ خەبــەر

مابوونــەوە* .

هوەخشــتەرە ســەرکردەی مــاد، ســەرقاڵی و دەردەســەرییەکانی ئێپراتــۆری ئاشــووری قۆســتووەتەوەو هەمــوو ئــەو نەخشــانەی کامڵکــردووە، کــە بەرنامــەی بــۆ داڕشــتبوو. ئــەوەش هەمــان ئــەو هــەڵ و دەرفەتــە زێڕینــە بــوو، کــە مــادەکان و ســەرکردەکەیان چاوەڕوانیاندەکــرد، بەتایبەتیــش هاوپەیمانــی کیمیری و مانــا، لەژێر فەرماندەیی ( ئاهشــێری ) مانایــی، ئامادەبــوون لەگــەڵ دەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد، بچنــە نێــو شــەڕی دژی ئاشــوورەوە، کەمێــک زووتــر لــەوەش ئــەوان جوڵــەی ســووپایی خۆیــان لەســەر ســنوورەکانی ئاشــوور دەســتپێکردبوو.

مێــژووی کۆتایــی ســەدەی حەوتەمــی پێــش زاییــن ئــەو زانیارەمــان پێدەبەخشــێت، کــە ســەرەبۆچوونی دامەزرانــی

---

* بەگوێــرەی کۆمەڵێــک لێتۆژینــەوە و بۆچوونــی مێژوویــی، کــە زانایانــی ئــەو بــوارە ئاراســتەیان کــردووە شــیمانە دەکرێــت، هوەخشــتەرە کــوڕی فراوەرتیــش بێــت، نــە خــودی فراوەرتیــش، بەتایبــەت ئەگــەر ئــەو گریمانەیــە بەهەنــد وەربگریــن کەدەڵــێ: دیاکــۆی ســەرکردەی مانایــی، بەهــۆی ئاشــوورییەکانەوە بــەرەو وڵاتــی ســوریە دور خراوەتــەوە و فراوەرتیشــی کــوڕی بــە جۆرێــک لــە تاراوگــەوە خــۆی گەیاندبێتــەوە ســەرزەمینی بــاب و باپیرانــی و شــۆڕشــی دژی ئاشــوور دەســتپێکردبێتەوە، مــن خــۆم لەگــەڵ ئــەو گریمانەیــەم، کــە هوەخشتەرە دەبێت کوڕی فراوەرتیش و نەوەی دیاکۆ بێت.

دەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد، نابێـت کۆتایـی یەکجارەکـی بەشـەڕ و ئـاژاوە و تێکهەڵچوونـە ناوخۆییەکانـی، نێـوان گـەل و هـۆزە مادییـەکان و دراوسـێکانیان هاتبێـت. لـەو رووەوە نابێـت ئـەو دەوڵەتـە توانیبێتـی بەئارامـی و لەئاسایشـێکی کۆمەڵایەتـی تـەواودا، پـەرەی بەرێکخسـتنی کارگێـڕی و بەدامەزراوەییکردنـی دەسـەڵاتی خۆیدابێـت، بـەڵام لەکۆتایـی ئـەو سـەدەیە و سـاڵەکانی یەکەمـی سـەدەی شەشـی پێـش زاییـن، بەهـۆی دژواری هێرشـی ئاشـوور، هـەردوو پاشانشـینی ئۆرارتـۆ و مانـا، لەبەریـەک هەڵدەوەشـێنەوە، کـە دوو هێـزی هـەرە مـەزن بـوون لەسـەرزەمینی مـاد.

شـکانی مانـا و ئۆرارتـۆ لەبەرامبـەر هێـزی ئاشـووردا، ئـەوان پەیوەسـت بەدەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد دەکاتـەوە. ئـەوەش دەبێتـە هـۆکاری بەهێزبوونـی دەوڵەتی مـادی تازە دامـەزراو. بـەڵام لـەو سـەروبەندەدا، ئاهشـێری پاشـای مانـا بەدەسـتی خەڵکـی خـۆی دەکـوژرێ و (ئۆئالـی) کـوڕی کـە جێـگای ئـەو دەگرێتـەوە، لەبـری مانـەوەی لەسـەر تەختـی دەسـەڵاتداری، دەچێتـەوە نێـو بـەرەی ئاشـوورییەکان و تـا ساتەوەختی رووخانـی ئاشـوور هـەر هاوپەیمانـی دوژمنـی نەتـەوەی خـۆی دەمێنێتـەوە.

# پەیامبەرێک لەچیاکانەوە

ناحومـی پەیامبـەر، لەبـارەی رووخانـی ئاشـوورەوە لەپەرتووکـی خۆیـدا دەنووسـێ: ئـەی ئاشـوور، خواوەنـد لەبـارەی تـۆوە بڕیاریـداوە، کـە هیـچ شـتێک بەنـاوی تـۆ نامێنـێ. لەنێـو پەرەسـتگەکانتدا، بتـە داتاشراوەکانـت ناهێڵـم و تـۆ سەرشـۆڕ دەبێـت.

پەیامبـەر ناحـوم لەپەرتووکەکەیـدا، بانگـی ئـەو یەهودیانـە دەکا، کـە لەلایـەن ئاشـوورەوە بەکۆیلەکـراون، دەڵـێ: چاوەڕوانـبن، پەیامبەرێـک لـە چیاکانـەوە مـژدەی سـەرکەوتن دەدات، ئـەی یەهـودا جـەژن بگێـڕن، چونکـە ئیـدی دوژمـن هەرگیـز ناگەڕێتەوەسـەرت، ئـەو بـۆ هەمیشـە تێکشـکا و لەناوچـوو.

وەک دیـارە لەدەسـتپێکی سـەدەی شەشـی پێـش زاییـن، بەپێکهێنانـی هاوپەیمانـی نێـوان ئۆرارتـۆ و مـاد، سـەرزەوییەکانی گەلانـی مـاد دەبێتـە ناوەنـدی سـەرهەڵدان و جوڵانـەوەی دژە ئاشـوور. مـادەکان بەهەمـوو تواناکانیانـەوە، پـەرە بەپێکەوەنانـی هاوپەیمانـی نوێـدەدەن و بـەرەی دژە ئاشـوور فراوانـتر دەکـەن، لـەو سـۆنگەوە هاوپەیمانـی نێـوان مـاد و کێمیـری و بابلـی و سـیکایی کامـڵ دەبـێ و بەشـێوەی نیـوە بازنەیـەک، لەباشـووری رۆژهەڵاتـی سـنوورەکانی ئاشـوور، تـا باکـووری رۆژهەڵاتـی دەورە دەدرێ و سـووپارێژ دەکرێـت.

ئـەو هاوپەیمانییـە بەهێـزە بەرادەیـەک ئاشـوورییەکانی دوچـاری تـرس و شـپرزەیی کـردووە، کـە هەوڵێکـی زۆری دیپلۆماسـی بـۆ رێگەگرتـن، لەبەریەککەوتنـی سـەربازی لەنێـوان هاوپەیمانـەکان، لەگـەڵ سـووپای ئاشـوور خسـتووەتەگەڕ. لەسـەرەتادا نوێنەرانـی خـۆی بـۆ لای هوەخشـتەرە و پاشـانیش، بـۆ لای سـەرۆکە مادەکانـی دیکـە وەکـو مامـێ تیارشـۆ و سـیکاییەکانیش نـاردووە، بـەڵام کـە لەمـادەکان بـێ هیوابـووە، پاشـای ئاشـوور کچەکـەی خـۆی بەدیـاری بۆ(پارتـا ئۆتـا) پاشـای سـکاییەکان نـاردووە و بەوەش بـۆ ماوەیـەک، ریزەکانـی بـەرەی دژە ئاشـووری دوچـاری سسـتی و لێکـترازان کـردووە، بـەڵام نەیتوانیـوە بەتـەواوی ئـەو هاوپەیمانییـە لەبەریـەک هەڵوەشـێنێتەوە.

لـە سـاڵی 615 ی پێـش زاییـن، هوەخشـتەرە پاشـای مـاد، بەفەرمـی هێرشـی بـۆ سـەر ئاشـوور دەسـتپێکردووە و زۆر بەخێرایـی، لەمانگـی (ئەرهسـەمنە)ی مـادی ئۆکتۆبـەر، دەستیبەسـەر ناوچەکانـی (ئارابخـای) کـە بەشـێکبوون لەسـەرزەوییەکانی ئیمپراتـۆری ئاشـوور داگرتـووە و لەوێـوە پـەرەی بەپێشـڕەوییەکانی خـۆی بـەرەو شـاری ئاشـوور پایتەختـی ئێمپراتـۆری داوە.

پایتەختـی ئاشـوور بـۆ مـاوەی دوو مانـگ، واتـە لەمانگـی (سـیمانۆ) تاوەکـو (ئابـۆ)ی مـادی، واتـە لـە ژوئێن تا ئۆگۆسـت درێـژەی کێشـاوە، بـەڵام لەکۆتایـی ئـەو دوو مانگـەدا، سـووپای مـاد دەروازەکانـی شـاری ئاشـووری کردووەتـەوە و داگیریکـردووە و هەمـوو سـووپای ئاشـووری بەدیلگرتـووە.

- وەک لـە مێـژوودا باسـکراوە، هیرشـی سـووپای مـاد بـۆ سـەر شـاری ئاشـووری پایتەختـی ئێمۆراتـۆری لەسـەرەتای وەرزی بەهـار ئەنجامـدراوە، یەکێـک لـەو هۆکارانـەی ئاسـانکاری بـۆ سـووپای مـاد کـردووە، لافاوێکـی زۆر بەهێـز بـووە، کـە بەهـۆی هەڵچـوون و سـەرڕێژکردنی رووبـاری فـورات بەشـێک لەشـورەی بەهێـزی شـارەکە رووخـاوە و سـووپای مـاد، بەئاسـانی لەوێـوە خـۆی گەیاندووەتـە نـاو جەرگـەی پایتەختـی ئاشـوورییەکان و دەستیبەسـەرداگرتووە.

پاشـای ئەکـەد لەگـەڵ سـووپاکەی، کـە بـۆ هـاوکاری و پشـتگیری سـووپای مـاد هاتبـوون، بـە شـەڕەکە رانەگەیشـتن،

مـادەکان بەتەنیـا و بەهێـزی خۆیـان ئێمپراتـۆری ئاشـووریان تێکشـکاندووە، بەڵام هوەخشـتەرە پاشـای ماد و (نەبوپلاسـەر) پاشـای بابـل، لـەدەرەوەی شـاری ئاشـوور یەکتریـان بینیـوە و پەیمانـی دۆسـتایەتیان، لەگـەڵ یـەک نوێکردووەتەوە و پاشـای مـاد، دەسـتکەوتەکانی لەگـەڵ سـووپای ئەکـەد بەشـکردووە.

دوای ئاشـوور مەڵبەنـدی (حـەڕان) بە هاوکاری راسـتەوخۆی مـاد، دەستیبەسـەردا دەگیـرێ و (کلْدان)یـە هاوپەیمانەکانـی مـاد، دواییـن پەناگـە و سـەنگەری سـووپای ئاشـوور و میـسری هاوپەیمانیـان، کـە بـەرەو قـەڵای (کارکەمیـش) پاشەکشـەیان کردبـوو داگیردەکـەن.

لەشـەڕی لەنێوبردنـی یەکجارەکـی ئێمپراتـۆری سـتەمکار و مشـەخۆری ئاشـوور، گەرچـی بەپێـی مێـژووی (گێـد)، یادداشـتەکانی (نابۆنێـد)و لێکدانەوەکانـی باوکـی مێـژووش، جگـە لەبابلییـەکان و بـە رادەیەکـی کەمیـش سـکاییەکان و هەندێـک لـە هـۆزە دەشـتەکییەکانی دیکـە، کـە لەوانەیـە عـەرەب بووبـن، یارمەتـی مادیـان دابێـت، بـەڵام لەتێکشـکاندنی ئـەو زلهێـزە جیهانییـەدا، دەوڵەتـی مـاد رۆڵـی سـەرەکی یەکلاکـەرەوەی بینیـوە، هوەخشـتەرە پاشـای مـاد، فەرماندەیـی گشـتی بـەرەی دژە ئاشـووری کـردووە و لـە سـاڵی 670 ی پێـش زاییـن سـەرکەوتنی کۆتایـی بەسـەر ئاشـووردا تۆمارکـردووە.

مێـژوو زۆر کـون و کەلەبـەری رێبەرایەتیکردنـی

(کەشـتەریتە) [1]هوەخشـتەرە، لەشـەڕی دژی ئاشـوور، بەنادیار و لەژێـر تەمـی پرسـیار دەهێڵێتـەوە، بـەڵام ئـەو هاوپەیمانییـە مەزنـەی گەلانـی مـاد، زۆر لێهاتوانـە توانیویەتـی سـنوور بـۆ دەسـتدرێژی و سـنووربەزاندن و تاڵانـکاری ئاشـوور دیاربـکا و لەماوەیەکـی نەچەنـدان درێـژدا، بـەردی بناخـە بـۆ سـەرهەڵدان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی بەهێـزی مـاد دابنێـت، زۆربـەی هـەرە زۆری گـەل و هـۆز و یەکـە گوندییەکانـی مـادی، بخاتـە نـاو چوارچێـوەی جەسـتەی نەتـەوەی مـاد.

بـەڵام لەئەنجامـی لێکەوتـە و دژەکردارەکانـدا، (ئەسـەرحەدون) باسـی هەندێـك لەسـەرۆک هـۆز و خێـڵ و پاشانشـینی بچـووک دەکات، کـە نەچوونەتـە ژێـر فەرمـان و یاسـای دەوڵەتـی مـاد و پەنایـان بـۆ ئاشـوور واتـە دوژمنـی خۆیـان بـردووە. بـەڵام ئـەو هەڵگەڕاوانـە، تەنیـا دوای بەسـەرچوونی یـەک دەیـە، گەڕانـەوە نـاو چوارچێـوەی دەوڵەتـی مـادی یەکگرتـوو.

---

1- واژۆکردنـی پەیماننامـەی نێـوان مـاد و ئەکـەد، بەشـدارکردنی سـووپای ئەکـەد لەدەسـتکەوت و سـامانی ئێمپراتـۆری ئاشـوور، لەدەقەکانـی نابۆنیـد بەتـەواوی پشتراسـتکراوەتەوە

-بەپێـی بەراوردکردنـی راوبۆچوونـی مێژوونووسـان و لێکۆڵەرانـی مێـژووی مـاد، دەبێـت کەشـتەریتە هەمـان هوەخشـتەرە بێـت، کـە جیـاوازی نـاوەکان لەجیـاوازی زاراوە و زمـان و فۆنەتیکـی گەلانـی دەوروبـەری مـاد و مێژوونووسـان سـەرچاوەی گرتبێـت.

ئەوەیـان جێـگای لـێ فێربوونـە، کـە بەهـۆی یەکگرتنـی گەلانـی مـاد و دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەییـەوە، تەنیـا لەمـاوەی چواردەیـە، نـە هـەر ئێمپراتـۆری ئاشـوور، مەزنتریـن دوژمنـی خـۆی تێکشـکاند، بەڵکـو بـووە هێزێکـی هەرەمـەزن، لەسەرتاسـەری ئاسـیای پێشـەنگ و هـەردوو حکومەتـی (ئۆرارتـۆ) و (ئاترۆپاتـن)ی گرتـە چوارچێـوەی خـۆی، لەوێـوەش تـا لێوارەکانـی رووبـاری (قـزڵ یەرمـاق)ی نهـای تورکیـا، دەچێتـە پێـش و رووبـەڕووی دەوڵەتـی (لیـدی) دەبێتـەوە.

مـن بۆیـە باسـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی و لـەو نێوەندەشـدا، باسـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی مـاد دەکـەم، چونکـە هەمـوو سـەرچاوە مێژووییـە ناسراوەکانـی پەیوەسـت بەچۆنییەتـی سـەرهەڵدان و شـێوەگرتنی دەوڵەتـی بەهێـزی مـاد، تەنانـەت پەرتووکـی پیرۆزیـش باسـی ئـەوە دەکـەن، کـە لەسـەردەمی دەوڵەتـی بەهێـزی مـاد، گەلانـی مـاد هەموویـان بەیەکـەوە پەیوەسـتبوون و بەسـەر هەمـوو گەلانـی دیکـەی دانیشـتووی سـەرزەوییەکانی مـاد زاڵبـوون. هێـرۆدۆت دەڵـێ: ئـەوە یەکێـک لەبەهێزتریـن خسـڵەت و نیشـانەکانی دەوڵەتـی نەتەوەیـە.

هێـرۆدۆت دەسـتپێکی دەوڵەتـی مـاد بـۆ سـاڵی 678ی پێـش زاییـن دەگەڕێنێتـەوە و زۆر بەدڵنیایـی و بەبـێ بەکارهێنانـی هێـچ گریمانەیـەک، سـاڵی 550ی پێـش زاییـن

بــۆ رووخانــی ئــەو دەوڵەتــە دەستنیشــاندەکات. ئەگــەر بەپێــی ئــەم بۆچوونــەی باوکــی مێــژوو بێــت، نابێــت مێــژووی رووخانــی ئێمپراتــۆری ئاشــوور بەســەرەتای ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی مــاد بزانیــن. هەربەپێــی بۆچوونــی هێــرۆدۆت، دەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد، تەنیــا 128 ســاڵ فەرمانڕەوایــی و دەســەڵاتداری کــردووە و پێشــتر لــەوە، ئــەوەی ئێمپراتــۆری ئاشــووری رووخانــدووە، یەکێتــی و بــەرەی هاوپەیمانــی گەلانــی مــاد بــووە، نەدەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد، کــە پاشــایەکی دیاریکــراوی هەبووبێــت، رەنگــە تــا ئــەو کاتــە هوەخشــتەرە [1] وەکــو فەرمانــدەی گشــتی و هاوئاهەنگکــەری شــەڕی دژی ئاشــوور رۆڵــی بینیبێــت و دواتــر وەکــو پاشــای دەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد دەستنیشــانکرابێت.

---

1- شـیمانە دەکرێـت ( کەشـتەریتە) هوەخشـتەرە، لـەو کاتـەدا ئەگـەر پاشـای دەوڵەتیـش نەبووبێـت، لـێ فرمانڕەوایەکـی گرنگـی پاشانشـین، یـان یەکێتیەکـی فراوانـی ناوچەیەکانـی مـاد بووبێـت. ئـەوە وەلامێکـی نزیـک لـە راسـتییە بـۆ پرسـیارەکەی ئێمـە، چونکـە بەپێـی دەقـە ئاشـوورییەکان، لـەو رۆژگارەدا، زۆر لـە سـەرکردە، یـان دەرەبـەگ و سـەرۆکی گونـدی مەڵبەنـدی جۆراوجـۆری مـادی، نەچونەتـە ژێـرِ فەرمانـی یەکێتـی گەلانـی مـاد و رویـان لـە دوژمنـی دێرینـی خۆیـان، واتـە ئاشـوورییەکان کـردووە. لـەو بـارەوە (ئەسـەرحەدون) دەنوسـێ: هەندێـک لـە گەورەکانـی مـاد، سـەر پێچیـان لـە دەوڵەتـی یەکێتـی گەلانـی مـاد کـرد و پەنایـان بـۆ مـن هێنـا و پێیەکانـی منیـان مـاچ کـرد، لەوانـەش: (ئۆپیـس) فەرمانـڕەوای (پارتـاگا). (زانـا سـانا) فەرمانـڕەوای (پارتـوکا). (راماتـی) فەرمانـڕەوای (ئـۆراکازا بارنـا). ئـەم فەرمانـڕەوا و سـەرۆک هۆزانـە،

سەرەبۆچوونی هەمـوو ئەمانـە دژیەکیەکـی زۆر مـەزن لەمێـژووی هێـرۆدۆت، لـە بابەت ساخکردنەوەی ساتەوەختی تـەواوی سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی مـاد و دەستنیشـانکردنی سـاڵەکانی فەرمانڕەوایـی هەریـەک لەپاشـاکانی دەوڵەتـی مـاد، تـا دەگاتـە سـەردەمی ئاسـتیاگ و رووخانـی دەوڵـەت و پاشـایەتی مـاد، بەدەسـتی کورشـی پارسـی بەرچاودەکەوێـت.

هیـرۆدۆت زنجیـرەی پاشـایەتی مـاد وەهـا دەخەملێنـێ و دیـاردەکات:

1 - فراوەرتیش، 675-653 ، واتە 22 ساڵ.

2 - پاشایەتی سکاییەکان، 653-625 ، واتە 28 ساڵ.

3 - هوەخشتەرە، 625-585، واتە 40 ساڵ.

4 - ئاستیاگ ( ئیشتیۆویگۆ ) 585-550 واتە 35 ساڵ.

---

تـا کۆتاییەکانـی سـەدەی هەفتـی پێـش زاییـن، لـە ژێـر دەسـتەیی ئاشـوور ماونەتـەوە، بـەڵام لـە بەرەبـەری سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی مـاد و لـە ژێـر کەریگـەری هەسـتی یەکگرتنـی گەلانـی مـاد دژی ئاشـوورییەکان، بەتـەواوی پەیوەسـت بەدەوڵەتـی مـاد بوونەتـەوە.

-هێـرۆدۆت مێـژووی پاشـایەتی (کەشـتەریتە) هوەخشـتەرە، بـۆ سـەرەتای رووخانـی ئاشـوور دەگەڕێنێتـەوە، کەوابـوو دەتوانیـن بەدڵنیایـی بڵێیـن، کەشـتەریتە هەمـان هوەخشـتەرەیە.

- زنجیـرەی خۆفرۆشـی و ناپاکیکـردن لـە گـەل و نەتـەوەی خـۆ، لەمێـژووی دێرینـدا، بیرەوەرییەکانـی تاڵـی ناپاکـی بەشـێک لەکوردەکانـی ئێسـتامان بیـر دەخاتـەوە، کـە بەهەمـان چەشـن پێـی دوژمنانیـان لەپێنـاو بەرژەوەنـدی تاقمـی و پـارو نانێکـی هـەرزان رادەموسـن.

ئـەو ریزبەندییـەی هێـرۆدۆت بـۆ زنجیـرەی پاشـاکانی مادی کـردووە، زۆر پرسـیار و گومـان هەڵدەگرێـت، چونکـە لـەزۆر سـەرچاوەی مێژوویـی دیکـە بەخـودی هێرۆدۆتیشـەوە، ئاماژە بـەوەدەدەن، کـە هوەخشـتەرە لەسـاڵی 597ی پێـش زاییـن، هاوپەیمانــی دژە ئاشــووری لەگــەڵ (خەزنەســەری دووەم)، پاشـای بابـل پێکهێنـاوە.

ســەرەبۆچوونی داکۆکــی و پێداگــری نووســەرانی رۆژگاری کـۆن، لەمـەڕ دەستنیشـانکردنی چەنـد پاشـایەکی مـادی، بەڵام ئـەو بابەتـە بەڕوونـی دیـارە کـە لەمـادی رۆژئـاوا، بەدەیـان پاشانشــینی بچووکبــوون و رۆڵیــان هەبــووە و هەریەکــە و بەشـێکی دیاریکـراو و بچـووک، لـە گـەل و هۆزەکانـی مادیـان لەژێـر فەرمانـدا بـووە. گومانشـی تێدانییـە کـە هـەر ئـەو لێکدابڕانــە مرۆڤــی و دەســەڵاتداری و ناوچەییــە، هــۆکاری یەکەمـی تێکشـکان بـووە، لـە بەرامبـەر هێرشـە یـەک لـە دوا یەکەکانــی ئاشــوور و ئۆرارتــۆ و نەتەوەکانــی دەورووبــەری ســەرزەمینی مـاد.

لــە نووسراوەکانــی ئاشــوورییدا، کــە تیشــک دەخەنەســەر ســاڵانی کۆتایــی ســەدەی هەشــتەم و ســەرەتای ســەدەی حەوتـی پێـش زاییـن، (ئـادەد نێـراری سـێیەم) بۆ مـاوەی چوار سـاڵ، بەبـێ پسـانەوە هێرشـەکانی بـۆ سـەر وڵاتـە مادیـەکان بـەردەوام بـووە، ئـەو وڵاتانـەی کەوتوونەتەبـەر هێرشـی ئادەد نێـراری سـێیەم بریتیبـوون لـە (ئیلیپـی)، (خارخـار)، (ئازاریاش)

و (مـادای گێـزڵ بۆنـدا)، کـە دانیشـتووانی هەموویـان مـادی بـوون. لـە ڕۆژژمێرەکانـی جەنگیـی ئاشـوورییەکاندا، لەهەمـوو ئـەو وڵاتانـەدا، کـە وادیـارە هەمـوو ناوچـە و هـۆز و پاشانشـینێکی خۆبەڕێبەریـان بەوڵاتێـک ناسـیووە، هیـچ ئاماژەیـەک، بەگـەل یـان نەتەوەیەکـی دیکـە نییـە، تەنانـەت لـەو یادداشـتانەدا، زۆر بەروونـی ئاتروپاتێـن، تـا دەریـای قەزویـن، بەمەڵبەنـدی گەلانـی مـادی ناوبـراوە.

لەسـەدەی هەشـتی پێـش زاییـن بەسـەرەوە، ئەگـەر تەمەنـی دەسـەڵاتداری یەکێتـی و حوکمڕانییـە ناوخۆییەکانـی گەلانـی مـاد زۆری نەدەخایانـد، تەنیـا بەهـۆی هێـرش و شـەڕی بـەردەوام و داگیرکارییەکانـی ئاشـوور و هێـزە هاوپەیمانەکانـی نەبـووە. بەڵکـو دوژمنایەتـی و دژایەتـی ناوخۆیـی سـەرۆک هـۆز و فەرمانـڕەوای ناوچەکانـی مـاد بەخۆیـان و یەکنەگـری و یەکـتر قبووڵنەکردنـی بەشـێک لەمـادەکان، یەکێـک لەهـۆکارە تێکشـکێنەرەکان بـووە.

جیاوازیخـوازی پاشانشـینە بچووکـەکان، کـە ئیمپراتـۆری ئاشـوور بـە سیاسـەتێکی لێزانانـەوە، بـۆ پەرتکردنـی ڕیزەکانـی مـاد، نازنـاوی پاشـای بـە بەشـێک لەسـەرۆک هـۆز و سـەرۆکی یەکێتـی گونـدەکان دەبەخشـی، زۆرجـار ڕێـی بـۆ باڵادەسـتی ئاشـوورییەکان هەمـوار دەکـرد و ئەو پاشـا دەستنیشـانکراوانە، هێـزی ئاشـووریان بـۆ باڵادەسـتی و لاوازی هاوزمـان و هاوخوێنەکانـی خۆیـان بەکاردەهێنـا و لەجیاتـی ئـەوەی بـاج

و هاوکاریـە داراییەکانیـان، بەدەوڵەتـی یەکێتـی گەلانـی مـاد ببەخشـن، بـاج و خەراجیـان دەدایـە ئاشـوورییەکان و خۆیـان دەچوونـە ژێـر رکێفـی دوژمنـی خۆیـان. وەک لەسـەرچاوە مێژوویـیـەکان باسـکراوە و ئاشـوورییەکانیش لـەزۆر تۆمـاری مێژوویـی خۆیانـدا بەتانـەو سـووکایەتیپێکردنەوە باسـیان لێوەکـردووە، [1] هەندێـک لـە فەرمانـڕەوا و سـەرۆک هۆزەکان، نـاوی ئاشـووری، پاشـا و فەرمانـدەی ئاشـوورییان لەسـەر منداڵەکانـی خۆیـان دانـاوە. لـەو سـەردەمەدا ئاشـوورییەکان ئـەو دروشـمەیان بـە بەردەوامـی دووبارەکردووەتـەوە، کـە (ئێمـە بەهـۆی ناتەبایـی و یەکنەگـری و دژایەتـی ناوخۆیـی مادەکانــەوە، فەرمانڕەوایــی بەســەر ئەوانــەوە دەکەیــن و بەسـەریاندا زاڵ دەبیـن).

هـۆکاری دووەم و دەیەمیـش لـەو نێوەنـدەدا، هەمـان ئـەو دژایەتییـەی نێـوان گەلانـی مـاد خۆیەتـی، کـە بەهـاوکاری و دەستلەپشـدانی ئاشـوورییەکان بەدەیـان سـەرۆکی یەکـەی گونــدی و ناوچەیــی و پاشانشــینی لێدروســتکردبوون، ئاشـوور هەرجـارە و پشـتیوانی لەهەندێکیـان دەکـرد و دژی ئەوانــی دیکــە بەکاریدەهێنــان. بــەو شــێوەیە بــۆ مــاوەی

---

1- بڕوانە رۆژژمێری تێگلات پلاسەری سێیەم.
- لـەو رۆژگارەدا مـادەکان لـە یەکـە خۆجێییـە خۆبەڕێوەبەرەکانـدا، لـە ژێـر دەســەڵاتی ســەرۆکی گونــد belali بەڕێوەدەچــوون.

زیاتــر لەچــوار ســەدە، هەمــوو ســامانی گەلانــی مــادی ڕۆژئــاوای هەڵدەلووشــی و دەســتی کاری نــاو ئیمپراتــۆری، لـە بەکۆیلەکردنـی گەلانـی مـاد دابیندەکـرد، بـەڵام ئەوەیـان فاکتــەری دەرکــی هــاوکار بــووە و هــۆکارە ناوخۆییەکانــی گەلانـی مـاد، وزەی ناوەنـدی رووخێنـەری دەسـەڵاتیان بـووە، چونکــە ئامانجــی ئاشــوورییەکان لەنێوبردنــی یەکجارەکــی دەسـەڵاتە خۆجێییەکانـی مـاد نەبـووە، ئـەوان زۆرتریـن ئامانج و خواســتیان، مڵکەچکردنــی مــادەکان بــۆ بژاردنــی بــاج و خەراجـی سـاڵانە بـووە. لەو پێناوەشـدا خـودی ئاشـوورییەکان بەجۆرێــک هــۆکاری پێکهێنانــی پاشانشــین و دەســەڵاتداری خۆجێیـی مـادەکان بـوون، بـۆ ئـەوەی لەناوچەکـەدا کشـتوکاڵ و ئاژەڵــداری و بەرهەمهێنانــی زیاتــر پەرەبســتێنێ و ئــەوان باجێکــی زیاتــر بەدەســتبهێنن. لەوەشــدا ئاشــوورییەکان کەڵکیــان لــەو خوڵیــا زۆرەی مــادەکان، بــۆ پەرتەوازیــی و ناتەبایــی و ناوچەگــەری و هۆزگــەری وەرگرتــووە.

یەکێــک لەوانــە، واتــە پاشانشــینی مانــای مــادی، کــە پایتەختەکـەی نـاوی ( زێڕتـا ) بـووە و لـە ناوچـەی زامـوای ناوخۆیــی، کــە بەشــێکبووە لــە زامــوای مــەزن، وەکــو جێگــرەوەی (لۆلــۆ بــۆم) خــۆی پێناســە دەکــرد، هــەر زوو کەوتــە بــەر هەڕەشــە و چــاوی تەمــاکاری ئاشــوورییەکان، لەسـەر سـنوورەکانی ڕۆژئـاواوە، ئۆڕارتـۆ کـە لـەو سـەردەمە یەکێـک لەهاوبەشـەکانی بەهێـزی ئاشـوور بـوو و پشـتیوانی

کاریگــەری لەپێنــاو خۆســەپێنی لەئاشــوور وەردەگــرت.

هێرشــەکانی ئۆرارتــۆ کــە بــۆ مــاوەی ســێ ســاڵ، درێــژەی کێشـاوە، زیانێکـی مـادی و گیانـی جەرگبـڕ و کەمـەر شـکێنی، لـە دەوڵەتـی مانـای مـادی داوە، بەجۆرێـک کـە دەسـەڵاتی ناوەنــدی بەشــێوەیەکی جــدی دووچــاری لاوازیکــردووە و بووەتــە هــۆکاری لەبەریــەک هەڵوەشــانەوەی شــیرازەی دەسـەڵاتداری ئـەو دەوڵەتـە، تـا رادەیـەک کـە لەسـەردەمی پاشـایەتی ( ئێزێرتـۆ ) دەوڵەتـی مانـا، بەتـەواوی لەبەریـەک هەڵوەشـاوەتەوە و بەسـەر چەنـدان، پاشانشـین و دەرەبەگـی خـاوەن گونـدی بچـووک بچـووک دابەشـکراوەتەوە.

مێژوونووسـان زیانەکانـی مانـا لـەو شـەڕەدا، بـە زیاتـر لـە 50000 کـەس کـوژراو و بەدیلگیـراو دەخەملێنـن، هەلبـەت ئـەوە جگـە لەزیانـی مـادی، کـە باسـی 100000 مـەڕ و بـزن و 40000 مانـگا و ژمارەیەکـی زۆر هەسـپ و وشـتر دەکـەن کـە بەتاڵانـبردراون، وێبۆچوونـی خاپووركردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە قـەڵا و گونـد و ناوچەکانـی ژێـر قەڵەمـڕەوی دەوڵەتـی مانایی.

دەوڵەتــی مانایــی و شارســتانییەت و کولتــووری مانایــی، هەژموونــی و رۆڵێکــی مەزنــی لەپەیوەنــدی و لەیــەک نزیککردنــەوەی مــادەکان، تــا میزۆپۆتامیــا هەبــووە، کــە هەڵگـری دابونەریـت و زمانـی مـادی لۆلۆیـی و گوتـی بـوون. بەتایبەتیـش لەگـەڵ کۆمەڵگـەی لۆلۆییـەکان، کـە لەکۆتایـی هــەزارەی ســێیەمی پێــش زاییــن، لەژێــر رێبەرایەتــی (ئانۆبــا

نـی نـی)، کاریگـەری و ئاسـەوارێکی زۆری بەسـەر روخسـاری ژیانــی گەلانــی ئــەو ناوچەیــە بەجێهێشــتبوو.

لەنێوەراسـتی سـەدەی نـۆی پێـش زاییـن، دوو ناوچـە و بازنـەی ئابـووری جیـاواز، لـە سـەرزەمینی ماد سـەرهەڵدەدەن. هەرێمەکانـی رۆژئـاوای مـاد، جگـە لەکشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری، بەهــۆی جێگربوونــی بنگەیــی یەکجێنشــینی و بنیاتنانــی گوندەکانــەوە، پێشەســازی کاری دەســتی و کەرەستەســازی دەستپێدەکات، بەفێربوونـی زانسـتی بەرهەمهێنـان لەکانەکان، پێشەسـازی و سـامان و کۆمەڵگەیـان، بـەرەو پێـش دەچـێ و گەشـە دەسـتێنێ.

لەمــادی رۆژئــاوا هــەر لەکۆتایــی ســەدەی نــۆی پێــش زاینــەوە، [1] کانەکانیــان ناســیووە و کەڵکیــان لێوەرگرتــووە. دۆزینــەوەی کانــەکان مادەکانــی کردووەتــە خاوەنــی کەرەســتەی جەنگــی و دروێنەکــردن و خشــڵی بەهــادار، چینێکــی پێشەســاز ســەریهەڵداوە و دابەشــکاری چێنایەتــی

1- لــەو ســەردەمەدا پاشــاکانی ئاشــوور، لەتۆمــاری تاڵانــکاری و وەرگرتنــی زۆرەملێــی بــاج و خــەراج، بــاس لەچەندیــن جــۆری کەلوپەلــە حەوجۆشــییەکان و زێــڕ و زیــو و قومــاش، تەنانــەت شــەراب دەکــەن، کــە دۆزراوە کۆنینــە ناســییەکانی ناوچــەی زێویــەی ســەقز ئــەم بابەتــە پشتراســتدەکاتەوە.
-بەبــڕوای مــن یەکێــک لەهۆکارەکانــی جیــاوازی بارودۆخــی شارســتانی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی، لــە نێــوان مــادی رۆژهــەڵات و رۆژئــاوا، واتــە گەشەســەندوویی رۆژئــاوای مــاد و دواکەوتوویــی رۆژهــەڵات، هاتنــی و

کامڵبـووە. هۆکارێکـی دیکـەی هـەرە کاریگـەر، لـە فراوانبـوون و لەیـەک دوور کەوتنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای مـاد، وەک لـە دیرۆکـی ئـەو چاخانـەدا دیاریکـراوە، پەیوەسـتبوونی دەوڵەتـی مانایـە، بەکـۆی دەوڵـەت و یەکێتـی گەلانـی مـادەوە، کـە پێگـەی ناوەنـدی لەڕۆژئـاوا بـوو. لـەو سـۆنگەوە کـە دەوڵەتـی مانـا خاوەنـی سیسـتەمی کشـتوکاڵی پێشـکەوتوو و چینێکـی پیشـەگەری شـارەزا و کۆمەڵگەیەکـی شارسـتانی جێکەوتـوو بـووە، دەوڵەتـی یەکگرتـوو و کۆمەڵگەی مـادی بەتایبەتـی لەمـادی ڕۆژئـاوا، چەنـدان قۆنـاخ بردووەتـە پێشــەوە.

---

ژمارەیەکـی زۆر لـە کۆچـەری ئێرانـی مـەڕداری دواکەوتـووە، بـۆ ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی مـاد و تێکەڵبوونیـان لەگـەڵ گەلانـی خۆجێـی ئـەم مەڵبەنـدە.

- ئـەز دواکەوتوویـی لەڕادەبـەدەری ئێرانییـە کۆچـەرەکان، بـە تاکـە هـۆکاری لەجێداچەقینـی ڕۆژهەڵاتـی مـاد، لـە رووی ئابـووری کۆمەڵایەتییـەوە دەزانـم، چونکـە ئێرانییـە رەوەنـدەکان لـەو سـەردەمەدا هێشـتا لەنـاو کۆتبەنـدی بەجێـماوی کۆمەڵگەیەکـی خێلەکـی دەژیـان، هیچیـان لـە بـارەی ژیانـی گوندی و یەکجێنشـینی نەزانیـوە. قورسـایی کولتـووری دواکەوتـووی ژیانـی خێلەکـی و پـەزداری سـەرەتایی خۆیـان، بەگرانـی خستۆتەسـەر شـانی کۆمەڵگـەی مـادەکان و دووچـاری راوەسـتانی درێـژ مەودایانکـردوون. لـەڕووی ژمـارەوە کۆچـەرەکان بەئەندازەیـەک زۆربـوون، کـە نشـینگە و کۆمەڵگـەی کشـتوکاڵی و گونـدی مادەکانیـان لەرۆژهـەڵات، خسـتۆتە ژێـر کاریگـەری خـۆ و دووچـاری شـێوانیان کـردووە. ئـەوەش ئەگـەر هەمـوو کێشـەکەش نەبێـت، بـەڵام هـۆکاری سـەرەکی بەجێمانـی ڕۆژهـەڵات لەرۆژئـاوا بـووە و ئابـووری مـاد، بـاری قورسـی دواکەوتـووی ئێرانییـە دەوارنشـینەکانی پێڕانەکێـشراوە.

شـاری (زێڕتـا) کـە بـۆ چەنـد سـەدە پایتەختـی دەوڵەتـی مانــای مــادی بــووە، ژمارەیەکــی زۆر لەدانیشــتووانی، پیشـەگەر و جووتیـار و کەرەستەسـاز بـوون، جگـە لەزانسـتی کەرەستەسـازی، زۆر بەباشـی بەهـۆی هەڵبەسـتنی جۆگـە لـە رووبـار و کانیاوەکانـەوە، کشـتوکاڵ و رەز و باخیـان ئاودێـری کـردووە. بـەڵام لـە پێدەشـتەکانی رۆژهەڵاتـی وڵاتـی مـاد، هێشــتا ژیــان لەقۆناخــی ئاژەڵــداری نیوەکۆچــەری، هــەر بەردەوامبــووە و بــە ئەنــدازەی مــادی رۆژئــاوا، پێشــکەوتنی بەخـۆوە نەدیبـوو.

سـارگۆنی دووەم لـە گێڕانـەوەی داسـتانی سـەرکەوتنەکانی سـووپای خۆیـدا، بـۆ سـەر ناوچەکانـی گەلانـی مـاد، باسـی سـێ ناوەنـدی بەهێـزی دەسـەڵاتداری گەلانـی مـادی بـە نـاوی (ئازەریـاش)، (مـادای) و ( گیـزل بـۆن ) دەکات، کـە لەدەوروبـەری چیـای ئەلوەنـد تـا دەماوەنـد بڵاوبوونەتـەوە.

پێشــڕەوی هێرشــەکانی ئاشــوور بــۆ نــاو قوڵایــی سـەرزەوییەکانی مـاد، [1] لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دیـاردەی رەوی شــەپۆڵ ئاســای کۆچــەرە ئێرانــی زمانــەکان، بــۆ ناوچەکانــی مــادی رۆژهــەڵات، دانیشــتووانی خۆجێــی واتــە هــۆز و گەلانــی مــادی ناچــار بەیەکگرتــن و پێکهێنانــی هێــزی

1- فێردریش ئینگلس، ئاخیزگەی بنەماڵە، خاوەنداریەتی تایبەت و دەوڵەت.

سـەربازی کـردووە و گوێبۆچوونیەڵـی لەفەرمانـی سـەرکردە و فەرماندەیەکـی گشـتی کـردوون.

لەنێـوان سـەدەی نۆیـەم و هەشـتەمی پێـش زاییـن، گەڕێکـی دیکـەی لافـاو ئاسـای کۆچـڕەوی ئارییایـەکان، بـۆ سـەرزەمینی مـاد دەسـتپێدەکات. جێگیربوونـی رەوەنـدە هینـد و ئێرانییـەکان رۆڵێکـی وێرانکەریـان، لـە لەیەکدابڕابـدن و پەرتەوازەیـی گەلانـی مـاد زمـان گێـڕاوە، دزەکردنـی ئـەو کۆچـەرە دواکەوتـووە داگیرکارانـە، بـە رێژەیەکـی ئەوەنـدە زۆربـووە، کـە لەمـاوەی سـەد سـاڵدا، لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتووانەوە، هاوسـەنگی بەقازانجـی ئێرانییـە پـەزدارەکان دەگـۆڕێ و لـەڕووی ئەتنیکییـەوە، ناوچەکانـی گەلانـی مـاد، دووچـاری شـێوان و پشـێویەکی زۆر دەکات، بەشـێوەیەکی نەرێنـی و بەرچاویـش، کار دەکاتەسـەر بەرەکانـی شـەڕی بەرگـری مـادەکان، تەنانـەت لەناوچەکانـی رۆژئاوای مادیشـدا.

لەژێـر گوشـار و تەوژمـی بیانییـە تـازە هاتـووەکان، گەلـی کاشـی وارگـە و سـەرزەمینی خـۆی بەجێدەهێڵـێ و روو لەنێـوان مۆغـان و قەرەبـاخ دەکات، بـەوەش بناخـە و هێمـی زمـان و شارسـتانییەتی مـاد، گـورزی گورچکبـڕی بەردەکەوێت، چونکـە دەوڵەمەندتریـن و رەسـەنترین فەرهەنـگ و زمـان و شارسـتانییەتی مـاد، لـە لای کاشـییەکان بـووە.

وەک دیـارە هینـد و ئێرانییـەکان، هەلـی لەشکرکێشـی و

چوونـی کاشـیەکانیان [1] بـۆ بابـل قۆسـتبێتەوە و دەستیانبەسـەر ناوچەکانـی ئـەوان داگرتبێـت، چونکـە کاشـییەکان هەمـوو هێزیـان خستبووەسـەر داگیرکردنـی پاشانشـینی میتانـی و سـەرجەم هێزەکانیـان بـەرەو میزۆپۆتامیـا ڕەوانـە کردبـوو. داگیـر کردنـی میتانـی لـە لایـەن کاشـیەکانەوە، کـە خـۆی وەکـو شـەڕی ناوخـۆی مـادەکان هەژمـار دەکرێـت، (مێـژوو

1- (ئاکۆمـی دووەم) پاشـای کاشـی، سـەرەبۆچوونی ئـەوەی کـە وڵاتـی بابلـی بەتـەواوی لەژێـر دەسـەڵاتدا بـووە، خـۆی بەپاشـای وڵاتـی، (پـادان)، (ئالەمـان) و گوتییەکانیـش دەزانـی، کـە چەنـد وڵاتێکـی مـادی بـوون، بۆیـە هێـچ گومانێـک نامێنێتـەوە لـەوەی کـە کاشـییەکان سەداسـەد مـادی بـوون.
- مێـژوو هیـچ گومانێـک ناهێڵێتـەوە، کـە جولەکەکانـی کوردسـتان، نەوەکانـی ئـەو جولەکانـەن کـە بەهـۆی ئێمپراتـۆری ئاشـوور ئەسـیرکراون، ئـەوان هـەر لەکۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن، لەکوردسـتان و لەنـاو کـوردان ماونەتـەوە و بەشـێک لـە خاکـی مادیـان، کردووەتـە وڵات و نشـینگەی تایبەتـی خۆیـان.
گەڕۆکێـک بەنـاوی (گێبێـر) دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ : لەسـاڵی 1798ی زایینـی، گوێـی لەچەنـد جوڵەکـەی قەوقـاز بـووە، کـە سـینگ بەسـینگ بۆیان مابـووەوە. ئـەوان دەیانگـوت کـە ئێمـە نـەوەی ئـەو دە بەرەبابـە ئیسـڕائیلیەیین، کـە پاشـای ئاشـوور بـەرەو وڵاتـی مـاد کۆچـی پێکردوویـن.
مـادەکان لەکاتـی خۆیـدا، بەهـۆی ئایینـی میترایـیەوە، کـە ئایینـی پێکەوەیـی و دادپـەروەری و یەکسـانیبووە، خاوەنـی کولتـووری دەوڵەمەنـدی پێکـەوە ژیانێکـی بەهێزبـوون، بۆیـە تـا سـەردەمی جێگیربوونـی ئایینـی ئیسـلام، جولەکـە و ئایینەکانـی دیکەیـش هیـچ ئاریشـەیەکیان لەگـەڵ کـوردەکان نەبـووە. هـەر بەوهۆیـەوە بـووە، کـە کۆمەڵگەیەکـی ریشـەداری یەهـودی و ئەرمەنـی و مەسـیحی و... لەکوردسـتان شـێوەی گرتـووە.

سـەڵماندوویەتی کـە میتانییـەکان بەشـێکن لەگەلانـی مـاد)، رێڕەوێـک بـۆ هێرشـی کاشـییەکان بـۆ سـەر بابـل دەکاتـەوە و لەکۆتایـی سـەدەی پازدەهەمـی پێـش زاییـن، بابـل بەهـۆی کاشـییەکانەوە، داگیردەکـرێ و کۆتایـی بەفەرمانڕەوایـی (حەمۆڕابـی) دەهێنـرێ. ئەزموونـی تاڵـی شـەڕە ناوخۆییەکانـی گەلانـی دانیشـتوی سـەرزەمینی میدیـا، پێشـتر لـەوەش لەشـەڕی وێرانکـەری نێـوان هۆزەکانـی (لۆلۆیـی) و (ئۆرارتۆیـی)دا، بەرادەیـەک توندوتیـژ بـووە، کـە ئۆرارتۆییـەکان نـاو ناتـۆرەی هۆڤەکانیـان بـۆ لۆلۆییـەکان بەکارهێنــاوە.

هـەر لەوچاخانـەدا، واتـە لەسـەردەمێکی نزیـک لەیەکـدا، دەوڵەتـی بەنـی ئیسرائیـل، لەکۆتاییەکانی سـەدەی هەشـتەمی پێــش زاییــن، لەبەریــەک هەڵوەشــاوەتەوە. بەهــەزاران جولەکـە لـە لایـەن پاشـای ئاشـوورەوە بـۆ ناوچەکانـی سـەرزەمینی مـادی رۆژئـاوا، لـە کەنارەکانـی رووبـاری قـزڵ ئـۆزن لەنـاو وڵاتـی مـاد، کـە ئـەوکات وەکـو سـاتراپی ئاشـوور لــە ژێردەســتیدا دەژیــان، دوردەخرێنــەوە و وەکــو هێــزی کۆیلــەی ئیمۆراتــۆری نیشــتەجێدەکرێن.

لەبــاری گەلناســییەوە، ئێڤــرار عەلــی یێــف دەڵــێ، [1]

1- ئێڤرار عەلی یێف، پەرتووکی پاشایەتی ماد

نەخشـــەی زاگـــرۆس تـــا رادەیەکـــی زۆربـــاش جێگیربـــووە. گوتییـــەکان لەهـــەزارەی سـێیەم و دووەم ژیـاون. لۆلۆییـەکان لەهـــەزارەی دووەم و یەکـــەم. (مێهرانییـــەکان) لەهـــەزارەی دووەم و یەکەمـی پێـش زاییـن بوونیـان هەبـووە. کەواتـە نەخشـەی گەلناسـی ناوچەکانـی مـاد، لە هـەزارەی سـێیەمەوە تــا هــەزارەی یەکەمــی پێــش زاییــن، گۆڕانــکاری بەســەردا نەهاتـووە. بـەو شـێوەیە لەسـەر نەخشـەی گەلناسـی زاگـرۆس و دەوروبــەری، کــە بەوڵاتــی مــادەکان دەنــاسرا، تــا ئــەو کاتــە هیــچ نــاو و نیشــان و ئاســەوارێک بەنــاوی ئاریایــی و قەومێـک بەنـاوی ئێرانـی، بوونـی نەبـووە و ئاسەوارێکیشـی لــێ بەجێنەمــاوە.

هــۆزە کۆچــەرە هینــد و ئێرانییــەکان، ناوچەکانــی ســەر ســنووری رۆژهەڵاتــی مــاد، دەکەنــە لەوەڕگــەی پــەزەکان و بەگرانــی دەیخەنــە ژێردەســت و ئەســتوندکی رەشــماڵی خێلەکانیـان، بـەڵام بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ دوای هاتنیـان بــۆ نــاو ســنوورەکانی مــاد، هــەر لەســەر شــێوازی ژیانــی کۆچــەری و دەوارنشــینی بەردەوامبــوون.

لەنووسراوەکانــی (ســارگۆن)دا، مــادە دوورەکان کــە هەمــان مادەکانــی دانیشــتووی ناوچەکانــی رۆژهەڵاتــی مـادن، بەدراوسـێی ئاریاییـەکان ناودەبـات. ئـەوەش لـەڕووی مێژووییـەوە رێـی تێدەچێـت، چونکـە لەسـەردەمی سـارگۆندا، سـووپای ئاشـوور لەهێرشـەکانییدا تـا نێوەراسـتی جوگرافیـای

وڵاتـی مـاد پێشـڕەوی کـردووە و ئـەوە هەمـان سـەردەمە، کـە هـۆزە ئێرانییـەکان دزەیـان کردووەتـە نـاو بەشـە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتـی مـاد و لەوەڕگەکانـی دەوروبـەری کاشـان و مازندەرانـی ئێسـتایان، خسـتۆتە ژێـر سـمی مێگـەڵ و پەزەکانیـان، دەشـێ لـەو سـۆنگەوە بووبێـت، کـە سـارگۆنی ئاشـووری، نێوبانگـی گەلێـک و کۆمەڵـە مرۆڤێکـی، بەنـاوی ئاریایـی کەوتبێتـە بـەر گـوێ و لەنووسـینەکانیدا تۆمـاری کردبێـت.

ئـەو بۆچوونـە مێژووییـەی کـە کۆچـەرە ئێرانییـەکان، لەکۆتایـی هـەزارەی یەکـەم لەمەڵبەنـدی ڕۆژهەڵاتـی مـاد دەرکەوتـبن، لـەڕووی زانسـتی کەونارناسـی و نیشانەناسـییەوە، بەتـەواوی پشتڕسـتکراوەتەوە. لەهەڵکۆڵیـن و هەڵدانەوەکانـی گۆڕسـتانی (سـیالک)ی کاشـان، ئـەو ڕاسـتەیە دەردەکەوێـت، کـە لەچینەکانـی سـەرەوەدا، نیشـانە و سـیما و توخمـی کولتـووری ئێرانـی بەرچاودەکەوێـت، لـێ کـە هەڵکۆڵیـن بـەرەو چینەکانـی خوارتـر و بـۆ سـەردەمی کۆنـتر دەچێـت، هیـچ ئاسـەوارێکی ئێرانیبوونـی نامێنـێ و ئـەوەی دەمێنێتەوە، تەنیـا نیشـانە و کەرەسـتە و بەرهەمـی شارسـتانییەتی گەلانـی خۆجێـی، واتـە مادەکانـە. ئـەوەی زاناکانـی بـواری مێـژوو و کەونارناسـی لێـی دڵنیـان، وێکچوونـی دەقاودەقـی دۆزراوەکانـی چینـی خـوارەوەی سـیالکی کاشـان، لەگـەڵ گـردی (گیـان)ی لۆرسـتانن، کـە بـەر لەسـەدەی نۆیەمـی پێـش

زاییـن، لەسـەردەمێکی هاوچـەرخ بەیەکـەوە ژیـاون.

وێکچوونـی دەقاودەقـی دۆزراوەکانـی [1] گۆڕسـتانی گـردی گیانـی لۆڕسـتان، لەگـەڵ ئاسـەوارە دۆزراوەکانـی (تالـش) و (سـیالک) و (گـۆی تەپـە)ش، سـەلمێنەری ئـەو راسـتیەن کـە هەمـوو ئـەو ناوچانـە وڵاتـی رەسـەن و خاکی حەڵالـی کوردن، کـە لەکاتـی خۆیـدا هەرگیـز لەژێردەسـت و قەڵەمـڕەوی گەلانـی مـادی دەرنەکەوتـوون. لـەڕووی کەونارناسـییەوە، بەهیـچ شـێوەیەک ئاسـەوار و مۆرکـی گەلانـی ئیرانـی زمـان بوونـی نییـە، چونکـە لـەو چاخانـەدا کـە مەوداکـەی بـۆ پێـش سـەدەی نۆیەمـی پێـش زاییـن دەگەڕێتـەوە، هێشـتا کۆچـەرە ئێرانییـەکان نەهـەر بـەرەو رۆژئـاوا و باشـووری رۆژئـاوا، بەڵکـو بەتـەواوی نەگەیشـتبوونە کەنـار هێڵەکانـی سـنووری مـادی رۆژهەڵاتیـش.

هێشـتا هیگمەتانـە نەببـووە ناوەنـدی دەوڵەتـی یەکێتـی نەتـەوەی مـاد، کـە لەرۆژئـاوای وڵاتـی مـادەکان، (ئیزێرتـۆ) شـاری زێرتـا، ناوەنـدی دەوڵەتـی مانـای مـادی بـووە.

---

1- زۆر لەلێکۆڵـەرو شـارەزایانی بـواری ئاسـەوارو نیشانەناسـی لـەو بڕوایـەن، کە کەلوپەلـە دۆزراوەکانـی گـردی گیانـی لۆرسـتان، هـی سـەردەمی کاشـییەکان و پەیوەنـدی بەکولتـووری کاشـییەکانەوە هەیـە، کـە ئـەوە هیـچ لەبـاری بابەتەکە ناگـۆڕێ، چونکـە کاشـییەکانیش یەکێـک لـە گەلـە رەسـەنە مادیەکانـن.
س. ف. ئا. شێفێر، ئەم پرسە یەکلادەکاتەوە. بڕواننە وێنەکانی
لەلاپەڕەکانی کۆتایی پەرتووکەکە.

لەدەوروبــەری شــاری زێرتــا کــە پایتەختــی وڵات بــووە، چەنــدان (قەڵاشــاری) زۆر بەهێــز بنیاتنرابــوون، لەوانــەش: (بۆشــتۆ)، (کێشەســیم)، (هــار هــار)، (زامــرۆ)، (کارســیبۆتۆ)، (ساسیاشــۆ)، (ســیبار)، (مێئیشــتا)، (لاتاشــی) و دەیــان قــەڵای دیکــە، کــە لــەڕووی نــاو و زمانناســییەوە، تەنانــەت یــەک ناوی ئێرانــی و فارســی تێــدا نییــە و هەمــووی مادییــن.

ئاشــوورییەکان لەوڵاتــی مــاد ( ئالــۆ) بۆ شــارە بچووکــەکان و (ئالانــی دانووتــی) یــان بــۆ قــەڵا شــارەکان، واتــە شــاری بەهێــز بەکارهێنــاوە، کــە لەوڵاتــی مــاد زۆر لــەو شــارانە بەرســنگی هێرشــەکانی ئاشــوورییان دەگــرت و دەبوونــە کۆســپ و لەمپــەڕ لەســەر رێگــەی داگیــرکاری ئاشــوورییەکان.

هەندێــک لەزانایانــی بــواری ئاسەوارناســی دەڵێــن، لەســەردەمی ســۆمەرییەکان فەرهەنــگ و شارســتانییەتی ئێرانــی کــۆن و میزۆپۆتامیــا، نزیکتریــن وێکچووتریــن پەیوەندیــان بەیەکــەوە هەبــووە، هــەر لــەو بابەتــەوە، گریشــمان [1] دەڵــێ: ناوچەکانــی رۆژئــاوای ئێــران، واتــە ناوچــە کوردنشــینەکانی ئێســتای ئێــران، لــەڕووی کولتوورییــەوە تێکەڵاویەکــی بێوێنەیــان هەبــووە، راســتە ئــەو زانایــە بەپێــی دیفاکتــۆی سیاســی و ســنوورەکانی جوگرافــی داســەپاوی

1- ر. گیرشمان – مەک کاون – ئا. پیرۆت

ئەمـڕۆ بەسـەر ناوچەکـەدا، مێـژووی هـەزاران سـاڵەی ئـەو دەڤەرانـەی نووسـیوەتەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوە بەڵگەیەکـی بەهێـزە، کـە ئـەو پرسـە دەسـەڵمێنێ، هێشـتا لـەڕووی ئەتنیکـی و نشـینگەییەوە، ڕۆژئـاوای ئێـران و مێزۆپۆتامیـا، کـە دەکاتـە زۆربـەی زۆری کوردسـتانی باکـووری ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی تـورک، خاکـی نەتـەوەی مـاد بـووە و تائێسـتاش هـەر بەکـوردی و مادبوونـی خـۆی ماوەتـەوە.

ئـەو ژێدەرانـەی بـاس لەیەکێتیـە نەتەوەییەکانـی مـادی ڕۆژئـاوا، لـە هـەزارەی سـێیەم و دووەمـی پێـش زاییـن دەکەن، تەنیـا هاوبەنـدی گەلانـی لۆلۆیـی و کاشـی و مێهرانییـەکان، بەگرنـگ و هاوچەشـن و تەبـا دەزانـن. بـەڵام لـە مێـژووی نوێتریشـدا، هەمـان ئـەو ناوچانـەی مـادی ڕۆژئـاوا، لـەڕووی کولتـووری و شارنشـینی و ئابوورییـەوە، زۆر لەپێشـترو بەناوەنـدی سـەرهەڵدانی شـەرت و مەرجـی دەوڵەتـی

- ئـەوەی کـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو کاریکردووەتەسـەر فەرهەنـگ و شارسـتانییەتی سـۆمەری، کولتـوور و شارسـتانییەتی مـادەکان بـووە نـەك پارسـەکان، چونکـە مـادەکان چەنـدان سـەدە پێـش سـۆمەر لـەو ناوچەیـە نیشـتەجێبوون، لەحاڵێکـدا کـە فارسـەکان هەرگیز تـا دەیان سـاڵ دوای رووخانی دەوڵەتـی مـاد، پێیاننەگەیشـتووەتە ئـەو ناوچەیـە، لەدواییشـدا تەنیـا وەکـو داگیرکـەر بەناوچەکـەدا گوزەریـان کـردووە و هەرگیـز کۆمەڵگەیەکـی ئێرانـی، لـەو ناوچەیـە پێکنەهاتـووە، تاوەکـو کاریگـەری فەرهەنگـی و شارسـتانیان بەسەر گەل و نەتەوەکانی دیکەی ئەم دەڤەرە هەبووبێت.

نەتەوەیــی دێنــە هەژمــاردن.

ســەرچاوە ئاشــوورییەکان [1] دوای ســەدەی هەشــتەمی پێــش زاییــن، باســیان لەســێ هێــز یــان گەلــی یەکگرتــووی مــاد کــردووە و بەمــادە بەهێــزەکان، مــادە دووردەســتەکان و مادەکانــی هەڵکەوتــوو لــە ســنووری ئاریبــی، دەســتەبەندیان کــردوون.

لەهــەزارەی یەکەمــی پێــش زاییــن، لە ڕۆژئاوای ســەرزەمینی گەلانــی مــاد، هەندێــک یەکــەی ئاژەڵــداری و نیــوە کۆچــەری، لەگــەڵ ژمارەیــەک یەکــەی گونــدی و کشــتوکاڵی یەکجێنشــین، یەکیانگرتبــوو، لەگــەڵ ئــەوەش کــە بــۆ مانــەوەی خۆیــان، ناچــار بەبژاردنــی بــاج و خەراجــی قــورس بەئێمپراتــۆری مشــەخۆری ئاشــووری بــوون، بــەڵام لەبــاری نەتەوەییــەوە، حکومەتــی خۆبەڕێوەبــەری ناوچەیــی خۆیــان پێکهێنابــوو.

ئاشــوور نــاسر پالــی دووەم، بــاس لــەوە دەکات کــە ئەســپ و هێســتر و مــەڕ و ماڵاتــی وەکــو بــاج، لەوڵاتــە بچووکــە مادیــەکان ســتاندووە. هەروەهــا شــەلمەنەسری ســێیەم، ئــەو بابەتــەی بەڕوونــی تۆمارکــردووە، کــە ئەســپی بەزیــن و رکێفــەوە، لەگــەڵ ژمارەیەکــی زۆر مــەڕ و مــاڵات لەبــری بــاج،

1- بەپێــی راپۆرتــی ســارگۆنی دووەم، ئەمانــە هەمــان ئــەو گەلــە مادانــەن، کــە لــە چوارچێــوەی ســێ پاشانشــینی جیــاواز ژیــاون.

لەگەلانــی ســەرزەمینی مــاد وەرگرتــووە.

وەک دیــارە، دەبــێ ژیانــی یەکجێنشــینی و کشــتوکاڵی و بــاخ و ڕەزداری، کــە بوونەتــە هــۆی بنوێشــەگرتنی کاری پیشــەگەری و کەرەستەســازی لەمــادی ڕۆژئــاوا، بەتایبــەت لــە ناوچەکانــی دەوروبــەری گۆلــی ورمــێ، بەتــەواوی پــەرەی ســەندبێت و ئــەو خەڵکــە سامانێکی زۆریــان بەپێــوەری ئــەو چاخانــە بەیەکــەوە نابێــت.

لەنــووسراوە ئاشــوورییەکاندا، ئامــاژە بەوەرگرتنــی (شــەراب) مــەی لەبــری بــاج دراوە. ئــەم بابەتــە لــە ڕۆژژمێــری ئاشــوور نــاسری دووەم و پاشــاکانی دیکــەی ئاشــوور، وەکــو پرســێکی زۆر گرنــگ لەســەرزەوییەکانی مــاد، بــاس لەژمارەیەکــی زۆر کــۆگا بــۆ هەڵگرتنــی مــەی کــراوە.

ئاشــوورییەکان بــەوردەکاری زۆرەوە بــاس لــەو کاڵایانــە دەکــەن، کــە لەنــاو گەلانــی[1] مــادی ســەر ســنووری ڕۆژهەڵاتــی ئێمپراتــۆری خۆیــان، دەســتیاندەکەوت، ئــەوان بەکەرەســتەی پێشەســازی مــادەکان، وەکــو دەفــری جۆراوجــۆرە حەوجۆشــیەکان، زێــڕ و زیــو و قوماشــی ڕەنگاورەنگــی جــوان سەرسامبوون، کــە زۆر بەئاســانی لەڕێــگای گوشــار و داگیــرکاری ســەربازییەوە، لەپاشانشــینە بچووکــە مــادەکان

1- راپۆرتی سارگۆن، بەرهەمی ف. تۆرۆدانژێن.

وەردەگیــران.

لەنووسراوەکانــی بەجێـماو لــە [1] (ئاشــوور ناسر پالــی دووەم) (شــەلمەنەسری ســێیەم) و (شــەمش ئــادەدی پێنجــەم)، بــاس لــە لێســتاندنی زۆرەملێــی ئەســپ و هێســتر و مــەڕ و مــاڵات، هەروەهــا زیــن و رکێف، لەگەڵ شــتومەکی جۆراوجــۆر لەکاری دەســتی و پیشەســازی و شــەراب، لەگەلانــی ماد کــراوە، کەچی وشــەیەک یــان نیشــانەیەک، لەگەلێــک یــان زمانێــک بەنــاوی پارســی یــان ئێرانــی، لەنووسراوەکانــی مێــژووی هەمــوو پاشــا و ئێمپراتۆرەکانــی ئاشــوور بەرچــاو ناکەوێــت.

لەســەرزەوییەکانی ولاتــی مــادی کۆنــدا، [2] نەوتیــش هەبــووە، کــە لــەو چاخانــەدا بەڕوونــی مــاد بەنێوبانــگ بــووە، هەروەهــا کانــزای گرنگــی جۆراوجــۆری وەکــو (مــس) و (قورقوشــم) هەبــووە، کــە لەکانەکانــی چیــای قــەرەداخ لــە دەوروبــەری ســلێمانی هەرێمــی کوردســتان و ناوچــەی تالشــی ئێــران، دەردەهێــنران و کەڵکیــان لێوەرگیــراوە، ســەرەبۆچوونی

---

1- ئــەوەی لــە رۆژگاری ئەمــڕۆدا بەنــەوت نــاو دەبــردرێ، لــە چاخەکانــی کۆنــدا، بە رۆن نــاسراوە.

2- نووســینەکانی ســارگۆنی دووەم دەڵــێ: یەکێــک لەســترابی مــادەکان، لــە (زەنجانــی ئێســتای وڵاتــی ئێــران) لــە وڵاتــی گێــزڵ بۆنــدای کــۆن و ئاندیــا پێکهاتــووە، هــەر لــەو تۆمارکــراوەدا، یەکێتــی نەتــەوەی مــاد، کــە مــن پێموایــە دەبێــت هــی دیاکۆبێــت، بەدراوســێی یەکێتــی ئێلیپــی باســدەکات، کــە ئەویــش شانشــینێکی مــادی بــووە.

هەمــوو ئەمانــەش، گشــت زانایانــی خــاوەن بۆچــوون، ئــەم راســتیە قبووڵدەکــەن، کــە هاوچــەرخ لەگــەڵ ئێمپراتــۆری ئاشـوور، لەسـەرزەمینی وڵاتـی میدیـا، بەشـێوەیەکی بەرفـراوان، بــۆ مەبەســتی خشــڵ و کەرەســتەی جوانــکاری و بازرگانــی، کەڵـک لەزێـر و زیـو وەرگیـراوە، کـە لەکانەکانـی وڵاتـی میدیـا و بەهــۆی زانســت و پیشەسـازی مادیـەوە بەرهەمدەهێـنران.

هەبوونـی نـەوت، واتـە رۆنـی مـاد، لەسـەرچاوە مێژووییەکانی ئەوکاتــدا، هیــچ گومــان و گەنگەشــەیەک ناهێڵێتــەوە، کــە کەرکووکـی ئێسـتا بەشـێکبووە لەسـەرزەمینی مـاد و مادەکانیـش دەوڵــەت و پاشانشــێنێکی مــادی بــوون، چونکــە لەهەمــوو جوگرافیـای وڵاتـی مـاد، هـەر لەکەنـداوەوە، تا دەگاتـە رۆژهەڵات و باکــوور و رۆژئــاوای میزۆپۆتامیــا، واتــە باکــووری کوردســتان و رۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش، لەهیچ شـوێنێک دیـاردەی هەڵقوڵانی کانیـاو ئاسـای نـەوت، جگە لەکەرکـووک بەرچـاو ناکەوێـت، بۆیە بەدڵنیایــی ئــەو رۆنــەی مــاد، کــە ئاشــوورییەکان و ســۆمەری و بابلییەکانیـش باسـی دەکـەن هەمان نەوتـی کەرکووکی ئێسـتایە.

بەگوێــرەی دۆزینــەوە کەونارناســییەکان، کــە لەدەوروبــەری شـاری سـەقزی ئێسـتا دەسـتکەوتوون ئـەوە دەسـەڵمێنن، ئەوەی ئاشـوورییەکان باسـی لێوەدەکـەن، دەکەوێتـە نـاو سـنوورەکانی مانـا کـە پاشانشـینێکی مـادی بـووە.

# نە ماد ئێرانییە، نە ئێرانی مادە

هەرچەندێـک بێـت زۆر یـا کـەم، ئـەوەی لەبـارەی مێـژووی مادەکانـەوە دەزانیـن، زۆربـەی هـەرە زۆری بەرهـەم و دەسـتکردی دێریننـاس و مێژوونووسـە بۆرژوازەکانـی نێوەراسـتی سـەدەی نـۆزدە بـە سـەرەوەیە. هـەوڵ و کردارێکـی لۆژیکـی زانایانـی بـواری مێـژووی کـۆن ئەوەیـە، کـە بەهـۆی گەڕانەوەسـەر تۆمـارە مێژوویـەکان، لـە بەردەنـووس و ئاسـەوار و نـاوی شـوێن و مـرۆڤ و کەرەسـتەی بەکارهاتـوو لەچاخەکانـی بەرێ، لـە دۆزینەوەو خوێندنـەوەی مێژوویەکـی نوێـتر، بـەرەو دواوە بگەڕێنـەوە و بەهـۆی نوێـترەوە، کۆنـتر بدۆزنـەوە و بناسـنەوە. لـەڕووی زانسـتییەوە ئەگـەر ئـەوە میتـۆدی کار بێـت، بـەڵام

نابێـت مـادەم مێژوویەکـی کەونـاری چەنـد هـەزار سـاڵە بەهـۆی مێژوویەکـی نوێـترەوە، کـە بووەتـە سـەرەداوی گەیشـتن بەسـەرچاوە و دیرۆکـی گـەل و نەتەوەیەکـی زۆر دوورتـر و کۆنـتر، دۆزینـەوە و مێـژووە کۆنەکـە بەهەمـوو جیاوازیەکانییـەوە، بکەینـە مڵکـی مێـژووی گەلـی نوێـی نەیـار و دوژمـن بەمێـژووی ئـەو گەلـەی کۆنـتر لەخـۆی ژیـاوە.

پرۆسـەی نووسـینەوەی مێـژوو، لـە سـەردەمی دەوڵـەت نەتـەوە داگیرکارەکانـی کوردسـتان، ستەمێکی زۆر مـەزن و ئەبەدیـان بـە هـۆی مێژووی کۆچـەرە ئێرانییـە داگیرکارەکانە، لەمێـژوو و زمـان و شارسـتانییەت و سـەرزەمینی مـاد کـردووە.

ئێرانییـەکان کـە لـەدوای کودتـا و شـەڕێکی پیسـی ناجوامێرانـە بەسـەر دەوڵەتـی مـاد سـەردەکەون، ئەوسـا لەرەوەندێکـی بـێ ریشـەی ناشارسـتانی و کۆچـەرەوەوە، دەبنـە خاوەنی شارسـتانییەت و کولتوور و دەسـتکەوتەکانی مرۆڤـی هـەزاران سـاڵەی مـادەکان. زانسـتی مێژووناسـی نـوێ چونکـە لەسـەرچاوە و تۆمـاری مێـژووی نـەزۆر دوری ئێرانییـەکان، مـادەکان دەناسـێتەوە، لەجیاتـی ئـەوەی ئێرانییـەکان بەگەورەبووانـی سـەرخوانی مێـژووی مـاد بزانـێ، دان بەداگیـرکاری هاوچەرخـی دەوڵەتـی فارسـی دادەنـێ و تاڵانچـی دەکاتـە خاوەنی سـەر وماڵـی تاڵانکراو.

زۆر لـەو زاناو نووسـەرانە، لەژێر کاریگـەری دەمارگیرانەی ئارپایـی بـوون و بەشـێکیش، لەرێـی بەخششـەکانی دەزگای پانئێرانـی دەوڵەتـی ئێـران، لێکدابڕانـدن و شـێواندنێکی دەسـتکردی مەترسـیداریان، لەپێکهاتـەی گەلانـی مـاد ئەنجامـداوە. بـۆ نموونـە هەندێـک لـەو نووسـەر و لێکۆڵەرانـە، گەلانـی مـادی یـان لەکاشـییەکان، جیـا کردووەتـەوە و تەنیـا کاشـییەکان بەدانیشـتووانی خۆجێیـی وڵاتـی مـاد دەزانـن. ئـەوان زۆر بێباکانـە مێـژووی هـۆز و کۆچـەرە ئێرانییەکانیـان، کـە لەکۆتایـی سـەدەی نۆیـەم و چوارەکـی یەکەمـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن، لەغارغارانـێ و راکـردن بـەدوای پەزەکانیـان گەیشـتوونەتە نێـو سـنوورەکانی سـەرزەویەکانی وڵاتـی مـاد، لەجێـی مـاد دانـاوە. ئـەو بازرگانانـە کـە بەنـاوی رۆژهەڵاتنـاس و مێـژووزان و لێکۆڵـەر، روویـان لەئێـران دەکـرد، مێـژووی هەمـوو گـەل و کۆمەڵـە زۆر فـراوان و مەزنـە مرۆڤیەکانـی دانیشـتووی بەرزەدەشـت و زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس، تـا دەگاتـە میزۆپۆتامیـا، لەتورکیـا و کەنـداو و لەباشـووری ئێرانـی ئێسـتا یـان چەواشـە کـردووە، لەحاڵێکـدا زۆربـەی ئـەو گـەل و نەتەوانـە تـا ئـەم سـەردەمەش، لـەڕووی رەگـەزی و ژنێتیکییـەوە، (نـە زمانـی) هـەر لەسـەر خـاک و شـوێنی رەسـەن و مێژوویـی خۆیـان ماونەتـەوە و پـەرە بەژیانـدەدەن.

مـادەکان لـە ژمارەیەکـی زۆر لـە هـۆز و یەکـەی گونـدی و ناوچەیـی و شانشـینی بچـووک پێکدەهاتـن. جوگرافیـا و سـەرزەمینێکێ زۆر فـراون، بـە وڵاتـی ئـەوان هەژمـار دەکرا، کــە لەیەکدابــڕاوی و ســەختی و بەربەســتە شــاخاوی و سرووشـتییەکان لـەو چاخـە دوورانـەدا، هاتوچـۆ و تێکەڵـی کۆمەڵایەتـی بـۆ دانیشـتووانی ئـەو وڵاتـە زۆر سـەخت و دژوار کردبـوو. وەک دیـارە ئـەوە هۆکارێکی حاشـا هەڵنەگر بـووە، لەسـەرهەڵدانی شانشـین و هـۆز و یەکـەی گونـدی جیـاواز. ئـەو ژمـارە ناوەنـدە دەسـەڵاتدارییە جیاوازانـە، کـە بەدرێژایـی سـەدان سـاڵ لەیـەک دوورمابوونـەوە، بوونەتـە هـۆکاری دیارکەوتـن و شـکڵگرتنی وشـەی تایبـەت و زاراوە و شـێوەزاری ئاخافتنـی جیـاواز.

بەگوێـرەی لێکتێگەیشـتنی گـەل و نەتـەوەی دراوسـێی ئـەوکات دەوروبـەری سـنووری وڵاتـی مـادەکان، هـەر هـۆز و گـەل و ناوچەیەکـی خۆبەڕێوەبـەری مادیـان، بەزمانێـک و نەتەوەیەکــی جیــاواز زانیــوە، چونکــە واپێدەچێــت ئاشــوورییەکان تاســەرەتای ســەدەی هەشــتەمی پێــش زاییـن، گەلانـی نیشـتەجێ لەمـادی رۆژهـەڵات و باکـووری ئـەو وڵاتەیـان هـەر نەناسـیبێت، هەروەهـا شـیمانەی زۆرە گـەل و نەتەوەکانـی بیانـی وەکـو ئۆرارتـۆ و ئەرمەنەکانـی هەڵکەوتـووی باکـوور، یـان رۆژهەڵاتـی مادیـش، گەلانـی مــادی لۆلۆیــی و زۆر لــە گەلانــی دیکــەی باشــووری

سـەرزەوییەکانی مادیـان نەناسـیبێ و زمـان و رەگـەز و نەتـەوەی ئەوانەیـان بـە جیـاواز لەیـەک زانیبێـت.

هەمـوو زانایانـی بـواری نـاو و ئاسەوارناسـی، کـە راو بۆچوونەکانیـان لەدەیـان سـەرچاوەدا بڵاوکراوەتـەوە، لەسـەر ئـەو بـڕوا و ئەنجامگیرییـە کـۆک و تەبـان، کـە زمان و نـاوی یەکبەیەکـی مرۆڤەکانـی گەلانـی مـادی، بـەو پێیەی کـە لەدراوسـێیەتی هـەزاران سـاڵەی یەکتربـوون، لـە کۆمەڵە زمانــە زاگرۆســی و ئیلامــی و کاســپیەکان نزیکــترە، تــا لەئێرانــی، بــەڵام بەتــەواوی و بەزۆرینــەی دەنــگ ئەوەیــان ساخنەکردووەتەوە، ئاخـۆ ئیلامییەکانیـش وەکـو کاشـییەکان یەکێــک لــە گەلــە مادیەکانــن، یــان تەنیــا دانیشــتووی سـەرزەمینی مـادن.

میــژوو بــاس لــەوە دەکات، ســەرەبۆچوونی شــەڕ و تێکهەڵچوونــی چەندجــارە، کــە لەنێــوان ئــەو گەلانــە رووویانــداوە، بــەڵام تێکەڵــی و هاوچەشــنی و نزیکیەکــی زۆر فــراوان، لەنێوانیــان کاشــیە مــادەکان و ئیلامییــەکان هەبــووە.

مێــژوو بەدەیــان بەڵگــەی خۆجێیبوونــی مادەکانمــان دەخاتەبەردەســت و لــەڕووی ریشەناسیشــەوە، خــودی وشــەی (ئامــدای، ماتــادی، مادایــی)، هیــچ پەیوەندییەکــی بەزمانــە ئێرانییەکانــەوە نییــە. نــاوی هەمــوو گەلــە مادیــەکان، یــان هــۆزە مادیــەکان، هــەر لــە هــەزارەی

سێیەم، تا دەگاتە سەدەی هەشتەمی پێش زایین، ریشە و مانای تەواو نائێرانی هەیە. لەرووی مرۆڤیشەوە کۆی ناوی پاشا[1] و سەرۆکە مادەکان، کە لە مێژووی بابل و سۆمەر و ئاشووردا هاتووە و لەلایەن هێرۆدۆتی باوکی مێژووش ئاماژەی پێدراوە، هیچ نزیکی و تەنانەت خزمایەتی ریشەیی و ریزمانی کەمیشی، لەگەڵ زمانی ئێرانی و ئاریایی بەگشتی نییە، بەڵکو ناسیاوی و هاوچەشنییەکی کەمی لەگەڵ ئیلامی هەیە.

لەنووسراوەکانی سارگۆندا، بەتەواوی ناوی مادەکان لە (ئاریزانتی) ئاریاییەکان، جیاکراوەتەوە و بە دوو گەل و نەتەوەی جیاواز زانراون، ئەوەش تێگەیشتنێکی راست

1- لێکۆڵەر و زانیانی بواری مێژوو و زمانەکانی کەونار، بۆ دۆزینەوەی رەگەز و پەیوەستبوون و ناسینەوەی ریشەیان، یەکێک لەو چەمکانەی کە زۆر پێداگری لەسەر دەکەن و وەکو بەڵگە بەکاریدەهێنن، ناوی کەسی مرۆڤەکانە، ئەوان بەهۆی ناوی کەسەکانەوە، مرۆڤێک یان گەلێک بە نەتەوەیەک یان رەگەزێک دەبەستنەوە.
-من وەک خۆم بەشێوەیەکی رەها لەگەڵ ئەو شێوازە بەکارهاتووەدا نیم، چونکە لە جیهانی کەوناریشدا، تێکەڵی و دانوستانێکی فەرهەنگی مەزن و بەربڵاو، لە نێوان گەلانی دراوسێی و هاوسنوور هەبووە، زۆر رەوایە و هزر پەسەندیشە، کە ئەو گەل و نەتەوە و کۆمەڵگە مرۆڤیانە، کەڵکیان لە ناو و نەریت و کولتووری گەلانی دراوسێی دەوروبەری خۆی وەرگرتبێ. بە تایبەت لە بەکارهێنانی ناوی قارەمان و ئوستورە و پاشاکان ، کە لەوسەردەمیشدا دەبوونە موڵکی گشتی کۆمەڵگەکان.

بـووە، چونکـە کـە بەدواداچـوون بـۆ مێـژووی ئەو سـەردەم و ئــەو مەڵبەندانــە دەکەیــن، کــە ســووپاکەی ســارگۆن پێشـڕەوی تێـدا ئەنجامـداوە، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـە کـە ئــەو ئارياييانــەی ســارگۆن باســياندەکات، تەنهــا بەهــۆی دراوسـێیەتی و هاتنەنـاوەوەی وڵاتـی مـاد دەناسرێنـەوە، نــەك وەكــو نەتــەوە و گەلێکــی کەونــاری نيشــتەجێی خــاوەن خــاک لــەم دەڤــەرە.

تاوەکــو نیــوەی دووەمــی ســەدەی هەشــتەمی پێــش زاييــن، هــۆزە [1] ڕەوەنــدە ئارياييــەکان، هێشــتا کاريگــەری و پێگەيەکـی واياننەبـووە و وەکـو گەلێـک سـەير نەکـراون. بۆيــە تــا ئــەو مێــژووە هێشــتا مــادەکان بــە ئەنــدام لــە يەکێتــی گەلانــی مــاد وەريانەگرتــوون. گەرچــی ئــەوان دواتـر وەکـو قەومێکـی جیـاواز لەهەمـوو گەلانـی دیکـەی مـاد، لـە ژێـر نـاوی (ئاپيگاڤتـۆل) ئارياييـەکان، بەيەکێتـی گەلانــی مــاد پەيوەســتبوون.

ســەرچاوە مێژوويەکانــی ئاشــوور لــە ســەردەمی [2]

---

1- ئێقرار عەلی يێف، پاشايەتی ماد. ل 153

2- ئێقــرار عەلــی يێــف دەڵــێ: بــۆ دۆزينــەوەی ريشــەی نــاوی بيرســخادری هەمـوو فەرهەنگـی ناوناسـی و وشەناسـی ئێرانـی و فارسـيمان ژێـراوژور کـرد، بـەڵام بێئەنجامبـوو، چونکـە ئـەوە ناوێکـی ئێرانـی نییـە.

- ئــەوەش بەڵگەيەکــی دیکەيــە لــەو ســتەمەی لــە زمانــی کــوردی مــادی

(ئاشــووربانی پــاڵ) تەنیــا بــاس لەشــەڕێکی ئــەو، لــە دژی فەرمانــڕەوای یەکێتیەکــی گونــدی مــادی بەنــاوی ( بیرســخادری ) دەکــەن، لەهەمــوو مێــژووی تەمەنــی پاشـایەتی ئاشـوور بانـی پـاڵ، هۆزێـک، گەلێـک یـان نەتەوە و زمانێــک، بەنــاوی ئاریایــی، یــان پارســی لەدەوروبــەری ســنوورەکانی ئــەو ئێمپراتۆرییــە نەبــووە.

لەدادگــەی مێــژوودا، بەگوێــرەی دۆزراوەکان، ئێمــە دەتوانیـن پشتئەسـتوور بیـن، بـە بەڵگـە و شـایەدی زۆر لـە شـارەزایانی بـواری ئاسەوارناسـی و مێـژوو، کـە لەسـەدەی دەیــەم، تــا دەگاتــە ســەرەتای ســەدەی هەشــتەمی پێــش زاییــن، ئێرانییــە کۆچــەرەکان لــەو ئاســتەدا نەبــوون، کــە ئــەو شارســتانییەت و کۆمەڵگــە دەولەمەنــدە، لــەڕووی پێشەســازی و کشــتوکاڵی و تەلارســازییەوە بنیاتبنێــن، کــە لــە ســیالکی کاشــانی رۆژئــاوای مــاد هەبــووە. هەروەکــو شــارەزایان رێــگا بــەو گریمانەیــەش نــادەن، کــە کۆشــکی ئێکباتــان بەدەســت و هونــەری ئەندازەیــی ئێرانییــە مــەڕدارەکان بنیاتنرابێــت.

هیــرۆدۆت و پۆلیبیــۆس، لەبــارەی کۆشــکی ئێکباتانــەوە، ئامــاژە بەشــارەزایی و هونــەر و ئەندازیــاری بــەرزی

---

دەکرێت.

تەڵارسـازی دەدەن، کـە لـە ڕۆنانـی ئـەو کۆشـکەدا بەکارهاتـووە. ئـەوان لـە ئەنجامگیرییەکەیانـدا، بەڕەهایـی گەیشـتوونەتە ئـەو بڕوایـە، کـە ئـەو پسـپۆرییەی لەبیناکردنـی کۆشـکی ئێکباتـان بەکارهاتـووە، هەرگیـز لـەو سـەردەمەدا لـەلای ئێرانییـەکان نەبـووە.

لـەڕووی لۆژیکییـەوە، ئـەو هۆکارانـەی هێـرۆدۆت و پۆلیبیـۆس دەگەیێنێتـە ئـەو ئاکامـەی سـەرەوە، دەتوانـێ ئـەوە بووبێـت. یەکـەم : ڕەوەنـدە ئێرانییـەکان لـە ئاخیزگـە و شـوێنی سـەرەتاییان، ئەزموونـی ژیانـی گونـدی و یەکجێنشـینییان نەبـووە، تاوەکـو زانیـن و تێگەیشـتنێکیان لـە بـارەی خانوبـەرە و کۆشـک و تەلارسـازی هەبووبێـت، شـیمانەی ئـەوەش زۆرە تـا گەیشـتنیان بـۆ سـەرزەمینی[1] مـاد، تەنانـەت لەسـەر ڕێـگای کۆچیشـیاندا، کۆمەڵگەیەکـی گونـدی و خانووبەرەیـان نەبینیبێـت، چونکـە ئەگەر لەسـەر ڕێـگای کۆچیـان، ناوچەیەکـی وەهـا لەباریـان بەرچـاو کەوتبـا و بدۆزیبایـەوە، ڕەنگـە هـەر لـەوێ بارگەیـان دانابـاو

1- بـۆ تێگەیشـتن لـە دۆخـی گەشەسـەندووی مـادی ڕۆژهـەڵات، بـەر لەهاتنـی سێڵاوئاسـای کۆچبـەرە ئێرانییـەکان و دوای جێگیربوونیـان لـەو ناوچەیـە، دەتوانیـن لـە ئەنجامگیـری لێکۆڵینـەوە و دۆزینەوەکانـی کۆنینەناسـی، لـە گۆڕسـتانی سیالکی کاشـان، کـە لـە پەرتووکـی پاشـایەتی مـادی ئێقـرار عەلـی یێـف بـە وردی ئامـاژەی پێـدراوە کەڵـک وەربگریـن.

زیاتر بەرەو رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوا، پێشڕەویان نەکردبا.

دووەم: پێدەچێت ئەوان چەندین بەرەوپشت هەر لەسەفەر و کۆچی بەردەوام دابووبن، چونکە کۆچێک کە پێبەپێی مەڕ و مالات و رەشەوڵاخ و ژن و منداڵ، لەسەر پشتی کەرو گا، لە ئەوروپا بەرە و پێدەشت و دامێنی چیایی پڕ لەدارستان و رووبار و زۆنگە مەترسیدارەکانی هیند، دەستیپێکردبێ و لەوێوەش، جارێکی دیکە بەرەو وڵاتی ماد بەرێکەوتبێت. دەبێت ئەو کۆچە بەسەدان ساڵ درێژەی کێشابێت، بۆیە لەو بارگەخستن و دووبارە بارکردنەوەیەدا، هەرگیز دەرفەت و مەودای ئەوەیان نەبووە، کە فێری زانستی ئەندازیاری و شارەزای روونانی کۆشک و تەلار بووبن.

مێژوونووسە ئێرانی و هاوسۆزانی بیری ئارياييگەری، زۆر چەواشەکارانە باسی نشینگەی مادەکان دەکەن و دەڵێن: مادەکان نیشتەجێی جوگرافیایەک بوون، کە دراوسێی کۆمەڵێک شانشینی دیکەی وەکو لۆلۆیی، گوتی، کاشی و هورياييەکانن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ناسراوترین گەل لە مادەکان، بە تایبەت لە مادی رۆژئاوا و باکوور و باشووری رۆژئاوا، گوتی و کاشی و هورییەکان بوون، نەگەلێکی دیکەی غەیرە مادی.

ئـەو (ئۆمـان مانـدا) یانـەی [1]موسـا خۆرنـی و دیاکۆنـۆف و مێـژووی گێـد باسـی دەکـەن، بـە سیکاییەکانیشـەوە، بەشـێک لـە رەگـەز و نەتـەوەی مـادن، گەرچـی دووری مـەودای جوگرافـی و پەرتبوونـی ناوچـەکان و نەبوونـی تێکەڵـی و هاموشـۆی زێدە، لـەڕووی رێزمانییـەوە هەندێک جیـاوازی دروسـتکردبێت.

دەشـێ لەبـارەی [2]سـکاییەکانەوە ئـەو بۆچوونـەی هێـرۆدۆت، لەبـارەی دەسـەڵاتی 28 سـاڵەی سـکاییەکان بەسـەر مادەکانـەوە، بـە ئەرنـی و راسـت وەربگریـن، چونکـە بـەو پێیـەی کـە سـکاییەکان بەشـێکبوون لەگەلانـی مـادی، ئەگـەری ئـەوە هەیـە و رێـی تێدەچێـت، دەسـەڵات

---

1- موسا خۆرنی بە باوکی مێژووی ئەرمەنستان و گەلی ئەرمەن دادەنرێت.

2- هیـرۆدۆت دەڵـێ: مادیـا، کـوڕی پرۆتۆنـی فەرمانـڕەوای سـیکایی، بـە هەڵگەڕانـەوە لـە هاوپەیمانـی دژە ئاشـووری مـادەکان و چوونـەوەی بـۆ نـاو بـەرەی ئاشـوورییەکان، بـووە هـۆکاری ئـەوەی، کـە شـکانی ئاشـوور بـۆ ماوەیەکـی درێژتـر دوا بکەوێـت.

-گەلـی سـیکایی لەنـاو بەشـێک لـە جوگرافیـای ئازەربایجانـی باشـوور و باکووری ئێستا، کـە لـەو کاتـەدا بەشێک بـوون لـە سـەرزەوی مـاد نیشـتەجێ بـوون. لـەو روانگـەوە سـیکاییەکان ئەگـەر لـە خوێـن و رەگـەزەوە مـاد یـش نەبووبـن، بـەڵام هـاو وڵاتـی بوونیـان لـە درێـژەی هـەزاران سـاڵدا، لەنـاو قەڵەمـڕۆ و لـە تـەک کۆمەڵگـەی مـادی ، کـە لـە بـاری ژمـارە و کولتـوور و دەسـەڵاتداریەوە، نەتـەوەی سەردەسـت بـوون، ئەوانـی لـە رووی زمانـی و فەرهەنگیـەوە، تـا ئاسـتی مـادەکان، کردووەتـە مـادی.

و پاشـایەتی لـە نێـوان بەرەبـاب و چینـی سەردەسـتی گەلانـی مـادی، شـوێن گۆڕکێـی پێکرابێـت و گواسـترابێتەوە. سـەرەبۆچوونی ئـەوەی مێـژوو ئـەم پرسـە لـەوە زیاتـر روونناکاتـەوە، ئاخـۆ سـەردەمی دەسـەڵاتداری سـکاییەکان کەوتووەتـە نێـوان سـەردەمی کامـە لـە دەسـەڵاتداری، لەزنجیـرەی پاشـایەتی مـاد، ئەگـەر سـکاییەکان بەشـێک لەنەتـەوەی مـاد نەبووبـن، بـۆ مێـژووی کـۆن ئامـاژەی بەکۆچبـەری ئـەو گەلـەی لەشـوێنێک، بـۆ سـەرزەمینی مـاد نەکـردووە و بـۆ بـە بەردەوامـی لەنـاو جوگرافیـا و گێـرە و کێشـەی مـادەکان ژیـاون و بـەرەو نشـینگە و کۆمەڵگـە و وڵاتێکـی دیکـە کۆچیـان نەکـردووە.

جگـە لەسـەرچاوە ئاشـوورییەکان، کـە راسـتگۆترین شـایەدی مێـژووی مادەکانـە، ژمارەیەکـی زۆر لەسـەرچاوە و بۆچوونـی لێکۆڵـەر و مێژووناسـانی دیکـەش، ئەوەیـان بەبەڵگـەی هەمەچەشـنی زانسـتی و لۆژیکـی سـەلماندووە، کـە مـاد نـاوی دانیشـتووانی خۆجێیـی ئـەو سـەرزەمینە بـووە، کـە ئێسـتا ئیرانزەمیـن، یـان وڵاتـی ئێرانـی پێدەڵێـن. سـەرچاوە زۆر کۆنـترە ئیلامییەکانیـش گەواهیـدەری ئامـادەی بـەردەم دادگـەی مێـژوون، کـە مـادەکان خاوەنـی ئـەو سـەرزەمینەن و ئێرانییـە کۆچـەرە هێرشـکارەکان، دواتـر وەکـو سـێلاوێکی وێرانکـەر رژاونەتـە نـاو وڵاتـی مـاد و گـۆڕان و کاوڵـکاری لـە رادەبەدەریـان، لەشارسـتانییەت و

زمـان و کولتـووری مادیـدا ئەنجامـداوە.

مێـژوو زۆر بەراشـکاوی سـنووری جوگرافـی گەلانـی دراوسـێی مـاد دەستنیشـاندەکات. ئیلیمانییـەکان لەنێوەراسـت و باشـووری وڵاتـی مـاد لەنزیـک هیگمەتانـە، ئاشـوورییەکان لەرۆژئـاوای سـنوورەکانی مـاد و ئیلامییەکانیـش لەباکـووری رۆژئـاوای وڵاتـی میدیـا نیشـتە جێن .

(تیتـۆس لیڤیـۆس)، ئیلیماییـەکان و ئاتروپاتنییـەکان و کادۆسـیەکان، لـە تـەک مـادەکان بـە خاوەنەکانـی رەسـەنی ئـەم وڵاتـە دەزانـێ و لـە روانگـە و تێگەیشـتنی ئـەم نووسـەرەدا، هـەر ناوچەیەکـی خـۆ بەڕێوەبـەر و شانشـینێکی وڵاتـی مـاد، وەکـو گەلێکی جیـاواز سـەیرکراوە، بـەڵام هەمـوو زنجیـرەی پاشـاکانی ئاشـوور تـا سـەردەمی رووخانیـان، سـەرجەمی گەلانـی مادیـان بـە ( Amadai matai)، (madai) ناوبـردووە،

کەواتـە بەگوێـرەی تێگەیشـتنی ئاشـوورییەکان، کـە بـۆ ماوەیەکـی زەمەنـی پێنـج سـەدەییدا، بەبەردەوامـی و راسـتەوخۆ، بەریەککەوتنـی جەنگـی و کۆمەڵایەتـی و دیپلۆماسـیان لەگـەڵ زۆربـەی زۆری گەلانـی دانیشـتووی ناوچەکانـی مـاد هەبـووە، هەموودانیشـتووانی وڵاتـی مـاد ریشـە و رەگـەز و زمانـی مادیـان هەیـە، تەنانـەت نـاوی زنجیـرە چیـای زاگرۆسـیش، لـە نـاوی هۆزێکـی مـادی

بەنـاوی سـاگارتی یـان سـاگرۆتی وەرگیـراوە، کـە لەوەیانـدا مێژوونووسـە ڕەگەزپەرەسـتە ئێرانییـەکان، پێیاننەکـراوە ئەو راسـتییە بشـارنەوە.

ئاناتـی شـیرا کاتسـی: [1]هەڵکەوتـەی جوگرافـی دەریـای قەزویـن، بەهـۆی مادەکانـەوە دەناسـێنێ و دەڵـێ: دەریـای قەزویـن هاوسـنووری وڵاتـی هیرکانییـەکان و (مـارەکان) مادەکانـە.

سـەرچاوە ئەرمەنییـەکان لەتۆمارکردنـی مێـژووی مادەکانـدا نووسـیویانە، کـە وڵاتـە مادیـەکان بریتیـن لـە: (ئاترۆپاتـکان)، (رەی)، (گیـلان)، (مۆغـان)، (دیلەمـان)، (ئەهمـەدان)، (دامبـوار)، (تاپارسـتان)، (ئامـەگ) و رویـەز.

بۆیەشـە نـە لەتۆمـاری مێـژووی ئەرمەنییـەکان و نـە لەگێڕانـەوە و تۆمـاری ڕووداوەکانـی لەشکرکێشـی و پێشـڕەوییەکانی ئاشـووریش، بـۆ نێـو جەرگـەی وڵاتـی پـان و بەرینـی مـاد، تـا سـاتەوەختی ڕووخانـی ئـەو ئیمپراتۆریـەش، بـۆ یەکجـار باسـیان لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و بەریەککەوتـن لەگـەڵ هـۆز، یـان ناوچەیەکـی ئێرانینشـینی پارسـی زمـان نەکـردووە.

لـە هـەزارەی سـێیەم، تـا سـەدەی یەکەمـی پێـش زاییـن،

---

1- پەرتووکی جوگرافیای سەدەی حەوتەمی شیراکاستی.

گوتیــەکان و لۆلۆییــەکان، کــە دوو گەلــی رەســەنی مادیــن، یەکیــان گرتــووە و دەوڵەتــی مانایــان لــە دەوروبــەری گۆڵــی ورمــێ دامەزرانــدووە. لەســەردەمی دەوڵەتــی ماناییــدا، ئازەربایجانــی باشــوور ( ئێســتای ئێــران ) بەتــەواوی کەوتووەتە ژێــر قەڵەمــڕەوی ئــەو دەوڵەتــە مادیــە، کــە مێژوونووســە ئەرمەنییــەکان، ئەوانیــان بــە (مــارەکان) و مــادەکان ناوبردووە. ئــەوان لەدراوســێیەتی مانــا، چ لەباکــوورەوە بێــت یــان رۆژهــەڵات، نــاوی هەندێــک لــەو گەلانــە بــەم شــێوەیە ریــز دەکــەن. کاسپیەکان، کادۆسییەکان، ئوتییــەکان، ئایینیانــەکان، ئەنارییــەکان، ئیلیمانییــەکان و... ژمارەیەکــی دیکــەش، کــە یــەک تاقــە گــەل و هــۆزی ئێرانــی تێــدا بەرچــاو ناکەوێــت.

# ماد وەکو هێزی دینامیکی، لەمێژووی کەوناردا

یەکەمین یەکێتی گەلانی ماد، لە ژێر ناوی (یەکێتی نەتەوەی ماد) لە رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە، لەکۆتایی سەدەی نۆی پێش زایین، یەکی گرتووەتەوە و پێکهێنراوە، وەک دیارە ئەو حکومەتە یەکگرتووە، بەرادەیەک توکمە و بەهێزبووە، کە ئاشوورییەکان بەوردی سەرنجیان خستووەتەسەری و وەکو نەتەوەیەک ناویان بردووە، هەڵبەت لەهەندێک لەنووسراوەکانیشدا، لەبارەی ئەو قەوارە یەکگرتووەی یەکێتی نەتەوەی ماد، کە لەرۆژهەڵاتی ناوچەکانی سەرزەمین ماد لەهیگمەتانە، بنیاتنرابوو ( Dannuti madai) واتە مادی بەهێزیان بەکارهێناوە.

سەرهەڵدانی دەوڵەتی مادی یەکگرتوو، وەرچەرخانێکی بنگەیی لەژیانی کۆمەڵگەی ماد بەدیهێناوەو لەرۆژهەڵاتیش بەگشتی، فاکتەری تێپەڕاندنی قۆناخێکی چەقبەستووی سیاسی و تێکشکاندنی فۆرمی هێزداری هێناوەتەبوونەوە. دوای شکان و لەنێوچوونی ئیمپراتۆری ئاشوور، بەهۆی پێکەوەنانی شێوازێکی کارگێڕی و دەسەڵاتداری تایبەت، کە بۆ یەکەمینجار لەمێژووی کەونارادا، بەهۆی مادەکانەوە کاری پێکراوە و بەرێزگرتن لەمافی خۆبەڕێوەبەری سەربەخۆی گەلان، دابونەریتی پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم هەرێمە، بەرەو گۆڕانێکی مرۆڤانەتر و ئەرێنی، پێشوەچوونی بەخۆوە بینیوە. هاوپەیمانی نوێی نێوان گەل و نەتەوەی دراوسێ، لەسەر بنچینەی سەربەخۆیی و رێگری لەچەوساندنەوە و تاڵانکردن، وەک ئەوەی ئاشوورییەکان ئەنجامیاندەدا، فەزایەکی نوێی لەهەموو رۆژهەڵات هێناوەتە ئاراوە.

لەسەرکەوتن بەسەر ئیمپراتۆری ئاشووردا، ماد رۆڵی پێشەنگ و رێبەرایەتی ناوەندی گێڕاوە و بووتە مەزنترین هێزی ئاسیای نێوەراست، بەڵام لە بەشینەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ و دەستبەسەراگرتنی سەرزەوییەکاندا، هێزی خۆی نەسەپاندووە و هەموو دەستکەوتەکانی بەشێوەی یەکسان بەسەر هەموو

هاوپەیمانەکانیدا بەشیوەتەوە. وەک سەرچاوە[1] مێژووییەکان باسیدەکەن، هەر لەدوای رووخانی ئاشوور، ئیلام و ئۆرارتۆش بەبێ شەڕ و پێکدادانێکی دژوار هاتوونەتەژێر فەرمانی دەوڵەتی ماد.

لەنووسراوەکانی ناو [2]پەرتووکی پیرۆز، سووپای ماد وەکو هێزێک ناودەبردرێ، کە مزگێنیدەری لەنێوچوونی ئاشوورە. هەر لە پەرتووکی پیرۆزدا، پێشبینی تێکشکاندنی ئیمپراتۆری ئاشوور و خاپورکردنی نەینەوا، بەهۆی مادەکانەوە رادەگەیێنرێت.

لەسەرهەڵدان و شێوەگرتنی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد، کە هەندێک نووسەر پێیانباشە بەئیمپراتۆری

---

1- واپێدەچێت ئەم رووداوە، لەدەوروبەری ساڵی 609 ی پێش زایین روویدابێت.

2- نە لەناو دێرەکانی پەرتووکی پیرۆز و نە لەپێشبینییەکانی ناو پەرتووکی ناحومی پەیامبەر و نە لەمێژووی ئاشوور و بابل و سۆمەر و ئەرمەنەکانیشدا، تا سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زایین هیچ باسێک لە قەومێک بەناوی ئێرانی لە ئارادا نییە. ئەوەی کە هەموو سەرزەمینی ماد بە زمان و خاک و شارستانییەت و مێژوویەوە، لەسەر ئێرانییە پارسەکان تاپۆ دەکات، گەوجێنەرانی دوای کودەتا ناپاکەکەی کورش و هەستی خۆبەکەمزانی ئێرانییەکانە بەرامبەر گەورەیی مێژووی مادەکان.
-کەواتە تاسەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زایین، تەنانەت لەرۆژهەڵاتی مادیشدا، هیچ ناوونیشانێک، لە هۆزێک یان قەومێک بەناوی ئێرانی نییە، هێشتا پێشباری کۆچەکانیشیان نەگەیشتووەتە لەوەڕگەکانی وڵاتی ماد.

ماد ناوی بهێنن، تا رووخان و لەنێوچوونی، تەنیا سێ دەیە لەسەدەیەک زیاتر بووە، سەرەبۆچوونی سەرقالی ئەو دەوڵەتە بەیەکێتی بەخشینی ناوخۆیی و شەڕە دەرەکییەکانی، ئەوە ماوەیەکی زۆر کورتبووە، کە فەرهەنگ و زمانێکی هاوچەشن لەهەموو وڵاتی ماد و لەنێوان ئەو هەموو هۆز و گوند و ناوچە پەرشوبڵاوانەدا جێگیر بکرێت.

بۆچوونەکانی ( ف. ئینگلس ) زۆر جێگای سەرنجن، کە لەبارەی سیستەمی دەسەڵات و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی مادەکانەوە لەسەردەمی یەکێتی نەتەوەی ماد دەڵێ: سەرەبۆچوونی ئەوەی هێشتا دژایەتی چینایەتی بۆ سەر یەکێتیەکەیان هەرەشە بوو، بەڵام هەموو پیاوانی هۆزەکان شەڕکەر و جەنگاوەر بوون، دامودەزگای حکومەت و دەسەڵات، لەخەڵکی خۆی دوورنەکەوتبوو و جیانەببووە، دیموکراسی ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییە، لە لوتکەی پێشڤەچوون و گەشەکردنیدا بووە، گەرچی هێشتا سووپایەکی ڕێکوپێکیان پێکنەهێنابوو، بەڵکو لەکاتی ڕوودانی شەڕەکاندا، هەموو کەسێک شەڕکەر بوو و هێزی خۆیان لەمەوە وەردەگرت، بۆیە ئاشوورییەکان ئەوانیان بە بەهێز دەزانی و بەو شێوەیە ناویاندەبردن.

هەندێک لە لێتوێژەر و زانایانی بواری مێژووناسی،

بەشـێکی زۆر لەنووسـینەکانی لەبـارەی مێـژووی مـاد، بەچیـرۆک و ئەفسـانە دەزانـن، کـە زادەی خەیـاڵ و ئەندێشـەی بڵندفـڕی خـودی نووسـەر، واتـە هێرۆدۆتـن، کە ژمارەریەکـی زۆرتـر لەسـەر ئـەو بۆچوونـە پێکهاتـوون، کـە باوکـی مێـژوو سـەردەم و دەسـتپێکی دەوڵـەت و تەنانـەت بەشـی هـەرەزۆری مێـژووی کۆنـتری مـادی، بەڕوونـی و وردی دیارکــردووە.

سـەرەبۆچوونی ئـەوەش وای بـۆ دەچـم، کـە هێـرۆدۆت لەپۆلینکردنـی گەلانـی مـادی تووشـی یـەک ئاراسـتە روانینێکـی هەڵـە بووەتـەوە لـەوەی، کە سـەرجەم شانشـێن و هـۆز و یەکـەی خۆبەڕێوەبـەری مادەکانـی، بـە نەتـەوە و زمانـی جیـاواز زانیـوە. ئـەو تەنیـا لـە روانگـەی حوکمڕانـی و جوگرافیـا و قەڵامـڕەو، پۆلێنبەنـدی و راڤـەی بـۆ گەلانـی مـادی کـردووە، نـە لـەڕووی نەتـەوە و زمـان و رەگـەزەوە.

پەرتووکـی پیـرۆز و هەندێکـی زیاتریـش لەسـەرچاوەکان، ئەوانـەی لەبـارەی رۆژهەڵاتـی کـۆن نـووسراون، هـاوکار و پاڵپشـتی تۆمارەکانـی هێـرۆدۆت دەکـەن لـەو شـوێنەی، کـە زۆر بەدڵنیایـی بـاس لەزنجیـرەی پاشـاکانی مـاد دەکات و دەڵـێ: لەسـەردەمی دەسـەڵاتداری مـاددا، تەنیـا یـەک نەتــەوە لەهەمــوو ســەرزەمینی مــاد، باڵادەســتبووە و لـەڕووی فەرهەنگـی و زمانییـەوە، بەسـەر هەمـوو زمـان و کولتوورەکانــی دیکــەدا زاڵبــووە.

ئـەو ئاسـەوار و نیشـانانەی لـە مـادەکان بەجێـماون، وەک هەندێـک لـە [1]مێژوونووسـان بـۆی دەچـن نابێـت، شـتگەلێکی بەزەیـی هێنـەر بـن، ئـەو شارسـتانییەت و پێگـە دەوڵەمەنـدە هـەزاران سـاڵییە مەزنـە، لەپاشـایەتی و قەڵاسـازی و کۆشـک و تـەلار بنیاتنانـدا، دەبێـت شـوێن پەنجـەی خـۆی بەجێهێشـتبێت. ئـەوەی لەپارسـەکان ماوەتـەوە بەتایبەتـی ئاسـەواری کۆشـک و تـەلار و قـەڵای شـکۆداری سـەردەمی هەخامەنشـیەکان، تـا دەگاتـە سـەردەمی داریـوش، هەمـووی کاری دەسـت و هـزر و ئەندازیـاری مادەکانـە، کـە پارسـە ئێرانییـە داگیرکـەرەکان دەسـتیان بەسـەر داگرتـووە و خۆیـان کردووێتـە خاوەنـی.

لەنێوەراسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـی زایینـی، کـە زانایـان توانیـان پیتـی بزمـاری بەتـەواوی بخوێننـەوە،

1 - موسا خۆرنی، باوکی مێژووی گەلی ئەرمەن.
-بـە بـڕوای مـن، ئـەوەی لـە نووسـینەکانی هێـرۆدۆت بەنـاوی پێگـە و مەزنـی پارسـەکان، پێـش لـە لەنێوچوونـی پاشـایەتی ماد، رەنـگ دەداتەوە و بەرجەسـتە دەبێـت، گێڕانـەوەی زارەکـی یەکێـک لەسـەرۆک هـۆزە دەوڵەمەندەکانی پارسـە بەنـاوی (زوپیـر) کـە بەهـۆی کێشـەی دەسـەڵاتخوازییەوە، لەژێـر دەسـەڵاتی شـای فارسـەکان، بـەرەو یۆنـان رایکردبـوو، هێـرۆدۆت لـەوێ چـاوی پێکەوتـووە و گێڕانەوەکانـی ئـەوی وەکـو مێـژوو تۆمارکـردووە. ئـەو ئەشرافـە پارسـییە یەکێـک لـەو حـەوت سـەرۆک هۆزانەیـە، کـە لەتـەک هارپاگـی خۆفرۆشـی مـاد، رۆڵـی سـەرەکیان لەشـکاندنی ئاسـتیاگی پاشـای مـاد و هێنانەسـەر دەسـەڵاتی کورشـی هەخامەنیشـی هەبـووە.

دەستبەجێ دەقە بزمارییەکانی هەخامەنشییەکان کەوتەبەر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، بەڵام دوور لەڕەوتی چاوەڕوانییەکان، لەو دەقانەدا لەجیاتی زمانی فارسی، زانایان بەسەرسوورمانەوە گەیشتنە سەرچاوەی زمانی مادی. پێش لەو رێکەوتە، مێژووناسانی مێژووی سەردەمی کۆن، زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی زمانی مادی نەبوو.

ژ. ئۆپێر. زمانی مادی لەگەڵ زمانی سەر بەردەنووسی بێستون بەیەک دەزانێ.

لایەنگرانی تیۆری پیلانی بەئێرانی زانینی ماد، هەتا ئێشتاش نەیانتوانیوە نەهەر بەشێوەیەکی زانستی، بەڵکو بە رێگەی لۆژیکەوەش ئەم پرسە یەکلابکەنەوە، کە ئایا زمانی کۆپلەی دووەمی نووسراوی سەر بەردەنووسی بیستون، ئیلامییە، یان مادی، گەرچی زمانی [1] پارسی کۆن خۆی بەهۆی فەرهەنگی وشەکانی زمانی مادی کامڵکردووە و ئەو زمانە پڕبووە لەزاراوەی مادی و

1- فارسی هێشتا بەتەواوی نەببووە زمانێکی پێگەیشتوو، کە بەهۆی داگیرکاری عەرەبە موسڵمانەکانەوە، لە سەردەمی ساسانییە ئێرانییەکان، کەوتە ژێر هێرش و هەژموونی زمانی عەرەبی و هێدی هێدی ئەوەی لەسەر بنچینەی زمانی مادیش بنیات نرابوو، توایەوە و نیوەی زیاتری بۆ زمانی عەرەبی گۆڕدرا، بە جۆرێک کە ئەگەر وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی لەو فارسییەی ئیستا هەلاوێردرێ و وشەگەلە رەسەنەکان

هەتـا ئـەم کاتـەش هیـچ یـەک لـە زماننـاس و لێکۆڵەرانـی زمانەکۆنــەکان، ئەوەیــان پشتراســت نەکردووەتــەوە، کــە پارسـەکان و مـادەکان تـا دەیـان سـاڵ دوای دەسـەڵاتداری پارســەکان بەســەر مادەکانــدا، بەشــێوەیەکی بەربــڵاو لەزمانـی یەکـتر تێگەیشـتبن.

ئـەوەی گرنگـە و پرسـەکان بەیـەکلا دادەخـات ئەوەیـە، کــە زمانــی کۆپلــەی دووەمــی بەردەنووســی بیســتوون، چ ئیلامـی بێـت یـان مـادی، هەردووکـی ئێرانـی و پارسـی نییــە، بــەڵام لــە راڤــە و بەدواداچــوون لەســەرچاوەی زانسـتی و ناوناسـییەکانەوە دەرکەوتـووە، کـە زمانـی مـادی خزمایەتــی و دراوســێیەتی و تێکەڵــی هــەزاران ســاڵەی لەگـەڵ زمانـی ئیلامـی هەبـووە. بـەو پێیـە وێکچونەکـە زۆر سروشـتییە و هـزر و لۆژیـک ئـەوە پەسـەند دەکات، مـادەم ناوچـەی بیسـتوون لـە جوگرافیـا و سـەرزەمینی مـاد و لـە نـاو دڵـی کۆمەڵگـەی مـاد زمـان هەڵکەوتـووە و ئـەوەش سـاخکراوەتەوە، کـە پارسـی و ئێرانـی نییـە، کەواتـە دەبـێ زمانـی ئـەو کۆپلەیـە سەداسـەد مـادی بێـت.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بانگەشـەکردن بـۆ ئەو بیرۆکەیـە ناتوانێ

---

بگەڕێنرێنـەوە، بەدڵنیایـی 80%ی فارسـەکان لەگفتوگۆی رۆژانەیانـدا، لەزمانـی خۆیـان تێناگـەن.

-فارسەکان لەزمانی ئازەریش تێناگەن، بەڵام هەر بەئێرانی دەزانن.

لەجێـی خۆیـدا بێـت، ئەگـەر بڵێیـن مـادەم ئـەم نووسراوانە، زمانــی نووســینیان مادیــە، دەبێــت بەبڕیــاری پاشــایەکی مــاد نووسرابــن، بەڵکــو مێژوونووســان بێگومانــن، لــەوەی ئــەم بەردەنووســانە لــە ســەردەمی داریــوش نــووسراون، کــە دوژمنێکــی هەرەگــەورە و رق لــە دڵــی مــادەکان بـووە، بـەڵام ئـەوە بۆچوونێکـی بـێ کێشـە دەبێـت ئەگـەر بڵێیــن، تــا ســەردەمی ساســانییەکانیش، دەوڵەتــی پارســە ئێرانییــەکان، هێشــتا پێیاننەکرابــووە، کاریگــەری زمــان و فەرهەنگــی مــاد، چ لــە زەمینــەی ئاخافــتن و چ لــە بــواری نووســین و ئیدارەدانــی دەوڵــەت و دیوانــی پاشــایەتی، لەســەرخۆی کەمبکاتــەوە.

ئێرانییــەکان نەتەنیـا نـاوی مادیـان گۆڕیـوە و کردووەتـە ئێرانـی یـان پارسـی، بەڵکـو نـاوی خاکـی مادیـان کردووەتـە ئیـران ویـج، زمـان و فەرهەنـگ و شارسـتانیایەتی مادیـان یەکجـێ و بەیـەک پاکێـج کردووەتـە ئێرانـی و مشـەخۆرانە، لەسـەر سـامان و دەوڵەمەنـدی هـەزاران سـاڵەی مێـژووی مـاد، بەهەمـوو لـق و پـۆپ و ڕەهەندەکانییـەوە دانیشـتن و داگیریانکـرد.

ملکەچکردنــی ئاســانی زمانــی ئێرانــی لەبەرامبــەر زمانــی دەشــتەکی عەرەبــە موســڵمانەکان و ملدانیــان بــۆ ئــەو کولتــووره دواکەوتــووە، دەشــێ لــەوەڕا ســەرچاوەی گرتبێـت، کـە ئێرانییـەکان لەو سـەردەمەدا، خاوەنـی زمان و

فەرهەنگێکی ریشەداری سەداسەد ئێرانی نەبوون، بۆیە وەکچۆن کەڵکیان لەزمانی مادی وەرگرتووە، هەر بەم شێوەیەش، ئێرانییەکان کەڵکوەرگرتنیان لەزمان و ئەدەبی عەرەبی، لەگەڵ هەموو دواکەوتوویی کولتووریشدا، بەدەرفەتی دەوڵەمەندی خۆیان و زمانەکەیان زانیوە، نەمینا ملکەچکردن و بێگانەپەرەستی.

لەدۆزراوەکانی دەوروبەری تەختی جەمشید، زانایان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە، کە پێش جێگیربوونی ئێرانییە کۆچەرەکان لەو ناوچەیە، بەتایبەتی پێشتر لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین، بەشێک لەمادەکان پەیڕەویان لەسیستەمی دایک سالاری، یان خواوەندی دایک کردووە. وەک لەو دۆزینەوانەدا دەردەکەوێت، ئەوە دەسەلمێنێت، کە کۆمەڵگەی سەرەتایی ماد، کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز بووە و تا بەر لەهاتنی خێڵە ئێرانییە شەڕئەنگێزەکان، شەڕ و کوشتاری بەشێوەی دەستەجەمعی و سیستەماتیک نەناسیووە.

لەدۆزراوەکانی ئاسەوارناسی ئەو گوندانەی لەدەوروبەری تەختی جەمشید، لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە دەرکەوتووە، کە هێچ جۆرە [1] کەرەستە و چەک و چۆڵی شەڕکردنی

---

1 بڕوانە وێنەکانی کۆتایی پەرتووک

تێدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو هەموو بەڵگە و نیشانەکان گەواهیدەری ئەوەن، کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری گوندی ڕەواجێکی بنگەیی هەبووە، چونکە دەفرە قوڕینەکان و داس و تیغی بەردەستێ بەدەمەوە لکاوی تێدا دەستکەوتوون، کە تەنیا بۆ دروێنە و کاری کشتوکاڵی دروستکراون. هەڵبەت هەڵکۆڵینەکانی سیالکی کاشانیش، کە پەیوەندیان بەسەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە هەیە و بە هۆی کەوناراسە فەرەنسیەکانەوە، لەدەیەی سییەکانی سەدەی بیست هەڵدراونەتەوە، هەمان راستی سەرەوە دەسەلمێنن.

لەئاکامی دەستکەوتنەکانی هەڵکۆڵینی ( گۆی تەپە) لەدەوروبەری ورمێ، کە ناوەندی مادی رۆژئاوا بووە، کەرەستە و ئامێری جۆراوجۆر دەستکەوتوون، کە نیشانەن بۆبوونی کۆمەڵگەیەکی شارستانی مادەکان، بەڵام بەو جیاوازیەی کە گۆی تەپە، چەک و کەرەستەی شەڕکردنیش بوونی هەیە. ئەوەش پێماندەڵی کە بوونی هێزێکی خوێنڕێژی تۆقێنەری وەکو ئاشوور لەدراوسێییەتی وهاوسنووری نزیکی ئەواندا، مادەکانی لەو ناوچەیە ناچار بەدروستکردنی چەک و کەرەستەی شەرکردن کردووە.

ئاترۆپاتێن وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ کاتێک بەهێز دەبێت، کە هاوپەیمانییەکی بەهێز لەگەڵ ماد

پێکدەهێنێت، بەڵام کە بەهیزبووە و ناوچەکانی تایبەت بەخۆی لە ژێر قەڵەمڕەویدا جێگیرکردووە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە سەربەخۆیی خۆی لەماد راگەیاندووە.

هەموو شیمانەکان لەسەر ئەو وەلامە رێک هاتوونەتەوە، کە لە نێوەراستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، جیابوونەوەیەکی ئیداری و ئابووری جوگرافی مەزن، لە وڵاتی ماد روویداوە و مادی خوار و کە بە مادی مەزن دەناسرا و مادی چیاکان، واتە مادی بچووک ( ئاترۆپاتێن) لەیەک جیابوونەتەوە. مادی بچووک (ئاترۆپتێن) بۆ ماوەی حەوت سەدە، سەربەخۆ و جیا لە مادی گەورە، خۆی بەڕێوەبردووە و پەرەی بەپێشوەچوون داوە.

ئاترۆپاتێن، نەهەر لەڕووی دراوسێیەتی و خزمایەتی و تێکەڵی خوێنی، لەگەڵ دوو گەلی مانایی و لۆلۆیی لەسەردەمی کۆندا، نزیکایەتی لە رادەبەدەری هەبووە، بەڵکو لەگەڵ مادی گەورە، هەر بە مادی بچووک پێناسەکراوە. بەڵگەی ئەوەش ئەرمەنییەکانن، کە تا مێژوو لەیادی بێت، لە دراوسێیەتی ماد دوور نەکەوتوونەتەوە، ئاترۆپاتێنییەکان وەکو گەلێکی رەسەنی مادی دادەنێن و هەرگیز لەنووسراوەکانیاندا، هیچ جیاوازیەکیان لەنێوان ئاترۆپاتێن و ماد دانەناوە.

هێرتسفێلد، زۆر بەوردی و فراوانی پرژاوەتەسەر،

هونەر و کولتووری شارستانی پێش سۆمەر و ئیلام.[1] ئەم زانایە بە پێی بۆچوونی خۆی، بەڵگەی حاشا هەڵنەگر و مێژوو پەسەندی، لەبارەی کۆمەڵگەی ماد و شێوەی ژیان و شارستانییەتیان لە سەرزەمینی ماد دۆزیوەتەوە. بەڵام (مەک کاون) بە تاک و تەنیا بە کێوی بۆچوون و لێکۆڵینەکانی دەیان مێژووناس و زانای مەزنی بواری زمان و ئاسەوار ناسی، هەڵدەشاخێ و پێداگری ئێرانی بوونی سەرچاوەی کولتووری (عوبێد) دەکات.

---

1- (ئا. دۆلاتێر) بەشێوەیەکی تەواو زانستیانە جەختی لە مێژووی ماد کردووەتەوە. لە دوای ئەویش، کەسانی دیکەی وەک برایانی (رۆلەنسن) (م. دۆنکێر) (دارمستێر) و چەندان زانای بەنێوبانگی دیکەش پرسی شارستانییەت و زمان و فەرهەنگی خۆیەتی ماد یان پشراستکردووەتەوە.
- پێموایە سیاسەت و ئیمکانیاتی دارایی دەوڵەتی فارسی ئێران، سانسۆرێکی سەخت و خنکێنەری خستووەتەسەر لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و زانستیانەی، مێژووی ماد و لێتوێژینەوە لەبارەی پێشێنەی نەتەوە مادی، بەزۆرەملێ کردووەتە بەشێکی بچووک و لقێک، لەچوارچێوەی پرۆژەی ئێراناسیدا.
-گیانی داگیرکاری و خۆداسەپێنی لای کۆچەرە ئێرانییەکان و برسێتی وەدەستخستنی زەوی بۆ لەوەڕگە و چەراندنی پەزەکانیان، ئەوەندە لەلا گرنگ و بەهیزبووە، کە ئەگەر لەو سەردەم چەند کەسی ئێرانی کەوتبانە سەر تەختەدارێک و بەهەڵکەوت، لەکیشوەری ئەمریکا سەریان دەرکردبا، هەر رۆژی یەکەم ناویان لێدەنا ئیرانویج.
-بەپێی رای پسپۆرانی بواری مێژوو و زانستی کۆنینەناسی وەکو، (ر. گیرشمان) (ت. ب. براون) (ژ. گۆنتینۆ). وەک لە پەرتووکی پاشایەتی ماددا هاتووە، تەنانەت دەڤەر و شار و گوندەکانی وڵاتی مادیشیان دەستنیشانکردووە.

ئـەوە لـە حالێکدایـە کـە بـە گوێـرەی ناسـینی مێـژوو، لـە چاخـی پرۆتۆسـۆمەری هاوچەرخـی عوبێـد، هێشـتا مێـژوو ئێرانییـەکان ناناسـێ و سـەرزەمینێک بەنـاوی ئێـران، لەسـەر ئـەم هەسـارەی خاکـە بوونـی نییـە.

لەسـەر بنەڕەتـی ئـەم راسـتیە مێژووییانـە، کـە هەمـوو مێژوونووسـانی سـەردەمی کـۆن بەهێـرۆدۆت و ئاشـووری و بابلـی و سـۆمەرییەکانیش، لەنـووسراوە تۆمارکراوەکانیـان شـاهێدی بـۆ دەدەن، ئـەم ئاسـەوار و نیشـانە بەجێـماوە کولتـووری و شارسـتانیانە، راسـتەوخۆ پەیوەندیـان بەگەلانی مـادی هەیـە و لەسـەرزەمینی مـاد هاتوونەتـە بەرهـەم.

سیاسـەتی رەگەزپەرەسـتانە و پـان ئێرانیسـتی، دەوڵەتـی پاشـایەتی ئێـران بەتایبەتـی لەدەیـەی یەکـەم و دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، کـە بـۆ رۆژهەڵاتنـاس و زانایانـی بـواری لێتوێژینـەوەی کەونارناسـی، ببـووە بەهەشـتێکی پـڕ لەشـوێنەوار و پـۆڵ پـۆڵ روویـان لـەو وڵاتـە دەکـرد، ئـەوا لەهـەر مەزارگەیەکـی پیـرۆز و لەسـەر هـەر گردێـک و گۆڕسـتانێک دەسـتیان پێکردبـا، دەگەیشـتنە نایابتریـن ئاسـەوار و بەڵگـە و کەرەسـتەی مێژوویـی، بـەڵام کێشـەکە ئەوەبـوو کـە دەوڵەتـی ئەوکاتـی ئێـران بەگرتنەبـەری رێوشـوێنی زۆر تونـد و چاودێـری راسـتەوخۆ، دەسـتی دەخسـتە نێـو کاروبـاری لێکۆڵینـەوە و ئەنجامگیرییەکانـی و بەپێـی سیاسـەت و بەرژەوەنـدی و سـتراتیژی دەوڵەتـی

ئێرانـــی ئاراســـتەی دەکـــردن و مێژووەکـــەی بـــەرادان دەدا.

نموونەیەکـــی ئاشـــکرا لەهـــاوکاری دوولایەنـــە لەنێـــوان زانایانـــی بیانـــی و دەوڵەتـــی ئێـــران، لەچارەکـــی یەکەمـــی ســـەدەی بیســـتەم لـــە نووســـینەکانی، (یو.پراشـــیکی چیکـــی رەنگدەداتـــەوە، کـــە دەقـــاودەق سیاســـەت و روانگەکانـــی رەگەزپەرەســـتانەی دەوڵەتـــی ئێرانـــی وەکـــو میتۆدێکـــی زانســـتی خســـتووەتەڕوو و دەڵـــێ: لەگـــەڵ هاتنـــی کۆچـــەرە ئێرانییـــەکان بـــۆ ئـــەم ســـەرزەمینە، ژیـــان مێـــژووی خـــۆی دەســـتپێکردووە، هەروەهـــا لەوبـــارەوە بەرچاوتەنگـــی ستەمکارانەی دەوڵـــەت دووبـــارە دەکاتـــەوە و دەڵـــێ: خۆجێیـــەکان (مەبەســـتی گەلانـــی مـــادە) شـــایانی ســـەربەخۆیی و دامەزراندنـــی وڵاتـــی ســـەربەخۆ نەبـــوون. ئـــەوە لـــە حاڵێکدایـــە کـــە ئێرانییـــەکان لەمادەکانـــەوە فێـــری یەکجێنشـــینی و ژیانـــی نـــاو خانووبـــەرە و کشـــتوکاڵ و تەنانـــەت دەوڵەتداریـــش بـــوون.

بیســـت ســـاڵ دوای پراشـــیک، مێژوونووسـێکی نەمســـاوی بەرەگـــەز ئەڵمانـــی بەنـــاوی (ف. کۆنیـــک) زۆر بێبەختانـــە دژایەتـــی گەیاندووەتـــە لوتکـــە و رەگەزپەرەســـتانە، وەک بڵێـــی هەرئێســـتا لەبـــەردەم دادگـــە، لەبەرامبـــەر دادوەر راوەســـتاوە و بەرگـــری لەدەســـتکەوت و زەوتکارییـــە مێژووییەکانـــی بـــاوک و باپیـــرە گـــەورە هینـــد و ئەوروپییەکانـــی دەکات، کـــە بەمیـــرات بۆیـــان ماوەتـــەوە.

ئـەو بـە دڵڕەقییەکـی دەمارگرژانـە دژی مـاد و مێـژووی گەلانـی مـاد دەوەسـتێتەوە، وەهـا پێشـاندەدات، کـە پێشـباری کۆچـەرە ئێرانییەکان لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتی زایینـی، گەیشـتووەتە وڵاتـی مـاد و کۆنیـک وەکـو پارێـزەر دەستنیشـانکراوە، تاکـو بەرگـری لەداگیرکارییەکانیـان بکات.

(هێرتسـفێڵید) توێـژەری بەنێوبانگـی بـواری ئێراناسـی، گەرچـی راسـتەوخۆ لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی لەمێـژووی مـاد بابـەت و پسـپۆری ئـەو نەبـووە، لـێ لەچوارچێـوەی لێکۆڵینەوەکانـی لەزەمینـەی ئێرانناسـیدا، تەپوتـۆزی مێـژوو و سیاسـەت و داگیـرکاری، لەسـەر زۆر بڕگـە و قۆنـاخ و بەڵگـەی مێـژووی مـاد لاداوە و سـێبەری دەسـتکردی گومانەکانـی لەسـەر لابـردوون.

زۆر دادپەروەرانـە دەبـوو ئەگـەر مێژوونووسـان، مێژووی پێـش ئێرانیـان، کـە دەکاتە مێـژووی مـادەکان، هـەر بەناوی خـۆی نووسـیبایەوە و ناوبردبـا، مێـژووی ئێرانییـەکان دوای جێگربوونـی رەوەنـدە ئێرانییـەکان لەسـەرزەوییەکانی مـاد و کودەتـا خیانەتکارییەکەیـان بەسـەر ئاسـتیاگی پاشـای جوامێـری مـاد و پێکـەوە نانـی ئیمپراتـۆری هەخامەنشـی دەسـتپێدەکات، نـەك پێـش ئـەوە.

جگـە لـەو سـەرچاوە مێژووییانـەی کـە مێژوویـان بـۆ سیاسـەت و دەوڵـەت نووسـیوەتەوە، بەشـێکی دیکـە لـەو زانایانـەی لایەنگـری بەئێرانـی زانینـی مـادن، بەبـێ

لێکۆڵینـەوەی زانسـتیانە، تەنیـا تیـۆری روتـی بـێ بنەمـا دەخەنـەڕو، بـۆ ئـەم مەبەسـتە و سـەڵماندنی بیرۆکەکانیـان پشـت بەبیـر و رای هەندێـک نووسـەری سـەردەمی کـۆن دەبەسـتن، کـە زمانـی مـادی لەگـەڵ زمانەکانـی سـکایی و پارتـی لەیـەک نزیـک دەزانـن و دەڵێـن: زمانـی [1]مـادی وێکچوونێکـی زۆری لەگـەڵ زمانـی ئێرانـی پارسـی هەیـە.

نزیکایەتـی زمانـی لەگـەڵ ئـەو گـەل و نەتەوانـەی بەدرێژایـی هـەزاران سـاڵ لەدراوسـییەتی یەکـتر ژیـاون و لـەرووی کۆمەڵایەتـی و بازرگانی و هاتوچۆی فرەچەشـنەوە، تێکەڵاوییەکـی بەردەوامیـان هەبـووە، پرسـێکی رێتێچـوو

1- ئەگـەر بڕیـار بێـت وێکچـوون و نزیکایەتـی زمـان بـۆ ئێرانـی بوونـی مـاد بـە تەنیـا پێـوەر وەربگیرێـت، ئێمـە بـە هەمـان پێـوەر و لـە رووی لۆژیکیشـەوە، دەتوانیـن بسـەڵمێنین، کـە زمانـی ئێرانـی لـە زمانـی مادیـەوە سـەرچاوەی گرتـووە و خـۆی تـەواو کـردووە، چونکـە ئـەو سـەردەمەی ئێرانییـەکان گەیشـتوونەتە وڵاتـی مـاد، دەبـێ زمانێکـی کرچـو کاڵ و کۆچەریـان هەبووبێـت، کـە رەنگـە فەرهەنگـی وشـەیان لـە چەنـد سـەد وشـەی کارپێکـراو لـە لایـەن پەزدارەکانـەوە تێنەپـەڕی نەکردبێـت. ئـەوان دوای تێکەڵبوونیـان لەگـەڵ کۆمەڵگـەی مـاد، زمـان و شارسـتانییەت و هونـەری ئـەوان فێـری بـوون. سیسـتەمی ژیـان و گـەردوون وەهـا بنیـات نـراوە، کـە نـوێ لـە کۆنـتر لـە دایـک دەبـێ و لەسـەر میـرات و ئەزموونـی پێشـخۆی، خـۆی کامـڵ دەکاتـەوە، ئـەوەی کـە کۆنـتر لـە نـوێ لـە دایـک ببـێ و مێـژوو سـەراوبن لـە ئێسـتاوە بـۆ هـەزاران سـاڵ ریچکـە ببەسـتێ، تەنیـا لای مێـژوو نوسـە ئێرانییـەکان بەرچـاو دەکەوێـت. -نووسـەر و مێـژوو شـێوێنە ئێرانـەکان، زۆر بەداکۆکیـەوە جەخـت لـەوە دەکەنـەوە و دەڵێـن: زمانـی مـادی زۆر لـە زمانـی پەهلـەوی نزیکـە و رنگـە

و پەسەندە، بەڵام ئەوە بەشی سەلماندنی بیرۆکەی نامرۆڤانەی سڕینەوەی زمانێک بەهۆی زانین و نزیکی زمانێکی دیکە ناکات، چونکە هوەخشتەرە پاشای دەوڵەتی ماد، بۆ فێربوون و کەڵکوەرگرتن لەتیروکەوان، لاوانی مادی بۆ لای پسپۆرانی سووپایی سکایی دەنارد، بێگومان ئەوان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەوێ دەمانەوە و مەشقیان وەردەگرت، هەر ئەوەو چەندان حاڵەتی وەها دەتوانێ هۆکارێک بێت، بۆ ئەوەی بەشێک لەمادەکان، زمانی سکایی فێربووبن و بەشێک لەدابونەریتیش لەو رێگایەوە گوازرابێتەوە، ئەوەش ناکرێ تەنیا یەکلایەنە بووبێت، بەڵکو پێچەوانەکەشی تەواو لۆژیکییە.

لەو سەرزەمینەی بە ناراست و ستەمکاری پێیدەڵێن ئێران، رەگەزی مادی بەلای کەمەوە دە سەدە پێش ئێرانییەکان ژیاون، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک مێژوونووسە ئێرانییەکان و سۆزدارانی تیۆری ئارییایگەری، کە وشەکانی زمانی مادی و فارسی بەراورد دەکەن دەڵێن: بۆ نموونە وشەی (Spaka )ی مادی واتە سەگ، (aspa)

---

هەر لە یەک ریشەوە هاتبن، من بەشێوەیەک لە شێوەکان رێک لەگەڵ ئەم نووسەرانە هاوڕام، چونکە بەپێی زانست و لۆژیک، دەبێت زمانی پەهلەوی یەکێک لە لقەکانی زمانی مادی بێت، کە لە درێژەی رۆژگاردا تا رادەیەک گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

بەزمانــی مــادی یانــی هەســپ، ناڵێــن هــەزار ســاڵ پێــش ئێمــە هەســپ لەزمانــی مــادی بەکارهاتــووە، بەڵکــو دەڵێــن مــادەکان وشــەی ( اســپ )ی فارســیان بەکارهێنــاوە.

( suxra ) لــە زمانــی مــادی دا، یانی ســور، پاشــان ئاڤێســتا هەمــان وشــەی لــە زمانــی مــادی وەرگرتــووە و بەکارهێناوە، بــەڵام لەفارســی هەمــان وشــەیانکردووەتە (سرخ) ئــەوەش وادادەنێــن کــە مــادەکان وشــەی فارســیان بەکارهێنــاوە.

هەندێکــی دیکــە لەنووســەران، کــە هەمــوو ڕێگاکانــی زانســتی پشتراســتکەرەوەیان لەڕووداداخــراوە، بــۆ ســەپاندنی زۆرەملێــی ئێــران بەســەر مــاددا، خزمایەتــی ســارمتییەکان لەگــەڵ مــادەکان دەکەنــە پێــوەر و بەڵگــەی بۆچوونەکانیــان، ئــەوان دەڵێــن ســارمتیەکان لەوڵاتــی مــادەوە، بــەرەو لێوارەکانــی دەریــای ڕەش کۆچیانکــردووە، کەچــی وەک مێــژوو باســی دەکات، لەوێــش لەســەرزەمینی نوێــدا، خۆجێییــەکان ئەوانیــان بەنەوەکانــی مــاد ناوبــردووە. هەرچەنــد هەندێــک لەشــارەزایانی مێــژووی دێریــن گومانێکــی تەواویــان هەیــە، لــەوەی کــە ســارمتییەکان لەبنەڕەتــەوە ئێرانــی بووبــن، لەوەشــدا ژمــارەی ئەوانــەی ســارمتیەکان بەئێرانــی نازانــن، زۆر زیاتــرە لەوانــەی ئــەوان بەئێرانــی دەزانــن.

(جــۆرج راولینســۆن) کــە لەوانەیــە یەکێــک لــە (عینــاد) تریــن، لایەنگرانــی بەئارییاییکردنــی مــادەکان بێــت، لەگــەڵ

ئـەوەی لێکۆڵینەوەکانـی دەکەوێتـە سـەردەمێک، کـە بەدەیـان سـەرچاوەی مێژوویـی هەمەچەشـن و فـرە بیروبۆچوونـی لەبەردەسـتدا بـووە، کـە زۆربەیـان باسـی خۆجێیـی مـادەکان دەکـەن، لـێ دوای هـەر دانپێدانانێـک دووبـارە دەگەڕێتـەوە سـەر دروشـمی کۆنەپەرەسـتانەی خـۆی و دیسـان، وشـەی ئاریایـی بـۆ گەلانـی مـاد، بەکاردەهێنێتـەوە و دیرۆکـی هاتنـی کۆچـەرە ئێرانییـەکان بـۆ وڵاتـی مـاد، دەکاتـە مێـژووی هاتنـی مـادەکان و باسـی نەتـەوەی خـاوەن خـاک و وڵات نـاکات. یانـی جێگۆڕکـی بەمێـژوو دەکات، ئێرانـی دەخاتـە شـوێنی مـاد و مادیـش دەخاتـە شـوێنی ئێرانییـەکان.

سـەرەبۆچوونی ئـەوەی کـە راولینسـۆن، وەکو ئەسـیرێکی دەسـت و پێبەسـتراو، بـەدوای بیرۆکـە و روانگـەی ئاریاییگـەرەکان سینگەخشـێ دەکات، کـە لـەزۆر قۆناخـدا، لەبەرامبـەر هێـزی راسـتگۆیی مێـژوو، سـەدمەیەک دەبـا و ناچـار بەسـەردانواندن دەبێـت، لـەو شـوێنەی کـە دەڵـێ: لـە پەرتووکـی نـەوەی کوڕەکانـی نـوح، کـە وەرزی دەیـەم لـە تـەورات پێکدێنێـت، لەوانەیـە لەدەوروبـەری سـاڵی 1500ی پێـش زاییـن نووسرابێـت، وشـەی ( مـادای) کـە لەهەمـوو سـەردەمێک بەمانـای نەتـەوەی مـاد بەکارهێـنراوە، بەرچـاو دەکەوێـت. هـەر ئـەو نووسـەرە لەشـوێنێکی دیکـەدا، ئامـاژە بـە وتەکانـی برۆسـۆس دەکات،

کە باسی هێرشی مادەکان بۆ سەر بابل دەکا و ئەو مژارە پشتراستدەکاتەوە، کە مادەکان 224 ساڵ، فەرمانڕەوایی هەموو ئەو وڵاتەیان کردووە و هەشت پاشای مادی، لەسەر تەختی پاشایەتی بابل دانیشتوون، ئەو دیرۆکی رووداوانەش بۆ 2000 ساڵ پێش زایین دەگەڕێنێتەوە. بەڵام سەرەبۆچوونی هەموو ئەو بەڵگە کەونارە بەهێز و حاشا هەڵنەگرانە، هەوڵدەدات بۆ هەر سەرکەوتن و رۆڵبینینێکی میژوویی مادەکان، هاوبەشێک بدۆزێتەوە، وەک ئەوەی لەسەرکەوتن بەسەر بابل، پارسەکان دەکاتە هاوبەشیان، لەحاڵیکدا لەو رۆژگارەدا، ئێرانی زمانەکان هێشتا نەگەیشتبوونە وڵاتی هیندستانیش، چونکە ئێرانییەکان سەربە کۆمەڵەی دووەمی کۆچبەرانن *.

مێژوونووسە ئێرانییەکان باسی ئەو شەش گەل و هۆزە مادە دەکەن، کە لەرۆژهەڵاتی وڵاتی ماد لە دەوروبەری هیگمەتانە، حکومەتی یەکێتی نەتەوەیی ماد پێکدەهێنن، ئەوان خۆیان لە باسکردنی مادی رۆژئاوا لادەدەن، کە لە رووی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، زۆر دەولەمەند و پێشکەوتوو بووە.

مێژووی ئێرانییەکان پڕە لەو نووسینانە کە دەڵێ: زمان و فەرهەنگ و شارستانییەت و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی مادەکان، کتومت وەکو هی سەردەمی هەخامەنشیەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان بووە، ئەوان لەشێواندنی

مێـژوو و گەوجاندنـی خەڵـک تەنانـەت شـەرمیان لـەوەش نەکـردووە، کـە مـادەکان پێـش لەئێرانییـەکان لـەو سـەرزەمینە ژیـاون و سیسـتەم و یاسـاگەلی بەڕێوەبـەری دەوڵـەت و جەنـگ و ئابـووری کۆمەڵگەیـان داڕشـتووە و ئـەوان هاتوونەتـە سـەرخوانی ئامـادە و شارسـتانییەتی مـاد، بـەوەش فۆڕمـی دەسـەڵاتداری مـاد، بـۆ سـەردەمی داگیـرکاری خۆیـان ئاوەژوودەکەنـەوە، بەبـێ ئـەوەی کـورد لەسـەر مێـژووی خـۆی هاتبێتـە وەڵام و لەوەی پرسـیبێتەوە، کـە ئـەرێ جیـل و بـەرەی مرۆڤـەکان، پاشـە و پـاش بـۆ نـاو زگـی دایکیـان دەگەڕێنـەوە ؟ ئایـا رابـردوو پێـش داهاتـوو بەرەوپێـش دەڕوات ؟.

ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، ناوهێنـان و پێناسـەکردنی نەتـەوەی کـورد، سـەرەبۆچوونی جیـاوازی زمـان و فۆنەتیـک، لەلایـەن هەمـوو نەتەوەکانـی دراوسـێی مـاد، بـە شـێوەیەکی هاوبـەش بـۆ هەمـوو گەلانـی دانیشـتووی وڵاتـی مـاد بەکارهاتـووە، وەک ئـەوەی لەخـوارەوە ئامـاژەی پێدەکەیـن.

سـۆمەریەکان. بـە کوردیـان دەگـوت، کوتـی، جـوت، جـودی و...

ئیلامییەکان، (کورتش)یان پێدەگوت.

لـە زمانـی ئاشـوورییەکان بـە کوتـی، کورتـی، کارتـی، کاردۆ، کاردا، کاردان، کاریکتـان و کارداک دەنـاسران.

ئێرانییـەکان، دوای لەناوبردنـی پاشـایەتی مـاد، نـاوی کۆیلەیـان لەسـەر کـورد دانـا، واتـە کورتیـۆن، کـورت.

یۆنانییـەکان، پێیاندەگـوت: کاردۆسـۆی، کاردۆخـی، کاردۆک، کادۆکای، کاردۆئێـن و مـاد.

ئەرمەنییەکان، کوردۆئێن، کورجیغ، کورتیغ.

عەرەبەکان، کوردی، کاردۆی، باکاردا و...

کەواتـە تـا سـەردەمی سـوڵتان سـنجری سـلجووقی، کـە وشـەی کوردسـتانی بـۆ بەشـێک لەخاکـی کـوردان بەکارهێنـاوە، سـەرەبۆچوونی داگیـرکاری و یاسـاخکردنی نـاو و زمـان و مێـژووی مـاد، ئـەو وڵاتە هـەر بەسـەرزەمینی مـاد نـاسراوە و ناوبـردراوە. دوای داگیرکردنـی مـاد، بەهـۆی پارسـە ئێرانییەکانـەوە، وشـەی کـورت، کـە لەزمانـی پارسـی کـۆن بەمانـای کۆیلـە یـان کرێـکار بەکاردەهـات، بـۆ شـکاندنی شـکۆ و ئیـرادەی مـادەکان، بـۆ کـوردە مـادەکان بەکارهێـنرا.

بێگومـان سیسـتەمی داگیـرکاری کوردسـتان، ئەوەنـدە توانایـی زانایانـی بـواری مێـژوو و زمـان و کەونارناسـی خسـتووەتە خزمەتـی خـۆی، کـە بتوانـێ کاربکاتەسـەر بەڕێوەچوونـی ئاسـایی لێکۆڵینـەوەکان، بێگومـان ئـەوەش هۆکارێکـە، بـۆ گەنگەشـە و دژیەکـی و جۆراجـۆری بیـروڕا، لەبـارەی مێـژوو و زمـان و سـەرزەمینی نەتـەوەی مـادەوە. هەندێـک لەشرۆڤەکارانـی زمانـە زۆرکۆنـەکان، وەکـو

(رۆلەنسـن) پێیوابـووە کـە ئـەم زمانـە لەگـەڵ زمانەکانـی سـکایی و ئاریایـی و سـامی تێکەڵکـراوە. (دی سـۆلیس)، هەندێـک کەسـی راسـپێردراوی دیکەیـش، زمانـی مـادی بەخزمـی زمانـی فارسـی کـۆن دەزانـن و هەوڵیانـداوە، لەنـاو فەرهەنگـی زمانـی ئـازەری و تورکـی و مەغوڵـی و ئەرمەنـی و گورجـی، بـەدوای شـوێنپێی بگەڕێـن و توخـم و ریشـەکانی بدۆزنـەوە.

ئاڵۆزکاندنـی پرسـی زمانـی مـاد، بەتـەواوی دەسـتساز و سیاسـیە و هیـچ پەیوەنـدی بـە لێتوێژینـەوەی زانسـتی ئـەو بـوارە نییـە. ئـەوەی لۆژیـک و دواجـار هەمـوو مێژوونـاس و زماننـاس و زانسـتی کوڤنارناسـیش، بەپێـی میتـۆدە سـەلمێنراوە زانسـتییەکان، لەسـەدان بەڵگـە و نـووسراودا هاوبۆچوونییـان لەسـەر دەربڕیـوە ئەوەیـە، کـە زمانـی مـاد زمانێکـی سـەربەخۆی نەتەوەیەکـە، کـە مێژووەکـەی بـۆ زیاتـر لـە سـێ هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن دەگەڕێتـەوە.

ئـەز واتێدەگـەم، ئەگـەر ئێمـە بێگومـان بیـن لـەوەی، کـە مـادەکان باپیـرەی گـەورەی راستەقینەی کـوردان بـن و کـورد تـا رۆژگاری ئەمـڕۆش، وەکـو گـەل و نەتـەوە و زمانێکـی سـەربەخۆ، پـەرە بەژیـان دەدات و لـەڕووی زمـان و فەرهەنـگ و نەتـەوەوە هـەر زنـدووە. ئـەوە دەبێـت لـەڕووی لۆژیکـەوە، زمانـی کـوردی ئێسـتا، بەگشـت شـێوەزار و بـن زارەکانییـەوە، بەدرێژایـی هـەزاران سـاڵ

هــەر لەچــاخ و ســەردەمی مادەکانــەوە، بەنــاو چەنــدان قۆناخــی دژواری تواندنــەوە و یاســاخکردن و بەتورکــی و فارســی و عەرەبیکردنــی دژوار و تۆقێنــەر تێپەڕیبێــت، تاوەکــو بووەتــە ئــەم زمانــە کوردییــەی ئەمــڕۆ ئێمــە پێیدەئاخێڤیــن.

خــۆ ئەگــەر بەمشــێوەیە بوایــە و وەک مێژوونووســە نەتەوەپەرەســتە ئێرانــی و ئارياييــەکان باســی دەکــەن، زمانــی مــادی بەتــەواوی لەنێوچووبــێ و تێکەڵــی شــێوەزارەکانی فارســی و زمانەکانــی ئــازەری و تورکــی و گورجــی و ئــەم و ئــەو بووبێــت، ئەی ســەرچاوەی شــێوەزارە زۆر و زەوەندەکانــی، لــوڕی و لەکــی و گۆرانــی و زازاکــی و کورمانجــی و هەورامانــی و... بەدەيانــی دیکــەش، کــە هیــچ کامیــان ناچنــەوە ســەر زمانــی عەرەبــی و تورکــی و فارســی و گورجــی و ئــازەری، لەکــوێ هاتــوون و لەچییــەوە ماونەتــەوە.

بەبــێ چوونــە نــاو شــەوەزەنگی مێــژووی کەونــار و گێڕانــەوەی چیرۆکــی ســەرهەڵدانی ســەدان گــەل و نەتــەوە و شارســتانییەت، کــە لــە دواییــدا ناچــار بین بــاس لەڕووخان و لەناوچــوون و ونبوونــی بەدەیــان و ســەدانی دیکــە و تەڕاتێنــی ژمارەیەکــی زۆر لەهــۆز و نەتــەوەی هێرشــکار و دەســەڵاتخوازی داگیرکــەر و دواجــار شــوێن چۆلکردنیــان بــۆ هێــز و گــەل و دەســەڵاتداری بەهێزتــر بکەیــن، هەمــوو

بەڵگــە مۆرالیــەکان ڕێگەمــان پێــدەدەن و ئەوەمــان بــۆ دەســەڵمێنین، کــە مــادەکان دوای لەدەســتدانی دەوڵەتــی نەتەوەییــان، بــۆ نــاو چیــا و دۆڵ و ژینگــە ســەختەکانی وڵاتــی خۆیــان پاشەکشــەیان کــردووە، لــەو ســۆنگەوە کەمتر لەشــارەکان، کەوتبنــە ژێــر هێرشــی تواندنــەوەی زمانــی و کولتــووری هێــز و نەتــەوەی سەردەســت و تــا ڕادەیەکــی بــاش بەپارێــزراوی ماونەتــەوە.

ئــەوە بیرۆکەیەکــی هــزر پەســەندە، کــە هەمــوو گریمانــەکان ڕێــک بێنــەوە لەســەر ئــەوەی، کــە زمانــی کــوردی بەهەمــوو لــق و پۆپەکانییــەوە، گەرچــی لــەزۆر فیلتــەری نەیــاران و تەنگەبــەری قۆناخــی مێژوویی ســەخت و دژواریــش تێپەربووبــن و زۆر گۆڕانــی بەرچاویشــیان بەســەرداهاتبێت، بۆیــە بەپێــی وتــەی زمانناســانەوە، ڕۆڵــەی شــیری پــاک خــواردووی زمانــی مــادی باپیــرە کەونارەکەیەتــی.

# زەردەشت ئایینی ئاسمان
# یان هەژموونی ئێرانی بۆ سەر ماد

لەگێرانـەوە تۆمارکراوەکانـی مێـژووی کەونـاردا هاتـووە، کـە زەردەشـت لـە زێـدی خـۆی لـە دەوروبـەری شـاری ڕێـگا، (ری) ئێسـتا، بـەرەو وڵاتـی (ویشتاسـپ) ی مـادی ڕۆیشـتووە، چونکـە وەک (خارسـی میتیلینـی) باسـی لێـوەدەکات، ویشتاسـپی مـادی و براکـەی کـە نـاوی (زەریـادەر) بـووە، خاونـی وڵاتێـک بـوون، کـە سـنوورەکانی لەدەریـای خـەزەرەوە، تـا (ئانائیسـی) دەگرتـەوە.

(لاکنتانیـۆس) کـە مێژوونووسـێکی سـەردەمی (کۆنسـتانتینی) گەورەبـووە، لەنووسراوەکانـی خۆیـدا بـاس لەهیشتاسـپی مـاد، وەکـو مەزنتریـن پاشـای ڕۆژگاری

کەونـاری بەرێـدەکات. لەوەشـدا (ئـا. و. جاکسـۆن) تەمـی گومانـەکان زیاتـر دەڕەوێنێتـەوە کـە دەڵـێ: ویشتاسـپی ئاڤێسـتایی، هەمـان ویشتاسـپی پاشـای مادەکانـە. لانیکـەم لەوەیانـدا زەردەشـت بەویژدانـەوە باسـی ویشتاسـپی داڵـدەدەری خۆیکـردووە، گەرچـی باسـی نەتـەوە و مـاد بوونـی ئەویشـی نەکردبێـت.

مێژوونووسـان لەبـارەی ئاخیزگـەی سـەرەتایی زەردەشـت و مۆغەکانـەوە، بەرگـری لەگریمانەیەکـی دیکـەش دەکـەن، کـە زەردەشـت لەشـاری (رغـە)ی ئەفغانسـتانەوە هاتبێـت، ئـەو شـیمانەیە دامێنـی دژیەکـی و بەریەککەوتنـە زانسـتییەکان فراوانـتر دەکات، ئەگـەر ئـەو بەشـە لەمێژووناسـان لەسـەر بۆچوونـی خۆیـان داکـۆک و پێداگـر بـن لـەوەی، شـوێنی سـەرهەڵدانی زەردەشـت و ئایینەکەی، شـاری رغـەی ئەفغانسـتان بووبێـت و لەوێـوە، لەدەسـت کەرەپەنـەکان و کەویـەکان، بـەرەو رۆژهەڵاتـی وڵاتـی مـاد بۆچوونیکردبێـت.

بـۆ ناسـینەوەو شـوێنپێ هەڵگرتنـەوەی نەخشـی زەردەشـت، لەسـاڵەکانی کۆتایـی پاشـایەتی مـاد و بـۆ ئـەوەی هەژموونـی مەترسـیداری ئـەو ئایینـە، دوای رەگ و ریشـە داکوتانـی لەنـاو کۆمەڵگـە و ژینگـەی مـادەکان، بەسـەر کولتـوور و یەکێتـی ناوخۆیـی گەلانـی مـاد بـاش بناسـینەوە، خـودی ئاڤێسـتا هاوکارێکـی باش دەبـێ و دوای

ئەویش لەپلەی دووەمدا، دەبێ پشت بەگێڕانەوەکانی هێرۆدۆتی باوکی مێژوو ببەستیین، کە سیمای جیهانی کۆنی بە تایبەت، سەرزەمینی ماد و ڕەوی شەپۆل ئاسای کۆچەرە هیند و ئێرانی زمانەکانەکانی، بۆ وڵاتی ماد بەجوانی وێنا کردووە.

دابەشکاری چینایەتی و دەسەڵاتداری کاتێک لەناو دێڕەکانی ئاڤێستا تۆمارکراوە و ڕەنگی داوەتەوە، کە زەردەشت پەڕیوەی وڵاتی مادەکان بووە. پێشتر لەوە، بەتایبەت ئەو بەشانەی بەناوی (گوتەکان) گاتاکانی ئاڤێستا، کە بەر لەئاوارەبوونی زەردەشت[1] لەشوێنی بەرێی نووسرابوون، هیچ زانیارییەکی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی گوند و یەکجێنشینی تێدا بەرچاو ناکەوێت. زەردەشت بەر لەپەنابەربوونی لەسەرزەمینی ماد، ژیانی شارستانی ناناسێ و هیچ بیرۆکەو ڕێنمایی بۆ ژیانی مرۆڤگەلیکی بەکۆمەڵبووی کۆمەڵگەیەک و شێوازی

1- ئەز بێگومانم لەوەی زەردەشت ئەگەر لە ڕەگەزی ئەو گەلانە نەبێت، کە لە دراوسێیەتی گەلانی ماد ژیاون، ئەوا بە دڵنیایی مادی نییە، چونکە ئەگەر زەردەشت مرۆڤێکی ماد بایە، بۆچی پێش لەوەی پەنا بۆ شانشینی مادی ڕۆژهەڵات بهێنی، ئاگاداری ژیان و خسڵەت و دابونەریت و قۆناخی شارستانی گەلانی مادی نەبووە. بە پێی بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە زانایان، شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگەی یەکجێنشینی ماد، ئەو دەمە هاتووەتە ناو گاتاکان، کە زەردەشت لەو ژینگە نوێیە

بەڕێوەبـەری و دەسـەڵاتداری وەهـا نشـینگەیەکی مرۆڤـی پـێ نییـە.

هیـچ گومانێـک هەڵناگـرێ، کـە زەردەشـت لـە مادەکانـەوە فێـری سیسـتەمی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری گونـدی و پیشەسـازی و شارسـتانییەت بـووە. هەمـوو دەقـە ئاشـوورییەکانی پێـش سـەدەی دەیەمـی پێـش زاییـن، کـە لەسـەردەمی لۆلۆییـەکان و کاردۆخییـەکان و کاشـییەکاندا، ئاماژەیـان بەوشـەی (Alani sehruti) واتـە شـارکردووە، کـە

مـادی یـە نیشـتەجێبووە. ئـەز لای خۆمـەوە، ئـەو پێداگـری و عینـادەی بەشـێک لەرۆشـنبیران، لەمـەڕ بەمـاد زانینـی زەردەشـت، ئەنجامـی دەدەن، بـێ بنەمـا و بـێ مانـای دەزانـم.

-فردۆسـی، کـە مـن بەرەگەزپەرەسـترین تیۆریسـینی بیـری پـان ئێرانیزمـی دەزانـم، نـاوی ( رۆتەسـپ )ی باوکـی ویشتاسـپی پاشـای مـاد، دەکاتـە لۆهراسـپ و باوکـی هیشتاسـپی هەخامەنشـی، بـەڵام ئارشـامی باوکـی ئـەو هیشتاسـپەی هەخامەنشـی، هەرگیـز پاشـا نەبـووە. منداڵەکانـی ویشتاسـپی ئاڤێسـتایی بریتیـن لـە : سـپەندۆدات، پەشـووتەن و... کـە هیـچ کەسـێکی بەنـاوی داریوشـی تێـدا نییـە، کـە فردەوسـی پارسـەکانی پـێ گـەورە دەکات.

-لەنێـو مێژووناسـانی مێـژووی زۆر کۆنـدا، تەنیـا ( هێرتسـفیلد ) یەکلایەنـە و بەبـێ بەڵگـە، زەردەشـت دەکاتـە هاوچەرخـی کـورش و وێشتاسـپی مـادی، دەکاتـە هێشتاسـپی هەخامەنشـی، بـەڵام ئـەو بۆچوونـە لەلایـەن زۆربـەی زانایانـی مێژوونـاس رەتکراوەتـەوە و بێگومانـن لـەوەی ویشتاسـپی ئاڤێسـتایی نـەوەی نەئەتـۆری، هەمـان ویشتاسـپی پاشـای مـادە.

- (ئەسـکەندەری مەکدونیـش) ویشتاسـپی ئاڤێسـتایی، لەهیشتاسـپی باوکـی داریـوش جیادەکاتـەوە.

لەسەراسەری وڵاتی ماد بەزۆری بوونیان هەبووە.

سارگۆن باسی بەڕێوەبەرایەتی جۆراوجۆر لەوڵاتی ماد دەکات، هەندێکیان وەکو سەرۆکی گوند و هەندێکی دیکەش وەکو ریش سپی ناودەبات، بەڵام سەرۆکی یەکێتی گوندەکان، کە لەئەنجامی یەکگرتنی چەند گوند پێکهاتبوون، بەپاشا ناودەبات.

ناشێ نکۆڵی لەو بابەتە بکرێ، کە زۆربەی زانایانی بواری مێژوو و زمان و کەونارناسیش، لەسەر ئەو بڕوایە کۆک، یان لەیەک نزیکن، کە زۆرینەی گاتاکان لەرۆژهەڵاتی ماد هۆنراونەتەوە، هەڵبەت پێش لەوەی شەپۆلی کۆچی ئێرانی زمانەکان بەگرانی کار بکاتەسەر فرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم دەڤەرە.

سەرەبۆچوونی فارساندنی ئاڤێستا، لەسەردەمی هەخامەنشیەکان، هێشتاش زمان و کولتوورو شاردستانییەتی ماد، لەنێو یەکە بەیەکەی دێڕەکانی ئاڤێستادا بەرچاو دەکەوێ، ئەوەش زۆر سروشتی دێتە بەرچاو، چونکە جێگیربوونی زەردەشت وەکو پەنابەر لەوڵاتی مادەکان، پێدەچێت بەتوندی کەوتبێتە ژێر کاریگەری زمان و فەرهەنگ و شارستانییەتی ماد، کە زۆر لەفەرهەنگ و زانین و شارستانییەتی رەوەندی بەرێی خۆی دەوڵەمەندترو پێشکەوتووتر بووە. هەر لەو چاخە بەدوا، تادەگاتە سەردەمی کودتای ئێرانییەکان

بەسەر پاشایەتی مادا، ئاڤێستا هەر بۆ مادەکان نووسراوەتەوە، بۆیە دەبێ هەر بەزمان و ڕێنوسی مادی نووسرابێتەوە.

(نیکیتی دۆپرۆن) دەڵێ: زمانی زەند زمانی ئاخافتنی مادە کۆنەکانە. ئەو بۆچوونی وایە کە زەردەشت خەڵکی ئازەربایجانە و هاوچەرخی داریوشی هاخامەنشییە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لەروانگەی (کلۆکێر) و (هێردێر) و (نیچیسین)، جێگای پەسەند نییە، چونکە ئەوان پێیانوایە ئاڤێستا لە ڕۆژگاری مادی گەورە و کورش نووسراوە.

ئەو پەرتووکەی ئێستا [1] ئاڤێستای پێدەڵێین، پاشکۆی بەجێماوی نووسراوە زەردەشتیەکانی چاخی ساسانییە، کە چوار دەقی ناتەواوی یەسنا، یەشتەکان، وێسپێرد و وەندیداد، لەخۆدەگرێت.

ئاڤێستا هەتا دوای رووخانی هەخامەنشییەکان و هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان، هەر بەشێوەی زارەکی و سینە بەسینە گوازراوەتەوە، بۆیە نابێت لۆژیک ڕێگا بدات کە بڵێین، هەموو ئاڤێستا کە دەیان هەزار وشە بووە، بەتەواوی گواسترابێتەوە سەردەمی ئەردەشێری بابەکان و ئاترۆپات، تاوەکو مۆبدی مۆبدان

1- ئیقرار عەلی یێف، پاشایەتی ماد

و کوڕی ( مارسپەندان) لەئاتروٚپاتێن، بەتەواوی بیانخاتەوە سەریەک و بەبێ کێماسی بیاننووسێتەوە.

لەوانەیە یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئاڤێستا باسی نەتەوەی تێدا بەرچاو ناکەوێت، هەر ئەوە بێت، کە پاش رووخانی پاشایەتی ماد و هاتنەسەر دەسەلاتی هەخامەنشییە ئێرانییەکان، تادەگاتە سەردەمی کۆکردنەوەی لەئاتروٚپاتێن، ئاڤێستا بەبەردەوامی لەفیلتەری دەولەتی پارسی داگیرکاری ئێرانی تێپەڕێنراوە. رەنگە ئەو گریمانەیەش هەلە نەبێت، کە لەپێناو ونکردن و شوێنبزرکردنی مێژووی نەتەوەی ماد و هەمیشەیی کردنی رەگەزی ئێرانی لەسەر ئەو ئاو و خاکە، رێگایان بەناوهێنان و باسکردنی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نەدابێت، بەشێوەیەک کە ئەگەر لەسەردەمی کۆن و سەرەتای نووسینی گاتاکانیش، ئاماژەیەک بۆ بابەتی نەتەوە هەبووبێت، دوای رووخانی پاشایەتی ماد و داگیرکردنی دەسەلات لە لایەن ئێرانییەکانەوە، ئەو بابەتە لە قازانجی ئێرانییە کۆچەرەکان سانسۆر کرابێ و سڕدرابێتەوە.

کەم یان زۆر لەبارەی مێژووی ماد، هەرچیەک لە ئاڤێستادا هەبێت، پاش چەند هۆنراوەیەکی کەم لەگاتا بەراییەکان، پەیوەندی بەقۆناخی کۆمەلایەتی مادی رۆژهەلاتەوە هەیە، کە بەهۆی مۆغەکانەوە داڕێژراوە

و ڕەنــگ و ڕووی مــادی بەبەرداکــراوە.

بەوردبوونــەوە لەلێکدانــەوەو بۆچوونــی زۆر لاوازی هەندێـک لەمێژووناسـان، پێدەچێـت لەسـەرەتای هـەزارەی یەکەمــی پێــش زاییــن، زەردەشــت لەگــەڵ باوەڕمەنــد و پەیڕەوانــی خــۆی بــەرەو وڵاتــی مــاد کۆچــی کردبێـت. گاتـا سـەرەتاییەکان بـاس لەهەوڵـی بێوچانـی زەردەشـت لەگـەڵ پەیڕەوانـی خـۆی دەکـەن، کـە داوایـان لێـدەکات نەریتـی ژیانــی دەوارنشــینی و ڕەوەنــدی خۆیــان بەجێبهێڵــن و روو بکەنــە ژیانــی یەکجێنشــینی و کشــتوکاڵی بەشــێوەی مـادەکان. بۆیـە ناچاربـووە کـە کشـتوکاڵ وەکـو ئەرکێکـی ئایینــی پیــرۆز، بخاتــە ناوگاتــاکان و بەســەر لایەنگرانــی بـڵاوی بکاتــەوە و بیسـەپێنێت.

لـەو روانگـەوە بەبـێ دوودڵـی دەتوانیـن ئـەوە پشتراسـت بکەینــەوە، کــە تەنیــا ئــەو دەمــە پرســی کۆمەڵایەتــی و ئاریشـەکانی پەیوەسـت بەژیانـی کۆمەڵایەتـی و کشـتوکاڵ و بەرهەمهێنانــی کەرەســتەی پیشەســازی و خشــڵی گرانبەهــا و پرسـەکانی پەیوەسـت بەکاروبـاری چینایەتـی و بەڕێوەبەرایەتــی جۆراوجــۆری کۆمەڵگــە، لەئاڤێســتا ڕەنگیداوەتـەوە و پێـی ناسـیاو بـووە، کـە پەڕیـوەی وڵاتـی مــادەکان بــوە و هاتووەتــە نــاو کۆمەڵگــە و نشــینگەی مـادی، پێـش لـەوە تەنیـا ئاریشـەکانی ژیانـی شـوانکاری و کۆچـڕەوی و مـەڕو ماڵاتـی ناسـیووە و هـەر ئاوانەیـش

لەگاتاکانـدا ئامـاژەی پێکـراوە و ڕەنگیـان داوەتـەوە.

هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە، کـە مەڵبەندەکانـی مـادی ڕۆژئـاوا، بەدیاریکراویـش شـاری (ری) ڕێـگا ئـەو سـەرزەمینەیە، کـە ئاڤێسـتای تێـدا لەدایکبـووە، ئاڤێسـتا هـەر لەیەکەمیـن هەڵڕژانـە هزرییەکانـی بەراییـدا، بەگشـتی بەرهەمـی هـزر و ئەندێشـەی هـۆز و گەلـە ئێرانـی زمانەکانـە و کۆمەڵـەی هینـد و ئێرانـی زمانـەکان، لەوانـەش بەتایبـەت پارسـەکان، لەنووسینەوەی دەقەکانـی ئاڤێسـتا ڕۆڵـی بنچینەیـی و یەکلاکەرەوەیـان بەقازانجـی خـۆ بینیـوە. ئەوجـا دەسـتپێکی نووسـینەوەی ئاڤێسـتا و بڵندکردنـی بانگـی زەردەشـت، چ ئـەو کاتـە دەسـتی پێکردبێـت، کـە بـەرەو مـادی ڕۆژئـاوا کۆچـی کردبێـت، چ ئـەو کاتـەی هێشـتا لەدەوروبـەری سـنوورەکانی مـاد و لەنـاو هـۆزە شـەرەنگێزەکانی (کەرەپـەن و کـەوی) یـەکان، یـان ئاسـیای نێوەڕاسـت و لەنشـینگەی بەرێـی خـۆی بووبێـت، ئـەوە هیـچ جیاوازیەکـی نییـە، گرنـگ ئەوەیـە ئاڤێسـتای سـەرەتایی هیـچ وێنـە و تێگەیشـتنێکی، لەژیان و شارسـتانییەت و فەرهەنگـی گەلانـی مـاد، تێـدا بەرجەسـتە نەبـووە.

ئاڤێسـتا لەچـاخ و سـەردەمی مێژوویـی جۆراوجـۆر کۆکراوەتـەوە و زیـادەی خراوەتـە سـەر، چونکـە نـووسراو یـان هۆنـراوە سـەرەتاییەکانی، وەکـو هۆنـراوەی دزینـی

مەڕ ومالات، کە لەیەسنای (10) هاتووە، بەهێچ شێوەیەک باسی پیشەسازی و کشتوکاڵ و دزینی گەنم و جۆ و خشڵ و چەک ناکات، کە زۆر گرانبەهاتر لەمەڕ و مالاتن. زەردەشت لەبەشە نوێترەکانی ئاڤێستا، لەگاتا نوێترینەکان و لەبەشە نوێیەکانی وندیداد، چاوی بەسەر سیستەم و شێوازی ژیانی مادەکان کراوەتەوە و لەو کاتە بەدوا، باسی دابەشکردنی چین و پیشە و وەرزێر و کێڵگە و پێگەی دەسەڵاتداری و ریش سپی گوندی کراوە.

ئەوەش راستییەکی نکۆڵی لێنەکراو دەبێت، کە زەردەشت لەدەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ماد، بانگەشەی خۆی بۆ ئایینی نوێ دەستپێکردووە و هیچ پەیوەندییەکی خوێنی و رەگەزی و نەتەوەیی، بە رەگەز و خوێنی نەتەوەی مادەوە نییە.

زۆر گرنگە دوبارە داکۆکی لەوە بکەینەوە، کە ئاڤێستا تەنیا قۆناخی ژیانی لەبەشەکانی رۆژهەڵاتی سەرزەمین و کۆمەڵگەی مادی ناسیووە و بەهێچ شێوەیەک زانیاری لەبارەی شێواز و قۆناخی شارستانی مادی رۆژئاوا پێنییە، کە لەبواری کولتووری و حکومەتداری و ئابووری هەمە چەشنەوە، زۆر لەمادی رۆژهەڵات پێشکەوتووتر بووە. وێنەی کەلوپەلە دۆزراوەکانی گۆڕستانی سیالکی کاشان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە هیچ پەیوەندیان بە هونەر

و کاری دەستی و پیشەسازی هزری ئێرانییەوە نییە و بەتەواوی هی مادەکانە، چونکە تا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆیەمی پێش زایینیش، هیچ ئاسەوارێکی نزیک لەکەلەپوری گەلانی ئێرانی لەو شوێنەوارە دیرۆکیانە نەدۆزراونەتەوە.

ئەو هۆزە کۆچەرە ئێرانیانەی کە مێژوو بە( سیکرتۆ) دەیانناسێنێ و لەرێگای قەوقازەوە، دزەیانکردبووە ناو سنوورەکانی باکووری مادی رۆژهەلات، یان لەبنەڕەتەوە ئەوانیش ناوی زەردەشت و ئاڤێستایان بەرگوێ نەکەوتبوو، یان لەڕووی شارستانی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەندە پاشکەوتوو و لاوازبوون، کە نەیانتوانیوە کاریگەریان هەبێ و ئاسەوارێکی فکری و کولتووری لەسەر پیاوانی ئایینی زەردەشت و خودی زەردەشت جێبهێڵن، تاکو لەئاڤێستادا ناونیشانێکیان لێ بەجێبمێنێت.

بیروڕاو گەنگەشەیەکی زۆر توند و ڕیشەدار لەسەر ئەم بابەتە هەیە، کە هەر لەبنەڕەتەوە و بەپێی هەلومەرج و ژینگەی جێگری ئاتروپاتێن، ناکرێ ئەوێ ئاخیزگە و شوێنی سەرهەڵدانی ئاڤێستا بێت، چونکە دیاردەکانی سەرەتایی گاتاکان، زۆر جیاوازە لە زمانی سەرەتایی ئاڤێستا و ناتوانێ زمانەکەشی ئێرانی بووبێت، کە لەو چاخانەی نووسەرە ئێرانییەکان، بەچاخی سەرهەڵدانی

ئاڤێستای دادەنێن، کۆمەڵگەی ئاترۆپاتێن، کە مادی بچووک ناودەبردرا، لەبواری ئابووری و شارنشینی و پیشەسازی، بەگوێرەی ئەو رۆژگارە زۆر پێشکەوتوو بووە.

سەرەبۆچوونی ناکۆکی لەنێوان بۆچوونی زۆربەی زۆری مێژووزان و لێکۆلینڤانانی بواری زمان و نیشانەناسی رۆژگاری کۆن، بەڵام ئەو راستییە لەلایەن لایەنگرانی بەماد زانینی زەردەشت، هەمیشە بووتە دایناموی بەردەوامی گەنگەشەی ئەو گفتوگۆیە، چونکە ئایینی زەردەشت لەوڵاتی ماد، هەلی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەستکەوتووە و گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە، ئەو ئایینە دواتر لە رێگا و بەهاوکاری و پشتگیری دەسەڵاتی پاشاکانی هەخامەنشییەوە، خۆی خزاندووەتە نێو ژینگەی مرۆڤی و کۆمەڵگەی مادی رۆژئاوا و ئاترۆپاتێن و لەوێ رێشەی داکوتاوە و گەشەی کردووە. تا سەردەمی دەوڵەتی مادی بەهێز، مادی بچووک (ئاتروپاتێن) یان روخسەتی بەو ئایینە نەداوە، یان ئەوەندە لەلایەن خەڵکەکەوە پێشوازی لێنەکراوە، تاوەکو لەو دەڤەرە، جێگای خۆی بکاتەوە و بانگەشەکاری بۆ ئایینی زەردەشتی بکرێت.

کەواتە زەردەشت وەکو مرۆڤ و پەیامبەر، لەدەرەوەی وڵاتی ماد هاتووەتە ژیانەوە، ئایینی زەردەشتیش دیسان وەکو هزر، هەر لەدەرەوەی سنوورەکان و لەدەرەوەی

کۆمەڵگـەی مـادەکان چەکـەرەی کـردووە و سـەری هەڵـداوە، چـش کـە لەسـایەی دەسـەڵاتی پلۆرالیسـتی مـادەکان مـەزن بووبێـت، کەچـی دواجـار بـۆ ریشـە و بنەچـەی سـایکۆلۆژی و سۆسـیۆلۆژی خـۆی گەڕاوەتـەوە و بەگوێـرەی بەرژەوەنـدی دەسـەڵات، روانگـە مرۆڤـی و ئایینـی و ئاسـمانییە بێلایەنەکانـی گۆڕیـوەو، بووەتـە کۆشـک نشـین و هاوبەشـی داگیـرکاری ئێرانـی زمانـەکان، لەتاڵانکـردن و بەکۆیلەگرتنـی ئـەو مـادە خانەخۆیانـەی، زەردەشـتیان لەسـەر سـفرەی خـۆو لەنـاو ماڵـی خـۆ حەوانـدەوە و پاراسـت.

رەتکردنـەوەی بیرۆکـەی سیسـتەمی پاشـایەتی مـاد، بەشـێوەی لەسـەرەوە بـۆ خـوار، وەکـو ئـەوەی دواتـر پارسـەکان بەکاریانهێنـا و جێگیریـان کـرد، هاوسـەنگی نێـوان راو تێگەیشـتنی زانایـان و مێژوونووسـان لاسـەنگ نـاکات، لـەوەی بەشـێکیان سـەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتـی حکومـەت و شانشـینە مادییـەکان بەپاشـا دەزانـن و بەشێکیشـیان سـەرەبۆچوونی مـادی بوونـی وشـەی شـا، رەدی دەکەنـەوە.

هەرچۆنێـک بێـت زۆرینـە لەسـەر ئـەوە سـاخ بوونەتـەوە، کـە سیسـتەمی فەرمانڕەوایـی لای مـادەکان، بەشـێوەی هەڵبـژاردن بـووە، گەرچـی ئـەو خۆپاڵاوتنـە و هەڵبژێردرانـەش تەنیـا تایبـەت بەخانـەوادەی شـا

و بەڕێوەبــەری پێشــوو بووبێــت، خــۆی فۆرمــی پاشــا خوداوەنــدی ئێرانییــەکان وەلادەنــێ و لێکیــان جیادەکاتەوە.

لــە یەکەمیــن ڕەنگدانــەوەی وێنەکانــی ژیــان و شــێوازی بەڕێوەبــەری کۆمەڵگــەی مــادی لەئاڤێســتادا، وەهــا دیاردەکــەوێ: خــاوەن مــاڵ، ریــش ســپی گونــد، ســەرۆکی هــۆز، ســەرۆکی ناوچــەکان (پاشــا)، پاشــان زەردەشــت. ئاڤێســتا لــە ســەرەتادا دەســەڵاتی پێنجــەم بــۆ زەردەشــت وەکــو پێگــەی ئایینــی دادەنێــت، بــەڵام کــە بەرەبــەرە شــوێنپێی خــۆی لەشــاری (رێــگا) قایمــدەکات، پلەیــەک پێگــەی خــۆی دێنێتــە پێشــەوەو زەردەشــت وەکــو چوارەمیــن پڵــە لــە بەڕێوەبەرایەتــی کۆمەڵگــە دادەنێــت.

دەستنیشــانکردنی دەزگاو پێگــەی دەســەڵاتداری لەخــوارەوە بــۆ ســەرەوە، وەک ئــەوەی ئاڤێســتا باســی دەکات، خاڵێکــی بەهێــزە، کــە لەبەرژەوەنــدی ئەوانــەی هاوبۆچوونــی بیرۆکــەی سیســتەمی دیموکراســی ســەرەتایی مادەکانــن دەخرێتــە نــاو ســیپەوە، بــەڵام ئــەوە خــۆی لەخۆیــدا نیشــانەیەکە، کــە تاپێــش لەنێوچوونــی پاشــایەتی مــاد، هێشــتا ئایینــی تاکخــواز و دەســەڵاتخوازی زەردەشــت، ڕۆڵێکــی زێــدە کاریگــەری بەســەر کۆمەڵگــە و کاروبــاری بەڕێوەبردنــی حکومــەت نەبــووە و تەنانــەت لــە نــاو جەرگــەی وڵاتــە مادەکانیشــدا، کــە بــە خەڵوەتــگای زەردەشــت دەژمێــردرا، ئــەو ئایینــە دەکەوێتــە پلــە و پێگــەی

چوارەمــەوە و هەمــوو کارەکانــی، لەسەرپەرەشــتیکردنی پەرەســتگە و ئاگــردان و ڕێنوێنــی ئایینیــدا خــۆی بینیوەتەوە. ئــەوە تەنیــا هەخامەنشــیەکان بــوون، کــە فریوکارانــە کەڵکیــان لــەو ئایینــە وەرگــرت و ئامانجەکانیــان گــۆڕی و کردیانــە یەکێــک لەهێــز و کەرەســتەی دەســەڵاتداری خۆیــان و بناخــەی دەوڵەتــی ئێرانیــان پێبەهێزکــرد.

ئــەوەی کــە پارســەکان کاریگــەری ئایینــی زەردەشــتیان لەبەرژەوەنــدی خۆقۆســتبێتەوەو، دووبــارە ئێرانیاندبێتــەوە، جێــگای هیــچ گومانێــک نییــە، بــەڵام مێــژوو لەتیشــک خستنەســەر ئــەو بابەتــەی، کە زەردەشــت پێــش دەرکەوتنی کۆچــەرە هینــد و ئێرانییــەکان، بــۆ نێــو گەلانــی مــادی ڕۆژهــەڵات کۆچیکــردووە و لــەوێ گیرســاوەتەوە، دەرفەتــی بــۆ هیــچ مشــتومڕێک نەهێشــتووەتەوە. لەئاڤێســتادا بــە ڕونــی باســی چیــن و توێژەکانــی کۆمەڵگــە و هــۆز و گونــد و زنجیــرەی بەڕێوەبەرایەتــی و دەســەڵاتداری، بەشــێوەی لەخــوارەوە بــەرەو ســەرەوە دەکــرێ، بــەڵام نــاوی هیــچ گــەل و زمانێکــی دیکــە ناهێنــێ و ئامــاژە بەبوونــی هیــچ نەتــەوە و زمانێکــی دیکــە نــاکات.

ئــەو ســەرچاوە ئاشــووریانەی، کــە لــەرووی مێژووییــەوە دەبــێ زۆر دوورتــر لەجاخــی ســەرهەڵدان و نووســینەوەی ئاڤێســتا، لەنیــوەی دووەمــی ســەدەی نــۆی پێــش زاییــن بــن، بەهەمــان چەشــن تەنیــا بــاس لەمــاد دەکــەن و

هیچ مرۆڤگەلێکی دیکە بەناوی ئاریایی تۆمار ناکەن و ناناسن. لەو سۆنگەوە دەبێ لەوە دڵنیا بین، کە لەتۆماری مێژووی سەدەکانی نۆ و هەشت و حەوتی پێش زایین، ئاشوورییەکان تەنیا سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بۆ داکۆکی لەبوونی یەکێتی گەلانی ماد و سەرزەمینێک بە ناوی ماد دادەنرێن.

گۆڕستانی [1]سیالک و ئەو کەرەستانەی لەهەڵکۆڵینەکانی کەڤارناسی ئەم گۆڕستانە دۆزراونەتەوە، پێماندەڵێن کە ئێرانییەکان گەیشتنە ئەم مەڵبەندە، بە سەرسووڕمانەوە لەجیاتی لەوەڕگەی چۆڵ و سەرزەویەکی دەستپێڕانەگەیشتوو، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی شارستانی زۆر پێشکەوتووتر لەخۆیان رووبەڕووبوونەتەوە. هەموو ئەو کەلوپەلانەی لەسیالک دەستکەوتوون، ئەوە دەسەڵمێنن، کە ئەم ئامراز و چەک و کەرەستەی قوربانیکردن و جەژن گرتنە، ناتوانێ دەستکار و بەرهەمی ئێرانییە

---

1- (و. و. ئێسترووە) لە کۆمەڵە گوتارەکانی رۆژهەڵاتی کۆن، کە زانکۆی لێنینگراد بڵاوی کردوونەتەوە دەڵێ : لە ئاڤێستا باسی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کراوە و ئەم پەرتووکە گەنم و جۆ و تەنانەت برنج یش دەناسێ و ئاماژە بە خشڵی کانزایی گرانبەها و کارگەی رستن و چنین یش دەدات. -ئەو بابەتەی ئێسترووە، باسی لێوەدەکات، پەیوەندی بە بەشەکانی نوێتری ئاڤێستاوە هەیە، ئەوانەی دوای هاتنی زەردەشت بۆ وڵاتی ماد نووسراون و لە بەشەکانی دواتر رەنگیان داوەتەوە.

ڕەوەنـدەکان بێـت، کـە لـەو مێـژووە تـازە گەیشـتبوونە ئـەو ناوچەیـە و واش پێدەچێـت، ئـەو کۆچەریانـە لـەو ڕۆژگارە بـەدوا، شـتێکیان لەبـارەی زەردەشـت و پەیام و فەلسـەفەی ئایینەکـەی زەردەشـت بیسـتبێت و پێـی ناسـیاو بووبـن.

ئــەوە ڕاســتە کــە بەشــە ســەرەتاییەکانی گاتاکانــی زەردەشـت، بـەر لەئاوارەبوونـی بـۆ وڵاتـی مـاد، هۆنرابنـەوە و نووسرابـن، بـەڵام بەشـەکانی دواتـری ئاڤێسـتا بەرهەمـی هـزری مۆغەکانـە، کـە بەگوێـرەی بەرژەوەنـدی دەسـەڵات و گەلــی سەردەســت و پێگــەی ئایینــی خۆیــان، لەنــاو دەزگای دەوڵەتــدا، داهێنانیــان تێــدا ئەنجامــداوە.

مۆغـەکان وەک زانـا و پیـاوی ئایینـی، کـە وەکـو نەریتێـک لەئایینــە تەکخواییەکانــی یەهودیــەت و مەســیحیەت و ئیســڵامیش دووبارەبوویــەوە، لەدەســەڵاتداری بەســەر ئایینــەوە، ئــارەزووی فەرمانڕەوایــی گەردونــی و بەڕێوەبەرایەتــی کۆمەڵگــە و کاروبــاری حکومەتداریــان کەوتووەتەسـەر و بوونەتـە دۆسـت و هـاوکاری زۆر نزیکـی ئێمپراتــۆر و پاشــاکان و باســکی بەهێــزی دەوڵــەت.

هەندێـک لەلێکۆڵـەرو مێژوونووسـان دەڵێـن، مۆغـەکان لەهــۆزە ئێرانــی زمانەکانــن، هەندێکــی دیکــە بەتۆرانــی و هەندێکــی دیکــەش لــەو بڕوایــەدان، ئــەوان هــەر لەبنەڕەتــەوە گــەل یــان هــۆز نیــن، بەڵکــو گرووپێــک خەڵکــی پێشــەگەرن، کــە کاهینــی و خزمەتــکاری

ئاگردانەکانی زەردەشتیان، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان هەڵبژاردووە.

و. و ئێستروەوە، لە پەرتووکی زێدی ئایینی زەردەشت، وەها باسی مۆغەکان دەکات: هۆزی مۆغەکان، لەدەوروبەری شاری ڕەی نیشتەجێبوون و هەڵگری بیروباوەڕی مادەکان بوون. تەنانەت هەندێک لەتوێژەرانی بواری ژیان و مێژووی زەردەشت، یەکێتی و هاوکاری نێوان زەردەشت و مۆغەکان ئەوەندە لەیەک نزیک و بەهێز دەزانن، کە بۆچوون و بیرۆکەیەکی وەهایان لەلا گەلاڵە ببێت، کە زەردەشت خۆی لەهۆزی مۆغەکان بزانن.

مۆغەکان هەموویان کاهین نەبوون، بەڵکو کاهینەکان هەموویان مۆغ بوون، لەوەدا ئەم مژارە ڕووندەبێتەوە، کە بەشێک لە مۆغەکان بوونەتە کاهینی ئایینی زەردەشت و ئاگرگە و پەرەستگەکانیان پاوان کردووە و خۆیان لە بەرگی پیرۆز هەڵکێشاوە.

(ج. مسینا) لەلێکۆڵینەوەکانیدا دەنووسێت: بەڕێوەبردنی کاروباری پەرستگەکانی زەردەشتی و بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریەکانی ئەو ئایینە، بەشێوەیەکی میراتی بۆ مۆغەکان پارێزراو و پاوان بووە، سەرەبۆچوونی ئەوەی، کە پێدەچێت پێش لەدەرکەوتنی ئایینی زەردەشت، مۆغەکان زانایانی ئایینە سەرەتاییەکانی وەکو

سروشــتخوازەکان بووبــن.

داکۆکیــکاری زۆر بەهێــز هــەن و ئەزیــش لەســەر ئــەو بۆچوونــەم کــە مۆغــەکان هــۆز یــان بەرەبابێکــی مــادی بــوون، پێــش لەدەرکەوتنــی زەردەشــت، خزمەتــی پەرەســتگەی ئایینــە ســەرەتاییەکانی وەکــو مەزداپەرەســتی و میترایــی و ئایینــی دیکەیــان کــردووە، لەگــەڵ دەرکەوتنــی زەردەشــت، بــەو پێیــەی کــە ئاینێکــی ڕەهاگــەری پــڕ لــە تۆخمــی دەســەڵاتداری بــووە، ئایینیــان گۆڕیــوەو بوونەتــە خزمەتــکاری ئاگردانەکانــی زەردەشــت و لەگــەڵ ئــەو لەشــاری (ڕەی) ڕێــگاوە بــەرەو ســەرزەمین و وڵاتــی شــا ویشتاســپ کۆچیانکــردووە، ئیــدی لەوەبــەدوا، کاهێنــی و ئاترەوانــی و خزمەتــکاری ئاگردانەکانــی زەردەشــتیان پشتاوپشــت لــەو نــەوەوە بــۆ نــەوەی دیکــە بــۆ بەمیــرات ماوەتــەوە و رووخســەتیان نــەداوە کەسێکی دیکــە تخونــی ئــەو پێشــەیە بکەوێــت.

ســەرەبۆچوونی ئــەوەی ناکۆکــی لەنێــوان نووســەر و مێژوونوســان چارەســەر نەبــووە و گومــان لەســەر مــادی بوونــی بەرەبابــی مۆغــەکان هــەر بەردەوامــە، بــەڵام ئــەوان هەرچیــەک بــن، مــادەم لەشــاری ڕێــگای مادیــەوە لەگــەڵ زەردەشــت کۆچیــان کردبێــت، گریمانــەی مادیبــوون زیاتــر دەیانگرێتــەوە. بــەو پێیــە لــەدوای ئــەوەی بەشــێک لــەوان، هەمــوو کات و تەمــەن و ژیانــی خۆیــان بــۆ

خزمـەت لەنـاو پەرەسـتگە و ئاگردانەکانـی زەردەشـت تەرخاندەکـەن، سـیمایەکی پیـرۆز وەردەگـرن و لەوەبـەدوا، وەکـو مرۆڤگەلێکـی ئایینـی و دەسـتەبژێر دەردەکـەون و پەیوەندیـان بـە رەچەڵـەک و رەگـەز و نەتـەوەی خۆیانـەوە نامێنـی، بۆیـە ئـەو ئایینـە بـۆ هەرشـوێنێک دەگوازرێتـەوە و پـەڵ دەهاوێـژێ، مۆغیشـی لەگـەڵ دەڕوا و بـارو بنـە دەگوازێتـەوە. بـەم شـێوەیە مۆغـەکان لەگـەڵ شـوێنگۆڕکێ و گوازرانـەوەی ناوەنـدی ئایینـی و ئاگردانەکانی زەردەشـت بـۆ ئاترۆپاتێـن، بەشـێوەی سروشـتی روو لـەو ناوچەیـە دەکـەن و مەزنتریـن ئاگـردان و بەهێزتریـن پەرەسـتگە لـەوێ بنیاتدەنێـن، تـا ئـەو شـوێنەی کـە تـا سـەردەمی رووخانـی ساسـانییەکان، بەناوەنـدی زەردەشـتیگەری دەهاتـە هەژمـار.

لەسـەدەی شەشـەمی پێـش زاییـن ئایینـی زەردەشـت فراونتریـن و بەکارتریـن ئایینـی مـادەکان بـووە. هەندێـک هـۆکاری پێشـوازی مـادەکان لـەو ئایینـە بـۆ رەچەڵەکـی (سـپیتامە)یی زەردەشـت دەگەڕێننـەوە، کـە پێیانوایـە لەرێـگای (ئامێتیـس)ی دایکییـەوە، خزمایەتـی [1] لەگـەڵ مـادەکان هەبـووە.

---

1- ئـەوە بـەلای منـەوە بیرۆکـە و ئاخافتنێکـی بـێ کەڵکـە، کـە هیـچ بەڵگـە و

(پلۆتــارک) ســەرەبۆچوونی تێهەڵچوونەوەیەکــی هــزری دژوار، لەمــەڕ گەڕاندنــەوەی مێــژووی ســەرهەڵدانی

---

سەڵماندنێکی زانستی مێژووی لەپشتەوە نییە.

- هیــرۆدۆت ئــەم مەســەلەیە پشتراســتدەکاتەوە، کــە لەنیــوەی دووەمــی ســەدەی شەشــەمی پێــش زاییــن، لەنێــو کۆشــکی ئاســتیاگی پاشــای مــاد، بــاس لەمۆغــەکان کــراوە.

- دووچــاری هەڵەیەکــی مــەزن دەبیــن ئەگــەر وا تێبگەیــن، کــە مــۆغ نــاوی پێگــەی ئایینــی پیاوانــی زەردەشــتییە، چونکــە زۆر لــە مۆغــە خزمەتکارەکانــی دەربــارو کۆشــکی پاشــایەتی مــاد، هــەر پیــاوی ئایینــی نەبوونــە و لەوانەیــە، هــەر باوەڕیشــیان بــەو ئایینــە نەبووبێــت.

-ئاڤێســتا بــاس لەچەنــد چینــی کاهیــن دەکات، کــە دەشــێ لەمۆغــەکان پێــک هاتــبن لەوانــەش: کەرەپــەن، ئاتــرەوان و ئوســیج.

-هەندێــک لەلێکۆڵــەر و مێژوونووســان، مۆغــەکان بەپســپۆر و ماموســتای ئایینی زەردەشــت دەزانــن، لــێ بــە بــڕوای مــن، مۆغــەکان مامــا و پــەروەردەکاری راســتینەی ئایینــی زەردەشــتن، جگــە لــە چەنــد هۆنــراوەی ســەرەتایی(گاتا) کان، ئــەوەی دیکــە لــە ناوەرۆکــی ئاڤێســتا، هەمــووی بەرهەمــی هــزری مۆغەکانــە، کــە بەگوێــری هەڵومــەرج و بەرژەوەنــدی سیســتەمی دەســەڵاتداریی ئێرانییــەکان نووسراونەوتــەوە.

-بالــەوە گەڕێیــن کــە لە نێــوان بگرەو بــەردە و تەبایــی و ناتەبایــی، راو بۆچوونی مێژووناســان، هەندێکیــان هۆنراوەکانــی زەردەشــت، کــە بــە گاتــاکان نــاوزەد کــراون، بــۆ 258 ســاڵ پێــش ئەســکەندەر و هەندێکــی دیکــەش، بــۆ پێــش لــە ســلوکیەکان دەگەڕێننــەوە. بــەڵام ئــەو بەرەیــەی بەڵگــەی بۆچوونەکانیــان زۆر لاوازە و ئەنجامــی دۆزراوە کۆنینەناســیەکان و زمانــی خــودی گاتاکانیــش، دادیان نــادا و لەســەری رێــك ناکــەون ئەوەیــە، کــە دەیانــەوێ مێــژووی زەردەشــت بــۆ زۆر کۆنــتر، بــۆ پێــش هەخامەنشــیەکانیش بــەرەو دواوە بگەڕێننــەوە و ئەســتۆپاکی ئــەو لــە ســتەم و داگیرکاریەکانــی ئێمپراتۆریــی هەخامەنشــی بســەڵمێنن.

زەردەشــت، بــۆ رابردوویەکــی زۆر دوورو بــۆ هــەزار ســاڵ پێــش لەدایکبوونــی موســای پەیامهێــن، لــێ (هێرتســفێڵد) بێگومانــە لــەوەی، کــە داریــوش بەپێــی راســپاردەی راســتەوخۆی زەردەشــت، گوماتــەی کوشــتووە. هــەر ئەویــش جارێکــی دیکــە داکۆکــی لەوەدەکاتــەوە، کــە زەردەشــت لەرەچەڵەکــی کورشــی هەخامەنشــی ئێرانییــە و لەســەر ئــەو بڕوایــە پێداگــرەی دەکات، کــە زەردەشــت نــاوی (ســپیتاک) و کــوڕی (ســپیتامە) و (ئامێتیســی) کچــی ئاســتیاگی پاشــای مــادە.

هێنانــە گــۆڕی خزمایەتــی خوێنــی زەردەشــت لەگــەڵ مــادەکان، پرســێکی لۆژیــک پەســەند نییــە، چونکــە وەک لەهەڵوێســتەکانی زەردەشــت، لەرووبەڕووبوونــەوەی لەگــەڵ مــاد دەردەکــەوێ، ئــەو شــەڕی ئایینــی لــە پێنــاوی تێکشــکاندنی نەتــەوەی مــاد بەڕێــوە بــردووە و شــەڕەکە لەبنەڕەتــەوە شــەڕێکی نەتەوەیــی بــووە، لــە رواڵەتێکــی ئایینیــدا. چونکــە ئەگــەر بیرۆکــەی بەمــاد زانینی زەردەشــت بەبنەمــا وەربگریــن، دەبــێ ئــەو هاوکێشــەیە شــیکار بکەین، ئەگــەر زەردەشــت مرۆڤێکــی مــاد بایــە و لــە ئامێتیســەوە، نــەوەی ئاســتیاگ بایــە، بۆچــی دەبــێ لەجیاتــی ئاســانکاری بــۆ گەڕاندنــەوەی تــاج و تەختــی باوکــی، بەخــۆی و ئایینەکەیــەوە، ببێتــە هــۆکاری لەناوچوونــی بنەماکانــی ســەربەخۆیی و جیهانبینــی نەتەوەکــەی، خــۆ ئەگــەر شــەڕی

ئاییـن گۆڕینیشـی دژی میـترای مـادی کردبێـت، ئـەی دەبـێ چـۆن بوویێتـە هــاوکاری باڵادەســتکردنی نەتەوەیەکــی دیکـە بەسـەر قـەدەر و خـاک و نەتـەوەی خۆیـدا، ئەگـەر زەردەشــت مــاد بایــە، رازی نەدەبــوو هەمــوو مــادەکان، لەڕێــی ئایینــەوە بکاتــە کۆیلــە و ژێردەســتی پارســە بیانییــەکان و تاجــی پاشــایەتی باوکــی لەســەری کورشــی بکـوژی باوکـی ببینێـت.

# مادەکان لەنێوان بەرداشی ئاشووری تاڵانکەر و ئێرانی شوێنبزرکەردا

لەسەدەی نۆی پێش زایین، بەرەبەرە گەلانی دانیشتووی سەرزەمینی ماد، بەرەو پێکەوە نانی چەند هاوبەندی و یەکێتی نێوانیان، لەچوارچێوەی ژمارەیەک هۆزو گوند و ناوچەو میرنشینی بچووک، زۆر لەسەرەخۆ هەنگاویان دەنا. بەڵام هیچیەک لەو یەکە هۆزی و ناوچەیی و گوندیانە، ئەوەندە بەهێز نەبوون، کە بتوانێ ببێتە دەوارێک بۆ هەموو هۆز و ناوچە و گوندەکانی گەلانی ماد زمان.

لەو سەردەمەدا مەڵبەندەکانی مادی رۆژئاوا، کە بریتی بوو لەنیوەی زیاتری خاکی ماد، هێشتا لەژێر چەپۆکی داگیرکاری و تالان و بەکۆیلەکردنی ئیمپراتۆری ئاشوور،

رۆژگارێکــی ســەخت و تاریکــی بەڕێدەکــرد. ســارگۆنی دووەم زۆر شــانازی بەخــۆی دەکات، کــە ســەرزەمینی مادەکانــی هــەر لەکاشــمەر تــا ســیباری، لەدووردەســتی وڵاتــی مــادی رۆژهــەڵات، ئەســیری ژێــر دەســەڵاتی خــۆی کــردووە.

وڵاتــە مادیــەکان ســەرەبۆچوونی چەنــدان خــول، لەداگیرکــران و بەدیلگیــران و تاڵانکــران، وەک مێــژوو باســی دەکات، هەرگیــز بەیەکجــاری ملکەچــی ئاشــوورییەکان نەبــوون، بەڵکــو دوای هــەر شکســتێک دووبــارە خۆیــان رێکدەخســتەوە و دژی ئاشــوورییەکان تێهەڵدەچوونــەوە و ســەرهەڵدانیان ئەنجامــدەدا. بەمشــێوەیە داگیــرکاری ئاشــوورییەکان و دووبــارە ســەرهەڵدانەوەی مــادەکان، تــا ســاتەوەختی پێکهێنانــی دەوڵەتــی یەکگرتــووی مــاد و رووخــان و لەناوچوونــی دەوڵەتــی کۆیلــەدار و مشــەخۆری ئاشــوور، بــەردەوام دەبێــت.

(گزنەفــۆن) لەنووســینەکانی خۆیــدا، باســی مەزنایەتــی و شــکۆی پاشــا و گەورەپیاوانــی پایەبــەرز و ریــش ســپیەکانی بەڕێــزی مــاد دەکات، کــە دەســەڵاتێکی تۆکمــەی بێســنووریان هەبــووە و دەســەڵاتییان بەشــێوەی دەســەڵات و فەرمانڕەوایــی ئاشــوورییەکان دەشــوبهێنێ، بــەڵام لەروانگــەی دژە مــادی خۆیــەوە، بەســتەمکار ناویــان دەبــات، کــە پێیوایــە مــادەکان هەمــوو سروەت و ســامانی

خۆیـان له‌رێـگای له‌شكركێشـی و داگیركردنـی وڵاتـی دیكـه و به‌كۆیله‌گرتنــی خه‌ڵكــی دراوســێ كۆكردووه‌تــه‌وه.

ســه‌رچاوه ئه‌رمه‌نییــه‌كان، به‌تایبه‌تــی له‌په‌رتووكــی جوگرافیــای ســه‌ده‌ی حه‌وته‌مــی (ئانانــی شــێرا كاتســی) دا هاتــووه، ئێقــرار عه‌لــێ یێــف له‌په‌رتووكــی پاشــایه‌تی مـاد داكۆكـی لێكردووه‌تـه‌وه، ده‌وڵه‌تـی مـاد خاوه‌نـی ئـه‌م وڵاتانـه بـووه، ئاترۆپاتێـن، ره‌ی، گه‌یـلان، مۆغـان، دێله‌مـان، ئه‌همــه‌دان، دامبــوار، تاپارســتان، ئامــه‌گ و رویــه‌ز، كــه هه‌موویــان لــه گه‌لانــی مــاد زمــان پێكهاتــوون.

ناوبردنـی چه‌نـد وڵات لـه لایـه‌ن مێژوونووسـانی رۆژگاری كــۆن، كــه خاوه‌نــی حكومه‌تــی خۆبه‌ڕێوه‌بــه‌ری و شــا و ســه‌رۆكی ناوچه‌یــی خۆیــان بــوون، ئــه‌وه ده‌ســه‌ڵمێنی كـه مـاده‌كان بـه پێـی بنه‌مـا ئایینییـه میترایيه‌كانیـان، كـه خـۆی ئاینێكـی تاكانـه‌ی هه‌ره‌مـی نه‌بـووه و له‌بنه‌ڕه‌تـه‌وه له‌ســه‌ر پره‌نســیپی هاوپه‌یمانــی و به‌ڵێــن پێــك هاتــووه، سیســته‌می ده‌ســه‌ڵاتداریان دارِشــتووه، كـه شـێوه‌كه‌ی زۆر لـه كۆنفیدرالـی ئێسـتا پێشـكه‌وتوو تـرو ئازادانـه تـر بـووه. پرسـی ئـازاد بـوون و ئـازاد ژیـان، ماده‌كانـی بـه شـێوه‌یه‌كی وه‌هـا وابه‌سـته‌ی ئـاو خـاك و نه‌تـه‌وه‌ی خۆیـان كـردووه، كـه سـه‌ره‌بۆچوونی سـه‌دان سـاڵ كـوژران و تاڵانكـران و بـه كۆیلـه بـردن، ئاشـوورییه‌كان هه‌رگیـز نه‌یانتوانیـوه كۆتایـی بــه هــزری ســتراتیژی ســه‌ربه‌خۆیخوازی ئــه‌و نه‌ته‌وه‌یــه

بهێنـن و ئیرادەیـان تێکبشـکێنن، کـە لـەو چاخانـەدا گـەڵ و نەتــەوەکان لەژێــر هەڕەشــەی دەرەکیــدا، بەئاســانی خۆیــان بەدەســتەوەدەدا و بــەرەو ســەرزەمینێکی دیکــە کۆچیاندەکـرد و وڵاتـی خۆیـان بەجێدەهێشـت.

دەوڵەتـی مـاد لەسـەردەمی فەرمانڕەوایی هووەخشـتەرە، زۆر بەلێهاتوویی رۆڵی جیۆپۆلیتیکی، لەهاوکێشـەی ئابووری و هێزداریــدا بەدروســتی خوێندووەتــەوە و تێگەیشــتووە، بۆیــە هەبوونــی تەنیــا یــەک لــەدەروازە و رێــڕەوی ئــاوی باشــووری ســەرزەمینی مــاد، (کەنــداو)ی بەکەمزانیــوە و بەهەمـوو هێزیـەوە پـەرەی بەپلانـی گەیشـتن و کردنـەوەی رێڕەوێکـی دەریایـی جیهانـی دیکـە داوە و کاری بۆکـردووە، لەپێنـاوی ئـەم ئامانجـە و بـۆ گەیشـتن بـە دەریای(ئیجـە) سـەرکەوتووانە سـنوورەکانی دەوڵەتـی مـادی لەباکـووری رۆژئــاواوە، تــا کەنارەکانــی رووبــاری (قــزڵ ئیرمــاق)ی تورکیـای ئێسـتا، بردووەتـە پێشـەوە و لـەوێ رووبـەڕووی دەوڵەتـی بەهێـزی (لیـدی) بووەتـەوە و بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ، هێرشـی مـاد بـۆ سـەر ئـەو دەوڵەتـە بەردەوامبـووە، تاوەکــو دواجــار بەهــۆی [1]خۆرگیرانێــک، شــەڕکەرەکان دەسـتیان لەشـەر هەڵگرتـووە، ئـەوەش بووەتـە هۆکارێـک،

1- ســەرباری بۆچوونــی جۆراوجــۆر، هەندێــک لەلێکۆڵــەران، ئــەو رووداوە

کـە پەیمانـی ئاشـتی لەنێـوان هووەخشـتەرە پاشـای مـاد و ئالیاتـی پاشـای لیـدی واژۆ بکرێـت.

بەبـاوەڕی هێـرۆدۆت، دەوڵەتـی مـاد لـە دوای ( 128) سـاڵ دەسـەڵاتی خـۆی لەدەسـتداوە و لەناوچـووە، بـەڵام لەکۆکردنـەوە سـەریەکی سـاڵەکانی تەمەنـی دەسـەڵاتداری زنجیـرەی پاشـاکانی مـاد، تەمەنی ئـەو دەوڵەتـە دەگەیێنێتە (150 ) سـاڵ و دەڵـێ :

دەیوک، یان دیاکۆ (53) ساڵ

فراوەرتیشی کوڕی، (22) ساڵ

هووەخشتەرە، (40) ساڵ

---

فەلەکییـە، بـۆ سـاڵی 610 و هەندێکـی دیکـە بـۆ سـاڵی 597 ی پێـش زایینـی دەگەڕێننـەوە. بـەڵام (سـیسرۆن) دەڵـێ : ئـەم دیاردەیـە لەسـەردەمی (ئیشـتۆویگۆ) ئاسـتیاگی کـوڕی هووەخشـتەرە روویـداوە. گەرچـی زۆربـەی بۆچوونـەکان لەسـەر سـاڵی 585 ی پێـش میـلاد رێکدەکـەون، کـە فەیلەسـوفی یۆنانـی( تالسـی مالتـی ) هێناویەتـەوە سـەریەک.

-لەکۆتاییەکانـی سـەدەی شەشـەمی پێـش زاییـن هـۆزە پارسـە ئێرانییـەکان بەکەڵـک وەرگرتـن لـە سـەرقاڵی مـادەکان بـە شـەڕی لیدییـەوە، بەچـڕی دزەیـان کردووەتـە نـاو جوگرافیـای وڵاتـی مـاد و لـە زۆر ناوچـەی وەکـو پارێـزگای فارسـی ئێسـتا، یەکـەی خۆبەڕێوەبـەری سـەربە دەوڵەتـی مادیـان دامەزرانـدووە، دواتـر هـەر ئـەوە خـۆی دەبێتـە یەکێـک لـە خاڵـە هـەرە لاوازەکانـی وڵاتـی مـاد، لەبەرامبـەر هێرشـی ئاشـوورییەکاندا، چونکـە پارسـە ئێرانـی زمانـەکان، بەبـێ شـەر و بەرگریەکـی پێشـگریکەر، خۆیـان بەدەسـتەوە دەدا و رێگایـان بـۆ پێشـڕەوی سـووپای ئاشـوور، بـۆ نـاو جەرگـەی سـەرزەمینی مـاد دەکـردەوە.

ئیشـتۆویگۆ، یـان ئاسـتیاگ، یـان ئەژدیهـاک،ی دواییـن پاشـای مـاد (35) سـاڵ، فەرمانڕەواییـان کـردووە .

لەلایەکـی دیکـەوە ژمارەیـەک لەمێژوونـووس و لێکۆڵـەری دیکـەی وەکـو، (کسـتیاس) و (موسـی خۆرنـی) و (دیۆدۆرۆسـی سیسـیلی) و (یوسـی بیوسـی قەیسـەری)، سـەبارەت زنجیـرەی پاشـاکانی مـاد، بۆچوونێکـی دیکـەی هاوبۆچوونیـان هەیـە لـەوەی کـە زنجیـرەی پاشـکانی مـاد، وەهـا ریزبەنـدی دەکـەن :

1 - ئارباک، 28 ساڵ
2 - ماندائۆک، 50 ساڵ
3 - سۆسارم، 30 ساڵ
4 - ئارتیک، 50 ساڵ
5 - ئاربیان، 22 ساڵ
6 - ئارتای، 40 ساڵ
7 - ئارتین، 22 ساڵ
8 - ئاستیبار، 40 ساڵ
9 - ئاسپاد، 35 ساڵ

ئەگـەر بەپێـی لێکدانـەوەی لێکۆڵـەران و دێرۆکنووسـانی سـەرەوە بێـت، دەبـێ تەمەنـی دەسـەڵاتداری پاشـایەتی مـاد بگاتـە 317 سـاڵ، کـە لـە ژێـر رۆشـنایی تۆمـارە

مێژوویەکانی ئاشووری و یادداشتەکانی هێرۆدۆت و بەردەستبوونی رێکەوتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد و کۆتاییپێهاتنی ئەو دەوڵەتەش، ئەمەیان نابێت راست بێت، بەڵام رێی تێدەچێت ئەوانە هەموو پاشا و دەسەڵاتدارانی بەنێوبانگی مادەکانیان، خستبێتە سەر یەک لیست و لەسەر زنجیرەی پاشایەتی دەوڵەتی ماد هەژماریان کردبن، کە لەسەردەم و قۆناخی جیاوازدا و لەمەڵبەندی جیاوازی سەرزەمینی ماد، رێبەرایەتی یەکەی خۆبەڕێوەبەری گوندی و ناوچەیی و هۆزەکانیان کردووە، بە گوێرەی مێژووی ئاشوور، بەشێکی زۆر لەو رێبەرە ناوخۆییانە بەپاشا هەژمارکراون.

ئەوە لەحاڵێکدایە کە خشتەی سەرەوە، ناوی هیچ یەک لە فەرمانڕەوا و پاشای دەوڵەتی یەکگرتووی مادی تێدانییە، کە لەنووسینەکانی هێرۆدۆتدا، لە (دەیوک) دیاکۆ دەستپێدەکا و بە( کیاکسار )یان ئاستیاگ، کۆتایی پێدێنێت. ئەو (دەیوک)یان دیاکۆیەی هێرۆدۆت لەیادداشتەکانیدا، بەیەکەمین پاشای دەوڵەتی ماد دەیناسێنێ، لەهیگمەتانەی رۆژهەڵاتی وڵاتی ماد، بنگەی دەوڵەت دادەمەزرێنێ و ئاشوورییەکانیش، بەهاوچەرخی سارگۆنی دووەمی دادەنێن، کە دەبێت لەدەوروبەری ساڵی 715ی پێش میلاد، پاشای دەوڵەتێکی مادی بووبێت، بەڵام هەر بەگوێرەی ئاماژەی ئەو

مێژوونووسە ئاشوورییانە، لەرۆژئاوای وڵاتی ماد، وەکو شا و سەرۆکێکی کاریگەر و لێهاتووی دەوڵەتی مانا، باسی دیاکۆ دەکەن، نە لەهیگمەتانەی رۆژهەڵاتی وڵاتی میدیا.

سەرەبۆچوونی هەموو ئەو ناکۆکیانە، بەگوێرەی دەقە بزمارییەکان، کە تا رادەیەکی جێی پەسەند بۆچوونەکانی هێرۆدۆت لەبارەی (دەیوک) یان دیاکۆ پشتراستدەکەنەوە و دەسەڵمێنن، دەشێ (دەیوک) هەمان دیاکۆ بێت. دەقە بزمارییەکان چڕی تەمی گومانییەکانیان بەئەندازەیەک بێرەنگ کردووە و رەواندووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زانایانی بواری مێژوو، نیشانەی ئەو پرسیارەیان بەیەکجاری پێنەسڕدراوەتەوە، ئەویش بەیەکگەیاندنی ئەو دوو سەردەمی جیاوازەیە، کە (دەیوکی) هێرۆدۆتی تێدا ژیاوە، لەگەڵ ئەو رێکەوتەی کە ئاشوورییەکان لە رۆژژمێرەکەیاندا، باسی دیاکۆ وەکو سەرۆکێکی دەوڵەتی مانایی دەکەن. (دەیوک) لە هیگمەتانە دەوڵەتی یەکێتی نەتەوەی مادی لە رۆژهەڵاتی وڵاتی ماد پێکهێناوە، لەحاڵێکدا کە بەپێی گێڕانەوەی مێژووی ئاشوورییەکان، دیاکۆ فەرمانڕەوای شانشینێکی مادی رۆژئاوا، لە دەوروبەری گۆڵی ورمێ بووە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی مانا دا. بۆ چارەسەری ئەو پرسە تەنیا یەک رێگامان بۆ دەمێنێتەوە و پێویست دەکات

گریمانـە و بیرۆکەیەکـی وەهـا بخەینـەڕوو، کـە دەشـێ دوو سـەرکردەی بەنـاو دیاکۆمـان لـە دوو سـەردەمی زەمەنـی جیـاوازدا، هەبووبێـت * .

سـەرەبۆچوونی ئاڵـۆزی و ناڕوونـی لەگێڕانـەوە مێژووییەکانـی ڕۆژگاری کـۆن، لەلایـەن نووسـەرانی مێژووی جیهانـی کەونـار، بـەڵام بـەراوردکاری لـە نێـوان راوبۆچوونـە

* بـە بـڕوای مـن، ئـەوە ژمارەیـەک لـە سـەرۆکی یەکێتـی و شانشـینە مادیەکانـی سـەدەکانی پێـش سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی یەکگرتـووی مـادن ، لەریشـە و خوێنـەوە ناگەنـەوە بنەماڵـەی دیاکـۆ، کـە هێـرۆدۆت، بـە دەیوکیـەکان، ناویـان دەبـات و تـا دەگاتـە ئاسـتیاگی دواییـن پاشـای مـاد، بەیـەک خانـەوادە و نەوەکانـی (دەیـوک)، دیاکـۆ یـان دەزانێـت، لەگـەڵ ئـەوەی کـە ژماردنەکانـی هیـرۆدۆت لەبـارەی مـاد و پاشـایەتی مـادەوە، راسـترین سـەرچاوی مێژووییـن، بـەڵام وەکـو تێگەیشـتن و خوێندنـەوەی خـۆم، لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە، کـە هەمـوو پاشـاکانی دەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد، لەیـەک بەرەبـاب و پشـتەوە هاتـن، تـا رادەیـەک ناکۆکیـم هەیـە و ئـەو بۆچوونـە لەراسـتی نزیکـتر دەبێـت، کـە دەیـوک لەگـەڵ دیاکـۆ دوو کەسـی جیـاواز بـن، چونکـە وەک مێـژوو باسـی دەکات، دیاکـۆ لـە شـەڕی دەوڵەتـی مانـای مـادی هەمبـەری ئاشـوور، بەدیـل گیـراوە و بەگشـت بنەماڵەکەیـەوە، بـەرەو سـوریە دورخراوەتـەوە. کەواتـە ئـەو دژیەکیـە لـە بیروڕاکانـدا، لـەو بـارەوە هـەر بەردەوامـە، دەبـێ چاوەڕوانبیـن، بەڵکـو لێتوێـژەران و مێژووناسـان لـە دوارۆژدا، راسـتیەکان بدۆزنـەوە.

1 - هیـرۆدۆت و وەک لـە رۆژژمێـری مێـژووی داگیرکارییەکانـی ئاشـووریش دەردەکەوێـت، گەلانـی مـاد و سـەرزەویەکانیان، بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە 520 سـاڵ، لـە ژێـر سـتەمی تاڵانـکاری و چەوسـاندنەوەی ئاشـوورییەکاندا ماونەتـەوە، گەرچـی بـە بەردەوامیـش، تـا هێزێکیـان هاتبێتەوەبـەر، دژی داگیرکـەر سـەرهەڵدان و راپەڕینیـان ئەنجامـداوە و نەچوونەتـە ژێـر بـاری

جۆراوجـۆرەکان، لـەو بیرۆکەیـە نزیکـمان دەکاتـەوە، کـە دەبێـت، هوەخشـتەرەی پاشـی مەزنـی مـاد، لەگـەڵ دیاکـۆ لەیـەک سـەردەمدا ژیابـن، وادیـارە شـا دیاکـۆ دەبێـت سـەرکردەیەکی نێـوداری دەوڵەتـی خۆبەڕێوەبـەری مانـای مـادی بووبێـت، بـەڵام هوەخشـتەرە دوای ئـەوەی ئەرکـی فەرماندەیـی گشـتی لـە شـەڕی ئاشـوور بەسـەرکەوتوویی ئەنجـام داوە، ئیـدی وەکـو پاشـای دەوڵەتـی یەکگرتـووی مـاد دەستنیشـانکراوە.

---

توانەوەی زمانی و فەرهەنگییەوە.

## ئاشوورییەکان سروەت و سامانیان بردووە و ئێرانییەکان، هەم سروەت و هەم ناو و نیشان

ئاشـوورییەکان بـە هەمـوو هێـزی خۆیانـەوە لەحـەوت خولـی یـەک لـەدوای یەکـدا، هێرشـیان کردووەتـە سـەر وڵاتـی مـاد و جگـە لەداگیرکردنـی خـاک و سـەرزەمینی، جگـە لەکوشـتار و بەدیلگرتـن و تـاڵان و وێرانـکاری بێسـنوور، گـەل و هـۆزە مادەکانیشـیان ناچـار بەچوونەژێـر بـاری بەڵێننامـەی بـاج و خەراجدانێکـی قـورس و درێژمەودا و کەمەرشـکێن دەکـردن، بـەڵام هەرگیـز هەوڵیـان بـۆ سـڕینەوەی یەکجارەکـی نـاو و ناسـنامەی دەڤەرێـک یـان شانشـێن و بەڕێوەبەریەکـی خۆجێیـی مـادەکان نـەداوە. لـەو سـۆنگەوە کـە ئێمپراتـۆری ئاشـوور، هێزێکی مشـەخۆر

و کۆیلەداری سەردەمی خۆی بووە و لەسەر تاڵانکردن و باج و خەراج ستاندن لە گەلانی دیکە ژیاوە و بەڕێوەچووە، لە زۆر بڕگەی مێژوویی‌دا دەردەکەوێ، کە پاش تەواوبوونی شەڕ و داگیرکردن، دووبارە یەکەی خۆبەڕێوەبەری نوێ و دەسەڵاتداری نوێی مادیان دامەزراندووەتەوە و نازناوی شا و شانشینیان بە هەندێک دەڤەر و سەرکردەی مادی بەخشیوەتەوە، چونکە تاکە ئامانجی ئاشوورییەکان دەستکەوتن و ستاندنی سروەت و سامانی زیاتر بووە».

ئاشوورییەکان بوونی دامودەزگای خۆجێیی و کۆمەڵگەی یەکجێنشینی مادەکانی لەقازانجی خۆ زانیوە، چونکە شارستانییەتی مادەکان بە تایبەتی لە مادی رۆژئاوادا، لەڕووی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی پیشەیی و کەرەستە سازی و خشڵی گرانبەها، لەچاو سەردەم و گەلانی دەوروبەر، لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتووتردا بووە، ئەوەش هەمان خواست و ئامانجی ئاشوورییەکان بووە و بۆ ئەوەی ئابووری مادەکان گەشەبکات، پاش هەر داگیرکارییێک دووبارە رێگەی بە خۆڕێکخستنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەسەڵاتداری مادەکانیش داوە.

هەخامەنشییە ئێرانییەکان هەر دوای داگیرکردنی تەختی پاشایەتی ماد، ناوی وڵاتی مادیان بەتەواوی گۆڕی و شارستانییەت و فەرهەنگ و زمانی هەزاران ساڵەی

مادەکانیـان، یەکجـێ کـردە هـی خۆیـان و نـاوی ئێرانیـان بـە زۆرداری خستەسـەر ئـەو جوگرافیایـەی، کـە پێـش لـەوە جگـە لەشـوێنپێی چەراندنــی پەزەکانیــان و جێــگای چەقاندنــی ئەسـتوندکی رەشـماڵەکانیان، هیـچ رۆڵێکیـان لـە پێکەوەنانـی کۆمەڵگـە و پێشخسـتنی ئابـووری و پاراسـتنی ئـەو وڵات و ئـاو خاکـە نەبـووە.

وەک ئاڤێسـتا باسـی دەکات، کۆچـەرە ئێرانـی زمانـەکان پێـش ئـەوەش کـە دەسـەڵات و پاشـایەتی مـاد داگیربکـەن، لەباشـووری رۆژهەڵاتــی ســەرزەویەکانی وڵاتــی مــاد، هەندێک شـوێنیان خسـتبووەژێر رکێفی خۆیان و دەسـتبەجێ سیسـتەمێکی خێلەکـی توندوتیـژی هۆڤانەیـان دامەزراندبـوو، ئـەوەش بووەتـە سەرمەشـق بـۆ بیرکردنـەوە، لـە وەرگرتنـی دەسـەڵاتداری زیاتـر و فراوانکردنـی ئاقـاری زێدەتـر، لەسـەر حسـابی وڵاتـی مـادە خانەخۆیـەکان * .

---

*ئێقـرار عەلـی یێـف دەڵـێ: ئێمـە دژی بـە رەهـا زانینـی رۆڵـی رەگـەزی هینـد و ئەوروپـی لـە مێـژووی مـاد و پەیوەسـتکردنی مێـژووی مـاد لەگـەڵ مێـژووی هیند و ئەوروپیـەکان و ئێرانییـە کۆچـەرەکان و نکۆڵیکـردن لـە رەگـەزی بەهێـزی خۆجێیین. جەخـت دەکەینـەوە ئـەو بیرۆکەیـە، کـە تەنیـا هیندوئەوروپیـەکان دەیانتوانـی بنیاتنـەری کولتـوور و مێـژووی مـاد بـن، کۆنەپەرسـتانەیە.

# رووخانی پاشایەتی ماد و دەستپێکردنی ژێردەستی مێژوویی کوردان

مێژوونووسە ئێرانییەکان دەڵێن، لە چوارەگی یەکەمی سەدەی پێنجی پێش زایین، دەزگا و دیوانی پاشایەتی دەوڵەتی ماد، بەهۆی تێوەگلان لەگەندەڵی و ستەمکاری و پاوانکردنی زەوی و زارە بەپیتەکانی خەڵک و دروستبوونی چینێکی ئەریستوکراتی ساماندراری چەوسێنەر، نزیک لە هەرەمی دەسەڵات، تا رادەیەکی زۆر پێگەی جەماوەری خۆی لەدەستداوە و لە دینامۆ

-ئاڤێستا پەرتووکی پیرۆزی زەردەشتیەکان، لە بەشی وێداکانیدا بەڕونی باس لە داگیرکردنی هیند وبەرزاییەکانی ئێرانی ئێستا، لە لایەن ئارياييەكانەوە دەکات.

و وزەی ناوەنـدی خـۆی دوورکەوتووەتـەوە، ئـەوان دەڵێـن (ئیشـتۆویگۆ) ئاسـتایاگ لـە بارودۆخێکـی لـەو چەشـنەدا، لــە ســاڵی 585 ی پێــش زاییــن، دەســەڵاتی گرتووەتــە دەسـت و لەسـەر تەختـی پاشـایەتییەک دادەنیشـتووە، کـە خۆشەویسـتی جارانـی لای خەڵـک و کۆمەڵگـەی مـادی نەبـووە.

هەندێـک لـەو نووسـەرانەی کـە پێنووسـەکانیان لەقازانجـی فارسـە ئێرانییـەکان هەڵسـوڕاندووە دەڵێـن: ئاسـتایاگ لەگـەڵ گەلـی خـۆی بـاش نەجووڵاوەتـەوە و پاشـایەکی دادوەر و بەبەزەیـی نەبـووە، بۆیـە پـاش 35 سـاڵ لەدەسـەڵاتداری، لەگـەڵ خۆیـدا تەمەنـی پاشـایەتی مادیشـی کۆتاییپێهێنـاوەو گشـت ئـەو دەسـتکەوتە شـکۆدارانەی لـە رۆژگاری هوەخشـتەرە وەدیهاتبـوون، بەدەوڵەتـی نەتەوەییشـەوە لەدەسـتدەچێت و لـە سـاڵی 550 ی پێـش زاییـن، تەمەنـی پاشـایەتی مـاد و دەسـەڵاتداری مـادەکان، بەیەکجـاری کۆتاییپێهاتـووە.

لەبـارەی ئـەو بۆچوونـە، دەڵـی دواییـن پاشـای مـاد، پێگـەی جەمـاوەری خـۆی لەدەسـتداوە و ئـەوەش بـە سـەرەکیترین هـۆکای لەنێوچوونـی دەزانـن، هەندێـک لـە شـارەزایانی مێـژووی کـۆن، لەوانـەش (ماسـپێرۆ) بەپێچەوانـەی ئـەو بۆچوونـە، بـاس لەهۆکارێکـی دیکـەی هاوکێشـەکە دەکات، ئەویـش باڵادەسـتی مۆغەکانـە

لەدیـوان و دەربـاری پاشـایەتی ئاسـتیاگدا، کـە زۆربـەی ناوەندەکانـی بڕیاریـان قۆرخکـردووە و دەسـەڵاتیان بەسـەر تـەواوی ئیمتیـاز و پۆسـتە بڕیـار بەدەسـتەکانی دەوڵـەت، لـە هەڵسـوڕاندن و بەکارهێنانـی سروەت و سـامانی گشـتی و دەوڵـەت ، لـە قازانجـی پەرەسـتگە و ئایینـی زەردەشـت داگرتـووە و چینـی هـەژاری کۆمەڵگـەی مادەکانیـان، کـە زۆربـەی هـەرەزۆری دانیشـتووانی وڵاتـی مـادی پێکهێنـاوە، پەراوێـز خسـتووە و لـە دەوڵـەت و پاشـایەتی مـاد دایانبڕانـدوون.

لەبـارەی دواییـن پاشـای مـادەوە، تێکگیرانێکـی تونـد لـە نێـوان بۆچوونـی شـارەزایانی بـواری مێـژوو و دەقـە کۆنـەکان و مێـژووی هێـرۆدۆت هەیـە. لەوانـەش کـە نەکەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری نەوەکانـی هارپـاگ، (ئاشـیلە) و (کێتسـیاس) ن، کـە زۆر بـە چاکـە باسـی ئاسـتیاگ دەکـەن، پێیانوایـە ئـەو پاشـایەکی دادپـەروەر و بەتوانـا بـووە، لـە کەنـار ئەوانەشـدا هەندێک راسـتی هەن، کـە گوایـە خەڵکـی مـاد لـە بـن سـەرکردایەتی ئاسـتیاگ دا، سـێ سـاڵ ئازایانـە دژ بـە سـووپا پارسـەکەی کـورش و بـەرەی خۆفرۆشـەکانی لایەنگـری هارپـاگ، کـە پشـتیوانیان لەهێـزی بێگانـەی ئێرانییـەکان، لەشـەڕ دژی مادەکانـەوە دەکـرد، بەرەنگارییەکـی پاڵەوانانـە و جوامێرانەیـان بـۆ بەرگـری لەخۆبەڕێـوە بـردووە، ئـەم گێڕانـەوە دیرۆکیـەش،

[1] ئاستیاگ لە تاوانی دڵڕەقی و دابڕان لە خەڵک و کۆمەڵگەی ماد، بەتەواوی دادەماڵێت.

بەرجەستەترین شرۆڤەی مێژوونووسە بێلایەنەکان لەبارەی ئاستیاگ، کە دوای کۆچیدوایی هووەخشتەرە، لەسەر تەختی پاشایەتی ماد دادەنیشێ ئەوەیە، کە ئەو نەیدەویست پەرە بەسیاسەتی هەژموونخوازی و فراوانکاری پێش خۆی بدات، کە دەوڵەتی ماد پێشتر لەوەلە پێناوی داگیرکردن و هێنانە ژێر رکێفی گەلانی دیکە، لە بەئامانجی وەرگرتنی باج و خەراج بەرەوپێشی بردووە. گەرچی لە بیرگەی پیری مێژووش. ئەو تابلۆ دێرینە مێژووییە، کە تائێستا 2500 ساڵ، بەسەر تەمەنی تێپەڕیوە بەجوانی هەڵنەگیرابێت، بەڵام زانایانی ئەو بوارە لە توانایاندا بووە، لەناسینەوە و نۆژەنکردنەوەی هێڵە سەرەکییەکانی نەخشی سەر تابلۆکە، بگەنە ئەم ئەنجامە و بەدڵنیاییەوە بڵێن، دوایین پاشای ماد، مرۆڤێکی ئاشتیخواز بووە و زۆر

---

1- بێگومان هەلومەرجی کۆمەڵگەی ماد، لەسەردەمی پاشایەتی ئاستیاگ دا، بە ئارامی و یەکگرتوویی سەردەمی پاشایەتی پیش خۆی نەبووە، هاتنە ناوەوەی پەرەستگە و پیاوانی ئایینی زەردەشت، وەکو ناوەندێکی تری دەسەڵات، ململانێ و دژایەتیەکی چینایەتی قوڵی بە قازانجی سەرۆک هۆز و ئەشراف و ساماندااران، لە نێوان مادەکان هێنابووە ئاراوە، ئەوەش دەسەڵاتی دەوڵەتی تا رادەیەکی زۆر لاواز و ناکاریگەر کردبوو.

لایەنگـری شــەڕ و خوێنڕێــژی و داگیــرکاری نەکـردووە.

سـەرەبۆچوونی ئـەوەش تەنیـا شـەڕی مـاد، لـە سـەردەمی ئاسـتیاگ، لەگـەڵ هێزێکی مـەزن لە دەرەوەی سـنوورەکانی خۆیـدا، لـە سـاڵی 555 ی پێـش زاییـن روویـداوە، کـە لـە ئاکامـدا سـووپای مـاد دەسـتی بەسـەر ناوچـەی حـەڕان داگرتــووە، کــە بەشــێکبووە لەســەرزەوییەکانی ژێــر قەڵەمـڕەوی بابـل.

مـادەکان [1] لـە سـاڵی 553 ی پێـش زاییـن لـە باکـووری میزۆپۆتامیـا پاشەکشــە دەکـەن و دەگەڕێنەونـەوە وڵاتــی خۆیــان، چونکــە ئــەو پارســە ئێرانیانــەی وەکــو کۆچــەر لەدزەیـان کردبـووە نـاو سـنوورەکانی ماد و بەر لـەوە بەپێی ڕەزامەنــدی دەوڵەتــی مــاد، پاشانشــێنێکی ســەربەخۆیان پێکهێنابـوو، لەسـەر داوا و بەپێـی هاندانەکانـی هارپاگـی مـاد، دەسـتیان بـە زیادەخـوازی و ئاژاوەگێـڕی و داگیـرکاری گونــدە مادیەکانــی سەرســنوورەکانی نزیــک لــە خۆیــان کردبـوو.

مــادەکان پــاش تەنیــا ســێ ســاڵ فەرمانڕەوایــی و دەســەڵاتداری بەســەر ناوچەکانــی باکــووری میزۆپۆتامیــا، بەناچــاری لــەوێ پاشەکشــەیانکردو گەڕانــەوە وڵاتــی

1- لە نووسراوەکانی نابونید

خۆیـان، چونکـە جووڵانـەوە و ئاژاوەگێـڕی و فراوانخـوازی هـۆزە کۆچـەرە ئێرانییـەکان، کـە ژمارەیـان لەنـاو خاکـی مـاد بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر زیادیکردبـوو، گەلانـی مادیـان خسـتبووەبەر هەڕەشـە و مەترسـییەکی زۆرەوە. ڕەنگـە ئـەوە یەکەمیـن دەرکەوتنـی پارسـە ئێرانییـەکان بێـت، لـە مێـژووی ڕۆژهەڵاتـدا، کـە وەکـو هێـز و گەلێـک،

---

- ئەرمیـای پەیامبـەر لـە پەرتووکەکەیـدا، لـە گێڕانـەوەی چۆنییەتـی هێرشـی مـادەکان بـۆ سـەر بابـل، پێشـبینی ئـەوە دەکات، کـە چـۆن بابـل تێکدەشـکێنرێ و دەبێـژێ: هەنوکـە هۆزێـک لـە باکـوورەوە دێـت. ئەوانـە کـەوان و ڕمیـان پێیـە و بـێ بەزەییـن. دەنگیـان وەک هـاڕەی دەریایـە. بـە سـواری ئەسـپەوە ئـەی کیـژی بابـل، وەک پیـاوی شـەڕکەر ڕیـز دەبەسـتن. پاشـای بابـل کـە ناوبانگـی ئـەوان دەبیسـێت، دەسـتەکانی خـاو دەبنـەوەو هەروەکـو ژنێـک کـە دەزێ، خـەم و ژان دایدەگرێـت.

-ئەشـعیای پەیامبـەر، مـادەکان بـە هـۆکاری ڕووخـان و لەناوچوونـی بابـل دەزانـێ و لـە پەرتووکەکەیـدا دەبێـژێ: مـن مادەکانیـان لـێ هـان دەدەم، کـە زیـو بـێ بایـەخ دەزانـن و تەماعـی زێڕیـان نییـە. کەوانەکانیـان لاوان دەهاڕێـت و ڕەحـم بـە بەرهەمـی منداڵـدان ناکـەن. هەروەهـا درێـژە بـە گێڕانـەوەی پێشـبینییەکانی دەدا و دەڵـێ : بابـل ئـەو بکوژەی شانشـینەکان و ڕازێنـەرەوەی شـانازی کلدانییـەکان، بەدەسـتی خواوەنـد دەڕوخێـت، هـەروەک سـەدوم و عەمـوورە ڕووخـان و هەتـا هەتایـە ئـاوەدان ناکرێنـەوە و وەچە لـە دوای وەچە نابێتـە شـوێنی نیشـتەجێ بـوون، هیـچ عەرەبێـک لـەوێ خیـوەت هەڵنـادات و شـوانەکان، مـەڕ و ماڵاتیـان لـەوێ مـۆڵ نـادەن. بەڵکـو ئاژەڵەکانیـان بیابـان دەکەنـە هێلانـەی خۆیـان و ماڵـەکان پـڕ دەبـن لـە کوندەبـۆ و ئاگـر خـۆرەکان تێیـدا نیشـتەجێدەبن.

- ئەو پاراگرافانەی سەرەوە بەتەواوی لە پەرتووکی پاشایەتی ماد وەرگیراوە.

نێوبانگیـان بڵاودەبێتـەوە و دەردەکـەون.

بەپێـی گێڕانـەوەی کسـتیاس، مـادەکان پارسـەکانیان تێکشـکاند و هێرشـەکانیان بـۆ نـاو جەرگـە و قوڵایـی ئـەو ناوچانـە بـردە پێشـەوە، کـە پێشـتر بەهـۆی مێواندۆسـتی و گرنگینەدانـی مادەکانـەوە دەسـتیان بەسـەرداگرتبوو، بـەڵام دواتـر بەهـۆی بەشـداریکردنی ژنەکانیـان[1] و ئامادەبوونێکی شـەرماوەر لـە شـەڕگەکەدا، هاوسـەنگی لـە بەرژەوەنـدی پارسـەکان، گۆڕانـی بەسـەردادێ و بەسـەر مادەکانـەوە سـەردەکەون.

ئاسـتیاگ هەمـوو خەڵکـی مـاد چەکـدار دەکا و ڕەوانـەی بـەرەی شـەڕیان دەکات، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی پاشـای مـاد بـەر لـەوە سـنوورێکی بـۆ زێدەڕۆیـی مۆغـەکان و سـەرۆک هـۆز و ئەشرافـەکان دانابـوو و سـزایەکی سـەختی بەسەرداسـەپاندبوون، تـا ئـەو رادەیـەی کـە ژمارەیـەک لـە مـۆغ و کوڕەکـەی (هارپـاگ) یـش، کـە فەرماندەیەکـی سـووپایی و سـەرۆک هۆزێکـی دیـار و دەسترۆیشـتووی نـاو کۆشـکی پاشـایەتی مـاد بـووە، ڕووبـەڕووی سـزای مردنـی

1- سـووپای پارسـەکان لەبەرامبـەر سەرسـەختی و جەنـگاوەری مـادەکان، بـە دژواری تێکشـکاوە و ناچـار بـە پاشەکشـە و هەڵاتـن بـووە، بـەڵام هەمـوو ژنـە پارسـەکان دێنـە سـەر ڕێگەیـان و بەریـان پێدەگـرن و دامەنـی کراسـیان هەڵدەدەنـەوە و خۆیـان رووتدەکەنـەوە، بانـگ لەپیاوەکانیـان دەکـەن و

کردبوونــەوە، بەپیلانێکــی پێشــوەختە دارێــژراو لــە لایــەن هارپــاگ و مــۆغ و ئەشرافــە ســەرۆک هۆزەکانــەوە، بەشــێک لــە ســووپای مــاد، کــە هاوســۆزی ئــەوان بــووە، ناپاکیــان بەرامبــەر نەتــەوە و گەلــی خۆیــان کــردووە و چووەنەتــە بــەرەی پارســەکانەوە. ئــەو پیلانگێڕییــە لــە کۆتاییــدا شــکانی ســووپای مــاد و بەدیلگیرانــی ئاســتیاگ و کۆتایــی هاتــن بــە پاشــایەتی و دەوڵەتــی نەتەوەیــی مــادی لێکەوتووەتــەوە.

هێــرۆدۆت لەوبــارەوە ئامــاژە بــە پرســێکی ســەرنجڕاکێش دەکا و دەڵــێ: مۆغــەکان و ســەرۆک هــۆز و ئەشرافــە مــادەکان، لــە بڕیارەکانــی ئاســتیاگ، کــە لــە بەرژەوەنــدی چینــی هــەژاری کۆمەڵگــەی مــادی دەردەچــوون نیگــەران و توڕەبــوون، بۆیــە دەرفەتــی لەشکرکێشــی و چوونــی پاشــایان بــۆ بابــل قۆســتووەتەوە و دەســتیان لەگــەڵ پارســەکان تێکەڵکــردووە، ئــەم مەســەڵەیە پــاش گەڕانــەوەی ئاســتیاگ ئاشــکرا دەبــێ و فەرمــان بــە کوژرانــی بەشــێک لەپیلانگێڕان دەدات، بۆیــە ئــەو گێڕانەوەیــە ناپاکــی مۆغــەکان و ســەرۆک

---

پێیاندەڵێــن، دەتانــەوێ بــەرەو کــوێ هەڵبێــن، ئایــا دەتانــەوێ بچنــەوە نــاو زگــی دایــک و ژنەکانتــان و ئــەو شــوێنەی لێــوەی هاتــوون؟ بــەو هــۆی ئــەو تانــە و ســوکایەتی پێکردنــەوە، ســووپای پارســەکان دەگەڕێنــەوە مەیدانــی شــەڕ و هارپاگیــش بــە پیلانــە ناپاکەکەیــەوە دەبێتــە هاوکاریــان و بەســەر ســووپای مــاد ســەردەکەون.

هـۆز و ئەشرافـە مـادەکان، بەسەرکەشـی هارپاگ پشتراسـت دەکاتـەوە.

گەرچـی مێـژووی نابۆنیـد، شـکانی سـووپای مـاد، تەنیـا بەهـۆی ناپاکـی و پیلانگێـڕی بەشـێک لەمـادەکان دەزانـی، کـە بوونەتـە پشـتیوان و هـاوکاری سـووپا خێڵەکییەکـەی کـورش، بەڵام وەک ( موسـا خۆرنی ) باسـیدەکات، بەشـداری تێگرانـی دووەم پاشـای ئەرمەنییـەکان و سـووپاکەی لەشـەڕەکەدا، هێـزی خـۆی خستۆتەسـەر هێـزی سـووپای کورشـی هەخامەنشـی و هاوسـەنگیەکەی بەقازانجـی ئێرانییـەکان گۆڕیـوە.

هێـرۆدۆت، ئامـاژە بەنامەیەکـی هارپـاگ دەکات، کـە بـۆ کورشـی دەنووسـێ و دەڵـێ: ئـەشراف و سـەرۆک هـۆزە مـادەکان، بـەر لـە هەمـوو کـەس روویـان لـە ئاسـتیاگ وەرگێـڕاوە و دەیانـەوێ شـان بەشـانی تـۆ، ئاسـتیاگ لەدەسـەڵات لابـدەن و پاشـایەتییەکەی بڕووخێنـن.

هارپـاگ نوێنەرایەتـی چینـی کۆیلـەدار و ئـەشراف و سـەرۆک خێڵـە چەوسـێنەرەکانی نـاو کۆمەڵگـەی مـاد، دژی شـا و دەوڵەتـی دەکـرد، کـە بەرگریـکاری مافـی چینەکانـی خـوارەوەی کۆمەڵگـەی مـاد بـوو.

یەکێـک لـەو توێـژ و هێـزە کۆمەڵایەتییـە دەستەبژێرانەی دژی پێگـە و دەسـەڵاتی پاشـایەتی مـاد، کەوتنـە دژایەتـی و بەربەرەکانەیەکـی زۆر تونـدو دژوارەوە، پیاوانـی ئایینـی

زەردەشتی و مۆغەکان بوون. ئەوان بە هۆی پەرەستگە و ئایینەوە، ببوونە چینێکی ساماندراری سەردەستی زۆر بەهێز، کە زەوی و زارێکی فراوانی وڵاتیان، بە هۆی پەرەستگەوە خستبووە ژێر دەستی خۆیان و داگیریان کردبوو، خەڵکێکی باوەڕمەند و دەمارگیری ئایینی زۆر و زەوەندیان لە دەوری پەرەستگە و خۆیان کۆکردبووەوە و دەیان چەوساندنەوە.

شاری رەی کە یەکەمین پێگەی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت بوو و بەناوی شاری زەردەشت نێوبانگی دەرکردبووو بە یەکێک لە مەزنترین شارەکانی مادی رۆژهەڵات دەژمێردرا، [1]زۆربەی هەرەزۆری بازاڕ و زەویە کشتوکاڵیە بەپیتەکانی، کە لەبنەڕەتەوە مولک و سامانی دەوڵەتبوون، لە لایەن مۆغەکانەوە دەستیبەسەر داگیرابوو و بە قازانجی پەرەستگە و مۆغەکانەوە، پاوان کرابوون و بەکاردەبرادران.

مۆغەکان لەو سەردەمەدا، باڵاترین پلەو پۆستی دەرباری پاشا و لەپێشترین راوێژکاری پاشایەتی و دەوڵەتی ماد بوون، بەڵام مۆغە پایەبەرزەکان، لەسیاسەتەکانی ئاستیاگ، کە بەزیاترینیان لە بەرژەوەندی و بۆ پشتیوانی

---

1- ئیسیدۆرۆسی سیسیلی

و بەرگـری لەهــەژار و خەڵکـی رەش و رووت دەردەچـوون نـاڕازی و تورەبـوون.

هێـرۆدۆت دەڵـێ: (کـورش) لـە سـەردەمی منداڵیـدا لەدەربـاری پاشـایەتی مـاد ، بۆخـۆی یـاری شـا و وەزیـری کـردووە و لـەوێ فێـری رێورەسـمی بەڕێوەبەرایەتـی دەوڵـەت و پاشـایی بـووە.

کـورش کـوڕی یەکێـک لەسـەرۆک هـۆزە مـەڕدارە پارسـەکانە، کـە خزمەتـکاری پاشـای مـاد بـووە، بـاج و خەراجـی داوەتـە پاشـایەتی مـاد و بـەو هۆیـەوە تێکـەڵاوی و نزیکـی لەگـەڵ کۆشـکی پاشـایی دروسـتکردووە، رەنگـە ئـەوەش هۆکارێـک بێـت، بـۆ ئـەوەی کورشـی کـوڕی بگاتـە نـاو کۆشـک و لەنـاو هۆزەکەی خـۆی سـەرناس و بەنێوبانگ بووبێـت. بۆیـە هارپـاگ ئـەوی بەباشـترین بـژار زانیـوە، کـە هانـی بـدات، تاوەکـو شـەڕ دژی پاشـای مـاد بەرپـا بـکات. هــەر بـۆ دڵنیاکردنـەوەش، ئـەوەی بیـر کـورش هێناوەتـەوە، کـە سـووپای مـاد تـازە لـە شـەڕی بابـل گەڕاوەتـەوە و زۆر مانـدووە و لـەڕووی داراییشـەوە، دوچـاری قەیرانێکـی گـەورە هاتووەتـەوە و بەتـەواوی لاوازبـووە.

لـەوەدا هارپـاگ پیلانگێڕییەکـەی بەسـەرکردایەتیکردنی بـەرەی خۆفرۆشـان، پێکهاتـوو لەسـەرۆک هـۆز و ئـەشراف و مۆغـە مـادەکان، بەدەسـتێکەڵکردنێکی ناپاکانـە لەگـەڵ هەخامەنشـییە پارسـەکان و ئەرمەنییـەکان، لەشـەڕی

دەوروبـەری پاسـارگاد لەسـاڵی 550ی پێـش زایینـی، بەسـەرکەوتوویی کۆتاییپێهێنـا، لە کۆتـا رووبەڕووبوونەوەدا، سـووپای مـاد تێکدەشـکێنرێ و کۆتایـی بەدەوڵەتـی مـاد و سـەربەخۆیی نەتـەوەی مـاد دەهێنێـرێ و دەسـەڵات و تـاج و تەختـی پاشـایەتی و قـەدەری نەتـەوە و خـاک و شارسـتانییەتی مـاد، دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی کورشـی هەخامەنشـی و ئێرانییـە کۆچـەرەکان.

بـۆ لەنێوبردنـی دەوڵەتـی مـاد، هەرسێ نەتـەوەی ئێرانی ئاریایـی، یەهـودی و ئەرمەنـی، هاوبەندییەکـی جەنگـی موکومیـان پێکهێنـاوە، بـەڵام ئـەو گـورزە گورچکبـڕەی کـە شـیرازەی سـووپا و هێـزی ئاسـتیاگی لەنـاوەوە، لەبـەر یـەک هەڵوەشـاندۆتەوە، بـەرەی خۆفرۆشـە ناوخۆییەکانی سـەربە هارپـاگ بـووە، هەڵبـەت لـەو نێوەندەشـدا، هـەردوو ئایینی یەهـودی و زەردەشـتی، لـە بەهێـز کردنـی هاوپەیمانـی دژە مـاد رۆڵێکـی گەوجێنەرانـە و تێکدەرانەیـان، لـە نـاو ڕێزەکانـی گەلانـی مـادی گێـڕاوە.

هیـرۆدۆت، کـە سـەرچاوەی هەرەگرنگـی زانیارییەکانـی مێـژووی مـادە دەڵـێ: بـە پیلانـی ئەشرافـە مـادەکان، بەشـێک لـە سـووپای مـاد چوونـە بـەرەی پارسـەکانەوە و دژی سـووپای خۆیـان کەوتنەوەشـەڕ، بـەڵام بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە ئـەوەی روننەکردووەتـەوە، ئاخـۆ دەبێـت شـەڕەکە تـا چ ماوەیـەک بـەردەوام بووبێـت، کەچـی

کستیاس لەگێڕانەوەکەیدا باسی سەرکەوتنی مادەکان بەسەر پارسەکاندا دەکات* .

دەزگای ڕاگەیاندنی چەواشەکاری کورش، کە کاهینە زەردەشتەکان دامەزرێنەری بوون، ئاستیاگی پاشای ماد یان، وەکو (ئەژدیهاک) ئەژدیها و ئایینی مادیان بە ئەهریمەن دەناساند و یەهودیەکانیش لە هێرشێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ زەردەشتی و پارسەکاندا، لە ڕێگەی

---

* دوای ئەوەی ئاستیاگ لەشەڕی بەرگریدا، دەشکێ و بەهۆی کورشەوە دەستبەسەر دەکرێت، هارپاگ سەردانی دەکا و بۆ ئازاردانی باسی کاریگەری پلانەکانی سووپایی و سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر ئەودا دەکات. ئاستیاگ پێیدەڵێ، تۆ بۆچی هەموو کردەوەو شانازییەکانی کورش بۆخۆت دادەنێی و هەژمار دەکەیت ؟. هارپاگ لەوەڵامدا دەڵێ: چونکە کورش بە پێی نەخشەو ڕێنماییەکانی من کاری کرد و شۆڕش و جووڵانەوەی دەستپێکرد، بۆیە هەموو شانازیەکانی ئەم سەرکەوتنە هی منن. ئەو کاتە ئاستیاگ بەتوندی تێیدەخوڕێ و پێیدەڵێ، کەواتە تۆ مرۆڤێکی گەمژە و ستەمکارێت، لەوەڕا گەمژەیت، کە ئەگەر خۆت ئەوەندە توانا و شیان و کاریگەریت بەسەر شەڕەکەدا هەبووە، دەبێ تاجی پاشایەتیت لە سەری خۆت نابا و خۆت لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبای، تۆ ستەمکارترینی لە بابەت ئەوەی کە بە هۆی تاوانی من، لە کوشتنی کوڕەکەت، تۆ هەموو گەل و نەتەوەی مادت توشی ژێردەستی و کۆیلایەتی پارسە ئێرانییەکان کرد، هەتا ئەگەر تۆ لە منیش ناڕازی بای، ویژدان وای دەخواست، کە لە بری ئێرانییەک، کەسێکی مادیت بۆ پاشایەتی هەڵبژاردبا، چونکە خۆ هەموو مادەکان زیانیان بەتۆ نەگەیاندبوو، کە لە باتی سەرفرازی و سەروەری بوونەتە کۆیلە، ئەویش کۆیلەی کەسانێک، کە تا بەرلەدەمێک، گشتیان خزمەتکاری خۆیان بوون.

بــڕوا و ئەندێشــەکانی ئەشــعیای پەیامبــەر، مادەکانیــان بەجنۆکــە و شــەیتان بەخەڵــک دەناســاندن.

هێــرۆدۆت، [1]هــۆکارەی ســەرەکی هێرشــی پارســەکان، بــۆ ســەر پاشــای مــادی، وەهــا لێکداوەتــەوە و دەڵــێ: کــورش و پارســەکان لــە تێنوێتــی و تەمــای سروەت و ســامانی مــادەکان، گرِیــان گرتبــوو و دەســووتان.

(بێریــان) دەنوســێت: [2]مــادەکان خاوەنــی پاشــایەتیەکی ساماندار و بەهێــز بــوون، بــەڵام پارســەکان چەنــد هۆزێکــی لێکدابــڕوی نیــوە (وەحشــی) بوون، کــە بۆ مانــەوە و ژیانیان قــەرداری ئاژەڵــداری ودەشــت و لەوەڕگــەکان بــوون.

وەک هیــرۆدۆت ئامــاژەی پێــدەکات، کــورش دوای ئــەوەی نامــەی هارپاگــی بەدەســت گەیشــتووە، بیــری لــەوە کردووەتــەوە، چــۆن دەتوانــێ پارســەکان دژی مــادەکان هان بــدات، پــاش بیرکردنەوەیەکــی زۆر کۆمەڵێــک لــە پیاوانــی پارســی کۆکردووەتــەوە و پێیگوتــوون، بــڕۆن داســەکانتان بهێنــن، کــورش بــۆ هەرکەسێک پارچــە زەویەکــی پــڕ لــە دڕک و دالــێ دەستنیشــانکردوو و بۆچوونــی ســپاردوون، تــا ئێــوارە ئــەو پارچــە زەویــە هەمــووی لــە دڕک و دال پــاک

1 - هێرۆدۆت، ل 100-99

2- بێرایان، ل 23

بکرێتـەوە. ڕۆژی دواتـر زۆربـەی زۆری مـەڕ و بزنەکانـی باوکـی سـەربڕین و خوانێکـی پـڕ لـە شـەڕاب و خوراکـی باشـی ئامادەکـردووە و هەمـوو ئـەو پیاوانـەی ڕۆژی بـەرێ و پیـاوە شـەڕکەرەکانی پارسـی، بـۆ سـەر خوانەکـە بانگهێشـت کـردووە، پـاش تـەواو بوونـی خـواردن و خـۆش رابـواردن، ڕوویکردووەتـە ئامادەبـووان پێیگوتـوون، کامەیـان خۆشـتر بـوو، دوێنـێ یـان ئەمـڕۆ ؟ هەمـوو ئامـادە بـوان بەیـەک دەنـگ وەڵامیانداوەتـەوە، جیـاوازی نێـوان ئەمـڕۆ و دوێنـێ زۆر بـوو، دوێنـێ پـڕ لـە سـەختی بـوو، بـەڵام ئەمـڕۆ پڕاوپـڕ لـە خۆشـی و لـەزەت بـوو. کـورش کـە ئامانجەکـەی هاتبـووەدی، گوتـی ئێسـتا ئـەوە بارودۆخـی ئێوەیـە، ئەگـەر گـوێ لەمـن بگـرن، هەمـوو ژیانتـان وەکـو ئەمـڕۆ، دەبێتـە خۆشـی و شـادی و کامڕەوایـی، بـەڵام ئەگەر گوێـم پێنەکـەن، لـە هەمـوو تەمەنتانـدا، خۆتـان بـۆ کاری سـەخت و ئـازار چەشـتنی وەکـو دوێنـی ئامـادە بکـەن. مـن لەلایـەن پـەروەردگارەوە، بـۆ ئـازادی و رزگارکردنـی ئێـوە ئەرکـدار کـراوم، ئێـوە بەهێـچ کڵۆجێـک لـە مـادەکان کەمـتر نیـن، بۆیـە دەبێـت بەبـێ دواکەوتـن، دژی ئاسـتیاگ ڕاپەڕیـن.

(دیاکۆنـۆف) و (گرشـویچ) دەڵێـن: دوای سـێ سـاڵ شـەڕ، کـورش توانـی بەسـەر ئاسـتیاگ، سـەربکەوێت. کـورش هەمـوو دارایـی و سروەت و سـامانی ئێکباتانـی تاڵانکـرد و

بـۆ پاسـارگادی گواسـتەوە.

لەسـەر ئـەم بنەڕەتـە، بـە میانگیـری باوکـی کـورش پێکهاتنێـک لـە نێـوان سـەرۆک هـۆزە پارسـەکان بـەدی هاتـووە، کـە هـۆزەکان سـەرکردایەتی کـورش بـە فەرمـی بناسـن، لـە بەرامبەریشـدا، کـورش مافـی پشـکداری لەدەسـتکەوتەکان، کـە لەئەنجامـی تـاڵان و دزینـی سروەت و سـامانی مـادەکان و گەلانـی دیکـەش بەدەسـتدەکەون، بـۆ سـەرۆک هـۆزەکان دەسـەلمێنێ و پارێـزگاری لێـدەکات. باوکـی کـورش بەسـەرۆک هـۆزەکان دەڵێـت: مەبەسـتمان دابینکردنـی خێـر و بەرەکەتـە، دەبـێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەمـوو هـۆزەکان پشـتیوانی لـە کـورش بکـەن و کورشـیش لـە هـۆزەکان.

یەکێـک لـەو مەرجانـەی کـە لـە پێنـاو دەسـەڵات، کـورش چووەتـە ژێـر باریـەوە ئەوەیـە، کـە پاشـا جگـە لەکچـی ئـەو حـەوت هـۆزە پارسـییە مافـی هاوسـەرگیری لەگـەڵ هیـچ کچێکـی دیکـە نییـە. هـەروەک مەرجێکـی دیکـە سـەرۆک هـۆزەکان ئـەوە بـووە، کـە بەبـێ بەرلێگیـران و پرسـکردن، هـەر کاتێـک بیانـەوێ دەتوانـن بێنـە ناوکۆشـک و پاشـا ببینـن.

(دانـدا مایـف) دەنووسـێت: کـورش کۆمەڵێـک سازشـی بـۆ سـەرۆک هـۆزەکان کردبـوو، یەکێـک لەوانـەش لەبەرامبـەر پاشـایەتی بـۆ کـورش، دەبێـت سـەرۆک

هـۆزەکان وەکـو چینێکـی سەردەسـت و خاوەنـی هەمـوو بڕیارێـک لەنـاو کۆمەڵگـە دانیـان پێدابنرێـت، ئـەو ئێمتیـازە خـودی کورشیشـی دەگرتـەوە، چونکـە ئـەو خۆشـی کـوڕی بنەماڵەیەکـی مـەڕداری مـەزن بـوو و نوێنەرایەتـی بنەماڵـەی سـەرۆک هۆزەکانـی دەکـرد، نـە چیینەکانـی خـوارەوەی کۆمەڵگـە، بـە پارسەکانیشـەوە.

(ویسـهۆفێر) لـەو بـارەوە دەڵـێ: سیاسـەت و سـتراتیژی بنیاتنانـی ئێمپراتـۆری هەخامەنشـی، لەگـەڵ ئامانجـی ئەشرافـە سـەرۆک خێلـەکان گونجـاو بـوو و یەکیـان دەگرتـەوە.

(هینتـس) بـە گەڕانـەوە بـۆ سـەر وتەیەکـی ئەفلاتـۆن، ئامـاژە بـەوە دەدات، کـە تاوەکـو کۆتایـی سـەردەمی هەخامەنشـیەکان، هەمـوو پێگـە و پۆسـتە گرینـگ و بەرزەکانـی سـووپایی و حکومەتـداری، لـە ژێـر دەسـتی کەسـانی دیاریکـراو لـە لایـەن هـۆزەکان بـووە، هـەروەک دوای کوژرانـی گوماتـە، داریـوش هەمـوو وڵاتـی کـردە حـەوت ناوچـە و هـەر ناوچەیەکـی بەسـەر ئـەو حـەوت سـەرۆک هـۆزە دابەشـکرد، کـە لـە کوشـتنی گوماتـە ببوونـە هاوپەیـمان و هاودەسـتی.

سـەرباری ئـەو هێرشـە هەمەلایەنـە قورسـەش، شـەڕی مـاد لەگـەڵ بـەرەی فراوانـی پـارس، ئەرمـەن، یەهـود، سـێ سـاڵی تـەواوی خایانـدووە. پۆلیانـۆس لەوبـارەوە دەڵـێ:

سووپای ژێر فەرمانی کورش، سێ جار لە شەڕی قەڵای پاسارگاد[1] تووشی شکان و پاشەکشە هات، تاوەکو ژنەکانیان هاتنەسەر ڕێگەیان و خۆیان رووتکردەوە و ناچاریان کردن بەرەو شەڕگە و رووبەڕووبوونەوە

1 - قەڵای پاسارگاد لە زمانی مادیدا، بە مانای (قەڵای بەرگری لە دز و ڕێگرە پارسەکان) هاتوو ، کە رەنگە بۆ دزی و راوەڕوت دزەیان کردبێتە شار و گوندە مادنشینەکان. هێنتس دەڵێ: دوای سەرکەوتنیان، کە پاشاکانی هەخامەنشی بەرەو ئەو قەڵایە دەچوون، هەر ژنێکیان لەسەر ڕێگە بدیتبایە، سکەیەکی زێڕیان بۆ هەڵدەدا، چونکە سەرکەوتنی خۆیان بەهۆی ژنەکانەوە دەزانی.

-فردوسی سەرچاوەی سەرەکی چیرۆکی ئەفسانەیی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکە. ئەو دژایەتیە ئایینییەی زەردەشت بەهێزی ئاسمان و ئاهۆرامەزدا، دژی ئایین و بەها و بیروباوەڕی مادەکان ئەنجامیدا، فردوسی لەو ئەفسانەیەدا، بەتەواوی دەیفارسێنی و دەیکاتە مێژووی رابردووی نەتەوەی ئێران و سەرتاپای تێگەیشتنی نەتەوەی کوردی، لەبارەی مێژووی خۆی، پێدەگۆڕێ و ئاوەژۆ دەکاتەوە.

-ئاستیاگ، ئەو کەسایەتییەی لەمێژوودا ئێمە بەزوحاکی دەناسین، جوامێرترین و دادپەروەرترین پاشای دەوڵەتی یەکگرتووی مادە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەبەرامبەر سێکوچکەی خۆفرۆشانی ناوخۆیی و ئەرمەنییەکان و ئێرانییەکان، بەرگریەکی سەخت و خوێناوی لەتاج و تەخت و سەربەخۆیی نەتەوەی ماد کردووە و زیانێکی زۆری پێگەیاندوون. بۆیە بەئەژدەها کردن و مار لەسەر شان رواندنی، لە سۆنگەی رق و قینێکی لەڕادەبەدەری ئێرانییەکانە، بەرامبەر ماد و پاشاکەیان. زۆر بەداخەوە زانا و خوێندەوار و شاعیر و رۆشنبیری کوردیش، بەتووندی کەوتوونەتە ژێر باندۆری ئەو چیرۆکە رەگەزپەرەستییە و ئاستیاگ وەکو دەژمنی خۆیان و کاوەی ئێرانیش، کە هامان کورشی داگیرکەر و ژێردەستکەری نەتەوەی

بگەڕێنـــەوە.

هێــرۆدۆت دەڵــێ: هــۆزی هەخامەنشــی کــورش هەموویــان بــزن چەرێــن بــوون.

زۆر لـە مێژوونووسـان لەسـەر ئـەو بۆچوونـە کۆکـن، کـە کـورش کـوڕی پەزدارێـک بـووە، کـە بەهـۆی خزمەتـکاری لــە دەربــاری پاشــایەتی مــاد، نێوبانگــی و ســەنگێکی بۆخـۆی لەنـاو هـۆزە پارسـییەکان دروسـتکردووە.

(کسـتیاس) دەڵـێ : ئاسـتیاگ کچێکـی هەبـووە بەنـاوی ئامۆتیـس، کـە شـوی بەکوڕێکـی مـادی بەنـاوی (ئەسـپی تامـاس) کـردووە. کـورش دوای داگیرکردنـی تـاج و تەختـی پاشـایەتی مـاد، بـۆ ئـەوەی جێگەی خـۆی لەنـاو کۆمەڵگەی مـاد بکاتـەوەو خـۆی وەکـو زاوای ئاسـتیاگ و مـادەکان وێنـا بـکات، ئەسـپی تاماسـی کوشـتووە و ماندانـا ( ئاموتیـس )ی بـە زۆرەملـێ کردووەتـە هاوسـەری خـۆی.

درۆیەکــی پێکەنینــاوی، نووســەرە راســپێردراوە پــان ئێرانیســتەکان، لــە بەرەواژووکردنــەوەی مێــژوو ئەوەیــە، کــە کــورش دەکاتــە کــوڕی ماندانــای کچــی پاشــای مــاد. (هینتـس) دەبێـژێ، ئـەوە یەکێکـە لەنەبـووەکان، (مەحـاڵ) چونکـە پێـش لـەوەی لەسـاڵی 590 ی پێـش زاییـن، ئاسـتیاگ

---

مادە، وەکو سیمبۆل و قارەمانی خۆیان لەقەڵەمدەدەن.

لەسـەر تەختـی پاشـایەتی دابنیشـێ، کـورش تەمەنـی 17 سـاڵ بـووەو هرگیـز (کەمبوجیـە)ی باوکـی کـورش زاوای ئاسـتیاگ نەبـووە.

هـەر دوای بەدەسەڵاتگەیشـتن زۆر زوو، کـورش نـاوی سـەرزەمین وڵاتـی مـادی بەتـەواوی گـۆڕی، زمـان و فەرهەنـگ و شارسـتانییەت و وڵاتـی مادەکانـی بەتـەواوی کـردە ئێرانـی.

پارسـەکان کـە لـەو سـەردەمەدا هێشـتا، شـتێکی وایـان لەبـارەی هونـەری حکومەتـداری و دیوانسـاڵاری و بەڕێوەبەرایەتـی کۆمەڵگـە نەدەزانـی و زمانەکەشـیان زمانـی کۆچـەری و چادرنشـینەکانی دەشـت و دەر بـووە، لـە نـاو فەرهەنگـی وێژەیـی و زمانەوانییانـدا، ئـەو وشـە و دەسـتەواژە پێویسـتانەیان نەبـووە، کـە بتوانـن کار و بـاری دەوڵەتـداری و دیپلۆماسـی و سیاسـەتی پێبەڕێوەببـەن، بۆیـە بەتـەواوی کەڵکیـان لـە زمـان و ڕێنـووس و هونـەری دەوڵەتـداری دیپلۆماسـی مـادەکان وەرگرتـووە و کردوویانەتـە هـی خۆیـان.

پارسـەکان لەکۆتاییەکانـی سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن، لـە ناوچـەی پـارس نیشـتەجێدەبن، کـە ئـەو دەمـە هاوچەرخـە لەگـەڵ پاشـایەتی ئاشـوور بانـی پاڵـی دووەم، لـە نێـوان سـاڵانی 668 – 633 ی پێـش زاییـن.

کـورش لـە سـاڵی 558ی پێـش زاییـن لـە لایـەن ئاسـتیاگی

پاشـای مـادەوە دەکرێتـە سـەرۆکی پاشانشـینی پـارس و هـۆزی هەخامەنشـی ئێرانـی، بەپێـی فەرمانـی پاشـایەتی مـاد حکومەتـی بـۆ دادەمەزرێنرێـت، تاوەکـو مینـا خزمەتکارێکـی دەربـاری ئاسـتیاگ، لـە کۆکردنـەوەی بـاج و بەڕێوەبردنـی پارسـە گێرەشـێوێنەکان ڕۆڵ ببینێـت.

زۆر لـە زانایانـی بـواری زمـان و نەتـەوە دێرینـەکان، بڕوایەکـی تەواویـان هەیـە بـەوەی، کـە هـەر لەبنەڕەتـەوە، (پارسـوا) پـارس نـاوی قـەوم یـان نەتـەوە نییـە، بەڵکـو لـەو ڕۆژگارەدا پارسـوا، بـە مانـای سـنوور بەکارهاتـووە، کەواتـە پارسـەکان دوای گەیشـتن و نیشـتەجێبوونیان لەسـەر سـنوورەکانی مـاد، بـەو نـاوە بانگکـراون، واتـە سـنوورییەکان، یـان سـنوور نشـینان، هەڵبـەت پارسـوا یـان ئانشـان، لەسـەر خاکـی میدیـا، نـاوی ناوچـە و مەڵبەندێـک بـووە، زۆر بـەر لـەوەی یەکەمیـن هۆزەکانـی ئێرانـی زمـان، بگەنـە دەوروبـەری سـنوورەکانی وڵاتـی مـاد. گەرچـی دواتـر پاشـای مـاد رووخسـەتی نیشـتەجێبوونی بەهەندێـک هـۆزی کۆچـەری ئێرانـی بەخشـیبێت، کـە ئـەو ناوچەیـە، بکەنـە هـەوار و بنگـەی دانیشـتنی خۆیـان. ئـەوەی دواتـر تەنـێ مێژوونووسـە درۆیـن و چەواشـەکارە هەخامەنشـیەکان بـوون، کـە پارسـەکان بـەر لەدەستبەسـەرداگرتنی شارسـتانییەتی مـاد، دەکەنـە گـەل و نەتەوەیەکـی شارسـتانی و ڕەسـەن و خـاوەن فەرهەنـگ.

کــورش کــە کــوڕی بنەماڵەیەکــی پــەزدار و دەرەبەگــی پارســی هەخامەنشــێ بــوو، جگــە لەپاشــایی نوێنەرایەتــی هــۆز و بنەماڵــە کۆیلــەدارە ســتەمکار و چەوســێنەرەکانیشــی دەکــرد. پاشــایەتی هەخامەنشــی هەمــوو هێــزی خــۆی لەحــەوت بنەماڵــەی ئــەشراف و ســەرۆک خێــڵ وەردەگــرت، کــە کــورش بــەر لــەوەی بگاتــە دەســەڵات، هەمــوو مەرجەکانــی ئەوانــی لەپاراســتنی مافەکانیــان، لــە دەستبەســەرداگرتنی زەوی و زار و سروەت و سامانی گەلانی مــادی و تەنانــەت پارســە هەژارەکانیــش، قبووڵکردبــوو و نەیدەتوانــی بەیــەک تاڵەمــو لێیــان لابــدات.

هەخامەنشــییەکان دەوڵەتێکــی جەمــاوەری نەبــوون، بــەو رادەیــەی دەســەڵاتێکی ســەرکوتکاری پــڕ زەبروزەنگــی پێکهاتــوو، لەدەرەبەگــە ئەشرافــەکان و فەرمانــدە ســووپاییە خوێنرێــژەکان بــوو، کــە لەهەرەمــدا کەســێک بەنــاوی کــورش هەبــوو، بــە نــاوی شــا و دەوڵــەت رەوایــی بەهەمــوو کردەوەکانــی ئــەوان دەبەخشــی.

هەمــوو تەمەنــی کــورش و دەســەڵاتداری هەخامەنشــیەکان، بەهێــرش و داگیــرکاری و تاڵانکردنــی وڵات و ســەرو ماڵــی گەلانــی دیکــە کۆتاییهاتــووە، تاوەکــو دواجــار کــورش خــۆی لەشــەڕی ( ماســاژتەکان ) بەدەســتی ( تۆمێرێــس) شــاژنی ماســاژێتی کــوژراوە. بــەڵام مــادەکان تەنیــا لەشکرکێشــی و هێرشــیان بــۆ ئــەو ســەرزەویانە بــووە،

کـە دانیشـتووانی مـاد زمـان بـوون و بەهـۆی گەلانـی دیکـە داگیرکرابـوون، یـان بـۆ سـەر دەوڵەتێـک یـان گەلێکـی وەکـو ئاشـوور بـووە، کـە پێشـتر گەلانـی مادیـان ئەسـیر و ژێردەسـت و بەکۆیلـە کـردووە.

گیریشـمان دەڵـێ: لەشکرکێشـی و هێرشـەکانی مـاد، تەنیـا لایەنـی رزگاریخوازیـان هەبـووە، نـە داگیرکردنـی وڵاتانـی دیکـە، چونکـە دەوڵەتـی مـاد سـووپا و پشـتیوانی جەماوەریـی هەبـووە.

بێریـان دەبێـژێ: تاکـە هـۆکاری هێرشـی کـورش بـۆ سـەر مـاد ئـەوە بـوو، کـە پارسـەکان لەداخـی سروەت و سـامان و خۆشـی ژیانـی مـادەکان گڕیـان دەگرت.

هێـرش قـادری، فێـرای و هێرۆدۆتیـش، بڕوایـان بـەوە هەیـە، کـە راپەڕینـی کـورش و ئێرانییـە کۆچـەرەکان، دژی مـادەکان تەنیـا ئامانـج لێـی تاڵانـکاری بووە و بـۆ راوەڕووت و دزینـی سروەت و سـامانی مـادەکان بـووە.

(پۆلیانۆس) سـەبارەت بەداگیرکردن و دەستبەسـەرداگرتنی زۆرەملێـی زەوی و مڵـک و ماڵـی مـادەکان، لەلایـەن پەرەسـتگە، بەپشـتگیری سـووپای ئێرانـی دەخاتـەڕوو و ئامـاژەی پێـدەدات.

نووسـەرە ئێرانییـەکان زۆر بەچەواشـەکاریەوە بـاس لەوەدەکـەن، کـە کـورش سیسـتەمی پاشـایەتی مـادی تێکنـەدا. ئـەوان دەڵێـن کـورش لەئاسـتێکی زۆر بـاڵا و

بەفراوانــی کەڵکــی لەفەرمانــدە و راوێــژکار و تەلارســاز و پیاوانــی ئایینــی مــاد وەرگرتــووە. ئــەوان وەکــو بەڵگــە بــاس لەداگیرکردنــی بابــل بەهــۆی کــورش دەکــەن، کــە پــاش تێکشــکاندنی ئــەو دەوڵەتــە، ســەرکردەیەکی مــادی وەکــو فەرمانــڕەوای ســەرزەمینی بابــل دیاریکــردووە و نــاوی حکومەتــی بابلــی کردووەتــە ( گوتیــم ). ئــەوەی دیــارە گوتیــم لەســەرەتای هــەزارەی یەکەمــی پێــش زاییــن، نــاوی بەشــێک لەمــادی رۆژئــاوا بــووە، کــە گوتیەکانــی تێــدا نیشــتەجێ و دەســەڵاتدار بــوون.

ئــەم بابەتــە کــە راســتی رووداوەکان، مێژوونووســە ئێرانییەکانــی ئمەکگیــر کردبێــت، زۆر جێگای باوەڕ و پەســەند نیــە، چونکــە وەک دیرۆکناســان بــۆی دەچــن، کــورش دەبــێ لــەڕووی ناچاریــەوە بەشــداری بــە مــادەکان کردبێــت، ئــەو رۆژگارە لــە نــاو ئێرانییــە کۆچــەرەکان، کــە لەمێــژ نەبــووە ببوونەتــە دەســەڵات و دەوڵــەت، نەخوێنــدەوار و راوێــژکار و شــارەزای کاروبــاری جەنــگ، نــە فەرمانــدەی ســووپا و نەتەلارســاز و سیاســەتڤانی ئەوتۆیــان تێــدا نەبــووە، کــە لــەو شــەڕەدا کــورش بتوانــێ پشــتیان پێببەســتێت، بۆیــە بەپێــی رێــژە و بەشــداری جەنگاوەرانــی مــاد، لــە نــاو ریزەکانــی گاردی جاویدانــدا، پێدەچێــت شــەڕی بابــل بەهــۆی مــادەکان و ئــەو فەرمانــدە مادیــەوە، کــە دەبــێ لەهــۆزی گوتــی مــادی بووبێــت، ئەنجامدرابــێ و ســەرکەوتنی بەدەســتهێنابێت، کــە

دواتـر هـەر ئـەو فەرماندەیـە کراوەتـە سـەرۆکی ئـەو وڵاتـە نوێیـە و ئەویـش بەهۆی سـۆز و خۆشەویسـتی نەتەوەییەوە، نـاوی وڵاتەکـەی بـۆ گوتیـۆم گۆڕیـوە. بەهـۆی شـارەزایی و هونـەری جەنگـی مادەکانـەوە بـوو، کـە کورشـی کـوڕی سـەرۆک هـۆزی کۆچەریـان، توانـی دەستبەسـەر دەوڵەتـی لیـد و بابـل دابگرێـت * .

کـورش [2]پـاش سـەرکەوتن بەسـەر مادەکانـدا، لەنـاو فەرهەنگـی زاراوەکانـی ئێرانـی زمانەکانـدا، وشـەیەکی شـایەنی وەهـای نەدۆزیوەتـەوە، کـە لەجێگـەی وشـە و ناوێـک، یـان پلـە و پایـەی پاشـای مـادی بەکاریبهێنێـت، ئـەوەی لەزمانـی پارسـەکان لەبـارەی پلـەو پۆسـتی دەسـەڵاتداری تـا ئـەو دەمـە بوونـی هەبـووە، سـەرۆکی خێـڵ، هـۆز، یـان گرۆپێکـی رەوەنـدی رەشماڵنشـینەکان بـووە، بۆیـە هـەر نـاوی شـا ی مـادی، بۆخـۆی بەکارهێنـاوە.

---

* یەهودیـەکان و مسریـەکان و یۆنانییەکانیـش، لـە جیهانـی کەونـاردا، فارسـەکانیان لـە بـاری بەڕێوەبـەری و شـێوازی دەوڵەتـداری، نـە ئەتنیکـی و زمانـی، هـەر بـە مـاد و دەسـەڵاتی هەخامەنشـیەکانیان لـە رووی سیسـتەمی بەڕێوەبەرایەتیـەوە، هـەر بـە بەردەوامـی پاشـایەتی مـاد زانیـوە و ناوبـردووە.

2- دانـدا مایـف، لـە مێـژووی سیاسـی هەخامەنشـیەکاندا دەبێـژێ: (تیئۆگنیـس) و (سـیمۆند) و هەندێکـی دیکـەش لـە شـاعیر و ئەندیشـمەندانی یۆنانـی ، پارسـەکان بـە مـاد دەزانـن، نـە بەگـەل و نەتەوەیەکـی جیـاوازی سـەربەخۆ.

(مانۆئێـل کـۆک) ئێمپراتـۆری هەخامەنشـی بەپاشـایەتی نازانـێ و وشـەی پاشـا، تەنیـا بۆ مـادەکان بەراسـت دەزانێت.

(بنۆنێسـت) دەبێـژێ: وشـەی پاشـا پارسـی نییـە، بەڵکـو لەزمانـی مادەکانـەوە وەرگیـراوە.

هەندێـک لەمێژوونووسـان، جگـە جێبەجێکردنـی سـزای مـەرگ بەسـەر کوڕەکەیـدا، یەکێکـی دیکـە لەهۆکارەکانـی دژایەتـی هارپـاگ، لەگـەڵ ئاسـتیاگی شـای مـاد بـەوە دەزانـن، کـە ئـەو خـۆی بـە شایسـتەترین کـەس بـۆ زاوایـی شـا دەزانـی، بـەڵام ئاسـتیاگ لەجیاتـی ئـەو [1] (ماندانـا) ئامێتیسـی کچـی داوەتـە کوڕێکـی مـادی لەهـۆزی مـۆغ، کـە نـاوی (سـپیتامە) بـووە. لـەو رووەوە کـە ئاسـتیاگ هیـچ کوڕێکـی نەبـووەو تەنیـا ئـەو کچـەی هەبـووە، هارپـاگ لەرێگـەی ئـەو زاوایەتـی و هاوسـەرگیری لەگـەڵ تەنیـا کچـی پاشـاوە، ویسـتوویەتی ببێتـە میراتگـری تـاج و تەختـی پاشـایەتی مـاد.

لەبـارەی چارەنووسـی ئاسـتیاگ پـاش تێکشـکانی سـووپای

1-لەمێژوودا، ناوی کچی ئاستیاگ بەماندانا و بەئامیتیسیش، هاتووە.

-گزەینەفـۆن لەکـورش نامـەدا دەڵـێ: (تێگـران) پاشـای ئەرمەنسـتان، هـاوکات و هاوئاهەنـگ لەگـەڵ کـورش، شـەڕی دژی پاشـای مـاد دەسـتپێکرد، هـەر لـەو شـەڕەدا ئاسـتیاگ دەکوژرێـت.

-موسـا خۆرنـی باوکـی مێـژووی ئەرمەنسـتان، لەوبـارەوە باسـی بەدیلگیرانـی 10000 سـەربازی مـاد دەکات، کـە بـەرەو ئەرمەنسـتان دەگوازرێنـەوە و لـە

مـاد، زۆر بۆچوونـی جیـاواز و یەکنەگـر هەیـە. کسـتیاس لەوبـارەوە بۆچوونێکـی لەوشـێویەی هەیـە، کـە ئاسـتیاگ لەگـەڵ بەشـێک لـە سـووپاکەی خـۆی بەدەسـتەوە نـەداوە و بـەرەو قـەڵای هیگمەتانـە پاشەکشـەی کـردووە، بـەڵام دواتـر لێبوردنـی کورشـی قبووڵکـردووە، کـە وەکـو فەرمانـڕەوای بەشـێک لـە گەلانـی مـادی، لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراو جگـە لـە هیکمەتانـە بمێنێتـەوە، چونکـە کـورش خێـزان و کچـی ئاسـتیاگی ئەسـیر کردبـوو و لەپێـش چـاوی خۆیـەوە ئەشـکەنجەی دەدان. بـەڵام هەندێـک بۆچوونـی بەهێـزی دیکـە هەیـە ( کـە ئەزیـش لەگـەڵ ئـەو بۆچوونیـەم ) کـە دەبێـژن: کـورش ئاسـتیاگی لەگـەڵ ئـەو ژمـارە سـەربازە مـادە وەفادارانـەی، لـە بیابانێکـی کاکـی بـە کاکـی دا، بەڕەڵاکـردووە و هەموویـان بوونەتـە خوراکـی

---

گوندەکانـی، (تەمبـات) (ئۆسـکیوخ) (داژگونیـک) (خـەڕام) (جوخـاو) و... نیشـتەجێدەکرێن.

-ئـەو گێڕانـەوە مێژوویـەی موسـا خۆرنـی و گزەینەفۆنیـش لەوانەیـە، زۆر لەراسـتی نزیـک بـن، لـەوەی تێگرانـی دوەم، کـە یەکێـک لـە شانشـینەکانی ژێـر فەرمانـی دەوڵەتـی مـاد بـووە و بـاج و سـەرانەی ساڵانەی بـۆ دەوڵەتـی مـاد نـاردووە، هەڵـی دەرگیربـوون و سـەرقاڵی مادەکانـی بـە شـەڕی پارسـە ئێرانییـەکان قۆسـتبێتەوە و بـە مەبەسـتی تاڵانکـردن و بردنـی سامانی گەلانـی مـاد، هێرشـی کردبێتەسـەر ناوچەکانـی باکـووری مـاد و خەڵکێکـی زۆریشـی بەدیلگرتبـێ و لەگـەڵ خـۆی بـەرەو ئەرمەنسـتان گواسـتبێتەوە.

شـێر و پڵنـگ و دڕنـدە گۆشـتخۆرەکانی بیابـان و بەتـەواوی لەنـاو چـوون.

ئـەم تیۆریـە فێلبازانەیـە هیـچ بنەمایەکـی راسـتی بـۆ نییـە، کـە مێژوونووسـە ئێرانییـەکان، هەوڵێکـی زۆریـان بـۆ سـەلماندنی خسـتۆتە گـەڕ و تەرخانکـردووە، ئـەوان ئـەم چیرۆکـە پـڕ لـە چەواشـەکاریە مێژووییـە بڵاودەکەنـەوە و دەڵێـن، کـورش تەنیـا گۆڕاندنێکـی رووکاری لـە میراتگـری و زنجیـرەی پاشـایەتی مـاد، بەدیهێنـاوە و لـە سـاڵی 550 ی پێـش زاییـن، تەنیـا دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات لەمادەکانـەوە، بـۆ هەخامەنشـیە ئێرانییـەکان روویـداوە و بەهیـچ شـێوەیەک، داگیـرکاری و دەستبەسـەراگرتنی زۆرەملـی و زۆردارانـە ئەنجامنـەدراوە. پێدەچێـت زاوایەتـی زۆرەملێـی کـورش لەگـەڵ ئاسـتیاگ، کـە مافـی جێنشـینی پاشـایەتی مـادی داوەتـە خـۆی، کەرەسـتەی خـاوی سـناریۆی نووسـەرە فارسـەکان بووبێـت، لەکامڵکردنـی تیـۆری هەڵخەلەتێنـەری دەستاودەسـتکردنی ئاشـتیانە و رادەسـتکردنی خۆبەخشـانەی تـاج و تەختـی پاشـای مـاد بەکورشـی هەخامەنشـی.

مێـژووی نابونیـد بـاس لـەوە دەکات، کـە دوای کرانـەوەی دەروازەکانـی قـەڵای هیگمەتانـە، بەدەسـتوری کورش گشـت سـامان و دارایـی گـوازراوی وەکـو زێـڕ و زیـو، واتـە خشـڵی بـەر ئەسـتۆ و بەرۆکـی ژنانـی مادیش تـاڵان بـردران و دزران.

لـەو مێـژووە بـەدوا چارەنووسـی تراژدییەکـی مـادەکان، لـە کوشــتار و ســتەم و بەکۆیلەکــردن، دەســتپێدەکا و هەتــا ئێســتاش هـەر بەردەوامـە.

راســتە بەشـێک لەسـەرزەمین و گەلانــی مــادی وەکــو ســانتراپی و شانشــینێک هێلرانــەوە، بــەڵام خراونەتــە ژێــر دەســەڵات و حکومڕانــی ( تانــی ئۆکســار )ی کــوڕە بچووکەکـەی کـورش، نـە ئاسـتیاگ یان سـەرکردە و پاشـایەکی مــادی.

هێــرۆدۆت دەڵــێ: لــە ســەردەمی کــورش و دەســەڵاتی هەخامەنشـیەکان، مـادەکان بەچـاوی خەڵکێکـی بێگانـە سـەیر دەکـران و تووشــی دژوارتریــن شـێوازی کۆیلایەتـی دەکرانــەوە.

ئــەو راســتیەی کــە گومــان هەڵناگرێــت و جێگــەی گەنگەشــە نییــە ئەوەیــە کــە گەلانــی مــاد، پــاش شــکان و لەنێوچوونــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی مــاد، دووچــاری ژێردەسـتی و سـتەم و چارەڕەشـییەکی بێوێنـە بوونـەوە و تەنیـا ئـەو ئەعیـان و کۆیلـەدار و سـەرۆک هـۆزە ناپاکانـە، نزیـک لەهەرەمـی دەسـەڵات و دەرباری کـورش هێڵدرانەوە و زەوی و زار و ســامان و کۆیلەکانیــان بــۆ پارێــزران، کــە کـورش بەهـۆی ناپاکـی و پیلانگێـڕی ئەوانـەوە، توانیبـووی دەوڵــەت و پاشــایەتی مــاد بڕووخێنــێ.

دانـدا مایـف لەبـارەی گەلەکۆمـەی دژە ماد دەڵـێ: کورش

بەپێکهێنانــی هاوپەیمانییەکــی نێودەوڵەتــی و ناوخۆیــی پێکهاتــوو، لــە ئەرمەنییــەکان و دەرەبەگــە مــادەکان و مۆغــەکان، دەوڵەتــی مــاد دەڕوخێنــێ و ئاســتیاگ ئەســیر دەکا و داراییەکانــی (ئێکباتــان) هیگمەتانــە بــە تــاراج دەبــات. بــەو شــێوەیە پارســە ئێرانییــە کۆچــەرەکان لــە تاریکــی مێــژوو دەردەکــەون و دێنــە بــەر ڕۆشــنایی بــاس و خواســی مێــژووی مرۆڤایەتییــەوە.

لەژێــر ڕۆشــنایی مێــژوو، ئــەز چیرۆکــی مرۆڤدۆســتی و ئازادئەندیشــەیی کــورش بەدرۆیەکــی مەزنــی مێژوونووســە ئاریاییــەکان دەزانــم، کــە لــە شــیعر و حێماســە خیاڵییەکانــی شاپەرەســتە ئێرانییــەکان بــەدەر نییــە. کــورش کــە بەدەســت تێکەڵکــردن لەگــەڵ ئەرمــەن و تێکدانــی یەکێتــی نەتەوەیــەک، هاتووەتەســەر دەســەڵات، کــە بــە هــۆی مێواندۆســتی و هــاوکاری ئەوانــەوە ســەرزەمینێکیان بــۆ ژیــان دەســتکەوتووە و لــە دەوارنشــێنی و پەزداریــەوە، فێــری یەکجێنشــینی و شارســتانییەت بــوون، ناتوانــێ کەســێکی مرۆڤدۆســت و بەویــژدان و ئەندیشــمەند بێــت. ئــەو کورشــەی پــاش داگیرکردنــی تــاج و تەختــی مــاد، هەمــوو ئــەو نەتەوەیــە دەکاتــە کۆیلــە و ســەرتاپای ژیانــی لــە کوشــتار و راوەڕووت و داگیــرکاری وڵاتانــی دیکــە دەباتەســەر، ناتوانــێ دانــەری یاســای مرۆڤایەتــی بێــت و ئــەو ناتوانــێ مانیفســتۆی مافــی مــرۆڤ بــۆ ئایەنــدەی مرۆڤایەتــی بنووســێتەوە.

(میلـر کـۆک) لەبـارەی بێبەڵێنـی و فریوکارییەکانـی کـورش بەرامبــەر هەمــوو گەلانــی دیکــە دەنووســێت: کــورش بــە ئاشــتی و بەبــێ خوێنڕێــژی چــووە نــاو شــاری بابــل، بــەڵام هەمــوو دانیشــتووانەکەی ســەربڕین و خەڵکــی ئەکــەدی بەکۆمــەڵ لــە نــاو ئاگــر ســووتاندن.

ئـەوەی لـە پرسـپۆلیس هەڵکەنـراوە و کۆمەڵێـک خەڵـک بـە کولتـوور و دابونەریتـی جیـاواز پێشـاندەدات، کـە بـەرەوڕووی کـورش کڕنـۆش دەبـەن و دیـاری پێشـکەش دەکـەن، ئـەوە ئـەو باجـە ستەمکارانەیە، کـە گـەلان لەباتـی سـەلامەت مانـەوەی سـەر و مالیـان و نەڕژانـی خوێنیـان، بـە ناچـاری لـە دەمـی مـاڵ و منداڵیـان گێڕاوەتـەو و بـۆ ئەویـان هێنـاوە.

کـورش زیاتـر لەجارێـک هەمـوو گەلانـی سـەرزەمینی مـادی بـە پارسەکانیشــەوە، بــە پــەز و مــەڕ و مــاڵات ناوبــردووە و خۆیشــی وەک شــوان ناســاندووە. کەواتــە پەســەندانی کــورش وەکــو پاشــایەکی چاکەخــواز و مرۆڤدۆســت، لەگــەڵ فەرماندەیەکـی سـووپایی دڵـڕەق، کـە هەمـوو تەمەنـی هـەر خەریکـی کوشـتن و وێرانکـردن و داگیـرکاری و بـە کۆیلەکردنـی گـەل و وڵاتـی دیکـە بـووە، هەرگیـز یـەک ناگرێتـەوە.

مێژووی کورش لێوانلێوە لە شـیعر و حیماسـە و سـاختەچیاتی هزرمەنـەدە شاپەرەسـتە ئێرانییەکان و بەشـێوەیەکی کەمبایەخ پشـت بەبەڵگـەی زانسـتی و راسـتەقینەی مێژووی دەبەسـتێت. کــە لەوبــارەوە وێســتهۆفێر، دەڵــێ: تەنیــا مەســەلەیەک کــە

بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی هێـرۆدۆت، کـورش لەداریـوش و خەشـایار شـا، باڵاتـر ببینێـت ئەوەیـە، کـە کـورش شـەڕی دژی یۆنـان بەرپـا نەکـردووە و وەک ئەوانـەی دوای خـۆی، هێرشـی بـۆ سـەر وڵاتـی یۆنـان رانەگەیانـدووە.

گزنفـۆن، کـە لـە کورشـنامەدا، زۆر پەسـنی کـورش دەدات، بـە پێـی وتەکانـی، دیاکۆنـۆف و، عەلـی یێـف و، ویسـهۆفێر و، (شـەهبازی) کورشـنامە سـەرچاوەیەکی مێژوویـی نییـە. ئـەوان بۆچوونیـان وایـە گزنفـۆن بەهـۆی ئـەوەی کـە قوتابـی (سـوقرات) بـووە، بـە پێی بیـرو باوەڕ و ئەندێشـەی ماموسـتاکەی، بـە توونـدی دژی دیموکراسـی وەسـتاوەتەوە، بۆیـە بەگوێـرەی سیاسـەت و تێفکرینەکانی دژە دیموکراسـی خـۆی و ماموسـتاکەی، دەسـەڵاتی شـاخوایی کورشـی بەباشـترین سیسـتەم زانیـوە، چونکـە گزنفـۆن و سـوقرات، سیسـتەمی دیموکرسـی ئەوسـای یۆنانیـان، لـە دژی پێگـەی بنەماڵـەی ئەریسـتۆکراتی خۆیـان زانیـوە.

کـورش ئەوەنـدە مرۆڤێکـی خـۆ زلـزان بـووە، لە ئەسـتونە بازنەییـە مێژووییەکەیـدا، کـە ئێرانییـەکان بـە مەنشـوری مرۆڤایەتـی دەزانـن، جگـە لـە نـاوی خـۆی وەک شـای شـایەکان، تەنیـا بـۆ جارێکیـش نـاوی هەخامەنشـی و پـارس و ئێرانـی ناهێنێـت، کـە گـەل و نەتـەوەی خـۆی بـووە. تابلـۆ بەردینەکانـی (پرسـپۆلیس) و بیسـتون، نمونەیەکـن لەسیاسـەت و فـرت و فێـل و چەواشـەکاری پارسـە

ئێرانییـەکان، کـە تێیـدا مێـژووی راسـتەقینەی مرۆڤایەتـی ئـاوەژوو دەکەنـەوە.

دکتـۆر هێـرش قـادری، لـە پەرتووکەکەیـدا، بەتـەواوی ئـەوە دەسـەلمێنێ، کـە ئـەو دەقانـەی لـە ئەسـتونە بازنەییەکـەی کـورش نـووسراوە و ئێسـتا وەکـو مانیفسـتۆی مافـی مـرۆڤ، لـە جیهانـدا دەنگـی داوەتـەوە، تەنیا ماسـتاو کردنێکـە بـۆ خواوەنـدە ئێرانییـەکان، ئـەو لەزمانـی مانۆئێـڵ کـۆک دەگرێتـەوە، کـە ئەو رسـتەیەی لـە زمـان و بەفەرمانی کـورش نـووسراوە و دەڵـێ: مـن سـەرزەمینی (گۆتیـۆم) و (مەنـدە) (کـە هەردووکیـان مەڵبەنـد و وڵاتـی مـادەکان بـوون) ، ملکـەچ و ناچـار بەبژاردنـی بـاج و خەراجکـردن و ناچاریشـم کـردن، کـە هـەردوو پێیەکانـم مـاچ بکـەن.

پارسـەکان لـەو سـەردەمدا، تەنانـەت زانسـت و خوێنـدەواری و هونـەری ئەوەشـیان نەبـووە، کـە یادداشـتەکانیان بەخۆیـان تۆماربکـەن، بەڵکـو وەک مێژووناسـان باسـی لێـوە دەکـەن، ئـەوان لەزانایانـی گەلانـی دیکـە و زمانـی مـادی کەڵکیـان وەرگرتـووە. ئـەو بـە لاڕێدابـردن و گەوجاندنـە نادادپەروەرانەیـەی مێـژوو، کـە میراتـی کـورش و داریوشـی پارسـە ئێرانییەکانـە، لـەم سەردەمەشـدا هـەر بەردەوامـە.

# ماد لە ژێر هێرشی سووپایی ئیرانییەکان و ئایینی زەردەشتدا

سروشتی دەسەڵاتی پارسی ئێرانی، ئایینی و دەمارگیرانە بووە. ئێرانییەکان هەر لەدەرکەوتنی یەکەمیان لە چاوی مێژوو، بەهۆی ئایینەوە خۆیان وێناکردووە و بوونەتە دەسەڵات و دەوڵەتیان بەهۆی ئایینێکی بان زەمینی پێکەوە ناوە و بەسەر گەلانی دیکە داسەپاندووە. کورش بەهۆی ئایینی زەردەشتی و هاوکاری زەردەشت، لە دژی ئایینی میترایی مادەکان گەورە بوو و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ئێرانییەکان لە هەخامەنشیەکانەوە تا ساسانییەکان، بە تەواوی هێزیان لە ئایینی زەردەشت وەردەگرت.

ئـەز وای بـۆ دەچـم، کـە مێـژووی تراژیـدی مـادەکان، ئـەو دەمـە دەسـتیپێکرد، کـە ئایینەکەیـان مـرد و لەنێوچوو. لـەو چاخـە زۆر دوورانـەی کـە ئاییـن بـە هێزتریـن پێناسـە و هەوێنـی یەکێتـی کۆمەڵـە مرۆڤیـەکان و گـەل و نەتـەوە بـووە، لەنێوچوونـی ئاییـن، بـە مانـای نەمانـی نەتـەوە و دەسـەڵات و پێناسـەی ئـەو کۆمەڵگـە مرۆڤییـە دەهاتـە هەژمـار، کـە ئایینەکەیـان لـێ زەوتدەکـرا، ئـەو نەتـەوە یـان کۆمەڵگـە مرۆڤیـە، لـەڕووی ناچاریـەوە بەیەکجـاری دەچـووە ژێـر دەسـەڵات و فەرمانـی ئـەو گەلـەی کـە ئاییـن و دەسـەڵاتی سەردەستی هەبـوو، واتـە پەیـڕەوی کـردن لـە ئایینـی نەتەوەیەکـی دیکـە، لـە هەمانکاتـدا بەشـێوەیەکی کـرداری، ئـەوە بەواتـای بڕیـاری قبووڵکردنـی دەسـەڵات و سـەروەری ئـەوە نەتەوەیـە بەسـەر نەتـەوەی خۆتـەوە هەژمـار دەکـرا.

لەگـەڵ هەڵکشـانی کێرڤـی ئایینـی زەردەشـت و بەرزبوونـەوەی ژمـارەی باوەڕمەندانـی ئـەو ئایینـە لەنـاو کۆمەڵگـەی مادەکانـدا، ئایینـی میـترا پاشەکشـە دەکات، کـە لەبـاری ئایینیـەوە زەردەشـت باڵادەسـت دەبـێ و (میـترا) پاشەکشـەی پێدەکرێـت، لـەڕووی نەتەوەییشـەوە، پـارس بڵنـد دەبـێ و مـاد دادەکـەوێ، کـە واتـە لـە پلـەی یەکەمـدا ئـەوە ئاییـن بـووە، کـە ڕۆڵـی بێجێگـرەوەی لەسەرخسـتنی پـارس و داخسـتنی دەسـەڵاتی مـاد هەبـووە.

ئایـا دەبێـت گەڵالەبوونـی ئـەو پرسـیارە بـەو شـێوەیە قبووڵبکەیـن، کـە زەردەشـت و ئایینەکـەی لـە پێنـاوی پێکەوەنانـی دەوڵەتـی پـارس سـەری هەڵدابـێ و هاتبێتـە بوونـەوە و شـەڕی میـترای پێکرابێـت ؟ ئایـا لەگـەڵ شـکان و پاشەکشـەی ئایینـی میـترا، نەتـەوەی مادیش تووشـی شـاکان و ژێـر دەسـتی و چارەڕەشـی هەتاهەتایـی هاتووەتـەوە؟ ئایـا زەردەشـت وەکـو تابـوری پێنجـەم بـۆ تێکدانـی یەکهەڵوێستی و پەرتەوازەکردنـی یەککگرتوویـی کۆمەڵگـەی مـادی، کەڵکـی لـە مۆغـە مـادەکان وەکـو پیاوانـی ئایینـی زەردەشـت و خزمەتکارانـی ئاگرگـەکان وەرگرتـوە، تاوەکـو لەناوخـۆوە بەرەیەکـی خۆفـرۆش بۆ پشـتیوانی لەپارسـەکان دەسـتەبەر بـکات، وەک ئـەوەی لەشـەڕی سـێ ساڵەی ماد - پـارس روویـدا.

زۆربـەی زۆری ئـەو زانایانـەی گرنگیـان بەمێـژووی سـەرهەڵدانی زەردەشـت داوە، دیارکەوتنـی ئـەو بـۆ سـاڵی 600ی پێـش زاییـن دەگەڕێننـەوە. ئەگـەر هاوبۆچوونـی خۆمـان بخەینـە سـەرکۆی بۆچوونـی ئـەو گشـت زانـا و مێژووناسـانە، دەگەینـە ئـاو ئەنجامـە سەرنجڕاکێشـە، کـە ئاشـکرابوونی زەردەشـت وەکـو پەیامبـەر و ئاییـن، تەنیـا چەنـد سـاڵێکی کـەم، بـەر لەدەسـتپێکردنی راپەڕیـن و ئاریشـەنانەوە و ئاژاوەگێـڕی پارسـەکان بـووە. هـاوکات بوونـی سـەرهەڵدانی زەردەشـت، لەگـەڵ دەسـتپێکردنی

پەشێوی و ئاڵۆزی هۆزە پارسە ئێرانییەکان، کە هێشتا کوچکی ئاگردانەکانیان لە سەرزەمینی ماد رەش نەببوو، پرسێکی سیاسی و کۆمەڵناسی زۆر زەقی سەردەمی خۆیەتی، کە نابێت بەسادەیی و بە بێ هەڵوەستەی جدی بەسەریدا باز بدرێت* .

لەسەردەمی مادەکانەوە، هەمیشە پێگەی ئایینی زەردەشت، لە پلە و ریزبەندی چوارەم دانراوە، بەڵام هەردوای سەرکەوتنی هەخامەنشیەکان، ئاهۆرامەزدا و

---

*ئێرانییەکان هەرگیز نەیانتوانیوە دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سەداسەد، مەدەنی سکۆلاریستی و نەتەوەییان هەبێت، بۆیە پاش تێکشکانی ئایینی زەردەشت و ساسانی، بەهۆی عەرەبە موسڵمانەکانەوە، نە لەباری جوگرافی و حوکمڕانییەوە، نە لەبواری فەرهەنگ و یەکێتی رەگەزی ئێرانی و زمان و خاکی ئێرانەوە، نەیتوانیوە خۆی پێناسە بکاتەوە و بەردەوام لە ژێر چنگی عەرەبی دەشتەکی و تورکی سەحرانشینی رۆژهەڵاتی ئاسیا دا، تا سەردەمی دەرکەوتنی سەفەویەکان ماوەتەوە.
سەفەویەکان دووبارە بەهۆی مەزەبی شیعەی ئیسلامییەوە و ناساندنی ئەو مەزەبە وەکو ئایین و ئیسلامی ئێرانییەکان، توانیان خۆیان رێک بخەنەوە و وەکو دەسەڵات و دەوڵەت، دووبارە هەستنەوە سەرپێ. دوای سەفەویەکان، تا کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتداری بنەماڵەی قاجارەکان، مەزنترین شانازی پاشاکانی قاجار ئەوە بووە، کە خۆیان بە نۆکەر و سەگی بەرقاپی ئیمام رەزا بناسێنن و لەو ئیمامە و پێگە متافیزیکی یەکەی دەسەڵات و هێز وەربگرن.
لەسەردەمی پەهلەویەکانیش، هەرچەند لە دروشم و رواڵەتدا، سیستەم و

## زەردەشـتیان لـە ریزبەندیەکـەدا، بـۆ پێگـەی دووەم و دوای

ئیدۆلـۆژی ئیسـڵام و شـەرعی ئیسـلامی، لەکاروبـاری دەوڵـەت و بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـەی ئێرانـی ڕەد دەکرایـەوە و خـۆی مینـا پاشـایەکی سـکۆلار و مۆدێـڕن وێنـا دەکات، لـێ لـە کـردەوەدا بەتـەواوی پەیـڕەوی لەهەمـان پرەنسـیپەکانی شـاخوایی کـورش دەکا و بەنـاوی سـێبەری خـوا، فەرمـان دەردەکا و هەمـوو شانازیشـی ئەوەیـە کـە دەڵێـت: مـن کەمـەر بەسـتەی ئیمامـی هەشـتەمم، واتـە ئیـمام ڕەزا پشـتێنی منـی بەسـتووە.

-ئـەم پرسـە گومـان هەڵناگرێـت، کـە تەنانـەت ڕژێمـی پاشـایی و سیسـتەمی مۆدێڕنـی ئێرانـی لـە سـەدەی بیستەمیشـدا، لـە هەمـان بـڕوا و جیهانبینـی و گەوجاندنەکانـی بـان زەمینـی (فـڕە شـایی) سـەردەمی هەخامەنشـی و ساسـانی و سـەفەوی و قاجـاری، بـۆ ڕەواییـدان بـە حکومەتـی ئێرانـی کەڵکـی وەرگرتـووە ، ئـەوەش هەمـان میتـۆد و ڕێبـازی هـزری و ئایینـی یـە، کـە ئایینـی زەردەشـت هـەر لـە چاخـە دوورەکانـەوە، لـە دووتـوێ فەرهەنـگ و ئەندێشـە و ئیـرادەی ئێرانـی چاندوویەتـی و ناتوانـێ خـۆی لـێ ڕزگار بـکات.

-بـە پێـی نـووسراوی مێژوویـی و بـاوەڕی زەردەشـتیەکانیش بێـت، زەردەشـت لـە سـاڵی 588 ی پێـش زاییـن هاتووەتـە جیهـان، کـە واتـە دەبـێ بۆچوونـی ئـەو مێژوونووسـانە بەهەنـد وەربگریـن، کـە دەڵێـن: زەردەشـت بـەر لـە دەسـتپێکردنی شـەڕ دژی پاشـایەتی مـاد، لـە (کاشـمەر) چـاوی بـە کـورش کەوتـووە و دووریـش نییـە، یەکێـک لـە بەرنامـە دانەرانـی شـەری دژە مـاد بووبێـت. بەپێـی هەندێـک گێڕانـەوەی دیکـە، زەردەشـت بەشـداری لـە شـەڕی داریـوش، دژی گۆماتـەی مۆغـی مـادی کـردووە، کەدەسـەڵاتی لـە کەمبوجیـە سـتاندبوو، چونکـە زەردەشـت پێیوابـووە، گوماتـە بـە هـۆی دامەزراندنـەوەی پاشـایەتی مـادەوە، دەیـەوێ ئایینـی میترایـی بگەڕێنێتـەوە و زەدەشـتیگەری، وەکـو ئایینـی فەرمـی لـە گەردوونـەی دەسـەڵاتداری بکاتـە دەرەوە، لەوەشـدا کـە شـێوە و کـرداری تیرۆرکردنـی گۆماتـە، زیاتـر پـلان و نەخشـە و بەرهەمـی مێشـکی ئایینـی پێوەدیـارە، نـە سـووپایی و سـەربازی، ئـەو بۆچوونەی سـەرەوە بەهێزتـر دەکات.

-مـن زۆر جـار هـزرم بـۆ ئـەوە دەچێـت، کـە ئایینـی زەردەشـت، سـتراتیژی

شا بردەسەرەوە.

کورش دەڵێ من نوێنەری ئاهۆرا مەزدام، بەڵام داریوش کە دەستبەسەر بابلدا دەگرێت، باسی ئاهۆرا مەزدا ناکات، بەڵکو دەڵێت، ئەوە خوای مەردوک بوو کە هێزی بەمن بەخشی، تاوەکو سەرکەوتن بەدەستبهێنم. ئەوەش دیاردەیەکە کە لای ئێرانییەکان هەمیشە باوبووە، لەوەی بڕوای ڕەهایان بەهیچ ئایینێک نەبێت، بەڵکو ئەوەی کە بۆ دەسەڵاتیان گونجاو و بەسوود بووە، بەکاریانهێناوە. ئەمەش کرۆکی بابەتەکەیە، کە لەپارس ئاهۆرامەزدا دەپەرستن و دژی مادەکان کەڵکی لیوەردەگرن، لە بابلیش مەردوک دەکەنە خوای خۆیان و کرنۆشی بۆ دەبەن.

---

شەڕێکی ئایینی و سایکۆلۆژی پارسە ئێرانییەکان بووە، بۆ ئەوەی رێگە بۆ داگیرکاری سیاسی سووپایی خۆش بکەن، دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە تەنیا دوو دەیە دوای ئەو مێژووە، مۆغەکان وەکو تابوری پێنجەمی هەخامەنشیە پارسەکان، لەتەک ئەریستوکرات و سەرۆک هۆزە خۆفرۆشە مادەکان، رۆڵیان لە تێکشکاندنی پاشایەتی شەرعی و دەسەڵاتی نەتەوەیی مادەکان بینیوە و بوونەتە هۆکاری لەنێوچوونی یەکجارەکی سەربەخۆیی مادە کوردەکان.

-ئێرانییەکان بەر لە شەڕی سووپایی، شەڕی ئایینیان دژی مادەکان راگەیاندبوو و لە رێگەی پەرستگە و مۆغەکانەوە، بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار، دزەیان کردبووە ناو ریزەکانی کۆمەڵگەی مادیەوە و یەکێتی و یەکڕیزی مەدەکانیان تێکدابوو.

کــورش هەمــوو خواکانــی بابــل و ئاشــوور و میــسر، قبوڵــدەکا و لــە بەرامبەریانــدا دەچەمێتــەوە، بــەڵام لــە سۆنگەی رق و قێنــی لەرادەبــەدەری بەرامبــەر نەتــەوەی مــاد، هەمــوو پەرەســتگەکانی میــترا، لــە سەراســەری رۆژهــەڵات وێرانــدەکا و دەســووتێنێ، چونکــە میــترا ئایینــی مــادەکان بــووە*

---

* زەردەشــت بــاوەڕی ژیانــەوەی دوای مردنــی بڵاوکــردەوە، کــە لــە رێگــەی پــردی کۆکــەرەوە (chinvat peretu)کــە رێگەیەکــی زۆر باریکــە و دەچێتــەوە نــاو بەهەشــت و تەنیــا روحــی پارســەکان،کە روحــە پاکەکانــن دەتوانــن بچنــە نــاو بەهەشــت، زەردەشــت تەنیــا پارســەکانی بــە پــاک دەزانــی.

# میترای مادەکان و زەردەشتی ئێرانییەکان

یەکێک لە دێرینترین کەتیبە کەونارییەکان، کە مێژووی کەونارییەکەی بۆ 1400 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، پەیماننامەی ئاشتی نێوان هیتیەکان و میتانییەکانی تێدا[1] تۆمارکراوە و لەناو سنگی خۆیدا پاراستووە. لەو بەڵێننامەیەدا، میترا وەکو پارێزەر و دادوەر بەسەر بەڕێوەچوونی پەیمانەکە دیارکراوە. ناوچە و جوگرافیای جێی ئاماژەی پەیماننامەکە، کە ئەوسا بەتەواوی ماد بوون، کە هەتا ئێستاش هەر بەکوردی ماونەتەوە و گۆڕانێکی ئەتنیکی رەها، بەسەریدا نەهاتووە.

لەهەموو مێژوو و یادداشتەکانی ئاشوورییەکان،

1- گێمن کلۆسکا

لـە مـاوەی نزیـک لەحـەوت سـەدەدا، کـە لـە ئەنجامـی داگیـرکاری و گـەڕان بـەدوای تاڵانـکاری سـامان و سروەتـی مادەکانـدا، هەمـوو کـون و کەلەبەرێکـی وڵاتـی مادیـان، بسـت بەبسـت رووپێو کـردووە و هیـچ شـوێنێکی نادیاریان نەهێشـتووەتەوە، لـە بـارەی پەرەسـتگە،[1] یـان خواکانـی مـادی، هیـچ ناوونیشـان و ئاماژەیـەک، لـە بتێـک، و خوایەکـی داتـاشراو یـان سروەت و سـامانی پەرەسـتگەیەکی مـادی بەرچـاو ناکەوێـت، کەواتـە لـەم بابەتـەدا مێـژوو بەڕوونـی ئـەو دەرەنجامەمـان دەخاتەبـەر دەسـت کـە مـادەکان هەرگیـز بـۆت یـان نەپەرسـتووە.

ئەسـتەم نییـە ئەگـەر بـڕوا بـەوە بهێنیـن، کـە میهـر، هەمـان میـری کوردیـە، کـە لەسـەر بنەڕەتـی پێکهاتنێکـی کۆمەڵایەتـی دەستنیشـانکراوە، بۆیـە میهـر، پاشـا و میـرە، نـەک خـوا، چونکـە میـر بـە راو دەنگـی خەڵـک هەڵبژێـردراوە، هەرگیـز پێگەیەکـی پیـرۆزی بانزەمینـی وەرنەگرتـووە و وەکـو شـای ئێرانییـەکان تـا رادەی پەرەسـتن، بـەرز نەکراونەتـەوە و بـە سـێبەر و نوێنـەری خـوا نەزانـراون.

میـترا ئـەو بەڵێنەیـە، کـە شـا یـان میریـان بەپێـی ئـەو

---

1- ویسهۆفەر

هەڵدەبـژارد، تاوەکـو بەڕێوەبەرایەتـی و حوکمڕانـی گـەل بـکا و یەکێتـی نێـوان گەلانـی مـادی بپارێـزێ و بەرگـری لـە میدیـا بـکات، چونکـە میـترا ناوێکـی دیکـەی (پەردیـس)ە، نـەک خـوا.

واڵـتر هێتـس دەبێـژێ: مـادەکان ئەڤینـداری بـاغ و گـوڵ و گیـا بـوون،[1] ئـەوان بەئەڤینـی گـوڵ و گیـا، واتـە پەردیـس، کـە وشـەیەکی مادییـە، نێوبانگیـان دەرکردبـووە.

- بەگوێـرەی ئـەو تێگەیشـتنە، کـە میـترا وەکـو کـۆ فـام کـراوە، بووتـە ناوێکـی تایبـەت، دەبـێ [2]دیـوان یـش وەکـو شـوێنی دانیشـتنی بەڕێوەبەرانـی بەڵێـن( میـترا) بووبێـت. هەندێـک دەڵێـن دیـوان نـاوی خوایەکـی مادییـە، کـە ناتوانـێ راسـت بێـت، چونکـە لـە ئەنجامـی لێکۆڵینـەوە لـە سـەرچاوەگەلێکی زۆر، نەمانتوانیوە راسـتی خـوا بوونی میترا بسـەلمێنین، بەڵکـو لـەو وەڵامـە زیاتـر نزیکبووینەتـەوە، کە نـە میـترا خـوا بـووە، نـە میتراییـەکان خـوای جۆراوجۆریـان

---

1 - وشـەی پەردیـس ی مـادی سـەرەتا لەلایـەن زەردەشـتیەکان و پاشـانیش بەهـۆی موسـڵمانەکان، بـۆ فـردوس گـۆڕدرا و بـۆ ئاسـمانەکان و جیهانـی نادیـار گواسـترایەوە، لـە دەتسپێڕاگەیشـتنی مرۆڤـەکان بـەدەر کـرا و خرایـە خزمەتـی شا و سوڵتان و چینی سەردەست و دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە.

2- دیـوان بـە هەمـان شـێوە، ئێسـتاش لـە کـوردی و لـە فارسیشـدا، هـەم لەبـاری کۆمەڵایەتـی و هـەم لـە بـواری دەسـەڵاتداری دا، بـە هەمـان مانـای بەرێـی خـۆی بـەکار دەهێنرێـت.

پەرەستش کردووە. مادەکان (میترا) پەیمانێکیان هەبووە و شوێنی بەڕێوەبردنی ئەو پەیمانەش، کە شا و فەرماندە و ریش سپی و پیاو ماقولانی کۆمەڵگە لێیکۆدەبوونەوە و راگۆڕینەوە و راوێژیان بۆ کاروبار دەکرد، دیوان بووە، لە دیواندا، بڕیار و فەرمانیان دەرکردووە، بۆیە زەردەشتیەکان و پارسەکانیش، رقێکی زۆریان لێبووە و لە ئاڤێستادا، بەشێوەیەکی سیمبۆلی وەکو گیانەوەرێکی درندە بەکاریانبردووە، وەک لەشێوازی ئاماژەدان و بەکارهێنانیدا دەردەکەوێت، (دێو) نابێت ناوێکی تاک بێت، بەڵکو گشتگیر و کۆیە.

یەکەمین دەستەی ئارییایە کۆچەرەکان، لە سالآنی نزیک لە سەرەتای سەدەی نۆی پێش زایین، لە مەڵبەندی کاسپیان دەرکەوتوون، هەر لەو رۆژگارەدا ئارییاییەکان بە مادەکانیان دەگووت دێو. دێو بەو مرۆڤانە گوتراوە، کە بەهێز و شەڕکەر بوون، لە بەرامبەر دەستدرێژی و داگیرکاری کۆچەرە ئێرانییە پەزدارە تازە گەیشتووەکان شەڕیان کردووە. ئێستاش هەندێک ناوچە و ئاوایی لەپارێزگای مازندەرانی ئێران، وەکو ( کورد کوی) و (کورد محەلە) هەر بەناوی کوردیی خۆیان وەکو یادگارییەکی بەهادار و پیرۆزی سەردەمی مادەکان ماونەتەوە.

یەکەمین سینگ بەسینگ بوون و بەریەککەوتنی ئارییایە کۆچەرەکان، لەگەڵ مادە خانەخۆکان، لە

مەڵبەنـدی مازندەرانـی ئەمـڕۆی ئێـران روویـداوە، کـە بەشـێکبووە لـە مـادی گـەورە، لـەوێ مـادەکان بـە کۆچـەرە تـازە هاتووەکانیـان دەگـووت پـارس، کـە بـە مانـا مادیەکەی یانـی، کەنـار رێگـە، یـان کەنـار سـنوور، ئەوانـەی بێجێـگاو رێگـەن و لـە گۆشـە و کەنـاری سـنوورەکان گیرسـاونەوتەوە.

هێرتسـفیلد دەڵـێ: ئاشـوورییەکان لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆی پێـش زاییـن ئاماژەیـان بەدەرکەوتنـی سـەر و کەلـەی، ئارياييـەكان لەرۆژهەڵاتـی دەریـای [1](کاسـپیەن) داوە.

ئـەوەی لەئەدەبیاتـی حیماسـی دێرینی ئێرانی و شـانامەی فردوسـی، بەنـاوی دێـو ئاماژەیـان پێکـراوە، هەمـان مـادە خۆجێییەکانـن، کـە رێگەیـان نـەداوە کۆچـەرە ئاريايیـەکان، بەئاسـانی راوەڕووت و تـاڵان و داگیـرکاری لەناوچـە مـاد نشـێنەکان ئەنجامبـدەن.

هەرچـی نـاو و وشـەی خـراپ لەئاڤێسـتا و ئاییـنی زەردەشـت نووسرابێـت، هەمـووی دژی مـادەکان بەکارهاتـووە و نـووسراوە. لـە ئاڤێسـتادا، میـترا کراوەتـە ئەهریمـەن، (دەئـۆ) دیوانـی مـادەکان، کراوەتـە دێـوی شـاخدار و ئاسـتیاگی دوایـن پاشـای مادیـان کردووەتـە ئاژدیهـاک و ماریـان لەسـەر شـانی روانـدووە. ئـەوەش

1- دەریای کاسپیەن، بەناوی کاشی، یان کاسپیە مادەکانەوە ناو نراوە.

ئـەز وای بۆدەچـم، کـە ژینگـە دۆسـتی کـوردەکان و ئـەو دیـاردە بێوێنەیـەی،

هەمــووی بەرهەمــی هزریــی، مێشــکی و متافیزیکــی و خواســازی مۆغــە زەردەشــتییەکان بــووە، کــە نەیتوانیــوە میــترا بەتــەواوی لەکۆمەڵگــە و بیرگــەی مــادەکان بسڕنەوە، دەســتیان داوەتــە چەواشــەکاریەکی دیکــە و میترایــان وەکــو خــوای خــۆر ناســاندووە.

نــووسراوەی (وندیــداد) بــۆ بەرگــری و ئەســتۆپاکی هارپاگــی خۆفــرۆش، لــە (فەرگێــرد) بەنــدی 73 ، مــادەکان بەدێوپەرەســت و مردووخــۆر ناودەبــا و چیرۆکێکــی درۆیین و ســاختە دروســتدەکات، کــە تێیــدا ئاســتیاگی پاشــای مــاد، منداڵەکانــی هارپاگــی خــواردووە. بەوشــێوەیەی کــە وندیــداد لەبەرگریکــردن لەزەردەشــت و پارســەکان، دێتــە مەیدانــی بەربەرەکانێــی میــترا، کــە ئاراســتەگەری دەزگای ڕاگەیاندنــی دەوڵەتــی پارســی بەروونــی پێــوە دیــارە.

وندیــداد بەشــێکە لــە ئاڤێســتا، کــە یاســای ئایینــی زەردەشــتییەکانە و ئــەو بەشــەیە کــە بــۆ دژایەتــی مــاد و ئایینەکەیــان تەرخانکــراوە. ئــەو بەشــە لەچەنــد مــادە و بڕگــە پێکهاتــووە، کــە بریتیــن لــە، 1 - ئاخافتنەکانــی یەزدان، 2 - یاســای دژە دێو(مــاد)، 3 - (داتەهــەی زەرتوشــتەرە) یاســای زەردەشــت.

لــە ناوچــەکان و نــاو گەلــی بــارزان یــش تــا ئێســتا ماوەتــەوە، خســڵەت و رەســانەیەتییێکە، کــە لەســەردەمی مــادەکان و میــترا مابێتــەوە.

(شـوارتز) دەڵێ: وندیداد لەسـەردەمی هەخامەنشـیەکان، بەهـۆی مۆغەکانـەوە نـووسراوە. بـەڵام بەپێـی تێگەیشـتنی مــن، وندیــداد لــەدوو قۆناخــی جیــاواز، واتــە دوای تیرۆرکردنــی گۆماتــە، لەلایــەن داریــوش و هێرشــی وێرانکردنـی دیوانەکانـی مـادەکان، بەهـۆی خەشـایار شـا، نووسراوەتــەوە.

نووسـەرە ئێرانییـەکان دەڵێـن: پێـش هاتنـی زەردەشـت، لـە سـەرزەمینی مـاد خوایانـی دێـو دەپەرسـتران، بـەڵام خـۆ میـترا خـوا نەبـووە (daeva).

زۆر لــەو ناوانــەی وندیــداد، بەخــوای مادەکانــی دەزانێــت، دەشــێ نــاوی خێــڵ یــان هۆزێکــی مــادی بووبێــت، ئــەو ئەگــەرەش زۆرە، دیــوان وەکــو بــارەگای سـەرکردایەتی مـادەکان، کـە هـەر هۆزێـک و پاشانشـینێک و یەکێتـی گوندییـک، لەدیوانێکـی سـەربەخۆ و جیـاوازەوە سـەرکردایەتی کرابــن، لەلایــەن دەزگای ئایینــی پارســە ئێرانییەکانــەوە، کــە لەوندیــدا رەنگیداوەتــەوە، وەکــو دێــوی مــرۆڤ خــۆر لەقەڵەمدرابــن.

هێرتســفێڵد دەڵــێ: خەشــایار شــا، دێوەکانــی وڵاتــی مـادی وێراندەکـردن، کەواتـە دێـوەکان هەمـان دیوانخانـە و شـوێنی دانیشـتن و کۆبوونـەوە بـووە، نەخـوا و (مەعبەد) پەرسـتگەیان یـان گیانـەوەر، چونکـە هەمـوو مێژووناسـان و زانایانــی بــواری شــوێنەوار و کەونارناســی، لەســەر ئــەو

بۆچوونیـه هـاو دەنگـن، کـه مێـترا پەرسـتگەی نەبـووە و هیـچ بتێـک، یـان خوایەکـی نەپەرسـتووە.

زەردەشــت لەســەرەتادا لەنــاو مــادەکان هیــچ شــوێن پێیەکـی وەچنـگ نەکـەوت، چونکـە مـادەکان ئەندێشـە و جیهانبینییــە وەهــم ئامێزەکانــی ئەویــان بەئاســانی قبووڵنەکــردووە، دواتــر ئــەوە بەهــۆی مێوانــداری هۆستاســپی مــادی و دواتریــش بەهــۆی ســەرەنێزە و زۆرداری هەخامەنشــییەکانەوە بــووە، کــە زەردەشــت بەســەر گەلانــی ناوچەکــە داســەپێندراوە.

(هیـگڵ) لەبـارەی سـەرکەوتنی ئایینـی زەردەشـت دەڵێ: ئـەوە دەسـتپێکی هەڵـەی مێـژوو بـوو.

مێژوونووســانی ســەردەمانی کــۆن دەڵێــن، شــۆڕش و سـەرهەڵدانی زەردەشـت، شۆڕشـی باڵنـدەی بـاز و (گا) یـە، دژی مــار و شــێری میترایــی.

لەبندهشــن زەردەشــت دەنووســێت، زوحــاک لــە (ئاترۆپاتــکان) ئازەربایجــان، کڕنۆشــی بــۆ ئەهریمــەن بــرد و لــە ناوچــەی (ســپید رود) رووبــاری ســپی داوای لــە ئەهریمــەن کــرد، کــە ئامانجــی خــۆی و دێــوەکان وەدیبهێنێــت.

کوشــتنی گا، کــە مــادەکان لــە بۆنــە و جەژنەکانــدا ســەریان دەبڕیــن و دەیانکردنــە قوربانــی شــادی و خۆشـی و پێکەوەبوونیـان، هەسـتی دڵسـۆزی زەردەشـت

دەجوڵێنێــت. لــە یەســنای 28 دا، بەڕوونــی بــاس لـەوەدەکات، کـە بـۆ پشـتیوانی لـە روحـی گا و رازیکردنـی روحــی گایــە، کــە هەستاوەتەســەرپێ و هیــچ باســێک لــە فەرهەنگــی ســۆزداری و پێملبوونــی زەردەشــت، بــە رزگارکردنــی مرۆڤایەتــی لەئــارادا نییــە.

لــە ئایینــی میــترادا، (دوالیــزم) دوانــەی خێــرو شــەڕ، بوونـی نییـە. ئاهـۆرا و ئەهریمـەن، شـەیتان و رەحـمان، کەرەسـتەی دژایەتـی و شـەڕی زەردەشـت، لەگـەڵ ئایینـی بــێ (تەبەقــە) چێنایەتــی مێهــرە، کــە هیــچ شرۆڤــە و تێگەیشـتنێکی بـۆ دژیەکـی بـاش و خـراپ نییـە، ئـەوەی هەیــە، هەمــووی بەڵێــن و باشــی و چاکەیــە.

کۆمەڵگــە لــە پاشــا و میــرەوە، تادەگاتــە شــوان و گاوان و وەرزێــر و خزمەتــکار، هەمــووی بەیــەک چــاو ســەیر دەکرێــت. وەک مێــژوو باســی دەکات پەیڕەوانــی ئایینــی مێهـر، لـە چوارچێـوەی ئایینـی میـترا دا، هاوبەڵێـن بـوون و بەیـەک چـاو سـەیرکراون.

ئــەو ئەگــەرە بەتونــدی لــە ئارادایــە، کــە زەردەشــت لـە ژێـر کاریگـەری ئایینـی هیندیـە هاورەگەزەکانـی گای پــێ پیــرۆز بووبێــت، هــەروەک لــە یەســنای وندیــداد، باســی لێــوەدەکات، شــۆڕش و ئاینێکــی بــۆ بەرگــری لــە قوربانیکردنــی وەرێخســتبێت دیارنییــە. زەردەشــت هیـچ کێشـەیەکی لەگـەڵ ئایینـی هینـدی و ئایینـە بـۆت

پەرەستە سەرەتاییەکان نەبووە، تەنها دژی میترا، کە ئایینی مادەکان بووە، شەڕی راگەیاندووە.

جۆرج راولینسۆن دەنووسێت : مادەکان گایان لە جەژن و کۆبوونەوەکاندا سەردەبڕی، زەردەشتیەکانیش ئەسپ، لەوانەش باشترین ماینەکانیان دەکردە قوربانی، ئاخر ئەسپیان بە بەهێزترین کەرەستەی جەنگی مادەکان دەزانی *.

پەردیسی زەمینی میترا، بە هەموو خۆشیەکانییەوە، خرایە بەردەستی پاشا و دەسەڵاتدارە پارسی و پیاوانی ئایینی زەردەشت و لە هەژاران زەوتکرا، لەبەرامبەر ئەوەشدا، ژیانی دنیای دیکە و بەهەشتی ئاسمانەکانیان کردە دیاری هەژاران.

زەردەشت میترا و پەردیسی سەر هەردی میتراییەکانی بۆ کفر و ئەهریمەن گۆڕی، تاوەکو خەڵک بە هۆی پرەنسیپەکانی میتراوە داوای یەکسانی و هاوبەشی لە سامان و خۆشیەکانی جیهانی خاکی نەکەن. بە ئەهریمەن کردنی میترا خۆی بە مانای زەوتکردنی مافی یەکسانی کۆمەڵایەتی مادەکان بووە، چونکە

---

1- زەردەشت لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ میترا نییە، ئەو خۆی لەگەڵ بڕواو دابونەریتی کۆمەڵگەی میترایی مادی دەگونجێنێ، تاوەکو ژێر پێی خۆی موکوم دەکات، ئەوجا زۆر بەدژواری لەگەڵ ئایینی

ئایینــی زەردەشــت، ئایینــی بەرگــری لــە ســەرۆک هــۆز و ئەریســتوکرات و شــا و دەســەڵاتی ئایینــی و چینەکانــی باڵادەســتی کۆمەڵگــەی ئێرانییــەکان بــووە.

لــەڕووی کۆمەڵایەتیــەوە، تائــەو رادەیــەی مێــژوو دەرگاکانــی بــۆ هەڵێنجانــی راســتیەکان دەکاتــەوە و روخســەتی تێگەیشــتن لــە بڕگــە نهێنییەکانمــان پێدەبەخشــێت، میــترا نوێنــەری کۆمەڵگەیەکــی یەکســان،

---

میــترا، دەکەوێتــە دژایەتــی و شــەڕێکی بــێ ئەمانــەوە. مێهــر دەکاتــە دێــو و دژە خــوا، ئــەوەش لــە حاڵێکــدا بــوو، کــە هەمــوو پارســە ئێرانییــەکان، لــە تــاو شــادی و خۆشــبەختی کۆمەڵگــەی یەکســانی مــادەکان دەســووتان و لەژێــر گوشــاری ترســی شــا خوایــی و فەرمانەکانــی زەردەشــت دەســتیان لەســەر زەوی پــێ رانەگەیشــتووە، چونکــە زەردەشــت بەهەشــت و خۆشــیەکانی بــۆ ئاســمانی حەوتــەم و جیهانــی نادیــار بــەرز کردبــووەوە و لــەم جیهانــەش تەنیــا بەخــت رەشــی و کۆیلایەتــی و خزمەتــکاری بــۆ بــەردەرگای شــا و دەرەبــەگ و پەرســتگە و ئاگردانــەکان، بــۆ خەڵــک بەجێهێشــتبوو. بەهەشــتی زەمینــی و پەردیســی مــادی و پێگــەی خوایــی، خســتە ژێــر دەســتی پاشــاکانی پارســی هەخامەنشــی.

- دکتــۆر هێــرش قــادری دەڵــێ: لــە وندیــداد خشــتەیەک بــۆ شــوێنە ناپاکــەکان دروســت کــراوە، لــەو خشــتەیەدا، مــاد یەکێکــە لــە شــوێنە ناپاکــەکان و ناوچــەی پــارس، لــە شــوێنە پاکــەکان دانــراوە، کــە ئەهریمــەن لێــی نزیــک نابێتــەوە. ئــەوەش گومــان دەخاتــە ســەر ئــەو بۆچوونیــە کــە دەڵێــن مۆغــەکان بەرەبــاب، یــان هۆزێکــی مادیــن، ئــەی ئەگــەر مۆغــەکان مــادی بووبــن، بۆچــی ســەرزەمینی میدیــا یــان بــە شــوێنێکی ناپــاک و گڵاو دانــاوە ؟.

-ســەما ئیلاهــەی سەرمەســتی، لــە ســەمای مادەکانــەوە هاتــووە، کــە مــادە میتراییــەکان لــە جەژنەکانیانــدا و شــادی و خۆشــێ و مەســتی رووەدەچــوون و ســەمایان دەکــرد، ئێســتاش بــەو سەرمەســتبوونە عارفانەیــە، دەڵێــن ســەماع.

بـێ چیـن و جیـاوازی ڕەگـەزی بـووە، بـەڵام زەردەشـت و ئاهۆرامـەزدا، هـەم نوێنـەر، هەمیـش بەدیهێنـەری چینایەتـی و نادادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و دەسـەڵاتی نێرینـە، بەسـەر مێینـەدا بـوون.

زۆر لـە مێژوونووسـان لەسـەر ئـەو بڕوایـەن، کـە لـە وڵاتـی مادەکانـدا، جیـاوازی جێنـدەری بوونـی نەبـووە، لەسـەر ئـەو بابەتـەش هاوبۆچوونییەکـی فـراوان هەیـە، کـە ژمارەیـەک لـە پاشـاکانی مـاد ژن بـوون،

سـەرەبۆچوونی پشتراسـتکردنەوەی بابەتـی بـاو بوونـی دایـک سـاڵاری لـە بەشـێک لـە سـەرزەمینی میدیـا، لـە لایـەن لێکۆڵەرانـی زانسـتی نیشـانە ناسـی، لـێ بەشـێکی دیکـە گومانێکـی تەندروسـت دەخەنـە سـەر ئـەم مەسـەڵەیە، کـە دەڵێـن: مێشـکی پیاوسـاڵاری ئێرانـی، کـە ژنەکانیـان زۆر لـە پلەیەکـی خـوارەوەی پیـاو دادەنـا، وەکـو سـووکایەتی بـە پاشـا مادەکانـی بـەرێ، ئـەو چیرۆکەیـان خسـتووەتە سـەرزاری خەڵـک، چونکـە زەردەشـتیە ئێرانییـەکان، میتراشـیان بـە مێینـە دانـاوە و هـەر دوای شـکانی مـاد، نـاوی هـەزاران کچیـان کردووەتـە میـترا و ئێسـتاش لـە وڵاتـی ئێـران، میـترا ناوێکـی بـە ژمـارە زۆری کچانـی ئێرانییـە.

زەردەشـت بـە ئەندازەیـەک دژە ژن بـووە، کـە لـە (بەندهشـن) ئاهـۆرا مـەزدا دەڵـێ: گەرچـی ژنەکانـن کـە

پیاوان دێننە جیهان، بەڵام ئەگەر کەرەستەیەکی دیکە بۆ هێنانە دنیای پیاو هەبایە، ژنەکان نەدەئافرێنران. ئاهۆرامەزدا لە ئایینی زەردەشت دا، ئەوەندە دژی ژن دەرکەوتووە، کە بەدەیان وشەی جنێو و سوکایەتی وەکو، کچی دێو، سۆزانی بۆ ژن بەکار هێناوە و ئەوانی بە مایەی ئازار زانیوە.

لەتەک گا ی پیرۆز، یەکەمین بەرهەم و ئافرێندراوی ئاهۆرا مەزدا ناوی (کیۆمەرس) ە، کە پیاوە، بەڵام[1] میترا، کە خۆی نە پیاوە نە ژن، بەڵکو پەیمانە، ژنێک دەئافرێنێت.

لە فەرهەنگی ئاخافتنی ئەو سەردەمی یەهودیەکان و ئەرمەنییەکان دا، مادەکانیان بە مار ناو بردووە، لەژێر کاریگەری هێزی راگەیاندنی دووجەمسەری دەوڵەتی هەخامەنشی و ئایینی زەردەشت، مار کە (توتم) نیشانەی مادەکان بووە، بردراوە تە ناو پەرتووکی پیرۆز و لە بەهەشت، ژنە هاوسەرەکەی بابە ئادەمی فریو داوە و بووەتە هۆکاری وەدەرنانی پیاو لە بەهەشت.

لەو سناریۆیە مەترسیدارە رقاویەدا، هەم نەتەوەی ماد و هەمیش ژن بەیەکەوە، کەوتوونەتەبەر هێرش.

1 -دکتۆر هێرش قادری، لە پەرتووکی ئاوەزی سیاسی ئێرانی وخۆناسینەوەی

لەلایـەک پیـاوی مەزەبگـەرای بەرامبـەر ژن دڕدۆنـگ و هەسـتیار کـردووە، لـە لایدیکـەش مادەکانـی خسـتووەتە بەرامبـەر دوژمنایەتـی ئایینـە تـاک خواییەکانـی ئـەو دەمـی جیهـان، چونکـە پێـش لـەوە چیرۆکێکـی لـەو چەشـنە، لـە پەرتووکـی پیـرۆزی یەهودیـەکان، بوونـی نەبـووە.

دیاکـۆ لـە فەرهەنگـی دژە مـادی زەردەشـیە پارسـەکاندا، کراوەتـە (ئەکـوان دێـو) و ئاسـتیاگییان، کردووەتـە، ئەژدیهـا و مرۆڤێکـی دڕنـدە، کـە جووتێـک مـار لەسـەر شـانی رواوە و دەبـێ بـەردەوام مێشـکی گەنجەکانـی دەرخـوارد بدرێت. ئـەوە دیـارە کـە دەوڵەتـی داگیـرکاری هەخامەنشـی و دەزگای راگەیاندنـە ئایینییەکەیـان، لەگـەڵ مـادەکان کەوتبوونـە شـەڕێکی سـایکۆلۆژی و ئایینـی تایبـەت و بـە

---

کوردەکان.

-میـترا کـە خـۆی بەڵێنـە، دەڵـێ: هرگیـز نابێـت بەڵێـن بشـکێنن، نـە ئـەو بەڵێنـەی لەگـەڵ کەسـی درۆزن بەسـتراوە، نـە ئـەو بەڵێنـەی لەگـەڵ کەسـی راسـتگۆ، هەردووکیـان هـەر بەڵێنـن، چ لەگـەڵ درۆیـن بێـت، یـان لەگـەڵ راسـتگۆ.

-ئـەز وای تێدەگـەم، کـە دەزگای راگەیاندنـی زەردەشـتی هەخامەنشـیەکان، دژایەتـی لەگـەڵ ئـەو پێگـە و شـکۆمەندیە کـردووە، کـە ژن لـە ئایینـی میـترا و لەنـاو کۆمەڵگـەی مادیـدا هەیبـووە، ئـەو رێـزەی ئێسـتاش لـە لەیـەن فارسـە ئێرانییـەکان لـە ژن دەگیـرێ، کولتـووری بەجێـماوی مادەکانـە. بـەڵام ئـەو جیاوازیخوازیـەی بەرامبـەر ژن لەنـاو کـوردان دواتـر هاتـە ئـاراوە، لـە بنەماکانـی ئایینـی زەردەشـت و ئیسـلام سـەرچاوەیان گرتـووە.

چــڕی و لێزانییــەوە، هەمــوو ســیما و کولتــوور و مێــژووی مادیــان خســتبووەبەر هێرشــەوە.

بەشــێکی مــەزن لــە دوژمنایەتیــە دژوار و لەڕادەبــەدەری ئاینــی زەردەشــت و پارســە ئێرانییــەکان، جیــاواز لەداگیرکردنــی پاشــایەتی مــاد ئــەوە بــووە، کــە دوای بوونەتــە دەســەڵات، نیازێکــی زۆریــان بــە کۆیلــە و خزمەتــکار و ژێردەســت هەبــووە، تاوەکــو لــە کاروبــاری بیناســازی و هونــەر و پیشەسازی بەکاریانبهێنــن، ئــەوەش لــە حاڵێکــدا بــووە، کــە ئایینــی میترایــی مــادەکان، فەرمانــی بــە یەکســانی و دۆســتایەتی و بەڵێــن دەکــرد، بۆیــە جیــاواز لــە جیهانبینــی و یەکتــا پەرەســتی زەردەشــتی، میــترای مادیــان دژی بەرژەوەنــدی و سیســتەمی دیکتاتــۆری شــاخوایی و کۆمەڵگــەی ئەریستوکراســی خۆیــان دیتــووە، بۆیــە مۆغــەکان هەوڵێکــی زۆریــان خســتۆتەگەڕ، تاوەکــو میــترا و میتراییــەکان، بکەنــە پەیــڕەوی ئایینــی زەردەشــت.

بەپێــی نووسراوەکانــی ئاڤێســتا، کــە لــە بندهشــندا هاتــووە، لــە روانگــەی زەردەشــتەوە گەورەتریــن تاوانــی (جەمشــید)ی شــای ئێرانییــەکان، کــە لەوانەیە لە ســەردەمی هوەخشــتەرە ژیابێــت ئــەوە بــووە، کــە چووەتــە ژێــر پەیمانــی دۆســتایەتی لەگــەڵ مــادەکان، ئــەو لەکۆبوونــەوە و دیوانــی مــادەکان بەشــدار بــووە، گۆشــتی قوربانــی گای خــواردووە و ژنێکــی مــادی هێنــاوە و خوشکەکەشــی داوەتە

پیاوێکـی مـادی. ئـەوە رێـک دەبـێ ئەوسـەردەمە بووبێـت، کـە هوەخشــتەرە هەمـوو ئـەو هـۆزە پارسـانەی دزەیـان کردبـووە نـاو خاکـی وڵاتـی مـاد و لـەوێ نیشـتەجێ ببـوون و حوکمڕانـی خۆجێییـان پێکهێنابـوو، دووبـارە گەڕاندبێتەوە ژێـر فەرمانـی دەوڵەتـە مـاد [*].

---

[*] بەپێـی ئـەو گێڕانـەوە مێژووییانـە بێـت، زەردەشـت دژایەتـی سـەختی ئـەو کەسانەشـی کـردووە، کـە دۆسـتایەتی و هاموشـۆی مادەکانیـان کـردووە، ئـەوە هەمـان ئـەو پرەنسـیپانەن کـە دواتـر لـە ئایینـی ئیسـلامیش دووبـارە بوونـەوە. لەبنەڕەتـەوە رادیکالیـزم و رەدکردنـەوەی ئەوانـی دیکـە و بـە ئەهریمەنکردنـی ئەوانـەی هـاوڕات نیـن، لـە دەزگای زەردەشـتیی هەخامەنشـی رژاوەتـە دەرەوە و ئایینەکانـی دوای خـۆی بـارگاوی کـردووە.
-لـەو سـۆنگەوە کـە چینـی وەرزێـری کۆمەڵگـەی شـاری و هۆزەکانـی مـاد، ئایینـی زەردەشـتیان پـێ قەبـوڵ نەکـراوە و بـە هـۆی ئـەوەی کـە فێرکاریەکانـی زەردەشـتی، ئـازادی و دادپـەروەری و یەکسـانی کۆمەڵگـەی تێکـدەدا، ئەو بنەما ئایینییـە نوێیەیـان لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان نەدەدیتـەوە. لـە هەڵوومەرجێکـی وەهـادا، زەردەشـت بەناچـاری پەنـای بـۆ ناوچـە پـارس نشـێنە کۆچەریـەکان بـردووە و لەوێـڕا بەسـەختی دەسـتی بـە دوژمنایەتـی مـادەکان کـردووە و بنیاتـی ئەندێشـەکانی خـۆی لەسـەر دوژمنایەتـی و رەدکردنـەوەی مـادەکان و بەرزکردنـەوەی ئێرانییـەکان دارشـتووە، هـەروەک لـە سـەرەتا دا، یەهودیـەکان ئایینـی ئیسـلامیان قەبـوڵ نەکـردووە و کەوتوونەتـە بـەر لێدانێکـی دژواری سـووپایی و ئایینـی سـەخت و توندوتیـژەوە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی سێکوچکەی مۆغ و زەردەشت و ئێرانی، لەگەڵ ماد و میترا

سـیسرۆن، لـە سـەدەیەک پێـش زاییـن دەنووسـێت: مۆغـەکان لـە پـارس بـە زانـا و ئەندیشـمەند دێنـە هەژمـار، کەسێک لـە لای ئـەوان فێـری زانسـت نەبێـت، نابێتـە شـای ئێـران.

موسـا خۆرنـی، باوکـی مێـژووی ئەرمـەن، زەردەشـت بـە مـۆغ دەزانێـت.

ئەفلاتـۆن، زەردەشـت بـە دامەزرێنـەری ئایینـی مـۆغ دەزانێـت.

دانـدا مایـف دەڵـێ: پێـش دەرکەوتنـی زەردەشـت لـە هیچیـەک لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا، نـاوی مۆغـەکان نەهاتـووە، واتـە دەبێـت مۆغـەکان زەردەشـتی بـن.

دارمێستر، دەنووسێت: ئایین و باوەڕی مۆغەکان، لەگەڵ ئایین و باوەڕی پارسەکان هەریەکە.

مەشکور بیتا دەڵێ: پارسەکان، لەباری ئایینی دا، لەژێر سەرکردایەتی مۆغەکاندا بوون.

خزمەت و هاوکاری مۆغەکان لەسەرخستنی کورش بەسەر ئاستیاگی پاشای ماد، ئەوەندە مەزن و بەرچاو بووە، کە کورش پێگەی ئایین یاری، لە دەرباری هەخامەنشی پێبەخشیوون، ئەم هاوکاری و نزیکییە تەنانەت پاش مەرگی کورشیش، هەر بەردەوام دەبێ و مۆغەکان دەبنە پارێزەری گۆڕی کورش و ئاگردانەکەی.

باڵندەی باز کە پەڕوباڵەکانی کردووەتەوە (توتەم) رەمزی هاخامەنشیە ئێرانییەکانە، کە دواتر بەهۆی رێزی لەڕادەبەدەری مۆغەکان بۆ هەخامەنشیەکان، وێنەی بازیان کردە ئاڵای ئایینی زەردەشت و لەشێوەی فروهەر، کە بە ئاهۆرا مەزدا نێوبانگی دەرکردبوو، لەسەر ئاڵاکە نەخشێنرا.

نابێ گومان لە ئێرانیبوونی ئایینی زەردەشت بکەین، هەروەک پێداگریش لەسەر بە ماد زانینی زەردەشت، کارێکی لۆژیکی و راست نییە. ئەگەر زەردەشت لە دەوروبەری شاری (رێگە)ی مادەکان، لە لایەن کەویەکان و کەرەپەنەکان، کە هەم زانایانی ئایینی

پێـش زەردەشـتی و هەمیـش سـەرۆک خێـڵ و ئەشرافـی ئـەو ناوچەیـە بـوون، کەوتبێتـە بـەر ئـازار و بـە ناچـاری پەنـای بـۆ ئـەو شـارەی ژێـر قەڵەمـڕەوی ویشتاسـپی پاشـای مـادی هێنابێـت و لەوانەشـە، لـەوێ مۆغـەکان هەلپەرەسـتانە، لـە ئایینـە کۆنەکەیـان، کەدەشـێ مێترایـی، یـان ئایینـە سـەرەتاییەکانی ڕۆژهەڵاتـی بووبێـت، هەڵگەڕابنـەوە سـەر ئایینـی زەردەشـت و ئاهۆرامـەزدا پەرەسـتی و بووبنـە دایـە و مامانـی ئـەوە ئایینـە. هـەروەک ئەگەریشـی زۆرە، بە پێـی بەرژەوەندی هـۆزی و چینایەتـی خۆیـان ئایینـی نوێیـان ئاراسـتەیان کردبێـت، بۆیـە ئێمپراتۆریـی ملیتاریسـتی هەخامەنشـیە ئێرانییەکانیـش، لەسـەر بنچینـەی سیسـتەمی چینایەتـی ئـەو ئایینـە خـۆی ڕێکخسـتۆتەوە.

زەردشـت لـەو سیسـتەمەدا، هـۆز و ئەریسـتوکرات و ملّکـدارە چەوسـێنەرەکانی کردووەتـە سـەروەری کۆمەڵگـە و پاشاشـی کردووەتـە نوێنـەری ئاهۆرامـەزدا و ئەرکـداری کـردووە، بـە پاراسـتنی بەرژەوەنـدی چینـە دەسترۆیشـتوو و ساماندارەکانی وڵات، کـە یەکێـک لـەو چینـە هـەرە لەپێـش و قازانجکەرانـە، پیاوانـی ئایینـی زەردەشـتی، مـۆغ خۆیـان بـوون. ئـەوەش دەقـاودەق هەمـان ئـەو سـەردەمە بـووە، کـە سـەرەتایی تریـن ڕەوی کۆچـەرە ئێرانـی زمانـەکان، گەیشـتووەتە سـەر

سـنوورەکانی سـەرزەمینی میدیـا و لـە کەنـار سـنوورەکان، دەرفەتــی دانانــی بــار و بنــە و لەوەڕاندنــی پەزەکانیــان پێــدراوە، کــە دواتــر هــەر لــەو شــوێنە نیشــتەجێدەبن و بەرەبــەرە دزە دەکەنــە نــاو ســنوورەکان و قوڵایــی جوگرافیــای رۆژهەڵاتــی وڵاتــی مــاد.

ئاڤێسـتا جگـە لـە گاتـاکان و یەسـنا، ئەوەیدیکـە زۆربـەی هــەرەزۆری، دوای مردنــی زەردەشــت، لــە ســەردەمی (ئەشــکانییەکان) و (ساســانییەکان)، وەکــو پرۆژەیەکــی سیاســی دەوڵەتــداری، بــە پێــی بەرژەوەنــدی دەربــاری پاشــایەتی و دەســەڵاتی پارســە ئێرانییــەکان نوسرایــەوە. هــەروەک ناتوانیــن ئــەو بۆچوونیــەش نادیــدە بگریــن کــە دەڵــێ، زۆر لــە بەشــەکانی ئاڤێســتا، لــە دوای هێرشــی ئەســکەندەری مەکدونــی لەناوچــوون، ئــەوەی ئێســتا لەبـەر دەسـتە ئەوەیـە، کـە دواتـر بـە هـۆی مۆغەکانـەوە هێنراونەتــە ســەریەک و نووسراونەتــەوە [*].

دەســەڵاتی پارســی ئێرانــی نیازێکــی زۆری بــە ئایینــی زەردەشـت هەبـوو، تاوەکـو مـادەکان لـە دیـدی ئایینـەوە

[*] بـە گوێـرەی زۆر شرۆڤـە و لێکدانـەوەی مێژوویی و کەونارناسـی تـر، پێدەچێت ئێرانـی زمانـەکان، کـە لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆی بەرلـە زاییـن، لـە سـنوورەکانی مـاد نزیـک ببوونـەوە، لـە دەیەکانـی کۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن، لـە رێـگای قەوقـازەوە خزابنـە نـاو سـنوورەکانی گەلانـی مـاد، لـە کەنارەکانـی

بکاتــە ئەهریمــەن و لەبــەر چــاوی ئێرانییەکانــی رەش بــکات و بیانخاتــە بەرامبــەر ئایینــی ئێرانییــەکان و توشــی دەمارگیــری و شــەڕێکی ئایینــی و پیرۆزیــان بــکات. چونکــە چینەکانــی خــوارەوەی کۆمەڵگــەی پارســەکانیش، لــە دەســەڵاتی خێڵەکــی و بەڕێوەبەرایەتــی تونــد و تیــژ و نادادپــەروەری هەخامەنشــی رازی نەبــوون.

زەردەشــتیش بــۆ بڵاوکردنــەوەی بــێ کێشــەی ئایینەکــەی خــۆی و تێکشــکاندنی ئایینــی مــادەکان، پێویســتی بــە

---

دەریــای (کاســپی) قەزوێنــی ئێســتا. بــەڵام ئــەم هــۆزە کۆچەریانــە لــە رووی زمانــی و فەرهەنگــی و رێژەییــەوە، توانــای ئەوەیــان نەبــووە ســیما و نیشــانە و ئاســەوارێکی تایبــەت بەخۆیــان لــەو دەڤــەرە بەجــێ بهێلــن، لەگــەڵ ئــەوەی کەمــتر تێکەڵــی کۆمەڵگــەی شــار و گونــدی مــاد بــوون و لەگــەڵ پەزەکانیــان، هــەر لــە زۆزان و دەشــت و دەر ماونەتــەوە، لــێ لەگــەڵ ئەوەشــدا بــە قوڵــی کەوتوونەتــە ژێــر کاریگــەری ژیــان و شارســتانییەت و زمــان و فەرهەنگــی یەکجێنشــینی مــادەکان، لەوانەیــە ئــەوە هەمــان هــۆکار بێــت، کــە تــا کۆتایــی ئــەو ســەدەیەش، لێکۆڵینەوەکانــی بــواری ئاســەوار و کەونارناســی، هیــچ ئاســەوارێک لــەو ناوچەیــە نادۆزنــەوە، کــە مــۆرک و تایبەتمەنــدی ئێرانییەکانــی پێــوە دیــار بێــت.

-بەســەدان شــوێنەواری مێژوویــی مــادەکان هەیــە، کــە دەوڵەتــی ئێــران نــە کاریــان تێــدا دەکات، نــە دەرفــەت و رێگــەش بــە هەڵدانــەوە و لێکۆڵیــەوەی شوێنەوارناســان دەدات، بــە شــێوەیەکی زانســتی کاری لەســەر بکــەن. ئەگــەر ئــەو ســەدان گۆڕســتان و تەپۆڵکــە و شــوێنەواری شــار و قەڵاکانــی مــادی هەڵدرێنــەوە و ســاخ بکرێنــەوە، بێگومــان رێــڕەوی مێــژووی رابــردوو بەتــەواوی دووچــاری گۆڕانێکــی ریشــەیی دەبێــت و ســاختەکاری و درۆ شــاخدارەکانی مێژوونووســە ئارياييــەکان بەتــەواوی ئاشــکرا دەبێــت.

هێــز و شمشــێر و زەبروزەنگــی ســووپای شــای ئێرانــی هەبــوو، بەرژەوەندیەکــی ســتراتیژی هاوبــەش، ئامانــج و هاوهەڵوێســتی ئەوانی تەواو دەکرد، زەردەشـتیەت، دەزگای شــەڕی ئایینــی و ســایکۆلۆژی بــۆ پارســەکان، دژی مــادەکان بەڕێــوە دەبــرد و هێــزی ســووپایی هەخامەنشــیەکانیش، باســکی زۆرداری جێگیرکردنــی ئایینــی زەردەشــت، بەســەر ئایینــی میترایــی بــۆ ئــەو ئایینــە دەســتەبەر دەکــرد، کــە لــەو رۆژگارەدا لــەڕووی هــزری و گەردوونــی و دادپەروەریــەوە، توانــای ســەرکەوتنی بەســەر مێــترا نەبــوو.

دیاکــۆ، هەرگیــز نەیگوتــووە مــن نوێنــەری خواوەنــدم، ئــەو لەلایــەن خەڵــک و هۆزەکانــەوە بــە پاشــایی هەلبژێــردرا، دیاکــۆ و مــادەکان پەیڕەویــان لــە بنەماکانــی ئایینــی میــترا، واتــە بەڵێــن کــردووە، بۆیــە ئەگــەر بــە وردی ســەرنج لــە مێــژوو بدەیــن، مــادەکان هەمــوو شــەڕەکانیان بەرگریکارانەیــە و بــۆ رزگاری و رەدکردنــەوەی ژێــر دەســتی تێهەڵچوونەتــەوە، هەرگیــز شــەڕی پیرۆزیــان دژی هیــچ لایەنێــک و گەلێــک رانەگەیانــدووە و کەســیان بــە شــەیتان و ئەهریمــەن نەکــردووە.

دیاکۆنــۆف دەڵــێ: ســەرکەوتنی (خشــتەریتە) هوەخشــتەرە، بەهــۆی پشــتگیری و هــاوکاری جەمــاوەری مــادەکان و شــا و دەســەڵاتدارانی دیکــەی مــادی، دژی ســەرۆک خێڵــە چەوســێنەرەکان و ئەشرافــە ســامانداره‌کان

هاتــە کایــەوە.

پاشــاکانی مــاد، هێــزو دەســەڵاتیان لــە جەمــاوەری کۆمەڵگــی مــادی وەردەگــرت، بــەڵام پاشــاکانی پــارس چونکــە تەنیــا نوێنــەری چینــی ئــەشراف و ســەرۆک هــۆزە ئێرانییــە چەوســێنەرەکان بــوون و هیــچ نەتەوەیەکــی دیکــە لەدەســەڵاتدا بەشــدار نەبــوو، جگــە لــە پیاوانــی ئایینــی زەردەشــت، پشــتیوانی جەماوەریــان دیکەیــان نەبــوو، بۆیــە مــاف و هێــزی دەســەڵاتداریان لــە خواشــایی و ڕەوایــی متافیزیکــی وەردەگــرت، نــە گەردوونــی و جەمــاوەری.

وەک هێــرۆدۆت و زۆریدیکــەش لــە مێژوونووســان باســی لێــوە دەکــەن، دەوڵەتــی ئێرانــی تــا کۆتایــی دەســەڵاتداری ساســانییەکان، بەتــەواوی لــە لایــەن یــەک ڕەگــەز، پــاوان کــراوە و لــە ژێــر دەســتی پارســەکان بــووە.

کــورش و کەمبوجیــە و داریــوش پارســی هەخامەنشــی بــوون.

ئەشکانییەکان و ساسانییەکانیش، پارسی بوون.

بەڕێوەبــەری، هەمــوو ســاتراپییەکانی هەخامەنشــی پــارس بــوون.

یازدە، پایە بەرزەکەی ناو سووپای ئێران پارس بوون.

چــل، ئەفســەری بڵنــد پایــەی ســووپای داریــوش پــارس بــوون.

لــە ســەردەمی پاشــایەتی داریوشــدا، زۆربــەی زۆری

زەویـە بـاش و بەپیتـەکان، خرانـە خزمەتـی ئـەو حـەوت سـەرۆک هـۆزە پارسـیەی، کودەتایـان بەسـەر گۆماتـەدا کـرد و داریوشـیان گەڕانـدەوە سـەر دەسـەڵات.

بنەماکانـی ئایینـی زەردەشـت، بـەر لەسـتاندنی دەسـەڵات، لـە لایـەن هەخامەنشـیەکانەوە و تـا ئـەو دەمـەی ئایینەکـە، لەنـاو کۆمەڵگـەی مـادەکان پـەرەی بەبڵاوبوونـەوە دەدا و هێشـتا نەبـووە ئایینـی دەربـاری پارسـەکان، بەپێـی گیـان و نشـینگەی پلۆرالیسـتی و ژینگەدۆسـتی مـادەکان، ئاینێکـی نەرموونیـان و نـا توندوتیـژ نەبـوو و لەسـەر داب و جیهانبینـی میترایـی مـادەکان، رێـزی لـە ژینگـە و سروشـت و مـرۆڤ و بیروبـاوەڕی جیـاواز دەگـرت، بۆیـە زۆر بەئاسـانی لەگەڵ ئایینەکانـی دیکـەی پێـش خـۆی، وەکـو مەزدسـینا و میـترا تێکـەڵ دەبـوو، تەنانـەت دوای ئـەوەی زەردەشـت پەڕیـوەی وڵاتـی مـادەکان بـوو، زمانـی خۆ و ئاڤێستاشـی بـۆ زمانـی مـادی گـۆڕی، بـەڵام هـەردوای داگیرکردنـی پاشـایەتی مـاد لەلایـەن کورشـەوە، زەردەشـت خێـرا خـۆی خزانـدە نـاو کۆشـکی پاشـایەتی، تـا ئـەو رادەیـە کـە لەسـەردەمی ساسـانییەکانەوە، وەکـو ئیدۆلـۆژی تۆقێنـەری ئێمپراتـۆری ئێرانـی، کەوتـە ژێردەسـتی پاشـاکانەوە و دژی خەڵـک بەکارهێـنرا، رەنگـە ئەمـە هۆکارێکـی رەوابێـت، کـە خەڵکەکـە لەبەرامبـەر عەرەبـە

موسـڵمانەکان، بەرگریـان لـە دەوڵـەت و ئایینی خۆشـیان نەکردبێــت.

لەگاتاکانــی بەرێــی زەردەشــتدا، کــە بــە هۆنراوەکانــی خــودی زەردەشــت لێکدەدرێنــەوە، ســیما و جەوهــەری دورکەوتنــەوە لەکۆمەڵگــەی خێڵەکــی بەرێــی زەردەشــت، بــەرەو هاتنــە ئارای دیدێکــی نــوێ لەبــارەی ئاوایــی نشــینی و شارســتانی رەنگــی داوەتــەوە، کــە لــەو رۆژگارەدا، هەندێـک ئامـاژە و پەیامـی دژی کۆچـەرە تازە گەیشــتووە ئێرانییــەکان تێــدا فــام دەکرێــت، کــە موڵــک و ماڵــی گوندنشــینە مادەکانیــان، دەدزی و تــاڵان دەکــرد.

ئاییــی زەردەشــت، لــە هەخامەنشــیەوە تــا ساســانی، لــە درێــژەی دەســەڵاتی زنجیــرە شــاکانی ئێرانیــدا، هــەم رۆڵــی ئیدۆلــۆژی دەوڵەتــی گێــڕاوە، هەمیــش سیســتەمی کۆمەڵایەتــی دەوڵەتــی ئێرانــی و پــرۆژەی گۆڕانــکاری بنچینەییــش بــووە، لەسیســتەمی هاوبەڵێنــی و یەکســانی میترایــی مــادی، بــۆ دەســەڵاتێکی ناوەندگــەری رەهــای شاپەرەســت، کــە لــە چوارچێــوەی ئــەو ســازوکارە نوێیەدا، نەخــش و پێگــەی بانزەمینــی نوێنەرایەتــی خــوای ئاهۆرامــەزدا، دەبەخشرێتــە شــا و هەمــوو دانیشــتووانی کۆمەڵگــە، دەکاتــە خزمەتــکار و کۆیلــە و رانەمــەڕ و مڵکــەچ، بەرامبــەر فەرمانەکانــی شــای ســێبەری خــوا و شــای شــوان و خــاوەن چارەنوســی مــرۆڤ.

واتە لە چەمکی گەردوونی ئایینی زەردەشت دا، تەنیا دوو پێگە و دوو کەس وەکو مرۆڤ و هەڵبژاردە لەبەرچاو دەگیرێن، ئەوانیش یەکەمیان شا و دووەمیان زەردەشت خۆی، کە لە ئاسمانەکان و لە سەرووی ئەوانیشەوە، ئاهۆرامەزدا دانراوە، کە راگر و پشتیوانی شا و زەردەشت و ئایینەکەیان بووە، مۆغەکانیش لە ئاگردانەکانەوە، فەرمانەکانی ئاهۆرامەزدا و زەردەشتیان لە بەهێزکردنی پێگەی شای پارسی نوێنەریان، بڵاودەکردەوە و ملی خەڵکیان دەخستە ژێر نیری فەرمان و بڕیارەکانی ستەمکارانەی ئەو *.

لەیەکەمین بنەماکانی ئایینی زەردەشت، کە لە گاتاکانی زەردەشت رەنگ دەداتەوە و هەوڵێکە بۆ هێنانە کایەی هەڵوومەرجی بنیاتنانی سیستەمی چینایەتی لەناو مادەکاندا، کە بەر لەو ئایینە

* ئاڤێستا ئەو دەمە بەتەواوی لە ئێران فارسێنرا و بووە هەوێنی شکۆمەندی، بۆ دارشتنەوەی مێژووی زنجیرەی پاشایەتی داگیرکاری ئێرانی و مێژوو و فەرهەنگ و شارستانی مادەکانی، لە رەگەوە هەڵکێشا و بە شێوەو فۆرمەی ئەمرۆیی جێگیر کرد، کە ئێمە دەیناسین و دەیخوێنینەوە، کە عەرەبە موسڵمانەکان ئێمپراتۆری ساسانیان رووخاند و دەسەڵات و ئایین و زمانیان لێ خستنە ژێر نیری ژێردەستی یەوە.

## کۆمەڵگەیەکـی یەکدەسـت و یەکسـان بـوون. زەردەشـت

دەسـتپێکردنی ژیانی ژێردەسـتی فارسـەکان، کـە زۆر دواکەوتووانـە و دڕندانەش بـووە و عـەرەب هیـچ سـنوورێکی بـۆ جیـاوازی بیـروڕاو پێکەوەژیانـی ئایینـی و نەتەوەیـی نەناسـیووە، ئێرانییـەکان کـە تـازە لەکەڵکەڵـەی سـەروەری و سەردەسـتی و شـاخوایی بـەرزی بـەرزەوە، بـۆ خـوارەوی ژیانـی ژێـر دەسـتی و دیلایەتـی دابەزیبـوون، بـە تونـدی توشـی خـۆ نـزم بینی(عۆقـدەی حەقـارەت) و گێژبـوون هاتـن، ئێرانـی و دانیشـتووانی نـاو بازنـەی جەگرافیـای باڵادەسـتی ئایینـی زەردەشـت بەگشـتی، بـۆ مـاوەی چەنـد سـەدە نەخۆشـی (پارکینسـۆن) فەرامۆشـیەکی مێژوویـی و شـەلەلی هـزری و رامـان بوونـەوە، لێ لـە سـاڵانی دواتـردا، بزاڤێکـی مەزنـی خۆناسـینەوە و داڕشـتنەوەی رابـردوو، بـە فۆڕمێکـی نـوێ لەژێـر جیهانبینـی گیانـی ئاڤێسـتای ئێرانیـدا، مێـژوو و کەسـایەتی و شـکۆیەکی گـۆڕا و و درۆینیـان، بـۆ ئێرانـی و شـای ئێرانـی و رەگـەزی ئێرانـی نوسـییەوە، کـە زۆربـەی زۆری هـی خـۆی نەبـوو.

لـەو مێـژووە دەسـتکردە نوێیـەدا، هەرچیـەک لـە سـەرزەمینی میدیـای دێریـن بوونـی هەبووبێـت، چ پێـش داگیرکاریەکـەی کـورش و چ دوای داگیـرکاری، بـە زمـان و شارسـتانییەت و هونـەر و حەماسـە و مێـژووی هـەزاران سـاڵەی نەتـەوە و وڵاتـی مادەکانـەوە، دەکەنـە مولکـی خۆیـان، کـە نمونـەی دیـاری ئـەم هەوڵـەش لەلایـەن فردۆسـیی پەیامبـەر و نووسـەری مانیفسـتۆی رەگەزپەرەسـتی ئێرانـی، لـە چوارچێـوەی شـا نامـەدا بەرجەسـتە دەبێـت.

لـە شـانامەی فردۆسـی دا، یەکێـک لـەو چەمکانـەی بـە تونـدی کاری لەسـەر دەکـرێ و دەکرێتـە دەسـتمایە و نۆشـدار و ئـاوی ژیـان، بـۆ زندووکردنـەوەی گیانـی داتەپیـوو و مـردووی جەسـتەی ئێرانـی و پایـەو شـکۆی ئێرانـی پـی بەرزدەکاتـەوە، بـە فارسـیکردنی هەمـوو ئـەو بنەمـا ئایینیانـەی زەردەشـتن، کـە لـە سـەرەەمی خۆیـدا، دژی مـادەکان و ئایینەکەیـان داڕێژرابـوون و سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنابـوو. بۆیـە لـەدژی عـەرەب و ئیسـلامیش، زەردەشـت دەبێتـە پەیامبـەری رزگارکـەر و ئاڤێسـتاش دەبێتـە پەرتووکـی رێنیشـاندەر، بـە شـێوەیەکی نەنـوسرا و زەردەشـت لەبەرامبـەر محەمـەد و ئاڤێسـتاش لـە بەرامبـەر قورعـان دادەنرێـت، گەرچـی ئێرانییـەکان ناتوانـن لـە

لەنـاو مـادەکان فێـری کشـتوکاڵ دەبـێ و وەرزێـرەکان وەکو چینێکـی جیـاواز راڤـە دەکات، پاشـان مۆغـە کاهینـەکان و سـووپاییەکان و پێشەسـازەکان و ئاژەڵدارەکانیـش بەهەمـان شـێوە، وەکـو چینێکـی کۆمەڵایەتـی جیـاواز و تـا رادەیـەک دژیـەک پێناسـە دەکات.

بـە پێچوانـەی گاتـاکان، کـە لـە یەسـنای 32 و 33 و 46 دا، رەنگیداوەتـەوە، مێهریشـت پێشـتر لـەوە لـە ( یەشـتی 10 کـردەی 22 ) وەهـا باسـی کۆمەڵگـە و فەرمانڕەوایـی دەکا و دەڵـێ: ستایشـی مێهـر دەکەیـن کـە لەکاتـی پێویسـت پێشـەوای گـەل و رێبـەری شـار و گونـد وماڵـی خواشـە.

( یەشـتی 10 ، کـردەی 5 ) دەڵـێ: میـترا هەمـوو تاکێـک لــە شــا و فەرمانــڕەوا و ســووپایی و وەرزێــر و شــوان، بەیـەک چـاو سـەیر دەکات، لـە مـەزن تـا بچـووک، بـە هـەر پاسـاوێک مافـە ژێرپێنانـی بەڵێنـی نییـە.

بەپێچەوانــەی مێهــر، [1]لــە کۆمەڵگــەی زەردەشــتی

---

بـاری ئایینییـەوە خۆیـان بەتـەواوی رزگار بکـەن، بـەڵام لـە کۆتاییـدا، هـەم لـە بـواری فۆرمۆلەکردنـی ئایینـی ئیسـڵام و داهێنانـی ئیرانـی و بـە ئیرانیکردنـی ئـەو ئایینـەوە و گەڕاندنـەوەی خاکـی گەلانـی مـاد بـۆ ژێردەسـتی خۆیـان، سـەرکەوتنێکی مـەزن و یەکلاکـەرەوە، هـەر بەهـۆی ئایینـەوە وەدەسـت دەهێنـن. ئیـدی لـەوە بـەدوا کـە کاریـان بـە زەردەشـت و زەردەشـتیەت نەمـا، خۆیـان لـێ نەبـان کـرد.

1- دکتۆر هێرش قادری، عەقلی سیاسی ئێرانی خۆناسینەوەی کوردەکان.

ئێرانیـدا، بـا نـاوی ئاهۆرامـەزدای زانایـی چـاک، شـا و پیاوانـی ئایینـی زەردەشـتی هەمـوو بەڵێـن و مرۆڤایەتـی دەخەنـە ژێـر پێیانـەوە. سـەرەبۆچوونی ئـەوەی کـە لـە هەسـتانی دەسـتپێکیی خۆیـدا، ئاڤێسـتا لـە شـینی روحـی گا، لـە یەسـن 29 ، بـە بەرزکردنـەوەی دروشـمی کـردەوەی چـاک، لەتـەک بیـری چـاک و گوتـاری چـاک، جاڕنامەیەکـی

---

-بەداخـەوە زەردەشـتیە ئێرانییـەکان و هیندیەکاینـش لـە ویـدا دا، ئایینـی میترایـان بـە خـۆر پەرەسـتی و میترایـان وەکـو خـوای خـۆر، بـە جیهـان ناسـاند، نـە وەکـو میـترای راسـتینی سـەردەمی گوتیـەکان و لۆلۆییـەکان و پێـش داگیـرکاری ئێرانییـە کۆچـەرەکان.

ئـەو بانگـەوازەی میـترا، کـە هەمـوو خۆشـی و کەمەرانـی و بەختیاریـەک لـەم جیهانـەدا بـۆ مـرۆڤ دەخـوازێ، هەمـان هـۆکاری دوژمنایەتـی زەردەشـتیەکانە، چونکـە میـترا خەڵـک لـە مافەکانـی لـەم جیهانـە ئـاگادار دەکاتـەوە، لـە حاڵێکدا کـە ئایینـی زەردەشـت و ئێمپراتۆریـە ئێرانییەکەیـان، ئـازادی و کامڕەوایـی و خۆشـیەکانی جیهانـی خاکـی، تەنیـا بـە پـاوان و مافـی شـا و زەردەشـت و چینـە دەسـتەبژێرەکان دەزانێـت.

-لـە ئایینـی میـترادا، لـە جیاتـی بەهەشـت و جۆگەلـەی هەنگویـن و حـۆری بـەژن باریـک لـە جیهانـی نەدیـاردا، لـەم جیهانـە بەڵێنـی خۆراکـی بـاش، شـەڕابی خـۆش و یەکسـانی بـە خەڵـک داوە، لـە جیاتـی هـای وهـوی مۆغـەکان و خۆڵەمێـش و دووکەڵـی ئاگـردان و پەرەسـتگەکان، ئـەوە کچۆلـە بەڕوخسـار جـوان و دەنـگ خۆشـەکانن، کـە لەبەرامبـەر خەڵـک دەردەکـەون، ئـەوەش چوارچێوەیەکـی سـەربەخۆ بەنـاوی (کۆماژێـن) پێکدەهێنـن، کـە نـە یۆنانـی یـە، نـە ئێرانـی، بەڵکـو تایبەتـە بـە مادەکانـەوە، کەواتـە میـترا ئایینێکـی مـرۆڤ تـەوەری ژیـان مـەدار بـووە، کـە خرافیـات و بەڵێنـی بێبنەمـا، جێـگای تێـدا نەبووەتـەوە.

کــرداری و هــزری و راگەیاندنــی، دژی دز و راوەڕوتچیــە کۆچــەرە پارســەکان راگەیانــدووە.

لــە رێکەوتێکــی نەفرەتــی دا، ئــەوە بەتەنــێ زەردەشــت نییــە، کــە دژی ماد دەوەســتێتەوە، بەڵکو لــە هاوچەرخیەکی گەلەکۆمــە ئاســادا، ئامۆژگاریەکانــی زەردەشــت، لــە ناو دڵی مــاد خــۆی، (کۆنفیســیۆس) لــە چیــن، (بــودا) لــە هینــد، فەیلەســۆفە یۆنانییــەکان و پەیامهێنــە یەهودیەکانــی، مینــا ئەشــعیا و ئەرمیــا، هــاوکات رۆشــەنبیری و فەلســەفەی متافیزیکــی یــان، بڵاودەکــردەوە و گوشــارێکی خنکێنەریــان دەخســتە ســەر میــترا و بــە تــەواوی گۆشــەگیریان دەکــرد، ئیــدی ســەردەم و چاخــی ئایینەکانــی دەوڵەتــداری دەســتی پێکردبــوو، کــە چەرخــی شــەڕەکانیان دەســوڕاند و دەبوونــە هێــزی ناوەنــدی و مانیفســتۆی پێکەوەنانــی ئیمپراتــۆری نەتــەوەکان.

میــترا لــەلای مادەکانــەوە هەرگیــز، نــە ئایینێکــی ئاســمانی و نــە خواوەندیــش بــووە، کــە پەرســتش بکرێــت، بەڵکــو بەڵێننامەیەکــی کۆمەڵایەتــی بــووە، کــە مادەکانــی لەدەوری یــەک کۆکردووەتــەوە، بۆیەشــە هــەر دوای داگیرکردنــی تــاج و تەختــی پاشــایەتی مــاد، لەلایــەن پارســە ئێرانییەکانــەوە، بــۆ لەبەریــەک هەلپچڕاندنــی یەکجارەکــی یەکگرتوویــی و یەکێتــی مــادەکان، میــترا لەلایــەن ئێرانییەکانــەوە کرایــە ئەهریمــەن و هــاوکات بــە پێــی دیــدی هاورەگــەزە

هیندیەکانیشـیانەوە، کـە دژایەتـی جوگرافـی و نشـینگەیی ڕاسـتەوخۆیان لەگـەڵ مـادەکان نەبـوو، کرایـە خواوەنـدی خـۆر. ڕەنگـە بـە هـۆی پتانسـێلی بەهێـزی یەکێتـی بەخشـین بـە گەلانـی مـادەوە بووبێـت، کـە داریوشـی هەخامەنشـی بـە پێـی ئامـۆژگاری مۆغـەکان، هەمـوو مێهراوەکانـی ئایینـی میترایـی، لـە سـەرتا سـەری ناوچـە مادنشـینەکان، دەڕوخێنێـت و وێـران دەکات.

(مابـۆ هۆفـەر) و (ویدگێـرن)، هاوبیـرن لەسـەر ئـەوەی، کـە میـترا بەمانـای پەیـمان، هیـچ پەیوەنـدی بـە خۆرپەرەسـتی نییـە، کـە مۆغـەکان بـۆ دژایەتـی ئایینـی میـترا لـە نـاو خەڵـک بڵاویاندەکـردەوە، ئـەوان پێیانوایـە، کـە مـادەکان هـەر لەسـەردەمی گوتییـەکان، تـا میتانـی و مانایـی میترایـی بـوون، هەڵبـەت میـترا نـە وەکـو خوایەکـی ئاسـمانی، بەڵکـو وەکـو ئاینێکـی کۆمەڵایەتـی و بـە مانـای پەیـمان.

هێـرۆدۆت دەبێـژێ: مـادەکان یەزدانـی میترایـان پەرسـتووە.

(هۆفـەر و کلۆسـکا) بۆچوونێکـی وەک یـەک دەردەبـڕن لەسـەر ئـەوەی، کـە لـە وڵاتـی مـادەکان، پێـش لـە ئاڤێسـتا و هەخامەنشـیەکان، میـترا پەرسـتش دەکـرا.

وێدگێـرن دەڵـێ: پارسـە تـازە گەیشـتووەکان نەیانزانیـوە بـە شـیوەیەکی دروسـت وشـەی میـترا بنوسـن، بۆیـە بـە

(میـسرا) نووسـیویانە.

بەپێـی لێکۆڵینەوەکانـی (هۆگـۆ وەنکـەر)ی ئەڵمانـی و بۆچوونەکانـی هۆفەریـش، تابلێتـە گڵینەکانـی کەرکـوک و بۆغازکـۆی ئەنقـەرە، لـە لایەن میتانییـەکان و کاسـیەکانەوە، کـە سەراسـەری تورکیـا و عێراقـی ئێسـتایان لەژێـر قەڵەمـڕەودا بـووە، پەیـڕەوی لـە ئایینـی میـترا کـراوە.

دکتـۆر هێـرش قـادری لەوبـارەوە دەڵـێ: واپێدەچێـت ئایینـی میـترا بەهـۆی [1] گوتییەکانـەوە، کـە نـارام سـین یـان تێکشـکاندووە، لـە (بیـن النهریـن) نێـوان دووڕوبـار بڵاوبووبێتـەوە و لـە لایـەن کاشـی و میتانییـە هاورەگـەزە مادەکانیانـەوە، وەرگیرابـێ و پەرسـتش کرابێـت، چونکـە مێهـر بەخـۆی ریشـەی مـادی هەیـە و نـاوی ژمارەیـەک لـە

---

1 -(گوتـی) وشـەیەکی گشـتگیر بـووە، هەندێـک جـار بـۆ هەمـوو مـادەکان، هـەر لـە سـنوورەکانی ئاشـوور و بابلـەوە، تـا کۆتـا سـنوورەکانی مـادی رۆژهـەڵات بـەکار هێـنراوە.

-هیگمەتانـە ( ئێکباتـان ) یـش بـە مانـای شـوێنی کۆبوونـە و پێکهاتنـە، کـە خـۆی نیشـانەی پەیڕەوکارانـی ئایینـی میـترا، واتـە پەیمانـە.

-ئایینـی میـترا، واتـە بەڵێـن، هێزێکـە کـە خـۆی، خـۆی دەئافەرێنـێ، بـەو مانایـەی کـە هێـز لەخـۆی وەردەگـرێ و چاودێـری لـە مانـەوەی خـۆی دەکات. تەندروسـت هێشـتنەوەی بەڵێـن و چاودێـری هەمیشـەیی بەڵێـن و ئامـۆژگاری بـەردەوام، لـە پێنـاو هاندانـی خەڵـک بـۆ نەشـکاندن و لانـەدان لـە بەڵێـن (میـترا)، ناوەرۆکـی ئایینـی میـترا یـە. میـترا لـە فەرهەنگـی زمانەوانـی گەلانـی مادیـدا، بـە contract پەیـمان، دێـت.

هــۆزی مادیــش بــووە.

(ژ. مــار) بەداکۆکیــەوە دەڵێــت: ئــەوە تەنیــا شــوێنەوارەکانی مــادی دێریــن نیــن، بەڵکــو ئایینــی کــوردە ئێزدیەکانــی ئەمــڕۆش میتراییــە، کــە مەزەبێکــی کــوردی تــەواوە.

مــادەکان بەشــێوەیەکی گشــتی لەنــاو خۆیانــدا، سیســتەمێکی کــراوەی کۆنفیدرالــی بــوون، ســەربەخۆیی هیــچ ناوچەیــەک، یــان گــەل و یەکێتیەکــی گوندییــان ڕەد نەکردووەتــەوە و ســنووردار نەکــردووە، لــەدەرەوەی خۆشــیاندا، ئــەو کاتــەی کــە مەزنتریــن هێــزی ڕۆژهــەڵات بــوون، هیــچ زمــان و شارســتانییەتێکیان لەنێونەبــردوە و نەتواندووەتــەوە، تەنانــەت پارســە کۆچــەرەکان شانشــینێکی ســەربەخۆیان پــێ بەخــشرا، لــە چوارچێــوەی ســەرزەمینی دەوڵەتــی بەهێــزی مــاددا.

دیاکــۆ، وەکــو یەکەمیــن پاشــای مــاد، بــە شــێوەیەکی دیموکــرات، لەلایــەن خەڵــک و دانیشــتووان هەڵبژێــردراوە، بــەڵام کــورش خــۆی مینــا نوێنــەری خــوا ناســاندووە، بنیاتــی دامــەزراوەی پاشــایەتی مــاد پاڵــی وەکۆمەڵانــی خەڵکــی خۆجێــی دابــوو، لــە حاڵێکــدا پاشــایەتی ئێرانــی، نەهــەر لــە ســەردەمی هەخامەنشــیەکان، تــا ئێستاشــی لەگەڵدابێــت، هــەر خــۆی بەنوێنــەری خــوای ئاســمانەکان و (قودرەتــی قــادر) ناســاندووە و بەســەر تــرس و ملکەچــی زۆرەملێــی

دانیشـتووانی وڵاتەکەیـان فەرمانڕەواییـان کـردووە.

دیاکۆنـۆف، راسـتی کۆنفدرالـی مادەکان، لـەو بۆچوونەیدا پشتراسـت دەکاتـەوە کـە دەبێـژێ: لـە راپەڕینـی مـادەکان لـەدژی ئاشـوورییەکاندا، کـە لـە سـاڵی 673 ی پێـش زاییـن، بـە فەرماندەیـی و رێبەرایەتـی هوەخشـتەرە دەسـتپێکرد، (دەکاری) کاشـی و (مامـی تیارشـۆ) خواوەنـدی ویشـندەی مـادی و (دوسـانینی) خواوەنـدی مەڵبەندەکانـی (سـپاردا) ی مـادی لەگـەڵ هەمـوو خەڵکەکەیـان، بەشـدارییەکی چاڵاکانەیـان هەبـوو، ئـەو سێ رێبـەرە لـە پلـەو پایەیەکـی هاوئاسـت، لـە رووی رێـز و مـاف و پێگـەوە، فەرماندەیـی و بەڕێوەبەرایەتـی شـەڕی مـاد، دژی ئاشـووریان دەکـرد.

دەوڵەتـی بەهێـزی مـاد، سـتراتیژی و سیاسـەتی دەرەوەیـی خـۆی لەسـەر بنچینـەی جیهانبینـی میـترا، واتـە بەڵێـن، دارشـتبوو. بەڵێننامـەی ئاشـتی لەگـەڵ دەوڵەتـی لیـدی و بابـل، لـە لایـەن دەوڵەتـی مـادەوە هـەر بەپێـی ئـەو بنەمایـەوە، وەکـو هاوپەیمانـی نێـوان دوگەلـی مـادی، پارێـزگاری لێکـراوە و پێیـوە پەیوەسـت ماوەتـەوە. چونکـە لـە مێهریشـت دا، بەهـای بەڵێـن، لـە نێـوان دوو هاوپەیمانـی ناوخۆییـدا، بەهـەزار بەرامبـەر دەزانێـت. ئـەوەش بەتـەواوی پێچەوانـەی کـورش و هەمـوو پاشـاکانی هەخامەنشـی دوای ئـەوە، کـە هیـچ هاوپەیمانـی و بەڵێنێکیـان نەناسـیوە و پێیـوە پابەنـد نەماونەتـەوە.

لــە ئامۆژگاریەکانــی مێهریشــت دا، بەهــا و پیــرۆزی بەڵێـن وەهـا بـۆ دانیشـتووانی کۆمەڵگـە و هاوڵاتـی و خـزم و کـەس کار دیـاری دەکرێـت، کـە دەڵـێ: [1]ئـەوەی ئەرکـی خــۆی لەبەرامبــەر کۆمەڵگــە و خێــزان جێبەجــێ دەکات، بەهاکـەی بیسـت بەرامبـەرە، ئـەوەی ئەرکـی لەبەرامبـەر خــزم و کــەس و کار و دراوســێ بەڕێوەدەبــات، بەهاکــەی زۆر زیاتــرە، بــەڵام ئــەوەی ئەرکــی خــۆی لەبەرامبــەر هاوپەیمانــی نێــوان دووکــەس یــان دووگرۆپــی وابەســتە بەیـەک نەتـەوە و وڵات جێبەجێـدەکات، بەهاکـەی هـەزار بەرامبـەرە. ئـەوەش بـۆ کۆمەڵگـەکان لـە جیهانـی کەونـار دا، گرنگیەکــی زۆری هەبــووە.

زەردەشــت [2]لــە ســتراتیژی رووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ مادەکانــدا، لەرامبــەر کۆنتراکــت و بەڵێنــی میترایــی،

---

1-دکتۆر هێرش قادری، ئاوەزی سیاسی ئێرانی و خۆناسینەوەی کوردەکان.

2 -هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

-لـە ئایینـی میـترا، هیـچ نـزا و پاڕانـەوە و قوربانـی کردنێکـی ئایینـی بوونـی نەبـووە، چونکـە ئاینێـک بـووە بـۆ پێکەوەژیانـی خەڵـک بەرهـەم هێـنراوە، وەکـو ئایینەکانــی دیکــە پــرۆژەی کەســێکی دیاریکــراو نەبــوو، ئەگــەر لــە ئایینــی زەردەشــت دا، لــە رێــی پرەنســیپی مەعنەویــەوە، خەڵــک ناچــار بــە ملکەچـی و فەرمانبـەرداری بـۆ هێزێکـی باڵاتـر کـراوە، کـە نوێنـەری زەمینـی وەکـو شـا و مۆغـی هەبـوو، لـە میـترا دا، نـە چینـی دەسـتەبژێری وەکـو پیـاوی ئایینـی و، نـە شـایەکی خۆسـەری زۆردار بوونـی هەبـووە.

-ئـەز پرسـی (توتـم) نیشـانە و رەمـزی شـێر و دووپشـک و مـاری میـترا وەهـا

پارسـیگەری و ئایینـی ئاسـمانی زەردەشـتی، هێنایـە نـاو مەیدانـی بەربەرەکانـێ و بەرجەسـتەیکرد، لەبەرامبـەر دادپـەروەری و یەکسـانی و سیسـتەمی دژە چینایەتـی مـادەکان، سیسـتەمی ئۆلیگارشـی و دەرەبەگایەتـی چەوسـێنەری داهێنـا، کـە تـا ئـەو دەمـە لـە سـەرزەمینی میدیـا بوونـی نەبـوو. بـەو شـێوەیە بناغـەی ئیمپراتـۆری و قەومـی ئێرانـی، لەسـەر بنەمـای رەدکردنـەوە و پاکتاوکردنی خـاک و شارسـتانییەت و فەرهەنگـی مـادەکان بنیـات نـرا و بەرەوپێـش چـوو.

لەگـەڵ ئـەوەی گۆڕانـکاری و هەڵتەکاندنـی ڕیشـەیی زمـان و کولتـوور و شارسـتانییەتی ماد، بەهـۆی زەبروزەنگی سـووپای خێڵەکـی پـارس، دوای شـکانی دەوڵەتـی مـاد، بـە شـێوەییەکی بێبەزەییانـە بـەردەوام بـوو، لەتـەک ئەویشـدا دەزگای ئایینـی هاخامەنشـیەکان کـە بەهـۆی مۆغەکانـەوە بەڕێوەدەچـوو، هەمـوو هەوڵـی خۆیـان بـۆ لێدانـی

---

لێکدەدەمـەوە، کـە لەوانەیـە لەسـەرەتادا نیشـانەی پێکهێنانـی هاوپەیمانـی نێـوان سـێ یـان چەنـد هـۆز و گەلـی مـادی بوویێـت ، کـە لـە چوارچێـوەی یـەک کۆنـترات دا، کۆبوونەتـەوە و ئایینـی بەڵێـن (میـترا) یـان پێکهێنـاوە. ڕێـی تێدەچێـت هەریـەک لـەو هـۆز یـان گەلانـە، ڕەمـز و نیشـانەی خـۆی، بـە نیشـانەی هاوبەنـدی و ئاشـکراکردنی هاوبەڵێنـی خسـتبێتە نـاو ئـالا، یـان تابلـۆی یەکێتیەکـە و دواتـر وەکـو ڕەمـز و تۆتەمـی مـادەکان، بەڕەسـمی پێگـەی خـۆی وەرگرتبێـت و لـە هەمـوو شـوێنێک بـەکار هێنرابێـت.

بنەماکانی ئایینی مادەکان، چڕکردبووەوە و دەیانەوێست میترا وەکو پەیڕەوکاری زەردەشت بە خەڵک و کۆمەڵگە بناسێنن.

لەو سۆنگەوە کە هەموو سیمبۆڵ ڕەمزەکانی پارسەکان، پێچەوانەی سیمبۆڵ و نیشانەکانی ماد بوون، هەوڵێکی سیستەماتیکی سیاسی و سووپایی ئایینی توندیان، بۆ لەناوبردن، یان بە پارسی کردنیان خستۆتە گەڕ.

مار، یەکێک لە ( توتەم ) نیشانەی بەشێك لە مادەکانە، بەو هۆیەوە زەردەشت وەکو شەڕێکی فەرهەنگی، کوشتنی مار دەکاتە ئەرک و بە خێری دەزانێ[*] .

کەرەستە و شیر و رم و تەورەکانی ماد، بە وێنەی سەری شێر و مار رازاونەتەوە، کەچی هی پارسەکان و زەردەشتیەکانیش وێنەی گا یان لەسەرە

[*] دەشێ بەرگریەکی بەهێز لەو گریمانەیە بکەین، کە شاماران، یان شای مارەکان، کەیەکیك لە وێنە کۆلتوری و ئەفسانەیی کوردەکانە و نیوەی سەرەوەی ژنێکی جوان و نیوەی خوارەوەی مارە، دەبێ مەبەست لێی ئەو ئەو شا ژنە مادانە بووبن، کە لەسەردەمانی زۆر دووردا، لە وڵاتی ماد سیستەمی ژن سالاری، یان خواوەندی ژن، بوونی هەبووە. ئەو گریمانەیە ئەو کاتە زۆر بە توندی خۆی دەسەلمێنێت، کە لە مێژووی کۆندا، مادەکانیان بە مار ناو بردووە.

# فیساغۆرس دەڵێ: مێهرەگان [1] ناوی جەژنی بەهاری

1- جەژنی مێهرەگان، مێهر جەژنێکی رەسەنی مادی یە، کە دەکەوێتە سەرەتای وەرزی بەهار، ئەو جەژنە هەموو بیرەوەری سەرکەوتنەکانی مادەکانی، لە سەرکەوتن بەسەر ئاشوور و سەرکەوتنی گوماتە بەسەر کەمبوجیە و پێکهێنانی دەوڵەتی مادی لە خۆدەگرت. بەڵام ئێرانییەکان بۆ شێواندنی بیرگە و شانازی مادەکان، مێهریان لە بەهار بۆ پائیز گواستەوە، ئەوەی دیارە دەبێت لە کارەیاندا، دوو ئامانجی سەرەکیان هەبووبێت.
یەکەم: لەناوبردنی مێژووی پڕشنگداری نەتەوەی ماد، کە دەبووە هۆی زندوومانەوەی بیرەوەری سەربەخۆیی لەلای مادەکان و هۆکاری خۆناسینەوەی نەوەکانی دوارۆژ.
دووەم: جێگیر کردنی بیرەوەری سەرکەوتن و شانازیەکانی خۆیان، کە لە سەرکەوتنی کورش بەسەر ئاستیاگ و داریوش بەسەر گوماتە دەستی پێدەکرد. بۆیە جەژنی مێهرەگانی میترایی یان، کە جەژنی ژیانەوەی سروشتیش بوو، بۆ وەرزی خەزان گواستەوە و نەورۆزی خۆیان، بە مانای رۆژێکی نوێ بوو بۆ گەلی پارس لە جێی دانا. مێهر ئێستاش یەکێک لەمانگەکانی ئێرانی وەرزی پاییزە.
-ڕاوبۆچوونی زۆری پێچەوانەو دژیەک، سەبارەت بەناوی ئیران، لەنێوان مێژوونووسان هەیە، هەندێک دەڵێن سەرزەمینی ئارییەکان، هەندێکی دیکە دەڵێن شوێنی ئاگرگەکان، بەشێکیش لەسەر ئەو بۆچوونیەن، کە ئێرانییەکان لەهەر شوێنێک بارگە و بنەیان دانابێت و چەند رۆژێک پەزەکانیان لەوێ چەراندبێت، ناوێ (ئێرانویچ) یان لێ ناوە کردوویانەتە هی خۆیان.
-لەوانەیە دوژمنایەتی و مکوڕبوونی بەشێک لە کوردان، لەسەر کوشتنی مار، درێژکراوەی ئەو بنەما زەردەشتیە بێت، کە کوشتنی ئەو گیانەوەرە بە ئەرک و چاکە دەزانێت.
-نابێت گومان لەوە بکەین، کە پیرۆزی مانگا لەلایەن زەردەشت، لەو ئایینە هیندیانە سەرچاوەیان گرتووە، کە مانگایان لا پیرۆزە، دبێت ئێرانییەکان لەوانەش خودی زەردەشت، ئەو بیروباوەڕەی لەگەڵ خۆی

مادەکانــە، کــە ئێرانییــەکان کردوویانەتــە نــەورۆز.

مــادەکان مردووەکانیــان نەدەناشــت و لــە سەرشــاخێک، یــان دونــدی چیایــەک، لــە هــەوای ئــازاد دایاندەنــان، تاوەکــو تەیــر و تــەواڵ و گیانــەوەرەکان بیانخــۆن، بــەڵام زەردەشــتیەکان پێچەوانــەی کولتــوور و بــاوەڕی مــادەکان، مردووەکانــی خۆیــان ناشــت و خســتیانە ژێــر خاکــەوە.

کولتــووری سیالکی، بــە گوێــرە و لەســەر بنەمــای راستی زانســتیانەی هەمــوو ئــەو ئاســەوار و کەرەســتانەی، لــە هەڵدانــەوە و کۆڵینەکانــی ســیاڵک دەســتکەوتوون و ناسراونەتــەوە دەســەلمێنن، کــە هەرگیــز ئێرانــی نیــن. زانایــان دەڵێــن، ئــەو کاتــەی کــە رەوەنــدە ئێرانــی زمانــەکان گەیشــتوونەتە ناوچــەی کاشــان، دەبێــت ســەریان لــە دیتنــی کۆمەڵگەیەکــی یەکجێنشــێنی مرۆڤــی لــەم دەڤــەرە ســوڕمابێت، کــە لــە رووی نشــینگەیی و کشــتوکاڵی و

---

هێنابێــت و وەکــو بەشــێک لــە فەلســەفە و جیهانبینــی ئایینــی خــۆی جێگیــری کردبێــت.

-لــە جیهانــی ئەمڕۆشــدا کــە هەمــوو نەتەوەیــەک، هــاوکات لەگــەڵ بــەکار هێنانــی ســتایلی جلوبەرگــی رۆژئاوایــی، ئەگــەر بەکەمــی و بــۆ بۆنــە و جەژنــی نەتەوەییــش بــووە، جلوبەرگــی رەســەن و نەتەوەیــی خۆیــان دەپۆشــن و پاریــزگاری لــە مانــەوەی دەکــەن، لــێ ئێرانییــەکان بەتــەواوی دەســتیان لــە جلەبەرگــی خۆیــان هەڵگرتــووە، تــا ئــەو رادەیــەی ئێســتا تاکــی ئێرانــی شــتێک بەنــاوی جلوبەرگــی میللــی ئێرانــی ناناســێت.

پێشەسازیەوە، لە چاوخۆیان زۆر پێشکەوتوو بووە. دۆزینەوەی سەبەتەو چەک و چۆڵ و کەرەستەی پێشەسازی ژیان و خشڵی خۆ پێڕازاندنەوەی ئافرەتان، ئەم بابەتە پشتراست دەکەنەوە، کە مادەکان دەیان سەدە پێش گەیشتنی کۆچەری ئێرانی، لەو ناوچەیە ژیاون و بوونیان هەبووە.

هێرۆدۆت ئەم پرسە بەو شێوەیە روندەکاتەوە و دەڵێ: سەرەبۆچوونی ئەوەی کە هۆزە کۆچەریە ئێرانی زمانەکان، بە قورسی دزەیان کردووەتە ناو سنوورەکانی خاکی مادی رۆژهەڵات و بە زوویی زۆر ناوچەی جۆراوجۆریان خستووەتە ژێردەستی خۆیان، لێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لە ژیانی کۆچەریدا، لە ژێر رشماڵ و چادرەکانیاندا، ماونەتەوە و گوندیان پێک نەهێناوە و کشتوکاڵیان نەکردووە.

هێرۆدۆت وەها باسی بەها و رەفتاری پارسەکان دەکا و دەڵێ: هیچ نەتەوەیەکم نەبینیوە وەکو ئێرانییەکان لاسایی دابونەریتی خەڵکی بێگانە بکاتەوە. ئەوان کە پێیانوابوو جل و بەرگی مادەکان جوانتر و باشتر لە هی خۆیانە، هەرزوو کردیانە مولکی خۆیان و بەکاریانهێنا و جل و بەرگی خۆیان فڕێدا.

لە فەرهەنگی( وێدێن گێرن) نووسراوە، کە ئەسکەندەر دەستیبەسەر شاری بابل داگرت، مۆغە ئێرانییەکان بە

سـەما و خۆبـادان و ئـاوازەوە، پێشـوازیان لێکـرد.

دکتـۆر هێـرش قـادری دەڵـێ: مـەلا و روحانییـە ئێرانییـەکان، بـۆ مەغوڵـەکان و (خواجـە نەسـیری توسـی) و (ئیـمام محەمـەدی غەزالـی) و (نەزامولمولـک) یـش، بـۆ (سـڵجوقی)یەکان هەروایـان کـرد.

## شۆڕشی مادەکان، دژی پارسە ئێرانییەکان

ئـەو دەمـەی کـورش تـاج و تەختـی پاشـایەتی مـاد داگیـردەکا و (ئامێتیـس) ماندانـای کچـی ئاسـتیاگی پاشـای مـاد بـە زۆرداری دەکاتـە هاوسـەری خـۆی، ماندانـا کوڕێکی بەنـاوی (بەردیـا) و کچێکیشـی بەنـاوی (ئاتۆسـا) لـە مێـردە مادەکـەی بەرێـی هەبـووە.

کەمبوجیـەی کـوڕە گـەورەی کـورش، کـە پـاش کوژرانـی ئـەو دەبێتـە جێگـرەوەی، بڕیـاری لەشکرکێشـی بـۆ سـەر وڵاتـی میـسر دەردەکات، بـەڵام پێـش ئـەوەی بـەرەو میـسر بەڕێبکەوێـت، زۆر بەنهێنـی و بەبـێ ئـەوەی کەسـێک ئـاگادار بێـت، بەردیـای زڕبـرای خـۆی دەکـوژێ و لەنـاو دەبـات، لـەو سـۆنگەوە کـە بەردیا نەوەی ئاسـتیاگی پاشـای مـاد بـووە، کەمبوجیـە هەمیشـە گومانـی لێکـردووە، کـە دەسـەڵاتی لـێ بسـتێنێتەوە و بـۆ مادەکانـی بگەڕێنێتـەوە.

دیارنەمانــی بەردیــا، گومــان لای (ماندانــا)ی دایکــی و ئامێتیســی خۆشــکی دروســت دەکات، ئــەوەش رق و تورەیــی ئــەوان بەرامبــەر بــە کەمبوجیــە و دەســەڵاتی داگیرکــەر دووچەنــدان دەکات * .

هێــرۆدۆت بــاس لــەوەدەکات، کــە بەردیــا بەهــاوکاری خوشــک و دایکــی، نەخشــەی لەنێوبردنــی کەمبوجیــە و گەڕاندنــەوەی تــاج و تەختــی پاشــایەتی بــۆ مــادەکان دادەڕێــژن، لــێ ئــەو پلانــە بەهــۆی مۆغێکــی زەردەشــتی نــاو دەربــاری هەخامەنشــی، کــە نــاوی (ئێســفەندادات) بــووە و یەکێکیــش بــووە لەوانــەی لەســەردەمی خۆیــدا چاوســاخی و هــاوکاری کورشــی دژی پاشــای مــاد کــردووە ، ئاشــکرا دەبــێ و هەرئــەوەش هۆکارێــک بــووە، بــۆ ئــەوەی کەمبوجیــە [2]بەردیــا لەناوببــات.

لــە هەوڵێکــی دیکــەدا، شوڕشــێک بــۆ گەڕاندنــەوەی دەســەڵاتی لەدەســتچووی مــاد، بەهــۆی مۆغێکــی مــادی

---

*گزنفـۆن و هەندێـک لـە مێژوونووسـانی دیکـەش بۆچوونێکـی لـەو چەشـنەیان باسـکردووە، کـە کـورش بەرلـەوەی بکـوژرێ، بەردیـای زڕکـوڕی وەکـو بەڕێوەبـەری سـاتراپی شانشـینێکی مـادی دانابـوو، لـێ هیـچ بەڵگەیەکـی سـەلمێنراو لەوبـارەوە لـە ئـارادا نییـە.

2 - داندامایـف، دەڵـێ: کەمبوجیـە بـە هـاوکاری ئـەو مۆغـە، خوێنـی گای کردووەتـە حلقومـی بەردیـای زڕ بـرای خـۆی و بـەو شـێوەیە خنکاندوویەتـی.

بەنـــاوی گۆماتـــە دادەڕێـــژرێ، لەوەشـــیاندا ئامێتیســـی شـــازادەی پێشـــووی مـــاد، هـــاوکار دەبێـــت تاوەکـــو ڕێگـــەی گۆماتـــە بـــۆ هاتنـــە نـــاو دەربـــاری هەخامەنشـــی بکرێتـــەوە.

دەســـەڵاتی دەرەبەگـــی و ئایینـــی و توتالیتـــاری توندوتیـــژ و چەوســێنەر و ڕەگەزپەرەســتی هەخامەنشــی ، لــە ڕێگــەی ســەپاندنی بــاج و خەراجــی کەمەرشــکێن و لەڕادەبــەدەر، کــە نەتەنیــا بــۆ دەوڵــەت وەردەگیــرا، بەڵکــو هــەر پەرەســتگەیەکی زەردەشــتی و ســەرۆک هــۆز و ئەشرافێکــی پارســـیش، بەجیـــاواز لـــە خەڵکەکـــەی دەســـتاند، پشـــتی دانیشـــتووانی ژێـــر قەڵەمـــڕەوی ئێرانییـــە دەســـەڵاتدارەکانی چەماندبـــووە و بارودۆخێکـــی خنکێنـــەر و کۆڵەمەرگـــی ئاســای پێــک هێنابــوو، بۆیــە لــە ســەرهەڵدانی گۆماتــەدا، نە بەتەنــێ مــادەکان، بەڵکــو هەمــوو چینەکانــی خــوارەوەی

---

بــەڵام بێدەنگــی لــەم مەســەلەیە کــردووە و لــە ترســی ســەرهەڵدان و ڕاپەڕینــی مــادەکان، ئــەو پرســەی بــە نهێنــی هێشــتۆتەوە.

-بــە بــڕوای مــن، گوماتــە تۆڵــەی ناپاکیکردنــی لــە ئــەشراف و مــۆغ و ســەرۆک هــۆزەکان کردووەتــەوە، کــە کاتــی خــۆی دژی پاشــایەتی مــاد، چونــە بــەرەی کورشــی بێگانــە و ناپاکیەکــی کارەســاتباریان دژی ســەروەری و ســەربەخۆیی نەتــەوە و پاشــایەتی مــاد ئەنجامــدا.

-هــەر داندامایــف، ئەوبۆچوونــەی مێژوونووســان شــەنوکەو دەکا و دەڵــێ: لەوانەیــە بــۆ ڕواڵــەت پارێــزی و ڕازی هێشــتنەوەی مــادەکان، کــورش نــاوی شانشــینی مــادی هێشــتبێتەوە، لــێ فەرمانــدە و ســاتراپیەکی پارســی لــەوێ دانــاوە.

کۆمەڵگــەی ئێرانیــش پشــتگیریان لێکــرد، یاخیبوونێکــی گشــتی هاتــە ئــاراوە و دژی دەزگای حکومەتــداری کەمبوجیــە راپەڕینێکــی سەراســەری بەرپاکــرا.

گۆماتــە لــە دیارنەمانــی بەردیــا کەڵکــی وەرگرتــووە و بــە خەڵکــی گوتــووە، مــن بەردیــای زڕکــوڕی کــورش و بــرای کەمبوجیــەم، چونکــە بەردیــا نێوبانگــی بــەدادوەری و چاکــە دەرکردبــوو، هــەرزوو هەمــوو گەلانــی مــادی و پارســی ئێرانیــش لــەدەوری کۆبوونــەوە و پشــتیوانیان لێکــرد.

هیــرۆدۆت دەڵــێ: دەســەڵاتی هەخامەنشــیە ئێرانییــەکان، ئەوەنــدە توندوتیــژ بــووە، کــە هــەر دوای دیارنەمانــی کــورش، هەمــوو گەلانــی ژێردەســتیان، دژی ئــەوان راپەڕیــن.

گوماتــە بــە هــۆی بوونــی لەنــاو کۆشــک و ئاگاداربــوون لــە هەمــوو بڕیــار و پرســە هــەرە نەهێنییەکانی، دەســەڵات، زۆر بــاش پــەی بــە خاڵــە لاوازەکانــی نــاو جومگەکانــی بەڕێوەبــەری دەوڵەتــی هەخامەنشــی بــردووە و زۆر لێزانانــە، بــە هــاوکاری ئاتۆســای کچــی ئاســتیاگ و زڕ کچــی کــورش، خــۆی بــە بەردیــای کــوڕی کــورش ناســاندووە و بــەو شــێوەیەش، پشــتگیری و ســۆزی پارسەکانیشــی بەدەستخســتووە.

بەپێــی هەندێــک گێرانــەوەی مێژوویــی، گۆماتــە بەشــێوەیەکی وەهــا شــوێنپێی خــۆی لەنــاو دەربــار قایمکردبــوو، کــە رۆڵێکــی بەرچــاوی لــە بەڕێوەبــردن و

سەرپەرەشتی کردنی کۆشکی پاشایی کەمبوجیە بینیوە و ئەو کاتەی، کەمبوجیەی جینشینی کورش، بەرەو مسر بەڕێدەکەوێ، چاودێری و پارێزگاری کۆشکی شاهانە بەئەو دەسپێرێت. بەڵام لەو بارەوە ئەفلاتۆن دەڵێ: گوماتە هەردەم مینا داگیرکەرێک سەیری کەمبوجیە و دەسەڵاتی هەخامەنشیەکانی کردووە و رقێکی زۆری لێیان بووە، بۆیە شۆڕشی دژی ئەوان بەرپاکرد.

گۆماتە لە وەرگرتنەوەی تاج و تەختی پاشایەتی، هەمان نەخشەی کورشی لە سەردەمی ئاستیاگ بەکارهێنا، کە بەهۆی لەشکرکێشی بۆ سەر ناوچەکانی بابل، هێزێکی ئەوتۆی لە وڵات بەجێ نەهێشتبوو. کەمبوجیەش بە هەمان شێوە هەموو سووپای خۆی بەرەو میسر بردبوو و هێزێکی وەها لە ناوچەی پارس و پایتەختەکەی نەبوو، کە بتوانێ بەرگری لە راپەڕینی شۆڕشگێڕانی مادی بکات.

یەکێک لە نووسراوەکانی بێستون دەڵی: رۆژی 9ی مانگی (گەرمەپەدە) بوو، کە گۆماتە بەدەستی خۆی مرد.

گۆماتە دەستبەجێ نێردراوی خۆی بۆ سەراسەری وڵات بەڕێکرد و هەموو لاوانی ماد و پارسی، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئەرکی سەربازی زۆرەملێ بەخشی و بۆ هەمان ماوەی سێ ساڵیش، باج و خەراجی لەسەر

هەمـوو دانیشـتووانی وڵات، بـە مـاد و پارسـەوە هەڵگـرت.

لـە چوارمانگـی یەکەمـی دەسـەڵاتیدا، گوماتـە هەمـوو هێـز و کاتـی خـۆی بـۆ دژایەتـی و جەنـگ، دژی ئـەشراف و سـەرۆک هـۆزە چەوسـێنەرەکان، بـە مـادی و پارسـیەوە، تەرخـان کردبـوو، ئـەو دارایـی و زەوی و زارەی سـەرۆک خێڵـەکان و پەرەسـتگە و ئەشرافـەکان، کـە لـە ژێـر سـایەی پاشـایەتی پارسـی ئێرانیـدا، لـە خەڵـک و هەژارانیـان سـتاندبوو، هەمـووی لـێ وەرگرتنـەوە و بـۆ خاوەنەکانـی گەڕاندنـەوە.

گوماتـە لـە دووبـەرەدا زۆر بەتونـدی شـەڕی پارسـەکانی کـردووە، لەبـەرەی یەکـەم دا شـەڕێکی سـەختی دژی ئایینـی ئاریایـی، یـان ئـەو بەشـە لـە پەرەسـتگە و پیاوانـی ئایینـی زەدەشـت راگەیانـدووە، کـە بوونەتـە بەشـێک لـە دەسـەڵات و زەبروزەنگـی بەڕێوەبـەری دەوڵەتـی پـارس. لـە بـەرەی دیکەشـدا شـەڕی گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی بـۆ مـادە خانەخـۆکان، وەکـو شـەڕی ئـازادی نەتەوەیـی و سـەربەخۆخوازی، دژی رەگەزێکـی خـۆ سـەپێنی بێگانـەی بەنـاوی ئێرانـی، بـە شـێوەی چەکداری و سـووپایی کـردووە.

هەمـوو ئەو نووسـینە مێژووییانەی لەبارەی سـەرهەڵدانی گوماتـەو وەرگرتنـەوەی دەسـەڵات لـە هەخامەنشـیەکان و دواجـار تیرۆرکرانـی بەهـۆی داروودەسـتەی داریوشـی یەکەمـەوە، ماونەتـەوە، هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی، کـە

پاشـایەتی لـەڕووی یاسـاییەوە هـی مادەکانـە، کـە داگیـر کـراوە. بۆیـە ئەنجامـە سروشـتیەکە ئـەوە بـووە، کـە گوماتە وەکـو مرۆڤێکـی مـادی، لـە پێنـاو گەڕاندنـەوەی مافـی نەتەوەیـی خـۆی راپەڕیـن ئەنجامبـدات.

گەرچـی مـادەکان بـوون، کـە گوماتەیـان بـۆ سـەر دەسـەڵات بەرزکـردەوە و میراتـی پاشـایەتی مادیـان خسـتە دەسـتی، لـێ لـە بـارەی ئـەوەی بۆچـی گوماتە، دەسـتبەجێ پاشـایەتی مـادی بـە هەمـان شـێوەی هەخامەنشـیەکان، لـە کاتی سـەرکەوتنیان بەسـەر مادەکانـدا رانەگەیاند، کۆمەڵێک پرسـیاری بـێ بەرسـڤی زۆر لەلایـەن مێژوونووسـانەوە سـەریان هەڵـداوە. سـەرەبۆچوونی ئـەوەی کـە بـە گوێـرەی بەهێزتریـن لێکدانـەوەو بۆچوونـی مێژوویـی، مـاوەی دەسـەڵاتی گوماتـە، زیاتـر لـە هەشـت مانـگ و کەمـتر لـە نـۆزدە مانگـی خایانـدووە و گوماتـە بـارەگا و شـوێنی نیشـتەجێبوون و فەرمانڕەوایـی خـۆی بـۆ نـاو دڵـی ناوچـە مادنشـینەکان گواسـتبووەوە.

هێـرۆدۆت، شـۆڕش و سـەرهەڵدانی گوماتـە، بـە لەدەسـتچوونی دەسـەڵاتی پارسـەکان و دووبـارە گەڕانەوەی دەسـەڵاتی مـادەکان دەزانێـت.

نووسـەرانی مێـژووی دێریـن و خـودی داریوشـیش لـە نووسراوەکانیـدا، سـەرهەڵدانی گوماتـە، بـە رەتکردنـەوەی دەسـەڵاتی پارسـەکان، لـە لایـەن مادەکانـەوە لێکدەدەنەوە،

[1]چونکــە هێشــتا بیــرەوەری ســەروەری و دەوڵەتــی مــاد، لەبیرگــەی گەلانــی مــاد زینــدوو بــوو، کــە لــە مــاوەی رابردوویەکــی نەچەنــدان دووردا، چارەنــووس و قــەدەری هەمــوو گــەل و ســەرزەویەکانی رۆژهــەڵات، لەدەســت ئەوانــدا بــووە و هێشــتا لــە ســەردەمی هوەخشــتەر و ئاســتیاگ، زۆر دوور نەکەوتبوونــەوە.

کەمبوجیــە کــە لەرووخانــی دەســەڵاتی ئاگاداردەبێــت، داوای گردبوونــەوەی پارســەکانی دەوروبــەری دەکا و روو لە هەمـوو ئامادەبـووان، بەتایبەتـی پارسـە هەخامەنشـیەکان، دەکا و بـە خواوەنـدە پاشـاییەکان سـوێندیاندەدا و دەڵـێ: نابـێ بهێڵـن جارێکـی دیکـە دەسـەڵات بکەوێتـەوە دەسـت مـادەکان، بـە پاڕانـەوە پێیاندەڵـێ: ئـەوە ئەرکـی ئێوەیـە، کـە لێیـان بسـتێننەوە، ئەگـەر ئـەوان بەفێـڵ لەئێمەیـان وەرگرتــووە، بەفێــڵ لێیانوەرگرنــەوە، ئەگــەر بەشــەڕ لــە ئێمەیـان سـتاندووە، بەشـەڕ لێیـان بسـتێننەوە.

---

1- ئێقرار عەلی یێف، پاشایەتی ماد

-زۆربـەی هـەرەزۆری زانـا و مێژوونووسـە بێلایەنـەکان، مـاد بوونـی راپەڕینـی گوماتەیـان پەسـەند کـردووە، ئەوانـەی دژی ئـەم پرسـە دەوەسـتنەوە، تەنیـا ئـەو نووسـەرانەن، کـە بەهـۆی دەمارگیـری رەگـەزی و سـۆزی ئارياييگەریـەوە، ئەرکـی پێسـپێردراو لەلایـەن دەوڵەتـی پانئێرانـی، جێبەجێدەکـەن و مێـژووی مـاد بـە دۆمەڵـی سەرسـینگی رەگـەزی هینـد و ئێرانـی دەزانـن.

## ئاستیاگ بەهۆی ناپاکی ناوخۆیی و گوماتەش بەهۆی کودەتا لەنێودەچن

داریوشـــی هەخامەنشـــی توانـــاو لەخۆڕادیتنـــی ئـــەوەی نەبـــووە، بـــە ئاشـــکرا شـــەڕی مەیدانـــی لەگـــەڵ مـــادەکان و گوماتـــە بـــکات، چونکـــە هەمـــوو هێـــزی جەمـــاوەری کۆمەڵگـــەی مـــاد و گەلانـــی دیکـــەی دەوروبـــەری وڵاتـــی میدیـــا و تەنانـــەت چینـــی هـــەژاری پارســـی ئێرانیـــش، هاوســـۆز و پشـــتیوانی گوماتـــە بـــوون.

داریـوش هەمـوو هیـوای لەسـەر حـەوت سـەرۆک هۆز و دەرەبـەگ هەڵچنیبـوو، کـە بەهـۆی دەسـەڵاتی گوماتـەوە، بەرژەوەندیەکانیـان کەوتبـووە بـەر لێـدان و ئـەو خەڵکـەی بەهـــۆی دەســـەڵاتی هەخامەنشـــیەکانەوە بـــە کۆیلەیـــان کردبـوون، لەژێـر دەسـتیان دەرهێنرابـوون.

ئـەو حـەوت هـۆزە، هەریەکـە و کەسێک بـۆ تیرۆرکردنی گوماتــە هەڵدەبژێــرن، کــە لەتاریکــی شــەودا دزە بکەنــە نــاو قــەڵای شــوێن نیشــتەجێبوونی گوماتــە و بەبێدەنگــی پەلامـاری بـدەن و تیـرۆری بکـەن. ئـەو بابەتـە لـە وتەکانـی داریــوش پشتراســت کراوەتــەوە، کــە هێزێکــی جەمــاوەری لــە پشــتەوە نەبــووە کــە بەهۆیانــەوە بتوانــێ شــەڕی رووبــەڕوو لەگــەڵ گوماتــە بــکات.

هەڵوەشـاندنەوەی سـازوکاری سیسـتەمی دەرەبەگایەتی، لـە پێشـینەی کارەکانـی گوماتـە و یەکێـک لـە دەسـتپێکی تریـن بەرنامەکانـی چاکسـازی کۆمەڵایەتـی ئـەو بـووە، بـۆ بەکرداریکردنــی ئــەو ئامانجــەش، گــورزی کەمەرشــکێنی لــە چینــی ئــەشراف و ســەرۆک هــۆز و بەشــیک لــە بەرژەوەندیەکانـی پەرسـەتگە و مۆغەکانیـش وەشـاندووە.

شــیمانە دەکرێــت یەکێــک لــەو هۆکارانــەی، کــە لــە ســتراتیژی گوماتــەدا، لەبەریــەک هەڵوەشــاندنەوەی سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی دەکەوێتـە پلـەی هـەرە لەپێـش، جگـە لـە چاکسـازی ئابـووری و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و لابردنــی بــاری گرانــی ســتەم و چەوســاندنەوە لەســەر ملـی هـەژاران، هـۆکاری دیکـەی بەشـداری و ناپاکـی ئـەو سـێ چینـە، لـە پشـتگیریکردنی کورشـی ئێرانـی، لـە پێنـاوی لەناوبردنــی دەســەڵات و پاشــایەتی مــاد بووبێــت.

داریـوش لـە نووسراوەکانـی بیسـتوندا، ئامـاژە بـەوە دەکا

و دەڵێ: گوماتە هەموو ئەو دارایی و زەوی و زارەی بۆ خەڵک و خانەوادەکانیان گەڕاندەوە، کە ئێمە خستبوومانە ژێر دەستی خۆمان و هەموو کۆیلەکانی ئێمەی ئازاد کرد. پاشای پارس ئەوەندە بە لوت بەرزی باسی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی دەکات، کە وشەی خەڵکی نە بۆ کۆی کەسەکان، بەڵکو بە مانای کۆیلە و (رعیەت) خزمەتکاری پاشا بەکاردەهێنا، لەوەشدا دەرەبەگ و ئەشراف و فەرماندەی سووپایی و پیاوە ئایینییە دەرباریەکانی جیا دەکردەوە.

داریوش، بە شانازیەوە باسی گەڕاندنەوەی موڵک و ماڵ و کۆیلەکانی دەکا و دەڵی: من هەموو ئەو شتانەی گوماتە لە خەڵکی ستاندبوون، بۆ خاوەناکنیانم گەڕاندەوە، مەبەست لێی ئەو دارایی و زەوی و سامانەیە، کە سەرۆک هۆز و ئەشراف و دەرەبەگەکان داگیریان کردبوو و گوماتە بۆ خەڵکی گەڕاندبووە و داریوش دوای کوژرانی گوماتە جارێکی دیکە، لە خاوەنە هەژارەکانی دەستێنێتەوە و دەیانخاتەوە ژێردەستی دەرەبەگ و ئەشراف و سەرۆک هۆزە ستەمکارەکان.

زنجیرەی پاشایەتی ئێرانی، هەر لە کورشی هەخامەنشی دامەزرێنەریانەوە، تادەگاتە یەزدگردی سێیەمی ساسانی، بەتەنێ نوێنەرایەتی چینی چەوسێنەریان کردووە و پارێزەری بەرژەوەندی ژمارەیەکی دیاریکراو لە بنەماڵەی

دەرەبــەگ و فەرمانــدەی ســووپایی و پیــاوی ئایینــی نــاو دەربــار بــوون. بۆیەشــە چ لەســەردەمی کەمبوجیــە و گوماتــە، چ لــە ســەردەمی یەزدگــری ســێیەمی ساســانی و هێرشــی عەرەبــە موســڵمانەکان، ئــەوە دانیشــتووان و جەمــاوەری وڵاتــی خۆیــان بــوون، کــە بوونــە هــۆکار و هــاوکاری رووخانیــان.

داریــوش، دان بــە ســتەمکاریەکانی سیســتەمی ئەریســتوکرات و دەرەبەگــی خۆیــدا دەنــێ و دەڵــێ: [1]ئــەوە بــە ویســت و ئیــرادەی مــن نییــە، کــە ســامانداەرەکان (Tanuviyd) ســتەم لە دەســتکورت و هــەژارەکان(skauois) دەکــەن هێــرۆدت لــە گێڕانــەوەی بەســەرهاتی گوماتــەدا، دەبێــژێ: گوماتــە لەمــاوەی چەنــد مانگــی دەســەڵاتیدا، ئەوەنــدە دادپــەروەر بــوو و چاکــەی بــۆ خەڵــک هەبــوو، کــە کوژرانــی هەمــوو گەلانــی رۆژهەڵاتــی داخــدار و

---

1- بەردەنوسی داریوشی یەکەم، لە شوش.
هەروەها ئەم رستەیە لە نووسراوی نەخشی رۆستەم دووبارە دەبێتەوە.
-ئێقـرار عەلـی یێـف، دەڵـێ: لێـرەدا ئێمـە لەگـەڵ هەوڵـی ناشـارەزایانەی ئـەم پاشـا هەخامەنشـیە، بـۆ شـاردنەوەی کردەوەکانـی خـۆی رووبەڕوویـن.
-داریــوش گووتوویەتــی، ئــەوە بەهــۆی بەخششــی ئاهۆرامەزدایــە، کــە مــن پاشــام، ئــەوە ئاهۆرامــەزدا بــوو، کــە پاشــایەتی بــە مــن بەخشــی. داریــوش لــە بەردەنوســەکانی بێســتوندا، 69 جــار، نــاوی ئاهۆرامــەزدای دووبــارە کردووەتــەوە.

پرسـەدار کـرد.

داریـوش لـە نووسراوەکانـی بێسـتوندا، دان بەوەدادەنێت کـە لـەدوای مردنـی گوماتـە، کۆمەڵێـک راپەڕیـن و شـەڕ و شـۆڕ، دژی ئـەو و بـۆ تۆڵەکردنـەوەی خوێنـی گوماتـە سـەریان هەڵـدا.

یەکێـک لـە تابلێتـە بابلیـەکان بـاس لـەوە دەکات، کـە 9 رۆژ بـەر لەکوژرانـی گوماتـە بەدەسـتی پیاوکوژانـی داریـوش، لـە بابـل دەسـتپێکی حکومەتـی گوماتـە یـان، بـە سـەرەتا و بناخـەی دەسـتپێکردنی مێـژووی خۆیـان دانابوو.

هێـرۆدۆت دەمەقاڵـەی کەسـێک لـە بکوژانـی گوماتـە دەگێڕێتـەوە، کـە لـەو پیلانگێڕیـەدا نوێنەرایەتـی یەکێـک لـە خێڵـە پارسـیەکان بـووە، کـە بەکەسـێکی دیکـە لـە هـاوڕێ دەرەبەگەکانـی دەڵـێ: ئێـوە خۆتـان بەهـۆی ئـەو مۆغـەوە زۆر زیانتـان پێگەیشـتووە.

ئێڤـرار عەلـی یێـف، ئامـاژە بـوە دەکات، کـە پاسـاو هێنانـەوەی داریـوش لەبەردەنوسـەکانیدا، تەنیـا درۆ و چەواشـەکاری رووت و بێبنەمـان. یەک بڕگـە لە مێژوودانییە ئـەوە بسـەڵمێنیت، کـە نەهـەر خەڵکـی مـاد، تەنانـەت چینەکانـی هـەژاری دانیشـتووی مەڵبەندەکانـی پـارس نشـینیش، دژی دەسـەڵاتی گوماتـە بووبـن. پێچەوانـەی ئـەم راسـتیە، ئـەوە هاتنەوەسـەر دەسـەڵاتی دووبـارەی شـای ئێرانییەکانـە، کـە هەمـوو گەلانـی رۆژهـەڵات، تـوڕە

و خەمبــار دەکات.

(ج. مێســینا) دەســت دەخاتەســەر خاڵێکــی هەســتیاری هــەرە لاوازی مــەودای فەرمانڕەوایــی گوماتــە و دەڵــێ: گوماتــە لەیــەک هەنــگاودا تووشــی هەڵەیەکــی کوشــندە بــووە، ئەویــش وێرانکردنــی پەرەســتگەی خــوای ئایینــە ســەرەتاییەکانی هــۆزە پارســە ئێرانییــەکان بــووە. ئــەو لێکۆڵــەرە بەدووریــش نازانێــت، گوماتــە هەڵمەتێکــی بــە ئایینیکردنــی دەســتپێکردبێت، بــە تایبــەت گوشــاری ئاییــن گۆڕینــی، لەچوارچێــوەی پرۆســەیەکی تۆڵەکردنــەوە، خستبێتەســەر ئــەو هۆزانــەی پشــتیوانی ســەرەکی شــاکانی هەخامەنشــی بــوون و هێشــتا لەســەر بــاوەڕی کۆنــی خۆیــان مابوونــەوە و نەببوونــە زەردەشــتی. ئــەوە هەمــان دەرد و ژانــی داریوشــە، کــە لــە نووسروەکانــی بێســتوندا، بەپێداگــری و دەمارگیریــەوە ئامــاژە بەوێرانکردنــی پەرەســتگەکانی پارســی دەکا و دەیەوێــت ســۆز و بۆچوونــی خەڵــک، بەرامبــەر گوماتــە بگــۆڕێ و مێــژوو دژی ئــەو و مــادەکان، بــارگاوی بــەرق و تورەیــی ئایینــی بــاکات. جگــە لــەوە داریــوش هیــچ بەڵگەیەکــی دیکــەی لــە خــراپ بەکارهێنانــی دەســەڵات لەلایــەن گوماتــەوە دەســتنەکەوتووە، تاوەکــو بــۆ مێــژووی مرۆڤایەتــی باســی لێوەبــکات.

ئــەم پرســە جێــگای ســەرنج و هەڵوەســتە دەبێــت،

ئەگـەر گوماتــە پەرەســتگەکانی زەردەشــتی، مینــا هێــم و بناغــەی ئیدۆلــۆژی و دەوڵەتــداری پارســەکانیش رووخاندبێـت. بەپێـی خوێندنـەوە مێژووییـەکان، پێناچێـت لــە هەلومەرجــی ئایینــی و کۆمەڵایەتــی و سیاســی ئــەو رۆژگارەدا، گوماتــەی مــاد، لــە وێرانکردنــی ئاگرگــەکان، ئامانـج و مەبەسـتی شـەڕی مەزەبـی و ئایینـی هەبووبێـت، لـێ شــەڕێک بــووە، دژی دەزگای راگەیانــدن و پێناســەی مینۆیــی ئێرانییــەکان ئەنجامیــداوە.

هەندێــک لــە مێژوونووســان، بەرگــری سەرســەختانەی شــای پارســی بــە نیشــانەی ئــەوە دازانــن، کــە شــاکانی هەخامەنشـی باوەڕیـان بـە ئایینـی زەردەشـتی نەبـووە و تەنیـا بـۆ گەوجاندنـی خەڵـک و بەکارهێنانـی هەژموونی و پێگـەی کۆمەڵایەتـی خۆیـان، زەردەشـت و ئاگردانەکانیـان، بەکاریانهێنابێــت و رێزیــان لێگرتبێــت، کەچــی لەدیــوە شــاراوەکەیدا، خۆیــان هێشــتا لەســەر بــاوەڕی ئایینــی کۆنــی بــت پەرەســتی ئێرانــی بووبــن. چونکــە ئــەو نۆژەنکردنـەوەی پەرەسـتگەکانی بۆخـۆی بەدەسـتکەوتێکی مـەزن لـە قەڵەمـداوە و خـۆی لـە باسـکردن و گێڕانـەوەی هەڵمەتــی تاڵانکردنــەوەی دووبــارەی گەلانــی مــاد بــواردووە، کــە بەهــۆی ســووپا و چەکــداری خێلەکانــی پارســی ئەنجــام دەدرا.

عەلـی یێـف، لـە پەرتووکـی پاشـایەتی مـاد [1]ئامـاژە بـەوەدەکات، کـە ئەسـتەمە بتوانیـن ئـەوە قبووڵبکەیـن، کـە وێرانکردنـی پەرەسـتگەکان هەمـوو وڵاتـی مـاد و مەڵبەنـدە پـارس نشـینەکانی گرتبێتـەوە، لەوانەیـە گوماتـە پەرەسـتگەکانی بابـل، یـان وڵاتانـی دیکـەی رووخاندبێـت، کـە لەسـەر ئایینەکانـی بەرێیـان بـوون.

کسـتیاس. گزنفـۆن. برۆسـۆس و چەندێکـی دیکـەش لـە مێژوونـووس و لێکۆڵـەری بـواری مێـژووی کـۆن، لەسـەر ئـەو بـاوەڕە یەکگـرن، کـە هەخامەنشـیەکان بـە ئاییـن زەردەشـتی نەبـوون، سـەرەبۆچوونی ئـەوەی لـەرووی ناچـاری زەردەشـتیان بەراسـت ناودەبـرد، بـەڵام برِوایـان بەئایینـە سـەرەتاییەکانی کۆنـی ئێرانـی هەبـوو.

ئەگـەر هەڵوێسـتی بوێرانـە و چاونەترسـانەی گوماتـە لـە وێرانکردنـی پەرسـەتگەکان نەبـان، (خەشـایار) شـا، ئیـرادەی ئـەوەی نەدەکـرد، کـە پەرەسـتگەی خواوەنـدە ئێرانییـەکان بڕوخێنـێ و ئاهۆرمـەزدا، وەکـو خـوای تاکانـە بداتـە پەرسـتن، ئەویدیکەیـان تەنیـا لەسـەردەمی خەشـایار شـای کـوڕی داریـوش بـوو، کـە ئاهۆرامـەزدا واتەخـوای مـەزن، بەفەرمـی بـووە خـوای هەخامەنشـیەکان و خەشـایار، پەرەسـتگەی

---

1 - ئێقرار عەلی یێف. پەرتووکی پاشایەتی ماد.

دێـوەکان، واتـە مادەکانـی وێرانکـرد.

خەشـایار شـا، زۆر بـە لێزانییـەوە ئایینـی زەردەشـتی بـۆ فراوانکردنـی ئاقـاری دەسـەڵاتی خـۆی، بەسـەر گەلانـی زەردەشـت ئاییـن، بەکارهێنـا و ئاهۆرامەزدای لەپەرسـتگەکان بـردە دەروە و کردیـە خـوای هەمیشـە ئامـادە، بەسـەر گـەردوون و مـرۆڤ، پێگـەی پیاوانی ئایینیشـی بـۆ پارێزەرانی بـڕوا و خۆشـبەختی لـە هـەردوو جیهانـدا بەرزکـردەوە. لـێ بۆچوونـی زۆرێـک لەزانایانـی بـواری مێـژوو لەسـەر بیرۆکەی بەزەردەشـتی زانینـی خەشـایار شـا، ئەرێنـی نییـە، لەوانـەش: (ئـا. مەیـر) (هێرتێـل هێرتسـفیلْد) (و، ه. شـیدر)، پێیانوایـە داریـوش و خەشـایار شـا، باوەڕمەندانـی ئایینـی زەردەشـت نەبـوون.

(و. و. ئێسـتروە) لەبـارەی ئـەم پرسـەدا بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە و بـە بڕوایەکـی تـەواو دەنووسـێت: بـڕواو روانگـە ئایینییەکانـی داریوشـی یەکەم و کوڕەکەی خەشـایار، لەیەکچونێکیـان لەگـەڵ ئامۆژگاریەکانـی زەردەشـت نەبـووە، جگـە لەهەندێـک نموونـە، کـە لەهـەردوو ئایینەکـەدا، واتـە ئایینـە کۆنـە ئێرانییـەکان و زەردەشـتدا، هاوبەشـییان هەبـووە.

و. ئێسـتروە دەڵـێ: خەشـایار شـا، مینـا ئۆڵگـۆ و رەمـز، لەبـاری ئایینییـەوە، گوماتـە دەکاتـە سەرمەشـقی بـزاڤ و رێکارەکانـی خـۆی و بـۆ چەواشـەکردنی خەڵـک، ئـەوی

وەکـو رزگاردەر ( سۆشـیانت ) ناوبـردووە. لەوانەیـە ئـەو هاوبۆچوونییـەش هەڵـە نەبێـت، لـەوەی کـە گوماتـە بـۆ هەمەلایەنـە کردنـی شـۆڕش و بزاڤەکـەی، دەسـتی بـۆ کەوشـەن و ئاقـاری بـاوەڕی ئایینـی زەردەشـت بردبـێ و لـە جۆشـدانی راپەڕینەکـە و راکێشـانی بڕوادارانـی ئـەو ئایینـە، بـۆ نـاو ریزەکانـی شـۆڕش دژی دەسـەڵاتی چینایەتـی هەخامەنشـی کەڵکـی وەرگرتبێـت. بـەڵام ئـەو راسـتەیەی لـە شـوێنی خـۆی پێدەچەقێنـێ و تائێسـتا هۆکارێـک بـۆ جووڵاندنـی نەدۆزراوەتـەوە ئەوەیـە، کـە خەبـات و سـەرهەڵدانی گوماتـە، سەداسـەد بـۆ گەڕاندنـەوەی پاشـایەتی و دەسـەڵاتی مـاد بـووە و هەمـوو چینەکانـی خـوارەوەی کۆمەڵگـەی مـاد و گەلانـی دیکـەی دانیشـتووی دەورووبـەری سـنوورەکانی مادیـش، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـاوکار و هاوسـۆزی بـوون، ئـەوەش بەڵگەیەکـی روونـە، کـە حوکمڕانـی دەوڵەتـی مـاد، زۆر لـە هەخامەنشـیە ئێرانییـەکان، دادپەروەرتـرو مرۆڤانەتـر بـووە.

بەشـێکی دیکـە لەمێژوونووسـان ئـەوە پشتڕاسـتدەکەنەوە، کاتێـک گوماتـەی مۆغـی مـادی کـوژرا [1](شـەهید کـرا )،

1 -ئـەز وشـەی شـەهید، بـۆ گوماتـە و ئاسـتیاگی ش زۆر بەجـی دەزانـم و دەبێ ئێمـە لـە بـاری نەتەوەیـی و وێژدانییـەوە، مـاف و شـکۆیان بـۆ بگێڕینەوە.

-بەبـڕوای زۆر لـە لێکۆڵەرانـی مێـژووی مـاد، داریـوش بەرادەیـەک فێڵبـاز و

هەمــوو خەڵــک و گەلانــی ڕۆژهــەڵات، بــۆی داخــدار و پرســەبار بــوون، تەنیـا دەسـەڵاتدار و سـەرۆک هـۆزە پارسـە کودەتاچیـەکان نەبێـت. لەسـەر ئـەو بنەڕەتـە سـەڵماندنی ئـەو بۆچوونیـە، کـە سـەرهەڵدانی گۆماتـەی مـۆغ شۆڕشـی مـادەکان، دژی داگیـرکاری پارسـی و بـۆ وەدەسـتهێنانەوەی مافـی ڕەوای مـادەکان بـووە، کارێکـی ئەسـتەم نابێـت، چونکـە لـە نـاو گەلانـی مـاد دا، وەکـو پاشـاکانی بەرێـی خۆیـان، گوێبۆچوونیەڵـی فەرمـان و بڕیارەکانـی گوماتەیـان

دووزمـان بـووە، کـە هەمـوو کـردار و بڕیـار و خسـڵەتە باشـەکانی گوماتـەی بەنـاوی خـۆی و وەکـو دەسـتکەوتی خـۆی لەسـەر بەردەنووسـەکان تۆمـار دەکـردن. بـەو شـێوەیە سـتەمێکی گـەورەی لـە مێـژووی نەتـەوەی مـاد و سـەرکردە مێرخـاس و دادگەرەکەیانـی کـرد و تـا ئـەم سـەردەمەش، ئێرانییـەکان شـانازی پێوەدەکـەن. بـەڵام خۆیـان لـە راسـتی ئـەو پرسـیارە دەبوێـرن، کـە ئەگـەر داریـوش ئـەو چاکـە کارە بـووە، بـۆ هەمـوو گەلانـی سـەرزەمینی مـاد دژی هۆزەکـەی ڕاپەڕیـن و کەمبوجیەیـان لـە دەسـەڵات وەدەرنـا. ئـەی ئەگـەر داریـوش مرۆڤێکـی کودەتاچـی و زۆردار نەبـووە، بۆچـی دوای کوژرانـی گۆماتــە، لەسەراســەری وڵاتــی مــاد و ناوچــە پــارس نشــینەکان و تەنانــەت ئیلامیـش، هەمـوو گـەلان دژی ڕاپەڕیـن، و ئـەو تەنیـا بـە هێـزی شمشـێر و سـوو‌پا دڕندەکـەی، خـۆی لەدەسـەڵات رادەگرێـت ؟ ئـەی بـۆ ناچـار بەدرۆکردن بـووە ؟ یـان ئەگـەر وەک خـۆی دەڵێـت، بـە فەرمانـی ئاهۆرامـەزدا جوڵاوەتـەوە و داگیرکارێکـی سـتەمکار نەبـووە، بۆچـی خوێنـی مۆغێکـی ئـەو ئایینـەی ڕشـتووە ؟.

-داریـوش لـە نووسراوەکانـی دێرینـی بێسـتون دەڵـێ: لـە سـاڵانی پێـش لـە پاشـایەتی ئـەودا، لـە نـاو قەڵەمـڕەوی ئێمپراتـۆری پـارس، بـێ سـەروبەری و هـەرج و مـەرج زاڵ بـووە و هەرکەسـە و کەسـی دیکـەی دەکوشـت.

کـردووە. ئـەوەش هــەم هــۆکاری رەگــەزی و زمانــی و ئایینیشــی هەبــووە، کــە لــەو رۆژگارەدا ئایینــی زەردەشــت پانتاییەکــی فراوانــی لــە بــاوەڕی گەلانــی مــادی داگیــر کردبــوو.

هێــرۆدۆت دەڵــێ: دیســان رووخــان و لەنێوچوونــی دەســەڵاتی گوماتــەی مــۆغ، بەهــۆی (خیانــەت) ناپاکیــەوە ئانجــام دراو جێبەجــێ کــرا.

ئەوانــەی لــە پیلانــی تیرۆرکردنــی گوماتــە بەشــداربوون، هەموویـان نوێنـەرو بەکرێگیـراوی سـەرۆک خێـل و ئەشرافی پارســی بــوون، لــەو بــارەوە (ئاشــێل) دەنووســێت، ئــەوە (ئارتافێـرن) بـوو، پیلانـی کوشـتنی گوماتـەی بەڕێـوە دەبـرد، نــە داریــوش، کــە لەبەردەنووســەکانی بێســتون، پەســنی خۆیـدەداو سـینگ دەردەپەڕێنـێ و دەڵـێ: نـە لەپارسـەکان نـە لـە مـادەکان، جگـە لـە مـن، هیـچ پیاوێـک لـە نـەوەی ئێمـە نەبـوو، پاشـایەتی لـە گوماتـەی مـۆغ بسـتێنێتەوە.

خاڵـی سـەرنجڕاکێش لـە مێـژووی ئـەو سـەردەمە ئەوەیـە، کــە ســەرۆکی ئــەو حــەوت هــۆزە پیلانگێــڕە، بەشــداری و هــاوکاری ســەرۆک هــۆزە مادەکانــی هــاوکاری بەرێیــان، بــۆ بەشــداری لــە کوشــتنی گوماتــە قبووڵنەکــردووە، ســەرەبۆچوونی ئــەوەی ئــەو ســەرۆک هــۆزە مادیانــە، لــە هەمــوو شــەڕەکاندا پشــتیوانی پاشــایەتی هەخامەنشــیان کردبـوو. پێدەچێـت پارسـەکان بـە رادەیەکـی وا لـە مـادەکان

بـە گومـان، بووبـن تەنانـەت بڕوایـان بـە سـەرۆک هـۆزە خۆفرۆشـە مادەکانیـش نەکـردووە و نەوێـراون، لـە کوشـتنی گوماتــەدا، بەشــداریان پــێ بکــەن *. دەشــێ بــڕوا بــەوە بکەیـن کـە، لـە بنەڕەتـەوە گوماتـە، گەرچـی لـە بەرەبـاب، یــان هــۆزی مۆغیــش بووبێــت، بــەڵام پیــاوی ئایینــی زەردەشـت نەبـووە، بەڵکـو یەکێـک لـە هاوهۆزەکانـی مۆغـە و بـۆ تۆڵەکردنـەوە لـە پیاوانـی ئایینـی مـۆغ، کـە لـە گۆڕینی دەسـەڵاتی پاشـایەتی مـاد دا، ببوونـە هاودەسـت و هـاوکاری

---

*بەپێــی گێڕانەوەکانــی هێــرۆدۆت، کــە لــەوەدا تەنیــا کســتیاس، لەگەڵــی هاوبۆچوونیــە، بــاس لــەوە دەکــەن، کــە دوای کوژرانــی گوماتــە، کوشــتاری بەکۆمەڵــی مۆغــەکان، (پێدەچێــت مۆغــە هاوســۆزەکانی گوماتــە بووبــن) دەسـتی پێکـردووە و پارسـەکان ئـەو مـۆغ کوژیەیـان وەکـو جەژنی سـەرکەوتنی خۆیــان ســەیر کــردووە.

*زانـا و لێتۆژەرانـی بـواری مێـژووی مـاد بـە دۆزرانـەوەی نـاوی ئـەو حـەوت پیلانگێــڕەی، کــە گوماتەیــان تیــرۆر کــردووە و لــە مێــژووی هێــرۆدۆت باســی لێکــراوە، شاگەشــکە بــوون، هــەروەک بەرچاوکەوتنــی نــاوی (دەیــۆک) دیاکــۆ، لــە ســەرچاوە ئارامیەکانــدا، هەمــوو زانایانــی سەرســام کــرد و هێزێکــی نوێــێ بــە یادداشــت و گێڕنەوەکانــی باوکــی مێــژوو، لــە بــارەی دیرۆکــی نەتــەوە و رابــردووی مــاد بەخشــی.

-فەرمانــی کوشــتاری مۆغــەکان لــە لای داریوشــەوە بــەو هۆیــە بــووە، لــە دەســەڵات و هێــز و کاریگــەری زۆری مۆغــەکان کــەم بکاتــەوە. کــە لــە نــاو کۆمەڵگــە و ناوەنــدی دەســەڵاتی هەخامەنشــی دەســتیان خســتبوو، لــە لاییدیەکـەش داریـوش خـۆی بـە نوێنـەری خـوای ئاهۆرامـەزدا دەزانـی و بوونی

پارسە ئێرانییەکان، پەرەستگەی ئەوانی وێرانکردووە.

زەڕین کوب دەڵێ: لە فەروەردین یەشتی زەردەشتدا، باسی گوماتەی فریوکار کراوە.

زەردەشتیەکان لەروانگەی دژە مادی خۆیاندا، گوماتەیان وەکو دژە زەردەشت هەژمار کردووە و موژدەی ئەوە بڵاودەکەنەوە، کە پیاوێکی پاک گوماتە تێکدەشکێنێت. لە هەڵوێست و بیری زەردەشتییەکانەوە، داریوشە ماد کوژەکە، پیاوە پاکەکەیە و ئەوە پاشاکانی پارسین، کە وەکو جێگرەوەی ئاهۆرامەزدا و لە هەندێک کاتیش دا، مینا خودی زەردەشت وێنا دەکرێن. ڕووداوەکانی سەردەمی گوماتە، لەبەشە نوێترەکانی گاتاکانی زەردەشت، ڕەنگیانداوەتەوە.

---

نوێنەرانی ئاهۆرا مەزدای دیکە، وەکو مۆغەکانی پێ هەرس نەدەکرا.

*هۆکارێکی تری کێشەی نێوان مۆغ وداریوش، لە دوای کوژرانی گوماتە، کە زۆر لە شارەزایانی مێژووی کۆن باسی دەکەن، دەشێ ئەوە بووبێت، کە یەکێک لە مەرجەکانی پیلانگێڕەکان و مۆغەکان، بۆ دوای شکاندنی گوماتە ئەوە بووە، کە داریوش تاجی شایی بۆ گشتاسپ ، کە جێگای پەسەندی مۆغە زەردەشتیەکان و هۆزەکانیش بووە بگەڕێنێتەوە، بەڵام داریوش بەڵێنەکەی نەبردۆتە سەر و خۆی مینا نوێنەری ئاهۆرامەزدا ناساندووە. مۆغە زەردەشتیەکانیش بۆ تۆڵەکردنەوە، ناوی ئەویان لەبەشێک لە گێڕانەوەکانی زەردەشت سڕیوەتەوە، بەو هۆیەوە داریوش فەرمانی بەکوشتنی بەشێک لەو مۆغەکانە داوە، کە دژی خۆی جوڵاونەتەوە.

# تێکۆشانی ماد، دژی ئێرانی بەردەوامدەبێت

لەماوەیەکی کورتی دوای کوژرانی گوماتە، یەکەمین شەڕی نێوان لەشکری جەماوەری مادەکان دژی سووپای داگیرکەری هەخامەنشیەکان، هەر لەدەوروبەری قەڵاشاری (مارۆش) ئەو قەڵایەی گوماتە لە پیلانێکی پارسەکاندا گیانی لەدەستدابوو روویدا. لەو شەڕەدا مادەکان کە لەلایەن فەرماندەیەکی مادی، کە ناوی (فراوەرتیش)ی لەخۆی نابوو رێبەرایەتی دەکرا، پارسەکان تێکدەشکێنن و ناچار بەپاشەکشەیان دەکەن. وەک دیارە لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا، هەردوو هۆزی مادی (هیرکانی) و (پارتاکانی)، پشتیوانی بەهێزیان لە فراوەرتیش و سووپای جەماوەری ماد کردووە.

دوای شــکان و پاشەکشــەی ئێرانییــەکان، داریــوش ســووپایەکی مــەزن کــۆ دەکاتــەوە و دووبــارە هێــرش دەکاتـە سـەر مـادە رزگاریخـوازەکان. شـەڕی چارەنووسسـاز و یەکلاکـەرەوە، لـە نێـوان جەنگاوەرانـی مـاد و سـووپای ئێرانـی داریـوش، لـە رۆژی 7ی مانگـی مـەی سـاڵی 521 ی پێـش زاییـن، لـە دەوروبـەری شـاری (کۆنـدۆرۆس)ی مـادی روویــدا. لــەو شــەڕە نابەرامبــەرەدا، فراوەرتیــش لەگــەڵ هەڤالانـی دەستبەسـەر دەکرێـن و بـۆ شـاری هیگمەتانـەی پایتەختــی رابــردووی دەوڵەتــی مــاد، کــە ئێرانییــەکان وەکـو پایتەختـی خۆیـان بەکاریـان دەهێنـا، دەگوازرێنـەوە و لــە ســێدارە دەدرێــن. بــەڵام ئــەو بەشــە لــە ســووپای جەمــاوەری مــاد، کــە نەکەوتبوونــە دەســتی پارســەکان، خۆیـان کۆکردووەتـەوە و تـا چەنـد مانگـی دواتـر، لەژێـر فەرماندەیــی و رێبەرایەتــی ســەرۆکی هــۆزی (ســاگارتی) کـە نـاوی (چیـتران تەخمـە) بـوو و خـۆی لـە رەچەلـەک و بەرەبابــی هووەخشــتەرە زانیــوە، بەرگــری و شــەڕێکی سـەختیان دژی داگیـرکاری ئێرانـی بەڕێـوە بـردووە، تاوەکـو دواجــار ئەوانیــش توشــی شکەســت بوونــەوە و لــە ( ئەربیـل) شـاری هەولێـری ئێسـتا، چیتـەر تەخمـە دڕندانـە لـە سـێدارە دراوە.

چاخەکانــی دوای فراوەرتیــش و [1]چیــتران تەخمــە، کــە دوایيــن هەوڵــی رزگاریخوازانــەی مادەکانــی، بــۆ گەڕاندنــەوەی ســەروەری و دەســەڵاتی زەوتکراویــان تێــدا بەڕێوەچــوو، تــا 200 ســاڵی ئاینــدە، گەلانی مــادی دووچاری بێدەنگیەکــی رەهــا بوونــەوە و بەتــەواوی چوونــە ژێربــاری داگیــرکاری پارســە ئێرانییەکانــەوە.

کــورش شــار و قــەلای پاســارگادی مینــا مینۆمێنتێــک لــەو شــوێنە بنیاتنــا، کــە لەشــەڕدا ســەرکەوتنی بەســەر مــادەکان بەدەســتهێنابوو.

1 - وەک دیــارە هوەخشــتەرە، وەکــو ســیمبۆل شــانازی پێکــراوە، ئــەوەش هەمــان هــۆکار بــووە، کــە چیــتران تەخمــە لــە شۆڕشــدا، ئــەو نــاوە بۆخــۆی هەڵدەبژێرێــت.

- بەهێــزی و مەزنــی هوەخشــتەرە، لــە نووســینەکانی بەجێــماو لــە ســارگۆنی دووەمــی ئاشــووریدا، بــە روونــی ئامــاژەی پێــدراوە.

- هێــرۆدۆت ســاگارتیەکان بــە ئێرانــی دەزانێــت، بــەڵام ئــەم بۆچوونــەی هێرۆدۆت گومانێکی مەزنی لەسەرە، چونکە هەر ئەو ساگارتیانە بوون، کە دوای لەسێدارە درانــی فراوەرتیــش، لــە ژێــر ســەرکردایەتی چیتــەر تەخمــەدا، شــۆڕش و ســەرهەڵدانی گەلانــی مادیــان، دژی دەســەڵاتی داگیرکــەری داریوشــی ئێرانــی راگەیانــد.

- ئــەز وای بۆدەچــم، کــە ئــەوە مــادەکان نیــن، کــە زمانیــان بووبێتــە فارســی ئێرانــی، بەڵکــو ئێرانییــەکان لــە هــەژاری و نــەداری فەرهەنگــی و زمانەوانیــدا، لــە کاتــی خــۆی بەشــێکی زۆر لــە فەرهەنگــی زاراوەی زمانــی مادیــان داگیــر کــردووە و کردوویانەتــە هــی خۆیــان و تــا ئــەم ســەردەمەش، هــەر بەهــۆی زمانــی مــادەوە، پــۆز بەســەر کــورد و گەلانــی دیکــە لێــدەدەن.

ئـەوە تەنیـا پاسـارگادنەبوو، کـە وەکـو شـانازیەک بـۆ بیرهێنانـەوەی سـەرکەوتنی پـارس بەسـەر مـادەکان بینـا کـراوە، بەڵکـو تەختـی جەمشـیدیش، بۆ یـادەوەری شـانازی سـەرکەوتنی داریـوش بەسـەر گوماتـە و دەستنووسـەکانی بێسـتونیش بەشـی هـەرە زۆری، یـادەوەری سـەرکەوتن بەسـەر فراوەرتیشـە.

(ج. ئاسـتین) بۆچوونـی وایـە، کـە ناوەرۆکـی هەمـوو نـووسراوە و کەتیبەکانـی بێسـتون، دەربـارەی شۆڕشـی مـاد، دژی ئێرانییـەکان نـووسراون.

تـا ئـەو دەمـەی داریـوش گوماتـە دەکـوژێ و دەیـەوێ، مێـژووی سـەرکەوتنی خـۆی بنوسـێتەوە، پارسـە کۆچەریـەکان، نـە ڕێنوسـێکیان هەبـووە، نـە زمانێکـی شـیاوی ئەدەبیـات و مێژوونووسـی و بۆچوونییکردنـی کاروبـاری دەوڵـەت و دیپلۆماسـی، بەڵکـو زیاتـر کەڵکیـان لـە زمانـی مـادی و هەندێـک جاریـش بـۆ نووسـین، پەنایـان بـۆ زمـان و ڕێنوسـی ئیلامـی و ئەکـەدی بـردووە. تەنیا دوای ئـەوە بـوو، داریـوش فەرمـان دەردەکات، کـە ڕێنوسـێکی فارسـی دابهێنرێـت.

(دکتـۆر شمشـاد ئەمیـری خوراسـانی) ئاماژە بـوە دەدات، کـە پارسـەکان ئەلـف و بێـی 36 پیتـی خۆیـان، لـە مـادەکان وەرگرتـووە و هـەر مادەکانیـش بوونـە هـۆی ئـەوەی پارسـەکان لـە جیاتـی پارچـە (گڵێنییـەکان) قـوڕەکان،

نووسینەکانی خۆیان لەسەر پێست و بە پێنوس بنوسن. هەر ئەو لێکۆلینڤانە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بەهۆی زانستی مادەکانەوە فێربوون، ستونی بەردین لە کۆشک و تەلار بەکار بهێنن. شمشاد ئەو بابەتە پشتراست دەکاتەوە، کە ئەو بەندەی لە یاسای پارسەکاندا نووسراوە و دەڵێت، لە کاتی ئاشتی بە ئارامی کشتوکاڵ بکەن و لە کاتی شەڕیشدا، چاونەترس و بوێر بن، لە یاسا و گوتاری مادەکانەوە وەرگیراوە.

هێرش قادری دەڵێ: زمانی فارسی لەو دەمەدا، تەنیا 350 تا 400 وشەی هەبووە. بەو پێیە بێت، دەبێت، ئەو زمانە لاوازە هەر بەشی بۆچوونییکردنی کاروباری کۆمەڵگە و ژیانی پەزداری ئێرانییەکانی کردبێت و بەکەڵکی دەوڵەتداری و پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەت و گەلانیدیکە نەهاتبێت.

پێش لەوەی ئێرانییەکان تێکەڵی شارستانییەت و کۆمەڵگەی ماد بن، زمان و خوێندەواریەکی بەرزیان نەبووە، ئەوان لە مادەکان فێری هونەر و زانستی نووسین و کشتوکاڵ و ژیانی یەکجێنشینی و ئەخلاقی ئایینی بوون. هەموو شا و سەرکردە هەخامەنشیەکان و لەدواییشدا، زنجیرەی پاشاکانی ئێرانی، جل و بەرگی مادییان پۆشیوە و بە شێوەی مادەکان کاروباری کۆمەڵگە و حکومەتیان بەڕێوە بردووە. لە پەرتووکی

(دانیـال)ی پەیامبـەردا، زۆر بەراسـتی باسـی یاسـا و کاریگەریـی بەهـاکان و کولتـووری مـادەکان، بەسـەر پارسـەکانەوە کـراوە.

هێنتـس، دەڵـێ: زمـان و ڕێنووسـی فارسـی، وەکـو بڕیارێکـی سـەربازی لەسـەر بنەمـای زمانـی مـادی و دوو ڕێنوسـی ئارامـی و بزمـاری، یـەک ڕۆژە بەدیهێـنرا، ئـەو زمـان و ڕێنووسـە نوێیـە، لـە پرۆسـەیەکی گەشـەکردن و کامڵبوونـی سروشـتی تێپەڕنەبـوو. پێدەچـێ و شـیمانەی زۆرە، دەرهاوێشـتەی سروشـتی و نازانسـتی ئـەو بڕیـارەی داریـوش، کـە یـەک شـەوە و دەسـتبەجێ، بـە هـۆی هێـزی سـەربازی تۆقێنـەر و خوێـن ڕێـژی و زەبروزەنگـەوە، زمانێـک دادەتـاشرێ و بەسـەر گەلانـی میدیا دادەسەپێنرێ، هـۆکار بێـت بـۆ ئـەوەی هـەردوای هاتنـی موسـڵمانە عەرەبـەکان، بەجارێـک بپوکێتـەوە و ڕێنـووس و زۆربـەی وشەکانیشـێ بـۆ عەرەبـی بگۆڕدرێـن، چونکـە ئـەو زمانـە ژێرخـان و ڕووچوونێکـی قـوڵ جێکەوتـووی فەرهەنگـی، لەنـاو گەلانـی دانیشـتووی سـەرزەمینی مـاد نەبـووە.

زمانـی پارسـی، زمانێکـی (بلـوری) یـە، کـە بـە شـێوەیەکی زۆرەملـێ لەنـاو منداڵدانـی زمانـی مـادی چێـنرا و زمانێکیان بـە نـاوی پارسـی، لـێ بەرهـەم هێنـا و بەهۆی رسـتە و وشـە و توخمـە زمانەوانییەکانـی فەرهەنگـی مـادی، گەشـەیان پێـدا و گەورەیـان کـرد.

شــێر نیشــانەو ســیمبۆلی میــترای مــادی بــووە، لــە تابلـۆ نەخشـێنراوەکانی سـەر دەرگا و دیوارەکانـی تەختـی جەمشـید، شـاکانی هەخامەنشـی و داریـوش هەمیشـە و بەبەردەوامـی لـە کـرداری راوکردنـی شـێرەکان دەبینرێـن. ئـەم دیمەنـە 26 جـار لـە تابلۆکانـی تەختـی جەمشـید دووبــارە بووەتــەوە.

ئـەو دەنگانـە کـەم نیـن کـە بۆچوونیـان وایـە، داریـوش بـۆ ئـەوەی شناسـی مادیبوونی گوماتە بشـارێتەوە و شـۆڕش و سـەرهەڵدانی بکاتـە بزاڤێکـی سـنووورداری چینایەتـی، هەوڵێکـی زۆری گەوجاندنـی خسـتووەتەگەڕ، تاوەکـو ئـەو وەکـو مۆغێـک بناسـێنێ، نـە سـەرکردە و کەسـێکی مـادی، وێرانکردنـی بەشـێک لـە ئاگردانـەکان بەهـۆی گوماتـەوە، بـە تـاوان دەزانـێ، لـێ دەستبەسـەرداگرتن و تاڵانکردنەوەی زۆرەملێـی ئـەو مـاڵ و مولکـەی، کـە گوماتـە بـۆ خەڵکـی گەڕاندبوونـەوە و بەخشـینییەوەی بـە دەرەبـەگ و سـەرۆک هــۆز و فەرمانــدە چەوســێنەرەکانی پارســی، بۆخــۆی بەشـانازی و دەسـتکەوت لەقەڵـەم دەدات.

ئێڤـرار عەلـی یێـف، باسـی ئـەوە دەکات، کـە داریـوش هەمــوو ســەرکردە شۆڕشــگێرەکانی مــاد و فراوەرتیشــی، بەدەسـتی خـۆی ئەشـکەنجە کـردووە و بـە شـانازیەوە، ئەو بابەتــەی لــە بەردەنووســەکانی بێســتون تۆمــار کــردووە، ئــەوەش نیشــانەی ئەوپــەڕی رق و قینییەتــی بەرامبــەر

نەتــەوەی مــاد.

داریــوش لەشــەڕو رووبەڕووبوونــەوەی لەگــەڵ فراوەرتیــش، 34425 شــەڕکەری ئازادیخــوازی مــادی کوشــتووە و 18000 یشــی ئەســیر کــردووە و لــە ژێــر نیــری بــە کۆیلەکردنــدا، لەنــاوی بــردوون و شــوێنبزری کــردوون.

داندامایــف، ئــەوە دەگێڕێتــەوە، کــە زیانەکانــی ســووپای مــاد، لــە شــەڕکانی دژی داریــوش دا، 50000 کــوژراو بــووە، ئــەوەش پانتایــی و مەزنایەتــی و هەمەلایەنــە بوونــی شۆڕشــی مــاد دەگەیێنێــت.

(یۆنــگ) دەڵــێ: داریــوش لەشــەڕەکانی لەگــەل گەلانــدا، ئەگــەر ســەرکردە و شــایەکی دەســتگیر کردبــا، هەموویانــی دەکوشــتن، بــەڵام لــە شــەڕ لەگــەڵ مادەکانــدا، ســەرکردە و فەرمانــدە و شــاکانی مــادی بەدەســتی خــۆی ئەشــکەنجە دەدا و هــەردوو چــاوی هەڵدەکۆڵیــن و گــوێ و لووتــی دەبڕیــن و لاشــەی دەخســتنە ســەر دار و پێســتی کــەوڵ دەکــردن.

بەتێبینیکردنــی ژمــارە و رادەی زیانــەکان، کــە ئێمــە لێرەدا تەنیــا باســی زیانــی مادەکانمــان کــردووە، دیاردەکەوێــت، کــە ئــەوە شــەڕێکی ســەخت و دژوارو ســەراپاگیری نێــوان دوو نەتــەوەی مــاد و پــارس بــووە، کــە یەکیکیــان بــۆ ســەربەخۆیی و وەرگرتنــەوەی ئــاو و خــاک و ژیانــی دزراوی خۆیــان دەجەنگــێ و گەلێکــی دیکــە، کــە دەیــەوێ ئــەو

سـامان و خـاک و زمـان و شارسـتانییەتەی، تاڵانیانکـردووە و دزیویانــە، لەدەسـت خۆیــان بهێڵنــەوە و پــەرە بــە داگیـرکاری و ژێردەسـتەکردنی نەتـەوەی خانەخـۆ بـدات* .

لــە قــەدەری شــوم و بەختــی رەشــی کــورد، ئــەو کاتــە لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە دەسـت بەنووسـینەوەی مێـژووی بــەرزە دەشــت دەکرێــت، کــە پاشــایەتی و دەســەڵاتی مــادەکان کۆتاییپێهاتبـوو و چـاخ ودەسـەڵات و پاشـایەتی ئێرانــی دەسـتپێکردبوو و نـاوی مـاد و سـەرزەمینەکەیان، بـۆ پـارس و ئیرانویـچ گـۆڕدرا بـوو.

مێــژوو نووســە یونانییــەکان بەپێــی سیســتەم و دیفاکتـۆی هەلومەرجـی نـوێ، مێـژوو و شارسـتانییەت و

* هێـرۆدۆت، بەشـی هـەرەزۆری زانیاریەکانـی لـە بـارەی گوماتـە، لـە نەوەکانـی (زۆپیـرۆس) و (ئۆتـاس) و (میگابێـزۆس) وەرگرتـووە، کـە لـە نەوەکانـی حـەوت بنەماڵــە خێلەکیــە پێلانگێرەکــە بــوون، کــە گوماتەیــان تیــرۆر کردبــوو و ئێسـتا بـە هـۆی تورەیـی شـای ئێـران و کێشـەیەکی سیاسـی، بـەرەو یۆنـان بۆچوونیانکردبـوو و هێـرۆدۆت پەیوەنـدی پێوەدەکـردن، ئـەوان لـە سـۆنگەی دوژمنایەتــی باوکەکانیانــەوە، زانیــاری ناتەواویــان لــە بــارەی گوماتــە پــێ دەبەخشــی، لەمــەڕ ئــەو بۆچوونــە، کــە هێــرۆدۆت لــە ســەردەمی پاشــایەتی خەشـایار شـا، لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی پێنجەمـی پێـش زاییـن، دەسـتی بـە نووسـینی مێـژووی مـاد کردبێـت و هاوچەرخـی ئـەو پاشـا ئێرانییـە بووبێـت، ناکۆکیەکـی ئەوتـۆ لـە ئـارادا نییـە.

-مـاد ئەوەنـدە برینێکـی قوڵـە بەسـەر سـینگ و دڵـی مێژوونووسـە ئارياييەکانــەوە، کــە ئێستاشــی لەگــەڵ دابێــت، هــەر خەریکــی پارچەکــردن

سـەزەویەکانی میدیـا یـان، بـە ئێرانـی و پارسـی لەقەڵـەم داوە و نووسـیوەتەوە، سـەرچاوەی زانیاریەکانـی هێـرۆدۆت کـە هەموویـان ئێرانـی بـوون، گەلانـی مـاد یـان وەکـو بەشـێک لـە گەلـە بەرەگـەز ئێرانییـەکان بـە یونانییـەکان ناسـاندووە، ئـەوەش دەسـتپێکی سـتەمی مێـژوو بـوو، کـە جیهانـی کەونـار، سـەبارەت بـە دیـرۆک و نەتـەوە و بنەچـەی کـوردان ئەنجامیـدا.

(ئێسـپایزەر) لـە پەرتووکـی گەلانـی میزۆپۆتامیـادا، پێشـینە و مێـژووی مـادەکان بـۆ 6000 سـاڵ بـەر لـە زاییـن دەگەڕێنێتـەوە و هەمـوو ئەوانـە بـە نـەوەی گوتیـەکان دەزانێـت.

دیاکۆنـۆف، و. ژ. مـار، و ئێقـرار عەلـی یێـف. لـە داکۆکیەکـی هاوبەشـی مێژوویـی دا، لێبوونەتـەوە لـەوەی،

---

و لەیـەک ترازاندنـی ئەتنیـک و شارسـتانییەت و زمانـی مـادن، ئـەوان لـە هەوڵێکـی بـێ وچانـی هەمیشـەییدان، تاوەکـو لۆلۆیـی و گوتـی و کاشـی و مانایـی، لەیـەک جیـا بکەنـەوە و هەریەکـە و بـە دەوڵەتێکـی جیـاواز لـە قەڵـەم بـدەن، بـەڵام لـەوەدا هیـچ بەڵگەیەکـی مێژوویـی هاوکاریـان نـاکات، کـە ئـەوان بـە رەگەزێکـی جیـاواز لـە مـاد بزانـن.

- مـادەکان هەرگیـز ئارییایـی نیـن، تـا سـەدەی 17 ی پێـش زاییـن هیـچ نیشـانە و بەڵگەیەکـی مێژوویـی لـە ئـارادا نییـە، کـە کۆچـەری مـادەکان بسـەلمێنێت. ئـەوان دانیشـتووانی خۆجێیـی ئـەو سـەرزەمینەن، کـە پارسـە رەوەنـدە ئێرانییـەکان، لـە سـاڵی 550 ی پێـش زاییـن، لـە دەسـتێکەڵکردنێکی ناپاکانـەدا، داگیریـان کـردووە.

کــە کوردەکانــی ئەمــڕۆ نــەوەی مادەکانــن.

(ســیر ســیدنی ئیســمیت) دەڵــێ: کوردســتان لــە باکــووری ڕۆژئــاواوە، دەگاتــە دەریاچــەی وان، لــە ڕۆژ ئــاوای باشــوورەوە، دەگاتــە لێوارەکانــی ڕۆبــاری خابــور، لــە ڕۆژهەڵاتــی کەرکووکیشــەوە، خــۆی دەگەیێنێتــە ســنوورەکانی بابــل.

(ف. ئـەی. ئێسـپایزەر) لـە پەرتووکـی گەلانـی مێزۆپۆتامیـا دا دەنوسـێت: کـوردەکان نـەوەی مادەکانـن و لـە ڕەگـەزی گوتــی هورییەکانــن، کــە لــە زنجیــرە چیــای زاگــرۆس دەژیـان.

(ڕاسـیلی نیکیتیـن) مێـژووی کـورد، یـان مـادەکان بـۆ سـێ هـەزار سـاڵ، بـەر لـە زاییـن دەگەڕێنێتـەوە، کـە هیـچ نەتەوەیـەک کەونارتـر لـەوان لـەم دەڤـەرە بوونیـان نەبووە.

بــە گوێــرەی پێشــینە و ڕابــردووی چەنــد هــەزار ســاڵەی ژیانــی مرۆڤــی مــاد، لــە ســەزەویەکانی بەرزەدەشــت و دامینــی زنجیــرە چیاکانــی زاگــرۆس، هــەزارەی یەکەمــی پیــش زاییــن بــەرەو خــوارەوە، مێژوویەکــی ئەوەنــدە دوور و کــۆن نییــە و لــە ڕوانگــەی زانســتی مێژووناســیەوە، بــە ڕۆژگارێکــی زۆر دووردەســت لــە قەڵــەم نــادرێ، کە نیشــانە و بەڵگــە و یادداشــتی نــووسراوی لــێ دەســتنەکەوێ و ناچار بیــن، بــە پێــوەر و لــە ژێــر ڕۆشــەنایی گریمانــە و ئەگــەر و لۆژیــک، لــە بــارەی ڕووداوەکان و کاراکتــەرەکان و نەتــەوە

و زمــان و شارســتانییەکان، ڕێگــەی مێــژوو بکەینــەوە و لەبارەیانــەوە دادوەری بکەیــن.

لــە ســەدەی نــۆی بەرلــە زاییــن، چەنــد حکومــەت و دەســەڵاتی تــا ڕادەیــەک مــەزن و جێگیــر، لــە ناوچەکانــی ڕۆژئــاوای مــاد دامەزرابــوون ، کــە لــە کەنــار ئــەو حکومــەت و شانشــینە مادانــەدا، بــە دەیــان یەکــەی گونــدی و هۆزیش بوونیــان هەبــووە.

گوتیــەکان، لەســەدەی بیســت و ســێی پێــش زاییــن، هێرشــیان کردووەتــە ســەر مەلبەنــدی (بیــن النهریــن) نێــوان دوو ڕووبــار و کاشــیەکانیش لــە ســەدەی هــەژدەی بەرلــە زاییــن، ئــەم دەڤەرەیــان جارێکــی تــر خســتۆتە ژێــر دەســتی خۆیــان. ئــەوە لــە ترســی مــادە کــوردەکان بــوو، بابــل شــورەیەکی تۆکمــە و بەهێــزی بــەدەوری خۆیــدا کێشــا، کــە دواتــر بــە دیــواری مــاد ناوبانگــی دەرکــرد.

مــادە بەهێــزەکان، واتــە یەکێتــی نەتــەوەی مــادی دیاکــۆ، لــە ناوچەیەکــی بەرفراوانــی، هەمــەدان، قەزویــن، تــاران و ڕەی، بــە هەمــوو دەوروبەریانــەوە دەســەڵاتێکی ڕەهــای هەبــووە.

ناوچەکانــی نێوەڕاســت و باکــووری مــاد، کەوتبــووە دەســت، یەکێتــی (مەزنــی گیــزل بۆنــدا) و لــە ڕووبــاری (قــزڵ ئــۆزن) (ئاندیــا) و باکــووری ڕۆژئــاوای ئاندیــا، شــوێنی نیشــتەجێبوونی، پاشانشــینی زۆر بەهێــزی (زیکرتــۆ) بــووە.

لــە باشــووری ڕۆژئــاواد، یەکێــک لــە پاشــا نشــینە ناودارەکانــی مــاد، بــە نــاوی (ئیلیپــی) دەســەڵاتی خــۆی بەسـەر هەمـوو ناوچەکانـی، کرماشـان و دەورووبـەری بـڵاو کردبـووەوە، کـە سـارگۆنی دووەم لـە یادداشـەکانی خۆیـدا، بــە نــاوی ناوچــەی ڕووبــارەکان، (دۆریســی) (ساتاریشــۆ) (ئۆکســاتار) ناویــان دەبــات.

هێرۆدۆتـی باوکـی مێـژوو، سـەرهەڵدان و بەردەوامبـوون و تێشـکانی دەوڵـەت و پاشـایەتی مـادی وەهـا گێڕاوەتـەوە و دەنوسـێت: لەسـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن پاشـایەتی مـاد دادەمەزرێنرێـت.

وەک ئــەو بــاس دەکات، کــە لــە ســاڵی 728ی پیــش زاییــن، لــە ئەنجامــی یەکگرتــن و بەیەکەوەلکانــی چەنــد هــۆز، لەژێـر سـەرۆکایەتی دیاکـۆ، دەوڵـەت، یـان یەکێتـی نەتــەوەی مــادەکان دادەمــەزرێ و بــۆ مــاوەی 53 ســاڵ، ئــەو لەســەر تەختــی پاشــایەتی مــاد دەمێنێتــەوە.

لـە سـاڵی 678 ی پێـش زاییـن، (کەشـتەریتە) فراوەرتیش، شـوێنی ئـەو لەسـەر تەختـی پاشـایەتی دەگرێتـەوە، تاوەکو لـە سـاڵی 653ی پێـش زاییـن، بـە هـۆی سـکاییەکانەوە، لـە دەسـەڵات وەلا دەنـرێ و ئـەوان بـۆ مـاوەی 28 سـاڵ، تاجی پاشـایەتی مـاد لەسـەر دەنێـن.

لەســاڵی 625 ی پێــش زاییــن، هوەخشــتەرە، دووبــارە پاشــایەتی بــۆ بەرەبابــی دیاکۆییــەکان دەگەڕێنێتــەوە و

یەکێتــی و دەوڵەتــی مــادەکان ســەرلەنوێ رێکدەخاتــەوە، بــەڵام لــە ســاڵی 622، دوای ســێ ســاڵ لــە بەڕێوەبــەری کرداریــی وڵاتــی مــاد، تاجــی پاشــایی لەســەر دەنــێ و بەفەرمــی پێگــەی پاشــایی وەردەگرێــت، لــە ســاڵی 612ی بــەر لــە زاییــن، هێرشــی بــۆ ســەر ئاشــووری دوژمنــی دێرینــی مــادەکان دەســت پێکــردووە و ئیمپراتــۆری ئەوانــی لەنــاو بــردووە ، هوەخشــتەرە لــە ســاڵی 585 ی پیــش زایین، کۆچیدوایــی کــردووە.

بەپێــی نووسراوەکانــی هێــرۆدۆت، هــەر لــەدوای مردنــی هوەخشــتەرە، واتــە هــەر لــەو ســاڵەدا، ئاســتیاگی کــوڕی، دەبێتــە جێنشــێن و لەســەر تەختــی پاشــایەتی مــاد دادەنیشــێت، تاوەکــو لــە ســاڵی 554ی بەرلــە زاییــن، لــە لایــەن کورشــی هەخامەنشــی هێرشــی کراوەتــە ســەری و دوای چوارســاڵ شــەڕ و بەرگــری ســەخت و قارەمانانــە، دواجــار بەهــۆی ناپاکــی بەشــێک لــە ســەرۆک هــۆز و فەرماندەکانــی ســووپای مــاد، کــە لایەنگــری هارپاگــی خۆفرۆش بوون، پشــتی پاشــا و ســووپای مادیــان چۆڵکردووە و چونەتــە بــەرەی دوژمنــی نەتــەوەی خۆیانــەوە. لــە ســاڵی 550ی پیــش زاییــن، ئاســتیاگی دواییــن پاشــای مــاد، خــۆی و دەســەڵات و ســەربەخۆیی نەتــەوەی مــاد، بەیەکجــاری و بــۆ هەمیشــە لەنێوچــووە.

# ئاترۆپاتێنی ماد، یان ئازەربایجانی تورک

لــە روانگــەو بەپێــی دەستنیشــانکاری و نەخشــەی دیاکۆنــۆف، وڵات و ســەرزەوی مــادەکان، لــە ســەردەمی دەوڵەتــی مــادی ئاترۆپاتیــن، بــۆ ســێ بەشــی جوگرافــی و مێژویــی دیاریکــراو دابــەش دەبێــت، بەشــی رۆژئــاوای، کــە دەکاتــە مــادی ئاترۆپاتێــن، لــە رووبــاری ئــاراس، هــەر لــە باکــوورەوە تــا دەگاتــە کێــوی ئەڵوەنــد لــە باشــوور و لــە ناوچــەی دەریاچــەی ورمــێ و رووبــاری (جغاتــۆ) و جۆگەڵــە ئاوەکانــی تریــش، کــە دەڕژێنــە نــاو دەریاچــەی ورمــێ، بەیەکــەوە گرێــدراوە، هەروەهــا دۆڵــی رووبــاری قــزڵ ئــۆزن، رووبــاری ســپی ، کــە زنجیــرە چیاکانــی (ئەڵبــۆرز) لەیــەک دادەبــڕێ، لــە نزیــک شــاری رەشــتی ئێســتا

دەڕژێتــە دەریــای خــەزەرەوە. واتــە هەمــوو ئازەربایجــان و کوردســتانی ڕۆژهەڵاتــی ژێردەســتی دەوڵەتــی ئێرانــی ئێســتا، دەکەوتنــە نێــو ســنوورەکانی ئاترۆپاتێنــەوە.

ئاترۆپاتێـن[1] بـۆ سـەر دوازدە ناوچـەی جوگرافـی سـەرەکی دابــەش دەبوو.

1- لەڕوبـاری ئاراسـەوە تـا چیاکانـی (ئاگـری) و (قەرەداغ) کـە شـارەکانی، (قتـور) خـۆی و مەرەنـد، لـەو سـنوورەدا بـوون.

2- دۆڵـی رووبـاری (قەرەسـو)، بەشـی باشـووری رووباری ئاراس.

3 - ناوچەی دەریاچەی ورمێ.

4 - دۆڵی رووباری قزل ئۆزن-رووباری سپی.

5 - بەشــی ســەرەوەی رووبــاری زابــی بچــووک، زنجیــرە چیــا ئاسـۆییەکان، لـە ورمـێ تـا دەگاتـە رووبـاری دیالـە و شـارەکانی ئێسـتای سـلێمانی، زەهـاو و سـنە.

6- بەشــی ســەرەوەی رووبــاری دیالــە، سێگۆشــەی شــارەکانی ســلێمانی، زەهــاو و ســنە، کــە ئەوبەشــەی شــارەزور، پڕحەشـیمەت تـر لـە شـوێنەکانی دیکـە بـووە، هەروەهــا زنجیــرە چیــای زاگــرۆس بــەرەو هەمــەدان.

---

1- دیاکۆنۆف، لە پەرتووکی میدیا، ل 79 بۆ سەرەوە.

7 -بەشــی نێوەراســتی رێــڕەوی رووبــاری (دیالــە) لــە نزیــک شــاری خانەقینــی ئێســتا.

8 - ســەروی رووبــاری (کەرخــە) واتــە (ماهیدەشــت) و (ســەیمەرە) و (گاماســیاب) و چیاکانــی لۆڕســتان.

9 - ناوچەکانــی مــادی خــوار و (پارتاکانــەکان) کــە لــە هەمــەدان و ئەســفەهان و رەی پێکدەهــات.

شــارە کوردنشــینەکانی ئێســتا، لە دوو پارچەی کوردســتانی ژێــر دەســەڵاتی ئێــران و عێــراق بەتــەواوی و پارچەکــەی ناو قەلەمــڕەوی دەوڵەتــی تورکیــاش، بەشــی زۆری هــەر ئــەو دەڤەرانــەن، کــە پێکهاتــەی ســەرەکی مــادی ئاترۆپاتێنــی مێژووییــان پێکدەهێنــا. ئــەوەی دیــارە و دەتوانیــن بــۆ بەرگــری لــە بۆچوونەکانمــان بەکاریبهێنیــن، یــادگارە مێژووییــە بەجێماوەکانــن، لــە کەتیبەکانــی بابــل و ئاشــوور، تــا نــووسراوی مێژوونووســە ئیســلامیەکان، بــۆ دانیشــتووانی ناوچانەکانــی نــاو ســنووری ئاتروپاتێــن، دەســتەواژە گەڵێکی وەکــو، (کاردۆ)، (کاردۆخــۆی)، کورتی(گوتــی) و کــورد، بەکارهێــنراوە. بــەڵام هیــچ نیشــانە و بەڵگەیــەک لــە ئــارادا نییــە، کــە نــاوی گــەل و نەتــەوەی تــورک، یــان ئاریایــی تێــدا نووسرابێــت. بەمشــێوەیە، تــا ئــەم ســەردەمەی ئێســتاش بەهێزتریــن بیرۆکــە، کــە بــە بەڵگــە و ســەرچاوەی مێــژووی جۆراوجــۆر پشــتیوانی لێبکرێــت ئەوەیــە، کــە کــوردەکان نــەوەی رەســەن و بەجێــماوی مادەکانــن.

ئازەربایجــان [1]بــە دوو پارچەکەیــەوە، کــە بەشــی باکــووری بــە دەوڵەتــی ســەربەخۆی ئازەربایجـان و بەشـە باشووریەکەشـی لەژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی فارسـی ئێرانی دایـە، پێـش لـە سـەدەی یـازدەی زایینـی و بـەر لـە هێرشـی مەغـۆڵ و سـڵجوقیە تورکـەکان، کـە لە ئاسـیای ناوەرسـتەوە شــەپۆڵ ئاســا رژاونەتــە ئــەو ناوچەیــە، هــەر بــە مــادی بچـووک نـاو دەبـردرا و سـەرجەمی دانیشـتووانەکەی کـورد، واتــە مــادە رەســەنەکان بــوون.

دوای ئــەوەی دواییــن ســەرهەڵدانی رزگاریخــوازی مــادەکان، لــە ژێــر رێبەرایەتــی چیــتران تەخمــە، بــە دەسـتی داریوشـی هەخامەنشـی لەنـاو دەچێـت، تـا دوو سـەد سـاڵی ئایەنـدە، مـادەکان بـە بێدەنگـی دەچنـە ژێـر چەپۆکـی ژێردەسـتی و داگیـرکاری ئێرانـی. لـێ دوای یـەک سـەدە ژیـان لـە ئەسـیری دا، بەشـێک لـە گەلانـی مـاد، لـە کۆتایـی نیـوەی یەکەمـی، سـەدەی چـواری پێـش زاییـن، لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی ئاترۆپاتێـن، سـەربەخۆیی خۆیـان راگەیاندۆتـەوە و دووبـارە دەوڵەتـی نەتەوەیـی ئاترۆپاتێنـی مــادەکان ســەریهەڵداوەتەوە.

---

1 - (ئاترۆپاتێــن) ئازەربایجــان نــاوی خــۆی لــە ســەرداری ســووپای مــاد ( ئاتروپاتــگان) وەرگرتــووە، کــە خــۆی رادســتی ئەســکەندەری مەکدونــی نەکــردووە و دەوڵەتــی ئاترۆپاتێــن، واتــە مــادی بچووکــی راگەیانــدووە.

بەر لەوەی مەغۆڵەکان، بە هێزی شمشێر و کوشتن و سەرپەڕاندن، نەخشەی پێکهاتەیی و ئەتنیکی ئەم دەڤەرە بگۆڕن و خاوەنەکان و دانیشتووانی ئەو سەرزەویانە کوشتاری بەکۆمەڵ بکەن و لەسەر زێدی خۆیان وەدەریان بنێن و تورکی لێ نیشتەجێ بکەن، ئازەربایجان ناوەندی بزاڤ و سەرهەڵدانی سەربەخۆخوازانەی خوڕەم دینە مادەکان و مەزدەکیەکانیش بووە.

لە رۆژگاری زووتردا، شا و دەسەڵاتی پارسی، لەڕووی فەرهەنگی و سووپاییەوە، کە نەیتوانیوە هەژموونی خۆی بەسەر ئاتروپاتێن بسەپێنێ، پەنای بۆ ئایین بردووە و هەموو قورسایی ئاگرگە و مۆغە زەردەشتیەکانی بۆ ناو ژینگەی مادی لە ئاترۆپاتێن گواستۆتەوە. مەزنترین پەرەستگە و ئاگردانیان لەوێ دامەزراندووە و بەهێزترین ئاترەوان و زانای ئایینی زەردەشتیان، بۆ ئەو وڵاتە رەوانە کردوون، بۆیە کاریگەری ئایینی زەردەشت تا رادەیەک بەسەر ئاترۆپاتێن رەنگی داوەتەوە و جێگیر بووە، کە هەندێک لە مێژوونووسان بە دەسەتەواژەی ئێرانی ئازەربایجان، واتە ( پاسەوانانی ئاگر) کە هیچ پەیوەندی بە مادەکانەوە نییە ناویان بردووە.

هەندێک بیرۆکە بە نیوەچڵی، لە لایەن بەشێک لە مێژووناسان، باس دەکرێت، کە گوایە پاش ئەوەی مەکدونییەکان شاری رەی داگیردەکەن، دەبێت

زەردەشـــتیەکان بـــەرەو مـــادی بچـــووک، ئاتروپاتێـــن، بۆچوونیانکردبێـــت و ئاگردانـــەکان و ئایینـــی زەردەشـــتیان لەگـەڵ خـۆ بـۆ ئـەوێ گواسـتبێتەوە و ئـەم مەڵبەندەیـان کردبێتــە ناوەنــدی زەردەشــتیەت، بــەڵام پێناچێــت گوازرانـەوەی قورسـایی ئایینـی زەردەشـت، بـەرەو مـادی بچـووک، هیـچ پەیوەندیەکـی بەهێرشـی ئەسـکەندەر و مەکدونییەکانـەوە هەبووبێـت. ئـەوەش بـە پێـی ئـەو سـێ هـۆکارەی خـوارەوە دیـاری دەکرێـت.

یەکـەم: لـە دەسـتپێکی هاتنـی مەکدونییـەکان، شـاری رەی، سـەرەڕێی هاتنـی ئەسـکەندەر نەبـووە.

دووەم: رەی، لــە ســەرەتادا نەکەوتۆتــە بــەر لێمشــتی ســووپا و هێرشــی ئەســکەندەر.

ســێیەم: ئایینــی زەردەشــت و ئاگردانــەکان بەیەکجــار و بەیەکــەوە، نەگوازراونەتــەوە ئاترۆپاتێــن، بەڵکــو بــەرە بـەرە و بـە بەرنامـە و لەسـەرەخۆ، ئـەم خـۆ گواسـتنەوەیە روویـداوە.

گومـان هەڵناگرێـت، کـە ئێرانییـەکان لـە رێگـەی ئایینـی زەردەشـتەوە، وەک چـۆن دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی خاکـی مـادی رۆژئـاوا و باشـووری مـاد داگرتبـوو، هەولـی دەسـت بەسـەرداگرتنی مادی بچووکیشـیان دەدا، کە هێشـتا لەسـەر ئایینــی میترایــی و ســەربەخۆیی نەتەوەیــی و زمانــی و فەرهەرهەنگـی خۆیـان مابوونـەوە. ئێرانییـەکان لـە رێگـەی

ئایین و پەرەستگەی مۆغەکانەوە، بەرە بەرە باشترین و بە پیت فەرترین زەویەکانی ئاترۆپاتێنیان، خستە دەستی پەرستگە و ئاگردانەکانی زەردەشت و شێواز و سیستەمی فیودالی پارسەکانیان، بۆ ناو کۆمەڵگەی مادی بچووک گواستەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی کە وەک کریستیەن سێن دەڵێ: لە سەردەمی (شاپوری دووەم) بە مادی بچووکیان دەگووت، وڵاتی مۆغەکان.

دکتۆر هێرش قادری دەبێژێ: سیستەمی دژە چینایەتی مادەکان، کە لەگوتییەکانەوە دەستپێدەکات، لە ماد و گوماتە و مەزدەک و خوڕەم دینەکان، بەرهەم دەهێنرێتەوە. لە بەرامبەریشیاندا، سیستەمی دەرەبەگایەتی و ئەریستوکراسی ئێرانییە هەخامەنشیەکان، دژی مادەکان دەست پێدەکا و لە داریوش دژی گوماتە و نۆشیروان، دژی مەزدەک و ئەفشین و تاهێریەکان، دژی خوڕەم دینەکان بەردەوام دەبێت.

ئەو دەمەی عەرەبە موسڵمانەکان،[1] سووپای پارسە ئێرانییەکانی یەزدگردی سێیەمی ساسانیان تێکشکاندووە،

1-ئەم رووداوە مێژووییە، هەموو بۆچوونەکانی ئەو رۆشنبیر و خوێندەوارە کوردانە رەتدەکاتەوە، کە ساسانییەکان بە ماد و کورد دەزانن. چونکە ئەگەر ساسانییەکان ماد بان، دەبێ بوێرابان بچنە ناو هاوخوێنە مادەکانیان لە ئاترۆپاتێن.

رۆستەمی فەرماندەی سووپای یەزدگرد پێشنیار دەکات، کە بەرەو ئاترۆپاتێن، مادی بچووک پاشەکشە بکەن، بەڵام یەزدگرد ئەو پێشنیارەی رۆستەم رەتدەکاتەوە و دەڵێ: ئەوانە ماد و مەزدەکین و بەرگری و پێشوازیمان لێناکەن، بۆیە بەرەو خوراسان پاشەکشە دەکا و هەڵدێت. هەروەک پێشتر لەوەش داریوشی سێیەم، لەدوای ئەوەی لە بەرامبەر سووپای ئەسکەندەری مەکدونی تێکشکاوە، بڕوایی نەهاتووە بەرەو مادی بچووک بکشێتەوە. ئەوش بەڵگەیەکی رونە کە ئاترۆپاتێن بەتەواوی مادی بووە و وەکو دوژمن و داگیرکەر، لە ئێرانییە پارسەکانیان روانیوە.

-مۆغەکان بەهێزترین دەزگا و هۆکاری بڵاوکردنەوەی زمانی ئێرانی بوون، یەکێک لەو هۆکارانەی لە ئاترۆپاتێن زمانی ئێرانی بڵاو دەبێتەوە، هەمان مۆغەکانن ، کە زمانی ئێرانی پارسیان وەکو زمانی ئایینی زەردەشت بە پیرۆز دەزانی و فێربوونیشی بە چاکە و ئەرک لەقەڵەم دەدرا، کە بۆ ئاخێوەرانی پاداشی ئاخیرەتی دەبێت. ئەوە هەمان شێوازە کە سیستەمی مەلایەتی زمانی عەرەبی یان پیرۆز کردووە، بەو پاساوەی کە زمانی قورعانە، مۆغەکانیش زمانی پارسی یان، هەردوای بە دەسەڵات گەیشتنی هەخامەنشیەکان، کردە زمانی فەرمی و پیرۆزی ئاڤێستا.

# کورد لە دوای شکانی ساسانییەکان و دەسەڵاتی ئیسلامی عەرەب

(لازارێف) لەبارەی روبەری جوگرافیای کوردانەوە وەها دەنووسێ و دەڵێ: سنوورەکانی کوردستان تا سەردەمی ئیسلامیش، لەڕووی جوگرافی و ئەتنیکییەوە گۆڕانکاریەکی بەرچاوی زۆر مەزنیان بەسەر دانەهاتبوو و هەر بەهەمان شێوەی سەردەمی دەسەڵاتی ساسانی مابوویەوە، کە لە میزۆپۆتامیای باکوور و ئازەربایجان و عێراق، تا هەمەدان پێکدەهات.

هەر ئەو نووسەرە دەنووسێت: نەخشەی دانپێدانراوی کوردستان، کە لەلایەن سوڵتان سنجری سلجوقی

دیاریکرابـوو، لـە شـاری بەهـار لـە هەمـەدان، ئازەربایجـان، لۆرسـتان، خـودی هەمـەدان، دینـەوەر، کرماشـان، سـنە، رۆژهەڵاتـی زاگـرۆس و شـارەزور پێکدەهـات، کـە بـۆ یەکەمینجـار دەسـتەواژەی کوردسـتان بـەو نەخشـەیەوە، کە دانیشـتووانی هەمـووی کـورد زمـان بـوون، لـە پەرتووکـی (نزهــە القلــوب) ی حەمــدوڵا مســتۆفی، نــوسرا و بــەکار هێـنرا.

بەڵگــە مێژووییەکانــی ســەردەمی ئیســڵامی، گەواهــی ئـەوە دەدەن، تەنانـەت دوای لەناوچوونـی ساسـانییەکانیش، مـادەکان لـە زۆر شـوێنی وەکـو ئاترۆپتێـن سـەربەخۆیی خۆیــان پاراســتووە، لــە دەرەوەی داگیــرکاری عــەرەب ماونەتــەوە و بەرگریــان لــە تایبەتمەنــدی و دابونەریــت و فەرهەنــگ و ئایینەکەیــان کــردووە.

لــە دوای ئــەوەی ســووپای موســڵمانە عەرەبــەکان، دەســەڵاتی ساســانییە ئێرانییــەکان رادەماڵــن و هەمــوو دارایـی و سروەت و سـامانی ئێمپراتۆریـە مەزنەکەیـان، بـە تـاڵان دەبـەن و ژنەکانیـان وەکـو کەنیـزەک و پیاوەکانیـان وەکـو کۆیلـە، بـۆ دورگـەی عـەرەب و ناوەنـدی دەسـەڵاتی ئیســڵامی دەگوازنــەوە، بەشــێک لــە ســووپای عــەرەب بـەرەو ناوچەکانـی باکـوور مـل پێوەدەنـێ و هەڵدەکشـی، ئـەو پێشـڕەویەش دەیانگەیێنێتـە سـنوورەکانی ئاترۆپاتێنـی مادنشـینەوە، کـە حوکمڕانییەکـی سـەربەخۆی هەبـووە و

تـا ئـەو دەمـە، نەکەوتبـووە ژێـر دەسـەڵات و حوکمڕانـی پارسـە ئێرانییەکانـەوە.

لەسـەر سـنووری ئاترۆپاتێنـی مادیـەوە، کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان فەرمانـدەی پاسـەوانانی سـنووری ئاترۆپاتێـن، (ئازەربایجـان) کـە هەمـووی کورد بـوون، لەگـەڵ (حوزەیقە)ی سـەرداری عومـەر، خەلیفـەی دووەمـی موسـڵمانان، ئەنجامـدەرێ و ئاشـتینامەیەک لـە نێوانیـان واژۆ دەکرێـت. بەپێـی ئـەو پەیماننامەیـە، فەرمانـدەی پاسـەوانانی سـنووری ئاترۆپاتێـن، ( 700000 ) دەرهـەم بـە پـارەی ئـەو کاتـە، دەداتـە سـەرداری سـووپای خەلیفـەی موسـڵمانان، بـۆ ئـەوەی دەسـتدرێژی نەکەنـە نـاو ناوچەکانـی مـاد و دەسـت بـە تـاڵان و مـرۆڤ دزیـن نەکـەن. ئـەم ئاشـتی نامەیـە دەبێتـە هـۆکاری بـە پارێـزراوی مانـەوەی مـادەکان، لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی مـادی بچـووک دا * .

ساسـانییەکان لـە سـەردەمی دەسەڵاتداریشـیاندا،

---

*یەکێـک لـە سـەرهەڵدانەکانی مـاد، دژی هـەردوو داگیرکـەری عـەرەب و ئێرانـی، راپەڕینـی بابـەک ی خـوڕەم دینـە. بابـەک بەرەگـەز کوردێکـی مـادی یـە و هیـچ نزیکایەتـی خوێنـی و فەرهەنگـی و ئایینـی لەگـەڵ ئێرانییـەکان نییـە. ئـەو لـە ناوچەیـەک هاتووەتـە جیهـان، کـە بەشـێک بـووە لە سـەرزەمینی وڵاتـی میدیـا و هەمـوو دانیشـتووانەکەی کـورد بـوون. بابـەک، بەیـەک مـەودا و بەیـەک ئەنـدازە، ئایینـی عـەرەب و زەردەشـتی ئێرانـی رەد کردووەتـەوە و لـە

ناوچەکانی مادنشینیان بە (مای) یان (ماه) ناو بردووە، هەر بۆیە پاش ئەوەی سووپای موسڵمانەکان ئێمپراتۆری ئێران لەنێودەبەن، هەر لەسەر دابی ئەوان، ئەو ناوچانەی سووپای عەرەبە کوفیەکان دەستی بەسەردادەگرن، بە (ماه کوفە) و ئەو بەشانەیش کە دەکەوێتە دەستی عەرەبە بەسراییەکان، بە (ماه بەسرە) ناو دەبردرێت. لەو دابەشکاریەدا، نەهاوەند بە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ماه بەسرە و دینەوەر، بە ناوەندی بەڕێوەبردنی ماه کوفە، دیاری دەکرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە، تا ئەو رۆژگارەش، عەرەبە موسڵمانەکان، ئەسفەهان و عێراقی عەجەمیشیان، بە بەشێک لەسەرزەمینی مادەکان داناوە.

پارسە ئێرانییەکان، تا سەردەمی ئێمپراتۆری ساسانیش، مینا گەلێکی بێگانە لە مادەکانیان روانیوە و وەکو گەل و نەتەوەی وڵاتێکی دیکەی داگیرکراو، نەهەر باج و خەراجی قورسیان بەسەر داسەپاندوون، بەڵکو جارجاریش لەلایەن فەرماندەکانی سووپا، یان سەرۆک هۆزێکی پارسی، بە بێبەرگریەکی یاسایی دەوڵەتی ئێرانی تاڵان دەکران.

مێژوونووسان یەکێک لەهۆکارە بەهێزەکانی، شکان و

---

بەرامبەریان شۆڕشی بەرپا کردوە.

بەزینـی ساسـانییەکان، لـە بەرامبـەر سـووپای دەشـتەکی و پێپەتـی عـەرەب بـۆ ئـەوە دەگەڕێننـەوە، کـە پاشـایەتی پارسـەکان هـەر لەسـەردەمی کورشـی هەخامەنشـی، تادەگاتـە یەزدگـردی سـێیەمی ساسـانی، تەنیـا نوێنـەر و دەستنیشـاندەی ئـەشراف و دەربەگـەکان بـووە. ئـەو ئـەشراف و دەرەبەگـە دەستڕۆیشـتووانەی، کـە لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی شـەڕی کـورش، لەگـەڵ ئاسـتیاگی پاشـای مـاد دا، بـە مەرجـی پاراسـتن و پشـتیوانی لـە هەمـوو، دەسـتدرێژی و چەوسـاندنەوە و داگیرکردنـی سروەت و سـامانی گەلانـی مـادی، پاشـایەتی کورشـیان پەسـەند کردبـوو، جگـە لـە دەوڵـەت، بـاج و خەراجـی سـاڵانەی تایبـەت بەخۆیـان، بەسـەر گەلانـی مادیـدا دەسـەپاندوو وەردەگـرت. بـەو پێیـە خەڵکـی هـەژار دووجـار باجـی قورسـیان لەسـەرکەوتووە، یەکیـان بـۆ دەوڵـەت و یەکیشـیان بـۆ دەرەبـەگ و ئەشرافـەکان. سـەرەبۆچوونی ئـەوەش مـادەکان ناچـار بـوون، بـە ناچـاری و بەبـێ بەرامبـەر، بـە سـاز و بـەرگ و خۆراکـی خۆیـان، وەکـو هێـزی شـەڕکەری پیـادەی دەوڵەتـی ئێرانـی، بـەرەو شـەڕگەکان بەرێکەوتبـان و بەشـداری هەمـوو لەشکرکێشـی چاوچنۆکانـەی ئەوانیـان کردبـا.

هـاودەم لەگـەڵ رووخانـی ئێمپراتـۆری ساسـانی و بـە کۆتاهاتنـی سـەروەری و دەسـەڵاتی پارسـەکان، گلـۆرەی

ئایینـــی زەردەشـــتیش، کـــە ببـــووە دوانەیەکـــی بەیەکـــەوە نوســـاوی فەرمانڕەوایـــی دەوڵەتـــی داگیرکـــەری پارســـە ئێرانییـــەکان، دەکەوێتـــە لێـــژی و لەبەریـــەک هەڵدەتەکـــێ و بـــەرەو شـــوێنە دورەدەســـتەکان و نـــاو چیـــاکان، پاشەکشـــە دەکا و دووبـــارە دەبێتـــەوە داگیرکـــەری ئەشـــکەوتەکانی میترا، ئـــەو ئەشـــکەوتانەی زەردەشـــت لـــە هەڕەتـــی دەســـەڵاتیدا، کردیبوونـــی بـــە دۆزەخ و شـــوێنی نیشـــتەجێ بوونـــی ئەهریمـــەن و دێـــوەکان، لـــە نەمانـــی دەســـەڵاتداری ئێرانیـــدا، بوونـــە پاناگـــەی مۆغـــەکان و ئاگردانەکانـــی پیرۆزکـــراو، زانـــرا لـــە لایـــەن زەردەشـــتیەکانەوە.

دوای ئـــەوەی ئایینـــی زەردەشـــت هێـــز و پتانســـێلی دەســـەڵاتداری تێدانەمـــا، ئێرانییـــەکان پشـــتیان تێکـــردوو و دوای چەنـــد ســـەدە، لـــە کڕوکپـــی و کوژانـــەوەی ڕەهـــا، دووبـــارە بەهـــۆی کەڵـــک وەرگرتـــن لـــە ئایینـــی ئیســـلامەوە، خۆیـــان ڕێـــک خســـتەوە و پەرەیـــان بەداگیرکاری و ژێردەســـت هێشـــتنەوەی دانیشـــتووانی ســـەرزەویەکانی مـــاد دا.

ئـــەو فۆڕمـــە دەســـەڵاتدارییە ئیســـلامییە ئێرانییـــەی، لـــە ســـەردەمی ســـەفەویەکانەوە، کـــە تائێســـتای مێـــژووش، هـــەر لـــە ئێـــران بەڕێوەدەچێـــت، ناوەرۆکـــی پرۆتۆکۆڵێکـــی ئایینـــی نەنـــووسراوە، لـــە نێـــوان ئایینـــی عەرەبـــی ســـامی و فارســـی ئێرانـــی، کـــە دەشـــێ بـــە، بـــەرە یـــان چەپـــەری شـــەڕی بەردەوامـــی مەزەبـــی ئێرانییـــەکان و ســـامیەکان، دژی مـــادە

کـوردەکان تێبگەیـن.

دوو مەزەبــی ســامی و ئێرانــی، کــە دواتــر لــەرووی ئایینـەوە، تورکـە تورانییـەکان و مەگۆلەکانیـش، لـە نـاو ئـەو بەرەیـە جێگایـان گرت، سـنوورەکانی جوڵانـەوەی دژە کوردی مـادی و خـاک و وڵاتـی میدیایـان زۆر فراونـتر کـرد، ئـەوەش لـە هەلومەرجێـک دابـوو، کـە لـە ژێـر هێرشـی فەرهەنگـی و زمانــی و ســەرزەمینی، ســێکوچکەی مەزەبــی ســامی- تورانــی- ئێرانــی، پێگــەی نەتەوەیــی کــوردە مــادەکان، بــەردەوام بــەرەو لاوازی و بەرتەســکبوونەوە دەڕۆیشــت و ئاقارەکانــی زمــان و ســەرزەمین و فەرهەنــگ و تەنانــەت، رەگەزیشــی پاشەکشــەی دەکـرد.

کــوردە مــادەکان لــە روانگــەی هاوبەشــی ئێرانــی و زەردەشــتیدا، ئەهریمــەن و ئەژدیهاکــن.

بــە تێگەیشــتنی یۆنانییــەکان مەدۆســای قــژ مــار و سەرشـێرن.

لـە فەرهەنگـی بیابانـی عەرەبـی سـامی، تۆخمـە تیامـات و گوتیـە بـێ مێشـکەکان و یاجـوج و ماجوجـن.

لــە مێــژووی یەهودییەکانیــش دا، بــە بەچکــە شــەیتان ناونووســکراون.

(مەسـعودی) مێژوونووسـی ئیسـلامی، کوردەکان بەنەوەی (جـن) لەمەچێـتر دەزانـێ. هـەروەک (محەمـەد ئەفەنـدی) لـە پەرتووکـی (تـاج العـروس) بنەچـەی کـوردەکان لـە لەمـە

چێـترەکان دەزانــی و پێیوایــە هەرکوردێـک بەشـێکی لــە مەچێـترە و لـە (بەڵقیـس)ی خێزانــی سـڵێمان پێغەمبـەرن، کــە لــە دایکێکــی لەمەچێــتر هاتووەتــە جیهــان، بــەڵام لەبەشـێکی دیکـەی پەرتووکەکـەدا دەڵـێ: کـوردەکان مرۆڤگەلێکـن کـە بـەر لـە بابا ئـادەم هاتوونەتەسـەر زەوی.

(ئەبــو موعیــن نەسـقی) لــە پەرتووکــی (بحرالـکلام)دا دەنووسـێت، لەمەچێـترەکان حەرەمسـەرای سـڵێمانیان داگیر کـرد و هەندێـک لەژنـەکان پەیوەنـدی سـەرجێییان لەگـەڵ لەمەچێــترەکان بەســت، لەئەنجامــی ئــەو پەیوەندیــەدا کوردەکانــی لێکەوتووەتــەوە، کــە پاشــان ســڵێمان مناڵــە کوردەکانــی بــۆ چیــاکان دوورخســتووەتەوە. جگــە لــەوە تەنانــەت (میــر شــەرەفخانی بەدلیســی)ش، لــە زمانــی نووســەرە ئیسـلامیەکان دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ: دێـو لەگـەڵ مـرۆڤ هاوسـەرگیری کـرد، کـە کـوردەکان لـە ئەنجامـی ئــەو هاوســەرگیریە کەوتوونەتــەوە.

لـە ئایینـی زەردەشـتدا، مـادەکان بـە هێـمای(1) شـەیتان دادەنــران، شــەیتان ناوێکــە کــە زەردەشــت بــۆ میــترای داهێنـاوە. کـە زەردەشـت نەفرەتـی لـە شـەیتان کـردووە، ئاراسـتەی مەبەسـتەکەی مـادەکان بـوون، نـە بوونەوەرێکـی ئەفسـانەیی نادیـار، ئەودەمـە دوالیزمـی چاکـە و خراپـە لـە ئایینـی زەردەشـت لەسـەر دوو کوچکەی زەردەشـتی پارسـی چـاک و مـاد و میـترای خـراپ بنیـات نرابـوو.

(هینلــز) دەبێژێــت: میهــر لــە زەردەشــت دا، هێــمای ئەهریمەنــە، لــە ئایینــی زەردەشــتدا، مەبەســت لــە ئەهریمــەن مێهــر بــووە.

ســەرەبۆچوونی ئــەوەی میحرابەکانــی مزگەوتــی ئیســلام، لــە مێهراوەکانــی میــترا وەرگیــراون، بــەڵام مێهــراوە لــە میــترا دا، شــوێنی خۆشــی و کامڕەوایــی و هەڵپەڕکــێ و شــادی بــووە، کــە ئیســلام بەتــەواوی پێچەوانــەی کردووەتــەوە و کردوویەتیــە شــوێنی نوێــژ و پاڕانــەوە و کڕنــۆش بــردن.

هــەروەک چــۆن دەســەڵاتی دووجەمســەری هەخامەنشــی و زەردەشــتی، لــە ململانــە و شــەڕێکی دەمارگیرانــەی پــڕ لــە توندوتیــژی و داگیرکاریــدا، بــەرەو یۆنــان پاشەکشــەیان بــە بیروبــاوەڕی میترایــی کــرد، بــەڵام میــترا لەوێــش پەرەســەندنێکی فراوانــی بەخۆیــەوە بینــی و لــە لایــەن خەڵکــی ژێــر ســتەمی ئێمپراتــۆرە رۆمانییەکانــەوە، پێشــوازیەکی زۆری لێکــرا، ســەرەبۆچوونی ئــەوەی لــەو وڵاتەشــدا، هــەرزوو کەوتــە بــەر هێرشــی دەزگای متافیزیکــی دەســەڵاتی ئێمپراتۆریــەوە.

دکتــۆر هێــرش قــادری دەڵــێ: یارانــی ئەشــکەوت، ئەوانەی بــە پێــی بــاوەڕی موســڵمانەکان بــە (أصحــاب الکهــف) دەناسرێــن، ئــەوە مێهرپەرســتە میترایــیەکان بــوون، کــە لــە نــاو ئەشــکەوت ژیــاون، چونکــە ئەشــکەوت و مێهــراوەکان، شــوێنی کۆبوونــەوەی میهــر پەرەســتە میتراییەکان بــووە، بەو

شـێوەیە دەسـەڵاتی بانزەمینـی رۆمـی، دابـڕاو لـە مـرۆڤ و ژیانـی زەمینـی، هەمـوو مێهراوەکانـی میـترای بەسـەریەکدا رووخانــدن و لەنــاوی بــردن، یارانــی ئەشــکەوتیش لــە نــاو مێهراوەکــەدا، دیواریــان بــە دەوردا کێــشراو لەنــاو ئەشــکەوتەکەدا، بەندکــران * .

---

* هەسـتانەوەی ئـەم مرۆڤانـە لـە خەوێکـی چەنـد سـاڵی، گێڕانـەوە و چیرۆکێکی سـیمبۆڵی مەسـیحیە رۆمانەیـەکان بـووە. واتەکەشـی ئەوەیـە، کـە میتراییـەکان لـە ئەشـکەوت کـە رەمـز و سـیمبۆڵی ئایینـی میـترا بـووە، هاتوونەتـە دەرەوە و ئایینـی مەسـیحی یـان قەبـوڵ کـردووە. هەرگیـز مەبەسـت لـە خـودی ئـەو چەنـد مرۆڤـە نەبـووە، کـە لەنـاو ئەشـکەوتەکەدا زینـدە بەچـاڵ کـراون، یـان ئەوانـە لـە پێشـدا مەسـیحی بووبـن.
-پەردیسـی زەوینـی میـترا، کـە کامەرانـی و شـادی و کچـی جوانـی سـەماکەری تێدابـوو، بـە هـۆی زەردەشـت بردرایـە ئاسـمان و کرایـە بەڵێنێکـی دەستپێڕانەگەیشـتوو بـۆ ئـەو دنیـای دیکـە هەڵگیـرا، چونکـە بەبـێ ئـەوە، ئایینــە ئاســمانییەکان نەیاندەزانــی چ خەیــاڵ و ئامانجێــک بــۆ مرۆڤایەتــی دروســت بکــەن ، کــە جێــگای دەســتکەوتەکانی دەســتبەجێ و نەختینــەی میترایــی بگرێتــەوە.
-1لـە سـتراتیژی ئایینـی زەردەشـتدا، پلانـی لەناوبردنـی یەکجارەکـی میـترای مـادی لـە پێشـینەی هەولەکانـی بـووە. شـیمانەی زۆرە ئەگـەر زەردەشـت ئەنجامـی لەنـاو بـردن و سـڕینەوەی یەکجارەکـی میـترا وەکـو ئاییـن و مـاد وەکـو نەتـەوەی پـێ دەسـتەبەر کرابایـە، ئـەوە شـەیتانیش لـەو ئایینـەدا نـاوی نەدەمـا، بـەڵام کـە میـترا و مـادی پـێ لەنـاو نەچـوون، لـە فەلسـەفەی زەردەشـتیەتدا، مـاد و میـترا، کـە هێـمای شـەیتان بـوون، شـەیتانیش لەتـەک ئاهۆرامـەزدا کرایـە هەمیشـەیی و دواتـر ئـەم دوالیزمـە بـە مانـا و فەلسـەفەی متافیزیکـی جیـاواز، گوازرایـەوە نـاو ئایینەکانـی دوای زەردەشـت.

سیسرۆن، باسی ئەوە دەکا و دەڵێت: لەکاتی هێرشی خەشایارشا بۆ سەر یۆنان، هەر ئەو مۆغانە بوون شای پارسی هان دەدەن، بۆ ئەوەی سەرجەم پەرەستگە هێڵنییەکان وێران بکا و لەناو ببات، چونکە بڕوادارانی ئایینی هێلنی، پەیکەری خواوەندەکانیان لە ناو پەرەستگە دانابوون و پەرەستشیان دەکردن، زەردەشتیەکانیش ئاهۆرامەزدایان دەپەرەست، کە لەدەرەوەی پەرەستگە بوو، سەرباری ئەوەی ئاخۆ هێلنییەکان پەیکەریان وەکو خوا پەرستووە، یان (توتم) ی ئایینی ئەوان بووە، لە لایەن مۆغەکانەوە بەیەک چاو سەیر کراوە. چونکە زۆر جاران زەردەشتیەکان. نیشانە و سیمبوڵی گەلانیان، وەکو خوای ئەوان ناسیووە.

# ماد تا کورد، لە بەرگریدا
# پارس تا فارس، لە هێرشدا

یەکەمیـن هەنـگاو لـە قۆناخـی دەسـەڵاتداری ئێرانییـەکان، کۆتـا هەنـگاوی قۆناخـی ئـازادی و سـەربەخۆیی مادەکانـە. یەکەمیــن کاری لەپێشــێنە و بەپەلــەی پارســەکان، هــەردوای ســەرکەوتن بەســەر کیــان و پاشــایەتی مادەکانــدا، گۆڕینــی نـاوی گشـتی مـاد، بـۆ کـورد بـوو، بـەو واتایـە کـە کـورد لـە زمانــی پارســی کــۆن، یانــی کۆیلــە ( کرتــاش). مانــای وشــەی کـورد، لـە زمانـی پارسـی بـە (کـرت) هاتـووە. (ویکـی پیدیـا) کورد لە کرت وەرگیراوە ( نیکیتین).

هەخامەنشـیەکان (کـورت) یـان بـۆ کرێـکار، یـان وەسـتای بیناسـازی، کۆشـک و تـەلار و بیناکانـی خۆیـان بـەکار دەهێنـا، کـە بەتـەواوی مـادی بـوون.

داریـوش لـە کەتیبەکانـی بێسـتون دا، (کـورت) بـۆ بەردتـراش و وەسـتا و هونەرمەندانـی جوانسـازی کۆشـک و تـەلاری پاشـایی، بـەکار دەهێنێـت، کـە هەموویـان مـاد بـوون.

ئەمـە مژارێکـی سـادەیە و زۆر گەنگەشـە هەڵناگرێـت، چەنکـە پارسـە چادرنشـێنەکان، لەسـەرەتای دەسـەڵاتدارياندا، هیچیـان لـە بـارەی زانستـی تەلارسـازی و هونـەری جوانـکاری (بەردتاشـین) نەزانیـووە، بۆیـە بـە رەهایـی کەڵکیـان لـە شـارەزایی مـادەکان وەرگرتـووە و بـە کرێـکار (کـرت) ناویـان بـردوون و ئـەم ناوەشـیان بەسـەر هەمـوو مادەکانـدا گشـتاندووە.

مـاد کاتێـک بـووە کـورد، کـە چـووە ژێـر دەسـتی پارسـە ئێرانییـەکان، پێشـتر لـەوەش ئـەو دەمـەی، کـە دژی داگیـرکاری و تـاڵان و بـڕی ئێرانییـە پـەزدارەکان، کەوتبوونـە بەرگـری لەخۆ کـردن، بـە هـۆی زەردەشـتیەکانەوە کرابوونـە ئەهریمـەن و شـەیتان.

بەهـۆی زەوی و زمـان و هونـەر و شارسـتانییەتی مادەکانەوە بـوو، پارسـەکان هەنگاویـان نایـە نـاو مێـژوو و هاتنـە ڕێـزی مرۆڤگەلـی خـاوەن ژیـار، لـە کۆچـەری پـەزداری و کوێسـتان و گەرمیـان و راکەڕاکـە بـەدوای لـەوەڕدا، رزگاریانبـوو و هەناسـەیەکیان هەڵکێشـا. بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە ئـەوە مـادی خـاوەن وڵات و سـەربەخۆیی و دەوڵـەت بـوون، کـە هـەر دوای داگیـرکاری پارسـەکان، لـە گونـد و شـاری خۆیـان

لەدەست چەوساندنەوە و ستەمی پارسەکان بۆچوونیانکرد و روویان لە چیاو ئەشکەوت و دۆڵەکان کردووە. بەوشێوەیە لە وەرچەرخانێکی شەوەزەنگ ئاسای مێژووی ماد دا، جێگۆڕکێیەکی سەیر و سەمەرە و خەمهێنەر لە وڵاتی میدیا روویداوە. مادەکانی خاوەن دەوڵەت و شارستانییەت، بەرەو شاخ و دۆڵ و ناوچە سەختەکان، پاشەکشەیان کردووە و کۆچەرە دواکەوتووە هێشتا بە کۆمەڵنەبووەکانیش، گوند و شار و خاک و زمانیان لێداگیرکردوون و لەسەر سروەت و سامان و بەرهەم و دەستڕەنجی هزری و هونەری و پیشەسازی، زیاتر لە سێ هەزار ساڵەی ئەوان پاڵیانداوەتەوە و هەموو مێژوویان، بەناوی پارسی و ئێرانی لەسەر خۆیان تاپۆکردووە.

وەک شارەزایانی بواری مێژووی ماد، لەوانەش، هێرش قادری لێتوژینەوەیان لەسەر کردووە، دەبێت تەنانەت (ڕۆستەم) یش، کەسێکی مادی بووبێت، کە فردوسی بە گەوجاندنێکی دراماتیکی و بە زۆرەملێ کردوویەتە ئێرانی. دەشێ یەکێک لەو هۆکارانەی کە زەردەشتیەکان، لە پەرتووکی ئاڤێستا دا، باسی رۆستەمیان نەکردووە ئەوە بێت، کە بنەماڵەی رۆستەم ئایینی زەردەشتیان وەرنەگرتووە و هەر لەسەر بیروباوەڕی میترایی مادی خۆیان ماونەتەوە.

میرشەرەفەدینی بەدلیسی، لە پەرتووکی شەرەفنامەی بەدلیسی دا دەبێژێ: رۆستەم پاڵەوانێکی کوردە.

(ئیبنـی بەلخـی) لـە فـارس نامەکەیـدا دەنووسـێت: ڕۆسـتەم کۆیلەیــەک بــووە، کــە بەهــۆی خزمەتەکانــی بــۆ دەربــاری (کەیخـسرۆ) ئـازاد کـراوە. کەواتـە نابـێ هیـچ گومانێک لەسـەر مادنەبوونــی ڕۆســتەم بمێنێتــەوە، چونکــە تەنیــا پارســەکان مادەکانیــان بەکۆیلــە ناوبــردووە. هــەروەک دوای ئــەوەی زەردەشــتیەکان، میــترای دژە خــۆری مــادی یــان، بــە ئێرانــی ناسـاند و کردیانـە کۆیلـەی ئاهـۆرا مـەزدا، کـە لـەدەرگای ئـەو داوای بەخشــش دەکات.

لــە ئەفســانەی ڕۆســتەم و (ئێسفەندیار)یشــدا، فردوســی کـە بیـردۆزی بیـری ڕەگەزپەرسـتیی ئێرانییـە، وەکـو نوێنـەری مـادەکان، هێزێکـی زۆری (فیزیکـی) لەشـی دەداتـە ڕۆسـتەم، بـەڵام مێشـک و هـزر و بیرکردنـەوە و بینینـی لێدەستێنێتەوە. ئـەوە ( ڕەخـش) هەسـپەکەی ڕۆسـتەمە، کـە هەمـوو شـت و جووڵەیــەک دەبینــێ و دەبیســتێ و ڕێگــەی بــاش و خــراپ، دەخاتەبـەر پێـی ڕۆسـتەم.

لـە شـانامەی فردوسـیدا، ڕۆسـتەم مینـا کاراکتەرێکـی بەهێـز، بـەڵام بـێ مێشـک، بـێ زانیـن و بـێ هونـەر وێنـا دەکرێـت، ڕەخــش هەســپەکەی ڕۆســتەم، کــە وەکــو نوێنــەری پــارس و ئاییـنــی زەردەشــت وێنــا کــراوە، ڕێگــەی ڕاســتی ژیــان و شــەڕ و ســەرکەوتن، پێشــانی ئــەو دەدات. فردوســی زۆر کۆنەپەرەسـتانە، نوێنەرایەتـی دەمارگیرانەتریـن ڕەوتـی بیـری پارسـی دەکا و لـە شـێوەی ئیسـتعماری نـوێ بیردەکاتـەوە، لـەو

جێگایـە کـە دەڵێـت: مـادەکان توانـا و زانسـتی دەوڵەتـداری و بەڕێوەبردنـی وڵاتیـان نەبـووە، بەڵکـو ئـەوە پارسـەکانن، دەبێـت دەوڵـەت بەڕێـوە ببـەن و مادەکانیـش وەکـو کۆیلـە، کاریـان بـۆ بکـەن، مینـا شـەڕکەری بەهێـز شمشـیریان بـۆ بوەشـێنن و وڵاتـەکان و سـەرزەمینەکانیان بـۆ داگیـر بکـەن و ڕێگـەی تـاڵان و دزی و سـڕینەوەی، پێناسـە و زمـان و شارسـتانی گەلانـی دیکەیـان بـۆ هەمـوار بکـەن.

پـارس پێناسـەی هەمـوو دەسـەڵات و پاشـاکانی ئێرانـی بـووە، سـەرەبۆچوونی هەوڵـی بـێ بڕانـەوەی هەمـوو نووسـەر و شـاعێرانی کـۆن و نـوێ، بـە سـەعدی و فردوسـی شـەوە، تـا چوارەگـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتی زایینـی، هیـچ دەوڵەتێـک، دەوڵەتـی پارسـی ئێرانـی، بـە دەوڵەتـی ئێـران نەدەناسـی و لـە پەیـام و نـووسراوە فەرمیەکانیشـدا، هـەر بـە پـارس ناویاندەهێنـان، چونکـە پێیانوابـووە، ئێـران بـە واتـای سـەرزەمینێکی فراوانـە و کۆمەڵێکـی زۆر لـە گـەل و نەتـەوە و ئاییـن و ئایینـزای جیـاوازی لێدەژیـن، کـە جیـاوازی ریشـەییان لەگـەڵ فارسـەکان هەیـە. تاوەکـو لەسـاڵی 1933ی زایینـی، بـە فەرمانێکـی ڕەزا شـای پەهلـەوی، هەمـوو باڵیۆزخانـەکان ئاگاداردەکرێنـەوە، کـە دەبێـت لـەو ڕێکەوتـە بـەدواوە، لـە گشـت نووسراوەکانـی خۆیانـدا، لـە بـری پـارس، نـاوی ئێـران بنووسـن و بەکاربهێنـن.

وەک لـە پەرتووکـی ئـاوەزی سیاسـی ئێرانـی و پێناسـەخوازی

کـوردەکان ئامــاژەی پێــدراوە، ئێمپراتــۆری پارســەکان، لــە ئەنجامــی چلێســی و چاوچنۆکــی و دەســتکەوتنی سروەت و ســامانی شــاری هیگمەتانــەی پایتەختــی مــادەکان، کەوتــە ســەر پــێ و گــەورە بــوو، وەک چــۆن ئێمپراتــۆری عەرەبــە موسـڵمانەکانیش بـە ئامانجـی دەسـکەوتی زێـڕ و گەواهیـر و دارایـی، تاقـی کـەسرای ساسـانی ئێـران گـەورە بـوو و ریشـەی داکووتـا .

بـەو پێیـە سـامانی مـادەکان، کـە لـە هیگمەتانـەوە بەهـۆی کورشـی هەخامەنشـی تاڵانکراو بناخەی دەسـەڵات و پاشـایەتی ئێرانــی لەســەر بنیاتــنرا و تــا ســەردەمی ساســانییەکان، ئــەو دەسـەڵاتداریە ئێرانییـە هەربـەردەوام بـووە، بـە گوازرانـەوەی بــەرە و دوڕگــەی عەرەبــی، بــۆ بەهێزبوونــی دەوڵــەت و خەلافەتــی ئیســلامیش، دووبــارە بــەکار هێنرایــەوە. کەواتــە لـە بنەڕەتـەوە ئـەوە سـامانی مـادەکان بـووە، کـە دوو هێـزی ئێرانــی و عەرەبــی لەســەر گــەوەرە بــوون و گەشــەیان کــرد، گەرچـی لـە سـەردەمی پارسـەکانەوە، لـە ئەنجامـی داگیـرکاری

---

*ئێرانییــەکان تــا ئێســتاش هەرخەریکــی تاڵانکردنــی مێــژوو و شــوێنەوارەکانی کــوردن ، بەردەنوســی کێلەشــین کــە هــی ســەردەمی ئاشــوورییەکان بــوو و نیشـانەی دیاریکردنـی دەسـەڵات و قەڵەمـڕەو بـووە، ئێرانییـەکان لـە دەیـەی نـەوەدی زاییـنـی گواسـتیانەوە و ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی شـاری ورمـێ یـە.

وڵاتـان، زیادەشـی خرابێتـە سـەر، بـەڵام دەسـتمایەی سروەت و سـامانی دەوڵەتـداری، هـەر هـی مـادەکان بـووە.

(ئامیانـۆس مارسـلینۆس) دەنووسـێت: وڵات و پاشانشـینی مـادەکان، بەرلـەوەی بکەوێتـە دەسـتی پارسـەکان، وەکـو (مەلیکـە) شـاژنی رۆژهـەڵات بـووە.

وەک لـە ئەفسـانە یۆنانییـەکان باسـکراوە، مـادەکان زۆر پێشـتر لـە ئاشـوورییەکان، بـۆ یونانییـەکان، ناسراوبـوون، کـە هێـزێ مەزنـی پلـە یەکـی رۆژهـەڵات بـوون.

# سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، لەگەڵ خوێندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەڕ و کۆوار و وتار، لە میدیای ئەلیکترۆنیدا، لەبارەی مێژووی ماد بەتایبەتی، یان لە بارەی گەلانی دەوروو بەری سەرزەمینی میدیا نووسراون و راستەخۆ و ناراستەوخۆ، باسیان لە گەلانی ماد کردووە، سوودم لە کۆمەڵێکی زۆر سەرچاوەی مێژوویی و ئاسەوارناسی و زماننناسی جۆراوجۆر وەرگرتووە، بەتایبەت ئەوانە کە بەهەر دوو زمانی کوردی و فارسی بەردەستبوون. لەوانەش:

1 - پاشایەتی ماد، نووسینی ئێقرار عەلی یێف. کە بە بڕوای من سەرچاوەیەکی بێلایەن و راستگۆیە و زۆر زانستیانە و پێشەییانە شرۆڤەیەکی هەمەلایەنی بۆ مێژوو و زمان و جوگرافیای نەتەوەی ماد کردووە.

2 - میدیا، لە نووسینی، ئی. م. دیاکۆنۆف. کە کۆمەلێکی زۆر لە دیکۆمێنتی مێژوویی لەخۆ دەگرێت.

3 - ئـاوەزی سیاسـی ئێرانـی و پێناسـەخوازی کوردەکان(عقـل سیاسـی ایرانـی و هویـت خواهـی کردهـا) نووسـینی دکتـۆر زەکەریـا (هێـرش) قـادری.

4 - ئەندێشـە نامـەی ئێرانیـکا، (اندیشـە نامـە ایرانیـکا) لـە نووسـینی دکتـۆر شـەهرام جەلیلیـان.

5 - ماد، ویکی پیدیا.

6 - زنجیـرەی مـادەکان لـە سـەرەتاوە تا ئێسـتا، (سلسـلەی مادها از اغـاز تـا کنـون)، نووسـینی دکتـۆر شمشـاد ئەمیـری خوراسـانی. ناوبـراو هیـچ کێشـەیەکی لەگـەڵ تایبەتمەنـدی شارسـتانییەت و بوونـی نەتەوەیـەک بەنـاوی مـاد نییـە و نایـان سـڕێتەوە، بـەڵام لـەڕووی ئەتنیکیـەوە دەیانکاتـە یەکێـک لـە قەومـە ئارياییـەکان.

7 - مێـژووی هێـرۆدۆت. کـە پەرتووکـی مێژووەکانیشـی پـێ دەڵێـن، لـە نـۆ پەرتـووک پێکهاتـووە. بـاس لـە ژیانـی چـوار شـای ئێرانـی واتـە، کـورش، کەمبوجیـەی یەکـەم، داریوشـی یەکـەم و خەشـایار شـا دەکات، هێـرۆدۆت گەرچـی لـە سـەردەمی سـەرکەوتنی پارسـەکان بەسـەر پاشـایەتی مـاد، دەسـتی بـە نووسـینی میـژوو کـردووە، بـەڵام تـا رادەیەکـی باشـیش پرژاوەتـە سـەر مێـژووی نەتـەوەی مـاد.

8 - مـادەکان، لـە نووسـینی جـورج راولینسـۆن. بـرای هێـنری راولینسـۆنە، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار توانـی بەردەنوسـی میـژووی بێسـتوون بخوێنێتـەوە، کـە بـە پێتـی بزمـاری نوسرابـوو.

9 - میژووی ئایینەکان، عەلی شەریعەتی.

10 - مێـژووی کەونـارای ئێـران (تاریـخ باسـتانی ایران) نووسـینی ریچـارد نیلسـۆن فـرای. فـرای کـە لێکۆڵـەر و ئیرانناسـێکی نـاوداری جیهانـە، بـە دەسـتێکی پـڕ لـە بەڵگـە و زانیـاری مێژوویـی و کەونارناسـی و لێتۆژینـەوەی زانسـتی هەمەچەشـن لەبـارەی مێـژووی سـەرزەویەکانی میدیـا (ئێـران) دەسـتی بەنووسـینی ئـەم

پەرتووکە کردووە، لێ لەگەڵ پێگەی بەرزی زانستی خۆشیدا و لەگەڵ سەلماندنی هەبوونی خەلک و نەتەوەیەکی خۆجێیی، پێش لە هاتنی هیند و ئێرانییەکان، ناوێرێت خۆی لە ئاقاری دان نان، بە راستینەی نەتەوەی ماد، وەکو خاوەنەکانی رەسەنی ئەم سەرزەمینە راست بێنێ. بۆیە هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی وەکو بیردۆزێکی بورای مێژوو توشی لاوازی و تێک ئالان دەبن، لەو شوێنەی بەناچاری دەڵێت، بۆچی میتانییەکان هیندیەکان، لەسەر رێگەی تێپەڕینیان بەرەو رۆژئاوا، هیچ سیما و ئاسار و نیشانەیەکی ئێرانیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە. پرسیارێکی جدی و رێکەرەوە ئاراستە دەکات، بەڵام دواجار هیمەتی ئەوەی تێدا بەرچاو ناکەوێت، کە خۆی لەژێر سۆزی ئارياییگەری رزگار باکا و دووبارە دەڵێت، ئەوان کەی لە هیندەوە بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردووە ؟. بەڵام دەبێ فرای و ئەوانیدیکەش وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمە بدەنەوە، ئاخۆ دەبێت کەی و چۆن سورپێستەکانی ئەمریکا بەرەو ئەو کیشوەرە کۆچیان کردبێت؟

11 - کیانییەکان (کیانیان) نووسینی ئارتۆر ئێمانۆئێل کریستیەن سێن. ئەو بەتەواوی سەلماندوویەتی، کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان وێشتاسپی پاشای ماد و ویشتاسپی باوکی داریوش لە ئارادا نییە. هەروەها لێکۆلینەوەیەکی چڕوپڕی لە بارەی وندیداد و ئاڤێستا بە گشتی ئەنجام داوە. کەچی ناوبراویش بە شێوەیەکی رەها کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاڤێستای دوای هەخامەنشیەکان و بەر لە مێژووی ئێرانییەکان، نەتەوەیەکی تر ناناسێت.

12 - ئیرانشار (ایرانشهر) ناسینی شارەکانی ئێرانی کەونار، لە رۆژگاری هەخامەنشیەکان، ئەشکانییەکان و ساسانییەکان، نووسینی حوسێن مەجیدی. ناوبراو نەخشەی شارەکانی لەڕووی

شــوێنەوارەکانیانەوە هێلــکاری کردووەتــەوە و ئــەو شــاری (دارا ) داراب و قەلاشــاری (رێگــە) دەکاتــە مولْکــی هەخامەنشــیەکان، کەچــی هەرخۆیشــی دەڵێــت، لەســەدەی شەشــی پێــش زاییــن ئــەو شــارانە رۆنــراون. مێــژوو پێــمان دەڵــێ هەخامەنشــیەکان لــە ســاڵی 550 ی پێــش زاییــن بوونــە دەســەڵات و لــە ســەدەی شەشــی پێــش زاییــن، تەنیــا چەنــد هۆزێکــی کۆچــەری بــوون لەژێــر رەشــماڵ وچــادر دەژیــان.

13 - ئەرمیــای نەبــی (ئیشــموئیل) لــە ســەردەمی کەوتنــی ئۆرشــەلیم بــە دەســتی ( بۆخــت و نــەسر) ویکــی پیدیــا.

14 - پەرتووکــی ئەشــعیای پەیامبــەر، ویکــی پیدیــا. ئــەو لــە ئۆرشــەلیم، لــە دەوروبــەری ســاڵی 740 هاتووەتــە جیهــان و تــا ســاڵی 681 پێــش زاییــن ژیــاوە. پەیامهێــن ئەشــعیا، لــە پەرتووکــی ئەشــعیا دا، پێشــبینی رووخانــی ئیمپراتــۆری ئاشــوور بەدەســتی مــاد دەکات. ئــەو مــژدە دەداتــە یەهودەیــەکان و پێیــان دەڵــی : پەیامبەرێــک لــە چیاکانــەوە دێــت.

15 - ناســیاوبوون لەگــەڵ ئایینــی زەردەشــت، ( اشــنایی بــا دیــن زرتشــت) نووســینی حوســێن وەحیــدی.

16 -ژن لــە ئایینــی زەردەشــت، (زن در اییــن زردشــت) نووســینی کتایــون مەزداپــور. گاتاکانــی زەردەشــت، (گاتــای زرتشــت) هۆنراوەکانــی زردەشــت.

17 - مــادەکان لــە پەرتووکــی پیــرۆز، (مادهــا در کتــاب مقــدس) ویکــی پیدیــا.

18 - مێــژووی ئەرمەنســتان، نووســینی موســا خۆرنــی (موســس خورناتســی) سەرناســە بــە باوکــی مێــژووی ئەرمەنییــەکان، ئــەو لــە ســاڵی 482 ی زایینــی، پەرتووکــی رووداو و بەســەرهاتەکانی قەومــی ئەرمەنــی (لەبەرەبەیانــی مێــژوو، تــا رۆژگاری ســەردەم) کۆتایــی پێهێنــا.

19 - ئەمێـل بنونێسـت ( امیـل بنونیسـت ) لێکۆڵینـەوەی زمانـی ئاڤێسـتایی. ویکـی پیدیـا.

20 - داندامایـف میـژووی سیاسـی هەخامەنشـیەکان، کـە لـە وەرزی سـێیەمی پەرتووکەکەیـدا، بـە تێروتەسـەل باسـی شـەڕی کـورش لەگـەڵ مـادەکان دەکات.

21 - ئیرانـی دێریـن لـە 550 تـا 650 ی پێـش زاییـن، ( ایـران باسـتان از 550 ی پێـش زایـن تـا 650 ی دوای زاییـن) نووسـینی یـوزف ویسـهۆفەر.

22 - وندیـداد لـە، وی-دیئـو-داد، کـە وشـەیەکی مادیـە، پێـک دێـت. ماناکـەی دەبێتـە یاسـای دژە دێـو ( مـاد). ئـەو پەرتووکـە لـە رۆژگاری ساسـانییەکان، لـە بیسـت و یـەک بەشـی جیـاواز پێکدەهـات، وەرزی یەکـەم نـاوی (گاسـانیک)ە و باسـی خواناسـی دەکات، کـە بەشـی دووەم، یـازدە، سـێزدە، بیسـت و بیسـت و یـەک لەخـۆ دەگرێـت.

وەرزی دووەم، نـاوی (هاتـەک)ە، کـە هۆنراوەکانـی یـەزدان جێـگای تێـدا کراوەتـەوە.

وەرزی سـێیەم نـاوی (داتیـک)ە، و لـە بەشـی دوازدە، پـازدە، شـازدە، حەڤـدە، هـەژدە و نـۆزدە، پێـک دێـت. زەردەشـتیەکان ئێسـتا کار بـە بنەماکانـی ئـەو بەشـە لـە پەرتووکەکـە ناکـەن.

23 - مێـژووی کۆمەڵایەتـی مـادەکان ( تاریـخ اجتماعـی مادهـا) ویکـی پیدیـا. لـە زنجیـرە وتارەکانـی سـەرزەمینی مـادە. مەبەسـت لـە نووسـینی ئـەم وتـارە، شـێواندنی مێـژوو و زمانـی مادەکانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کەڵکیـان لـە بۆچوونـی هـەردوو زانـای لایەنگری ئارياییگـەری، دارمێسـتر و ئێسـترابۆن، وەرگرتـووە، کـە دەڵێـن: زمانـی مـادەکان لـە پارسـی نزیکـە و لەگـەڵ زمانـی ئاڤێسـتا یـەک دەگرێتـەوە، بـەلام خۆیـان زانسـتی تریـن و لۆژیکـی تریـن بەرسـڤ بـواردووە، لـەوەی کـە ئاڤێسـتا بـە زمانـی مادی نـووسراوە

و پارسـەکانیش بەهـۆی زمانـی مـادی فەرهەنگـی وشـەیی خۆیـان کامڵکـردووە، چونکـە مـاد بـەر لـە پـارس ژیـاوە و ئێرانییـەکان هاتوونەتـە سـەرخوانی زمانەوانـی مـادەکان.

24 -راپەڕینـی پارسـەکان، ویکـی پیدیـا، وتـار. نووسـەری ئـەم وتـارە مێژووییـە بۆچوونـی وایـە لـە سـاڵی 553ی بـەر لەزاییـن، پارسـەکان سـەربەخۆیی خۆیـان لـە دەوڵەتـی مـاد راگەیانـدووە و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـێ سـاڵ شـەڕیان کـردووە. نووسـەر لـەوەدا زۆر راسـتگۆیە، کـە دەڵـێ: دواجـار بەشـێک لـە خـودی مـادەکان لەژێـر سـەرکردایەتی پیاوماقولێکـی مـاد بـە نـاوی هارپـاگ، رێگەیـان بـۆ سـەرکەوتنی کـورش کردووەتـەوە و پاشـایەتی مادیـان خسـتۆتە ژێـر دەسـتی پارسـەکان.

25 -مێـژووی ئێرانـی پێـش ئیسـلام(تاریخ ایـران قبـل از اسـلام) حوسـێن پیرنیـا. پیرنیـا دان بـەوەدا دەنێـت، کـە پێـش لـە هاتنـی ئێرانییـەکان گـەل و نەتـەوەی تـر، کـە خاوەنـی شارسـتانییەتی جیـاواز بـوون ، لـەو سـەرزەمینە ژیـاون، بـەلام بەهیـچ شـێوەیەک ئامـاژە بـە پێناسـە و نـاوی ئـەو گـەل و نەتەوەیـە نـاکات کـە مـادەکان بـوون.

26 - ئیـران لـە سـەرەتا تـا ئیسـلام ( ایـران از اغـاز تـا اسـلام) دکتـۆر گیرشـمان.

27 -کـورش شـای پاشـای ئانشـان (کـورش شاهنشـاه انشـان) نووسـینی ئەفسـانە کەرەمـی تەخـت چوبـی.


ئەفسـانە لەسـەر ئـەو درۆی گـەورەی ئێرانییـەکان هـەر سـورە، لـەوەی کـە کـورش کـوڕی ماندانـای کچـی ئاسـتیاگی پاشـای مـادە. بـەڵام لـە ناسـاندنی سـەرەتای ژیـان و زارۆکـی کـورش، ئەفسـانە خـان دەڵـێ: کـورش لـەلای خێزانێکـی دیکـە مـەزن بووە. دواتـر کـە لەکاتـی لاویـدا ئـاگاداری ئـەوە دەبێـت، کـە (میـتراد) و (ئێسـفاکۆ) دایـک و باوکـی راسـتی ئـەو نیـن، بەڵکـو بنەماڵـە

راستینەکەی دانیشتووی (ئانشان) ن. نووسەر پێیوایە، چونکە سفاکۆ لە زمانی پارسی کۆندا، بە مانای دێلە سەگ بووە، بۆیە مێژوونووسانی گەیاندۆتە ئەو بۆچوونیە، کە کورش بەشیری ئەو دێلە سەگە گەورە بووە. کەچی ئەو نووسەرە پێمان نالێ، مادەم کورش کوڕی شازادەی مادە، بۆچی و بەچ هۆیەکەوە لە دایک و باوکی جیا بووەتەوە و کەوتۆتە لای خێزانێکی تر.


28 - فەرمانڕەوای درۆینی ئاشتی (فرمانروای دروغین صلح) لە نووسینی (ماتیاس شولتس) لە گۆڤاری ئیشپیگلی ئەڵمانی، لە ژمارەی 28ی لە ساڵی 2008 بڵاو کراوەتەوە، ئەو لێکۆلینڤانە لەبارەی (مەنشور) بڵاوکراوەی جیهانی مافی مرۆڤ دەنوسێت: لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، لە ناو (ویترینێکی) شوشەیی، ئەو بەردەنوسە بازنەییە 2500 ساڵەیەی، بە پێتی بزماری نووسراوە و ناوبانگی وەکو بڵاوکراوەی کەونارای مافی مرۆڤ دەرکردووە و رێزی لێدەگیرێ. ئێستا ئاشکرا بووە، کە ئەو بەردەنوسە لە لایەن دیکتاتۆرێک نووسراوەتەوە، کە نارازیەکانی خۆی ئەشکەنجە کردووە. ماتیاس شولتس پێداگرە لەسەر ئەوەی کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە پرۆسەیەک بە ناوی زمان لوسی گەورە، ئاخافتنی گەورە و درۆی بێ مانای گەورە، بووەتە قوربانیی فریوکاریەکی مەزن.


هاودەنگ لەگەل ماتیاس، (جوزف ویسهۆفر)یش دەڵێ: ئەو بەردەنوسە لە (پروپاگەندا)یەک بەولا، هیچی تر نییە. (هانس پتێر شاودیگ) هاوڕا لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرەوە، لە بارەی ئەو فەرمانڕەوایەی چاخی دێرین دەڵێ: ئەو خەڵکی ناچار دەکرد پێیەکانی ماچ بکەن و بۆ ماوەی سی ساڵ هەموو ناوچەکەی خستە ناو بڵێسەی شەڕ و بە ملێۆنان مرۆڤی

خستنە بن نیری باج و خەراجی قورسەوە. هەر هاوڕا لەگەڵ وتارەکانی گۆڤاری ئشپیگڵ، (کلاوس گلاس) پسپۆری مێژوو و هونەر دەڵێ: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بارەی بڵاوکراوەکەی کورش، دووچاری هەڵەیەکی مەزن بووە.




کەلوپەلی لە حەوجۆش دروستکراوەی لوڕستان، هەزارەی دووەمی پێش زاینی .. لە ئەنتیکەخانەی ئەرمیتاج






وێنــەی مــۆرە ســتوونەکییەکانی تالــش (لای چەپــەوە) و (ناوچەکانــی ســووریا و فەڵەســتین) لای راســتەوە.




وێنـەی گـۆی تەپـە. سـیتییە قوڕینـەکان، پەیکـەرە قوڕینەکانـی ئـاژەڵان و بـەردی نەخشــدار.




دەفرێکی نەخشینی هەزارەی
سێیەمی زاینی لە تەپۆڵکەی
سیلك دۆزراوەتەوە.



دەفرێکی نەخشینی (مادەکان)
هەزارەی دووەمی پێش زاینی لە
تەپۆڵکەی گیان دۆزراوەتەوە.



وێنەی وێنەکانی دانیشتوانی ماد لە نەخشی هەڵکۆڵراوی ئانۆبانی و بەردەنووسی سەرکەوتنی ئارامسین ( ریزی سەرەوە)، لە پەراوێزی دەفری حەوجۆشی مانا ( ناوەڕاست)، لە نەخشەی هەڵکۆڵراوە ئاشوورییەکان و تەختی جەمشید(ریزی خوارەوە).




وێنەی گردی سیالك، کەلوپەلە گڵێنەییەکانی ماد




■ وێنەی وێنەکانی مادەکان و پارسەکان (تەختی جەمشید).





نەخشەی مێژووی شاری ڕێی بەو شێوەیەی کەلەسەردەمی مادەکان بنیاتنراوە




وێنـەی دەفـەری حوجۆشـییەکانی ئازەربایجـان تیرهاوێـژی مانایـی (دیمەنـی سـەرجامەکە) و دیمەنـی ئەسـپی مانایـی




وێنــەی دیمەنــی قەڵایــەك لــە گــردی ســیالك و قــەڵای هارهــار هەڵکەوتــوو لــە رۆژئــاوای مــاد . وێنــەی قەڵاکانــی مــاد.




قـەڵای مـادەکان لـە کێشەسـو لـە روی نەخشـێکی هەڵکەنـدراوی ئاشـوری گیراوەتـەوە لـە سـەردەمی شـاروکین دا، کۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاینـی




بناغەی شاری مێژووی هیگمەتانە



وێنەی دەفری زیوین، ریتوونی گڵێنەیی، بازنەیی زێڕین و جامی حەوجۆشیی مانا.



وێنەی گردی سیالك، کەلوپەلە کانزاییەکانی چاخی سێیەم



وێنەی گردی گیان، کەلوپەلە گڵێنەییەکانی ماد